# دەربارەی کار و تێکۆشانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر

## ١٩٨٧ — ١٩٩١

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

٢٠٢٢

ناوی کتێب:

# دەربارەی کارو تێکۆشانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر ١٩٨٧ - ١٩٩١

نووسەر: عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

بابەت: مێژوویی- ئەدەبیی

دزاینی ناوەوە و بەرگ: سەلاح فەتحوڵا

ساڵی چاپ: ٢٠٢٢

تیراژ: ٥٠٠

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق چاپکراوە.

مافی ئەم چاپکردنەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ نووسەر

**ئەم هەوڵەم پێشکەشە**

**بە هەموو ئەو قەڵەمانەی**

**ڕۆڵیان گێڕاوە و ڕۆڵ دەگێڕن**

**لەپێناو جێگیرکردن و پتەوکردنی**

**ئەدەب و هونەر و کلتووری کرێکاریی.**

# پێڕست


سوپاس و پێزانین.......................... ٧
پێشگوتن..چوونەوە بۆ دوێنێ .......................... ٨
بەشی یەکەم.......................... ١١
بیرەوەری و هەڵسەندگاندنی دامەزرێنەرانی.......................... ١١
حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست.......................... ١١
دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ).......................... ١٢
دەربارەی حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست.......................... ١٢
گفتوگۆ لەگەڵ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)هۆشەنگ).......................... ١٢
نەوزاد ئەحمد ئەسوەد(هۆشەنگ) وەڵامی چوار پرسیاری مەشخەڵ دەداتەوە(*) .......................... ٢١
جەماڵ کۆشش .......................... ٢٧
حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ... خەونێک بە فەنتازیایەکی ڕیالیستی پێچراوەتەوە.......................... ٢٧
پەیوەندی نێوان .......................... ٣٦
ئەدەب و سیاسەت، نووسەر و حیزب.......................... ٣٦
نووسینی: جەماڵ کۆشش(*) .......................... ٣٦
عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) .......................... ٤٣
چۆن حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست پێکهات؟.......................... ٤٣
ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست.......................... ٥٩
نووسینی : عەبدولا سڵێمان(مەشخەڵ).......................... ٥٩
گفتوگۆ لەگەڵ عەبدولا سڵێمان(مەشخەڵ).......................... ٦٤
دەربارەی «حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» .......................... ٦٤
چەند سەرنجێکی کورت .......................... ٧٨
لەسەر کتێبی(مەلەکردن بەپێچەوانەی شەپۆڵ)ی ڕێبوار ئەحمەد .......................... ٧٨
وەڵامێک دوای ٢٥ساڵ.......................... ٨٢
شیکارییەکی ڕەخنەگرانە بۆ (شەرح و تەرح)ەکەی شوان محەمەد لە چەند خاڵێکدا.......................... ٨٢
جێوشوێنی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست .......................... ٨٨
لە نێو بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریی لە کوردستانی عێراق.......................... ٨٨
بەشی دووەم.......................... ٩٤
حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر لە یادگەی هاوڕێیاندا.......................... ٩٤
گۆڤاری «ڕابەر» و «حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» .......................... ٩٥
یادەوەری و هەڵسەنگاندن.......................... ٩٥

**نووسینی : موئەیەد ئەحمەد(*) ........................................ ٩٥**
**گۆڤاری ڕابەر و (حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) لە یادەوەرییەکانمدا ...... ١٠٧**
**نادر عەبدولحەمید(*) ........................................ ١٠٧**
**سەمیر نوری ........................................ ١١٠**
**هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە عێراق و کوردستان ................ ١١٠**
**ئاوڕ دانەوەیەکی خێرا لە « حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست » ................ ١١٤**
**جەماڵ ئەیوب( عیزەدین مەجید)(*) ........................................ ١١٤**
**نەوزاد مدحەت(گۆران عەبدولا)(*) ........................................ ١٢٥**
**لەسەر کار و چالاکی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ........................ ١٢٥**
**چیرۆکنووس و وەرگێڕ سەباح ئیسماعیل محەمەد(ئۆژین)(*) ................ ١٣٠**
**من زۆر کەیفم بە گۆڤاری ڕابەر دەهات و هانی نووسینی دام................ ١٣٠**
**عارف کوردە(نەوزاد - ئاگرین)(*) ........................................ ١٣٢**
**سەبارەت بە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر ................ ١٣٢**
**بەشی سێیەم ........................................ ١٣٦**
**چەند نموونە لەو بەرهەمانەی ........................................ ١٣٦**
**کە لە گۆڤاری ڕابەر بلاو بوونەتەوە ........................................ ١٣٦**
**بۆ منالێکی نان فرۆش ........................................ ١٣٧**
**نەوزاد مدحەت(گۆران عەبدولا) ........................................ ١٣٧**
**کوانوویەکی بێ خۆڵەمێش ........................................ ١٣٩**
**عارف کوردە (نەوزاد – ئاگرین) ........................................ ١٣٩**
**چاو هەڵهێنە ........................................ ١٤١**
**عارف کوردە (ئاگرین) ........................................ ١٤١**
**دەنگی سوور ........................................ ١٤٤**
**ئاوڕێک لە دەنگی دوێنێم ........................................ ١٤٤**
**عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) ........................................ ١٤٤**
**سروودی پڕجۆش بێ کوورەی خەباتم ........................................ ١٤٧**
**عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) ........................................ ١٤٧**
**چیرۆک ........................................ ١٤٩**
**پێشوازی ........................................ ١٤٩**
**سەباح ئیسماعیل(ئۆژین) ........................................ ١٤٩**
**بۆرژواکان ........................................ ١٥٤**
**شیعری : مستەفای حەسەنە گەورە(هێما) ........................................ ١٥٤**
**بەشی چوارەم ........................................ ١٥٧**
**پریاسکەی خەمەکان ........................................ ١٥٧**
**نامەی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) ........................................ ١٥٧**

**بۆ عەبدولاّ سلێمان(مەشخەڵ)......................................................١٥٧**
**چوارنامەی عەبدولاّ سلێمان(مەشخەڵ) ..........................................١٥٩**
**بۆ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)...........................................١٥٩**
**نامەی عەبدولاّ سلێمان(مەشخەڵ) بۆ جەماڵ کۆشش ..........................١٦٦**
**نامەی جەماڵ کۆشش بۆ عەبدولاّ سلێمان(مەشخەڵ) ..........................١٦٩**
**نامەی عەبدولاّ سلێمان(مەشخەڵ) بۆ بژاری شاعیر ..............................١٩٠**
**دوو نامەی بژاری شاعیر بۆ عەبدولاّ سلێمان(مەشخەڵ) .......................١٩٥**
**بانگەوازنامەیەک لە عەبدولاّ سلێمان(مەشخەڵ)ەوە ..........................١٩٩**
**بۆ تەواوی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق ..........١٩٩**
**گۆڤاری ڕابەر لە کتێبی (المرشد الی صحافة کرکوک ١٩١١ – ٢٠١١)..........٢٠١**
**گۆڤاری ڕابەر لە وتاری بەڕێز ئیسماعیل تەنیای نووسەر.......................٢٠٣**
**بەشی پێنجەم......................................................................٢٠٤**
**گەلەرییەک لەناو دڵی مێژووەوە ..................................................٢٠٤**
**بەڵێ، کارێکی مێژوویی و گرنگم ئەنجامدا!! .....................................٢٢٩**

# سوپاس و پێزانین

لەناخی دڵمەوە سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێ ئازیزانە دەکەم کە بەدەم بانگەوازەکەمەوە هاتن و نەیانهێشت لەم پرۆژەیە تەنها بم، بەتایبەتی هاوڕێیانی دامەزرێنەری حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست؛ جەماڵ کۆشش و دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (هۆشەنگ)، کەسەرباری سەرقاڵییان بەپرۆژە ڕۆشنبیرییەکانی خۆیان، شانیان دایە بەر ئەم پرۆژەیە و لەگەڵمدا وەستان. کەوتنە نووسینەوە و هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم. هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ ئەو هاوڕێ نووسەر و ئەدیبانەی کە ڕووم لێنان تا وەک خوێنەر و نووسەری گۆڤاری ڕابەر بەشداری پرۆژەکە ببن بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم و سەبارەت بە مێژووی کار و چالاکی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر، ئەوانیش بەڕێزان نەوزاد مدحەت (گۆران عەبدوڵا) بەرپرسی سایتی دەنگەکان و سەباح ئیسماعیلی چیرۆکنووس و وەرگێڕ و عارف کوردەی شاعیر و ڕۆژنامەنووس. هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ هەریەک لە هاوڕێیان موئەیەد ئەحمەد یەکێک لە ڕابەرانی بەرجەستەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێی عێراق و ڕایەڵکاری گشتی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی و عیزەددین مەجید(جەماڵ ئەیوب) یەکێک لە ڕابەرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و نادر عەبدولحەمید یەکێک لە ڕابەرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێی عێراق و و سەمیر نووری یەکێک لە ڕابەرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێی عێراق و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چەپی عێراق، کە سەرباری سەرقاڵییان بە ئیش و کاری حیزبیی و بێکاتی خۆیان، کاتیان بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان کرد و بەشداریان کرد و بە نووسینە جوانەکانیان ئەم کتێبەیان جوانتر و دەوڵەمەندتر کرد. هەروەها سوپاسی زۆرم بۆ هاوڕێی شاعیر عارف کوردە کە وێنەی کتێبی المرشد و لاپەڕەیەکی ناوەوەی ئەو کتێبەی بۆ ناردم. سوپاس بۆ هاوڕێ گۆران عەبدولا کە ژیاننامەی هاوڕێی کۆچکردوو هێمای شاعیر (مستەفا حەسەنە گەورە)ی بۆ ناردم. لەکۆتایشدا سوپاسی زۆر و تایبەتم بۆ هاوڕێ سەباح ئیسماعیل کە دوانزە لاپەڕەی پارێزراوی گۆڤاری ڕابەری ژمارە ٩ ی بۆ وێنەگرتم و بۆ ناردم. هەروەها سوپاسێکی تایبەت بۆ هاوڕێ سەلاح فەتحولا کە دزاینی کتێبەکە و بەرگەکەی لەئەستۆ گرت. دواجار سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ هاوڕێیانی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق کە ئەرکی لەچاپدانی ئەم پرۆژە مێژووییە - ئەدەبییە گرنگەیان گرتە ئەستۆ.

**عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)**

**٢٠٢٢**

# پێشگوتن...چوونەوە بۆ دوێنێ

ئەدەبی کوردی بەدرێژایی سەد ساڵی ڕابردوو هەمیشە لەهەناوی خۆیدا دوو جۆر تێڕوانینی چینایەتی بەرجەستەکردۆتەوە. دووجیهانبینی جیاواز کە پێداگربوونە لەسەر بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەلایەک و بۆرژوازی لەلایەکی دی. دوو ڕەوت لەناو ئەو بزووتنەوەیە بەردەوام شانبەشانی یەکتر هەناسەیان داوە. ڕەوتێکیان کە زۆرینە و باڵادەست بووە، هەڵگری جیهانبینی ناسیونال – بۆرژوای کورد، کە لەبەرژەوەندی ستەمکاران نووسراوە و ئەوەی کە بۆی مەبەست نەبووە ئازادی و ڕزگاری ئینسانی زەحمەتکێشی کورد بووە لەستەمی چینایەتی و نەتەوایەتی. دواتر ئەم ئەدەبە لەڕەوتی گەشەی مێژوویی کۆمەڵگەی کوردستان و عێراقدا وەک ئەدەبێکی پارێزەر لە بەرژەوەندییەکانی چینی بۆرژوازی کۆنەپەرست لەڕێگەی فریودانی خەڵکی هەژار و ستەمدیدە بەناوی پارێزگاری لە نیشتمان و خۆشەویستی خاک و وڵات، سیاسەتەکانیان برەو پێداوە و پاشانیش هەر ئەو ئەدەبە کۆنەپەرستە لەلایەن ڕەوتی لیبراڵیزمی نوێیەوە قۆرخ دەکرێ و دەکرێتە پێخۆرەی ئیندیڤیجوالیزم. لەبەرامبەریشدا ڕەوتی ئەدەبی کرێکاری بەتێڕوانینی ستالینیزم و ماویزم بۆماوەیەک توانی هەنگاو بنێت و پێ بە پێی گەشەی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاران، ئەویش بە بەرهەمەکانی بەشداری ئەو پرۆسەیەی کردووە. بەوپێیەی کلتووری ڕابردووی ئەدەبی چینایەتی کرێکاران لە کوردستان لە سەد ساڵی ڕابردوودا، کلتوورێکی مارکسیستیی بەهێز و خاراو نەبووە، بەڵکوو کلتوورێکی ناسیونالیستیی بووە بەڵام بەڕەنگی سۆشیالیستی. هەر بۆیە کاتێک لە نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست پێکهات، لەتێڕوانین و دیدگای سیاسی و کلتوورییەوە لەسەر ئەو مێژووە هەڵنەسا و دانەمەزرا. شوێنی هەڵسان و هاتنەمەیدانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست،لەنێو جەرگەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێی کوردستان بوو کەلەژێر کاریگەری مارکسیزمی شۆڕشگێر لەئێران، بوونی خۆی ڕاگەیاند.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست میراتگری ئەو کەلەپوورە کرێکارییە بوو و بڕیار بوو لەڕێگەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی، ئەو کەلەپوورە تاوتوێ بکات و بخوێنێتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکات و دوا قسەی خۆشی لەسەر بکات. هەرچەندە لەو بارودۆخە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لەبەر خۆ سەرقاڵکردن بەهەندێ کاری ترەوە کە لەڕاستیدا کاری ئەو نەبوون، ئەم ئەرکە گرنگەی ئەنجام نەدا. بەڵام دیدگای حەلقەکە و بابەتەکانی نێو گۆڤاری ڕابەریش هەڵگری دیدگای نوێ بوون سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی و دەق و کەلەپوور و کلتووری چینایەتی. تێڕوانینی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، تێڕوانینێکی نوێ بوو سەبارەت بە ئەدەب و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەدەب و زمانێکیش کە ئەم حەلقەیە

پێی دەنووسی و پێی دەدوا، زمانێکی بێڕەحمانە بوو لەهەمبەر نووسەرانی بۆرژوازی و ئەدەبی کوردی. بۆیەش بێهۆ نەبوو پێیان دەوتین توند دەدوێن و ڕەخنە دەگرن. ئێمە لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستدا هەوڵماندا شوێنپێمان پاک بکەینەوە و قایم بکەین بە گەڕانەوەمان بۆ مارکسیزم و کلتووری ئینسانیی و دەسکەوتە ئینسانییەکان. ئێمە بە تیئوری ئەدەبی حیزبییەوە ڕووبەڕووی بزووتنەوەی چەپ و بزووتنەوەی زەبەلاحی ئەدەبی کوردیی بووینەوە. ئێمە هەرچەند تواناکانمان کەم بوو، بەڵام بوێرییەکەمان لەڕادەبەدەر خاڵی گەشی ئێمە بوو. ئەمە فەلسەفەی بوونی ئێمە بوو بۆ ئەو ئامانجانەی کە دەمانویست بەدەستی بێنین. ئێمە گەرچی لەڕواڵەت وا دەردەکەوێ کە دەستکەوتێکی وامان بەدەست نەهێناوە، بەڵام لەدنیای ڕیاڵەتدا زۆرمان چنیوەتەوە کە تا ئێستاش شانازی پێوە دەکەین. ئێمە خوڵقاوی ئەدەبی مارکسیستیمان بە ڕوونترین شێوە و بە باڵاترین ناوەڕۆک خوڵقاند و بڵاو کردەوە. ئێمە بنچینەیەکمان لە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیدا تۆکمە و پتەو کرد کە تا ئەو دەم وێنەی کەم بوو لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا. ئێمە شیعر و سروود و ئۆپەرێت و پەخشان و چیرۆک و وەرگێران و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەبەهامان پێشکەشی بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریی کرد. ئێمە لەبواری کاری ڕۆژنامەنووسیدا ڕادیکاڵترین گۆڤاری ئەدەبی مارکسیستییمان بڵاوکردەوە و جگە لە ژمارە ئاساییەکانی گۆڤارەکە نامیلکەشمان وەکوو کتێبی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بڵاوکردەوە. ئێمە ژمارەیەک نووسەری چاوکراوە و چالاکمان لەدەور بوو، کە تا ئەمڕۆش درێژە بە چالاکییە فیکریی و ئەدەبییەکانیان دەدەن. گرنگە بۆ ئێمە خوێنەر پۆتانشیاڵی ئەو حەلقەیە بناسن و لەڕووی مێژوویشەوە لەکاکڵەی ئەو بزووتنەوەیە تێبگەن کە سێ دەیە و نیو دەبێت لەمەیدانی تێکۆشاندا بوونی نەماوە و هەر لە ویژدان و بیرەوەری ژمارەیەک لە ئەدیبان و هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستیدا دەژێت.

ڕێکخراوی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست وەک حەلقەیەکی ئەدەبیی گرنگ و پڕ بایەخ، کە ڕۆڵێکی مەزنی گێرا، لەبردنەپێشەوەی بزووتنەوەی ئەدەبی مارکسیستیی و کرێکاریی لە کوردستانی عێراق, بە دەستپێشکەری سێ ئەدیب و نووسەر و ڕەخنەگر «شۆڕش هیومانیست - جەمال کۆشش و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)» پێکهات و لەهەناوی خۆیدا چەند پرس و مەسەلەی گرنگی هەڵگرتبوو و بێئەوەی بگاتە دوا مەنزڵی خۆی و دوور لە ئیرادە و ویستی دامەزرێنەرانی، لەشوێنی خۆی وەستا یان باشترە بڵێم کۆتایی هات. کۆتایی هاتنەکەشی هەرچییەک بێت و بەهەر هۆیەکەوە بێت، هیچ لەو بابەتە ناگۆڕێت کە وەستانی گۆڤاری ڕابەر زیانی گەیاند بەو ئامانجانەی کە خەباتمان بۆی دەکرد. ئێمە ئێستا لە کاتێکدا وەک دامەزرێنەرانی ئەو پرۆژەیە دوای ٣٥ ساڵ ئاوڕ لەو مێژووە دەدەینەوە و دەچینەوە ئەو ڕۆژگارە و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ کار و چالاکییەکانمان دەکەین، وەڵامیش بە چەند پرسیارێکیش دەیدەنەوە کە تا ئێستا بێ وەڵام بوون. لە چەشنی بۆچی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست خۆی هەڵنەوەشاندەوە؟ ئەگەر حەلقەکە لە چالاکی ئەدەبیی نەوەستایە، دەیتوانی چ دەستکەوتێکی ئەدەبیی – مەعریفیی بەدەست بهێنێت؟

ئایا دەیتوانی لەگەڵ ڕەوتی گەشە و ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگەی کوردستان هەناسە بدات؟ و ..تاد. ئەمڕۆ بە دۆکیمێنتکردنی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە مارکسیستییە گرنگی ئەدەبیی و سیاسیی خۆی هەیە بەتایبەتی لەسەر دەستی دامەزرێنەران و هەروەها خوێنەران و نووسەرانی ئەو پڕۆژە ئەدەبییە مارکسیستییە کە وێنەی کەمبوو لەو سەردەمەدا. ئەم کتێبە هەوڵ دەدات ئەوەی دەربارەی ئەو حەلقەیە نووسراوە و وتراوە لەخۆ بگرێ و ئینجا چەندین پرسیاریش ئاڕاستەی هاوڕێیانی دامەزرێنەر و هەروەها نووسەرانی ئەوکاتی گۆڤاری ڕابەر کراون و هەمووی لێرە دانراون. بەڵام لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەیە کە بەهەموو لایەکەوە سۆراخی ژمارەکانی گۆڤارەکانی ڕابەرمان کرد، کە بەداخەوە هیچ ژمارەیەکمان دەست نەکەوت، جگە لەچەند پەڕەیەکی ژمارە ٩ی گۆڤاری ڕابەر کەلەلای هاوڕێی چیرۆکنووس و وەرگێر سەباح ئیسماعیل پارێزرا بوو. بیرۆکەی ئەم پڕۆژە-کتێبە دوای ئەوەی گەیشتم بەو قەناعەتەی کە تا خۆمان ماوین ئەو کارە بکەین و ئەو تەپ و تۆزەی بیرچوونەوە لەسەر ئەو مێژووە، بتەکێنین، بە پێویستییەکی گرنگ قابیلی دوانەخستنم زانی. بۆیە بیرۆکەی پڕۆژەکەم لەگەڵ هاوڕێیان جەماڵ کۆشش و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (هۆشەنگ) باس کرد و ئەوانیش پێیان پەسند بوو و ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ بەشداریکردن. پاشان منیش کەوتمە نەخشە و پلان دانان بۆ ئامادەکردنی ئەم پڕۆژە ئەدەبییە - مێژووییە گرنگە و کۆمەڵێ نووسەری ئازیزیش، ئەوانەی لەو ساڵانەدا بەرهەمیان لە گۆڤاری ڕابەردا دەنووسی و بڵاو دەکردەوە ، شانبەشانی ئێمە بەدەم داواکەمەوە هاتن و بەشدارییان لەم کتێبەدا کردووە. ئێستا ئەم کتێبەی بەردەستتان دەتوانم بڵێم باوەڕپێکراوترین کتێبە لەسەر مێژووی پڕۆژەیەکی ئەدەبی کرێکاریی گرنگ لە نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە مەشخەڵێکی داگیرساو و سەنگەرێکی ئەدەبیی بەهێز بوو دژ بە ئەدەبی بورژوازی و هەروەها سەرجەم دونیا کۆنەپەرستی سەرمایەداری. لە کۆتاییدا ئومێدەوارم بەم کارەم توانیبێتم گۆشەیەکی پەنهان و لەبەرچاو ونبووی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە سۆشیالیستییەی کوردستان نیشان بدەم و ئەم کتێبەشم وەک هەوڵێکی بچووک بتوانێت جێ پێی خۆی لە ئاستانەی ڕەخنەیی مارکسیستیی قایم و بەهێز بکات.

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

٢٠٢٢ کەنەدا

# بەشی یەکەم
# بیرەوەری و هەڵسەندگاندنی دامەزرێنەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست

دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)

جەماڵ کۆشش

عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)

# دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)

## دەربارەی حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست

## گفتوگۆ لەگەڵ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)



**سازدانی : سالار ڕەشید**

**سالار ڕەشید: لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) باسی ئەوە ئەکرێت، کە حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لەلایەن سێ کەسەوە بنیات نراوە، کە یەکێکیان بەڕێزتی. بۆ کاملکردنی باسەکەمان لەسەر ئەو حەڵقەیە، پێمان باشە کۆمەڵێک بابەت بخەینە بەر باس و لەو بارەیەوە نەزەری خۆت بخەیتە ڕوو. من لەگەڵ ئەم نامەیەدا ئەو گفتوگۆیەت بۆ ڕەوان دەکەم، کە باسم کرد. لەو گفتوگۆیەدا «مەشخەڵ» باسی ناکۆکییەک لەنێو حەڵقەی ئەدیبان لەنێوان تۆ و ئەواندا دەکات و پاش چەند دەیە بەسەر ئەو ڕووداوەدا، باسی ئەوە دەکات کە لە هەندێ ڕووە بۆچوونەکانی تۆ دروست بوونە. پێم خۆشە، پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو باسە، سەرەتا بەوە دەست پێ بکەم، ناکۆکییەکانی ئێوە چۆن کەی دەستی پێ کرد، ئایا هەر لە سەرەتاوە لە ئارادا بوون، وەیان نەخێر پاش ماوەیەک دەستی پێکرد؟ بە**

**تێگەییشتنی خۆت، ناکۆکییەکان چی بوون و لە چیدا خۆیان دەبینییەوە؟**

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ): بەڵێ من یەکێک بووم لەو سێ کەسەی حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستمان دامەزراند، وەک لە وەڵامەکانی مەشخەڵیشدا هاتووە ئەمە لە ساڵی ١٩٨٧دا بوو، مەشخەڵ تا ڕادەیەک سەرەتای دروستبوونی ئەو حەڵقەیەی خستۆتە ڕوو، من ناچمە سەر ئەو سەرەتایە و هەوڵ ئەدەم باسی چەند لایەنێکی تر بکەم..**

**ئێمە کۆمەڵێ گەنج بووین کەوتبووینە ژێر کاریگەریی نووسینەکانی تەوژمە چەپ و کۆمۆنیستەکانی ئەو کاتەوە، وەک ئێوەش دەزانن ساتەوەختی هەفتاکان و هەشتاکان لەڕووی مێژوووی سیاسی و فیکرییەوە ساتەوەختێک بوو بیری چەپ و مارکسیستیی برەو و بەربڵاوییەکی زۆری هەبوو، کەم نووسەرو ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدار هەبوو هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم و ئەو ئاراستەیە لەبیرکردنەوەی چەپگەرایی نەبووبێ، من پێشتر لە یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەنهێنی کارم کردبوو، لەڕووی نووسینیشەوە بەر لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەر بە ئاراستەی ئەدەبی پێشکەوتنخوازی دەمنووسی و بابەتم وەردەگێڕا، واتە بەر لە حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر، ئەزموونم لە دەرکردنی دوو گۆڤاری تردا هەبوو، یەکێکیان گۆڤارێک بوو بەناوی (ئاسۆس) کە لە ساڵانی ١٩٨٣ - ١٩٨٤ لەگەڵ کۆمەڵێ لە خوێندکارانی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر دەرماندەکرد، ئەو کاتە من خوێندکاری بەشی عەرەبی بووم لەو زانکۆیە، ئەویتریشیان گۆڤارێک بوو لەگەڵ مارف عومەر گوڵ و خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی لەساڵانی ١٩٨٤ - ١٩٨٥- بەناوی گۆڤاری (نێرگز) لە کەرکووک دەرماندەکرد، دواتریش لەساڵانی ١٩٨٧ — ١٩٨٨ لەگەڵ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و جەماڵ کۆشش گۆڤاری کۆمۆنیستیی ڕابەرمان دەردەکرد کە بەدەست و بەکاربۆن دەماننووسییەوە و بەسەر ژمارەیەکی دیاریکراو لە هاوڕێکانمان بڵاومان دەکردەوە، لەوانەیە ئەمە موفارەقەو شتێکی سەیر بێت، لە ئاسۆس و نێرگزەوە بۆ ڕابەر، بەڵام من وەک وتم لەو کاتانەشدا هەر بەئاراستەی ئەدەبی مارکسیستیی دەمنووسی و بابەتی نووسەرە مارکسیستەکانم وەردەگێڕا، بۆ نموونە لە گۆڤاری نێرگزدا لێکۆڵینەوەیەکم بڵاو کردەوە دەربارەی قوتابخانەی ئەدەبیی کلاسیزم، لەوێدا لەدیدی مارکسیزم و بەپێی میتۆدی ماتریالیزمی مێژوویی لە ئەدەب و قۆناغی کلاسیزم ورد بوومەتەوە، بەڵام هەر ئەو کاتەش پێم وابوو لەباسکردنی ئەدەب و کۆمەڵگە یان ئەدەب و مارکسیزم پێویستە ئاگاداری سیما تایبەتییەکانی ئەدەب بین لەڕووی ئیستاتیکاو فۆرم و ڕەگەزە هونەرییەکانی ئەدەبەوە، باوەڕم بەهەندێ چەمکی وەک ئەدەبی پرۆلیتاری و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و ڕیالیزمی سۆشیالیزم زۆر پتەو نەبوو، بەو پێیەی دەبێ ناوەڕۆکی بابەتی ئەدەبی پتر بابەتی هیومانیستی بێت.**

واتە من بەو باکگراوندە ڕۆشنبیرییەوە چوومە ناو حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستەوە، بۆیە ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو، لەگەڵ بۆچوونی توندی ئەو دوو هاوڕێیەدا بەر یەک کەوتین، بەر لەوەی باسی ناکۆکییەکانی خۆم بکەم لەگەڵ لەگەڵ برادەرانی حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، پێویستە زۆر بەکورتی باسێکی ئەو ساتەوەختانە بکەم کە کورد بەگشتی و ڕۆشنبیران و سیاسییەکان بەتایبەتی تیایدا دەژیان و بۆچوونی خۆم ئاشکرا بکەم، بەتایبەتی لەسەروبەندی پرۆسترۆیکا و لاوازبوونی بلۆکی سۆڤییەتی و پاشان ڕووخان.

لەپاش کۆتایی جەنگی عێراق و ئێران، حزبی بەعس لەجاران دڕندانەتر کەوتە لێدانی بزووتنەوەی کوردی و داپڵۆسینی خەڵکی کوردستان، کە ئێوە تەفاسیلەکەی ئەزانن و من ناچمە ناوی، لەو کاتانەدا، بەتایبەتی پاش ئەنفال، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و هێزە کوردییەکانی تریش بەتەواوی لاواز بوون و بۆ دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان ڕۆیشتبوون، لەو کاتانەدا ئێمە هەستمان بە بۆشاییەکی سیاسیی بەرچاو دەکرد، دەبوایە لایەنێک یان ئاراستەیەک و ڕەوتێک هەبێت خۆمانی پێوە گرێ بدەین و لەبەرامبەر دڕندەیی بەعس کاردانەوەمان هەبێت، تەنها لایەنێکیش لە گۆڕەپانەکەدا بەفیعلی و بەئاکتیڤێکی بەرچاوەوە بوونی هەبوو، بریتی بوو لە بزووتنەوەی چەپ، بەتایبەتی تەوژمە جیاجیاکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە لەشارەکاندا بە نهێنی کاریان دەکرد بەڵام ڕەواج و لایەنگریان زۆر بوو، من پێم وایە یەکێک لەو هۆکارانەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی تا ئەندازەیەک بەهێز کردبوو و لایەنگری زۆری بۆ پەیدا کردبوو، چۆڵی ساحەکە و لاوازبوونی هێزە سیاسییەکانی تر بوو، ئەمە لەڕووی سایکۆلۆجییەوە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، باشە ئەو هەموو گەنجە ناڕازییە و ئەو خەڵکە بێزار و چەوسێنراوەی ژێر دەستی ڕژێمێکی دڕندەی وەک بەعس چی بکەن و بۆ کوێ بچن و پەنا بۆ کێ بەرن، بەشێکی زۆریان خاڵیکردنەوەی ئەو خواستە شۆڕشگێڕی و لەڕاستیدا دەروونییانەیان لە خۆنزیککردنەوە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا دەبینییەوە، کە بەڕاشکاوی دەیڵێم و دان بەوەدا دەنێم کە من یەکێک بووم لەوانە، بۆیە لەپاش ڕاپەڕین و نەمانی حزبی بەعس، لەلایەک هێزە سیاسییەکانی تر بووژانەوە و هاتنەوە ناو گۆڕەپانەکە و بگرە بوون بە حاکمی کوردستانیش، لەلایەکی تر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وردە وردە بەرەو خامۆشی ڕۆیشت بەبەراورد لەگەڵ نیوەی دووەمی هەشتاکان، بێگومان لوتکەی گەشەکردن و فراوانبوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی شوراکانی سەردەمی ڕاپەریندا بوو کە دەیتوانی ململانێی هێزە سەرەکییەکانی کوردستان بکات، بەڵام دواتر زۆر بەخێرایی هێز و جەماوەریبوونەکەی پاشەکشەی کرد و خامۆش بووەوە.

ئەم پێشەکییەم بۆ ئەوە نووسی تا هۆکارەکانی جیاوازیم لەگەڵ ئەو دوو هاوڕێیەی تر لە حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستدا ڕوون بکەمەوە، بێگومان لەنیوەی دووەمی هەشتاکاندا، جەماڵ کۆشش (حەسەنی توبییە) و عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و من (هۆشەنگ)،

گروپێکی ئەدەبیی کۆمۆنیستیمان لەساڵی ١٩٨٧ دروست کرد بە ناوی (حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)، گۆڤارێکمان دەردەکرد بەناوی ڕابەر، بەدەست دەماننووسییەوە و بە کاربۆن کۆپیمان دەکرد، هەموو ژمارەیەک نزیکەی ٢٥ -٣٠ دانەمان لێ کۆپی دەکرد و بەسەر هەندێ لەهاوڕێکانماندا دابەشمان دەکرد. من ئەوسا زانکۆم تەواو کردبوو و نەچووبووم بۆ سەربازی، ناسنامەکەی زانکۆم تەزویر کردبوو و هەروەک جاران بەسیفەتی خوێندکار هاتوچۆم ئەکرد، هەر لەهەولێر لە گەڕەکی تەیراوە شوقەیەکمان گرتبوو مانگی بە ١٦ دینار و بەزۆری لەوێ کۆبوونەوەمان دەکرد، بەهەر شێوەیەک بووایە مانگانە ئەو پارەیەمان کۆ دەکردەوە، یەکێک لەو کەسانەی یارمەتیی دەداین هاوڕێ فاتیمە ئەحمەد بوو کە لە دایرەی مەبانی کەرکووک فەرمانبەر بوو، مانگی پێنج دیناری لەموچەکەی خۆی وەک یارمەتی دەداینێ، ئەو ئەیزانی بۆ چ ئامانجێک شوقەمان بەکرێ گرتووە.

من تەنها لە سێ ٣ ژمارەی گۆڤارەکەدا بەشداریم کردو دوای ئەوە دەستم لەکار کێشایەوە، بەهۆی ناکۆکییەکی قووڵەوە کە لەنووسینێکدا بەبۆنەی کۆچی دوایی جەمیل ئەمین هەندێ لەو ناکۆکییانەم درکاندووە و لێرەشدا باسیان دەکەمەوە.

هەر لەسەرەتادا ناکۆکییەک لەنێوماندا سەری هەڵدا سەبارەت بەوەی گروپەکەمان سەربەخۆ بێت یان سەر بە (ڕەوتی کۆمۆنیست) بێت، بێگومان من زۆر داکۆکیم لەوە دەکرد کە گروپەکەمان سەر بەهیچ حزب و ڕەوتێکی سیاسی نەبێت بۆ ئەوەی بەئازادی بنووسین و ڕای خۆمان دەرببڕین، بەڵام جەمال کۆشش (کە درەنگ بۆم دەرکەوت خۆی سەر بە ڕەوتی کۆمۆنیست بوو) مەیلی ئەوەی هەبوو گروپەکە سەر بە ڕەوتی کۆمۆنیست بێت، کەچی مەشخەڵ (کە تا ئەو ساتەوەختە بێلایەن بوو) هەندێ جار هەمان بۆچوونی منی هەبوو و هەندێ جاری تریش لایەنگری جەمال کۆشش بوو، ئەمە یەکێک بوو لە ناکۆکییەکان، ناکۆکییەکی تر ئەوە بوو جەمال کۆشش هەندێ بابەتی بڵاو کردەوە من پێم وابوو زۆر توندن و کەمتر دەچنە نێو بابەتی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبییەوە، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی لەسەر شێرزاد حەسەن دەینووسی و ئەو بۆچوونانەی لەسەر ڕۆمانەکانی حسێن عارف و عەبدوڵڵا سەراج دەریدەبڕین، هەردوو ئەو هاوڕێیە، ئەدەبی ئەو دوو ڕۆماننووسەیان بە ئەدەبی بورژوازی و وردە بورژوازی وەسف دەکرد، کە من نەمدەتوانی بەو چەشنە وەسفی ڕۆمان بکەم، جگە لەمانە من لەهەندێ مەسەلەی دی دوودڵ بووم، بۆ نموونە پێداگرتن لەسەر ئەدەبی (ڕیالیزمی سۆشیالیزم) یان (ئەدەبی پرۆلیتاری)، یان جەختکردنەوە لەسەر (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا) ئەگەرچی زۆر بەئاشکرا ئەو چەمکانەم ڕەت نەدەکردەوە و نەمدەوێرا یان لەڕووم نەدەهات ڕاستەخۆ بڵێم دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و ئەدەبی پرۆلیتاری ڕەتدەکەمەوە، بەهەر حاڵ دەمویست بڵێم مەرج نییە ئێمە هەر هەموومان لەناو ئەو سنوورە و ئەو چوارچێوەیەدا بنووسین، سەرجەمی ئەمانە ناکۆکییەکانی ئێمەیان قووڵتر کردەوەو من دەستم لەکار کێشایەوە، بابەتێکم لەسەر دەستلەکارکێشانەوەکەم نووسی و

وابزانم ئەوانیش لەژمارەی دواتری گۆڤارەکەدا بڵاویان کردەوە، دواتر جەمال کۆشش بە وتارێک وەڵامی دامەوە بە ناونیشانی (هۆشەنگ و هۆشەنگیزم)، بیرم نەماوە لەکام ژمارەی ڕابەردا بڵاوی کردەوە، بەڵام هەمیشە منیان بە کەسێکی ڕاڕا و بورژوازی بچووک ئەناساند، بەتایبەتی کە لەو دەمانەدا من بابەتم لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) و گۆڤاری (بەیان) و گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا بڵاو دەکردەوە، بابەتەکانی من بەقەولی ئەوان دوور بوون لە ئەدەبی پرۆلیتاری.

بێگومان ئەم ناکۆکییانە هەرگیز نەبوونە هۆی ئەوەی پەیوەندیمان بپچڕێت یان زویر بین لەیەکتر، بگرە پەیوەندیمان هەر وەکوو جاران بوو، بەتایبەتی لەگەڵ مەشخەڵ کە ئەو نەرمتر مامەڵەی لەگەڵ فیکر و ئەدەبدا دەکرد. بەداخەوە ئێستا ناوەڕۆکی بابەتەکانی گۆڤاری ڕابەرم لەیاد نەماوە و زۆر حەز ئەکەم ژمارەکانم دەست بکەون، چەند حەز ئەکەم جارێکی تر جەمال کۆشش و مەشخەڵ ببینمەوە و دەربارەی ئەو ڕۆژانە بیرەوەری بگۆڕینەوە.

من کە وەڵامەکانی مەشخەڵم بۆ پرسیارەکانی بەرێزت خوێندەوە، بۆم دەرکەوت کە بەرلەوەی بە نووسینێک دەست لەکار بکێشمەوە، ئەوان بریاریان دابوو من لەو حەڵقەیە دەربکەن، بەهەرحاڵ خواستەکە لەهەردوولادا بوو، هەر دەشبوو بگات بەو دەرەنجامە، سەیر ئەوەیە کە من لەحەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست جیابوومەوە، وردە وردە ئارەزوو و پەیوەندیم بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بە نووسراوەکانیانەوە زۆر کز بوو، تەنها پەیوەندیی شەخسیم بە هاوڕێکانمەوە مابوو، بەوازهێنانم لە حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەستم بە ئازادییەکی زۆر کرد، وامدەزانی لە زیندان بەربووم و ئیتر لەڕووی سایکۆلۆجییەوە زۆر خۆشحاڵ بووم، دواتر دەستم کردەوە بە نووسین و وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی و بڵاوکردنەوەیان. لەو کاتانەدا ئەوەی بێزاری دەکردم ئەو هەموو وشە فارسییە بوو کە برادەرانی کۆمۆنیست لەکاتی نووسین و گفتوگۆ سیاسی و ئەدەبییەکاندا بەکاریان دەهێنا، وەک ئەوەی بە کۆمەڵگەیان دەوت جامیعە، زوو زوو دەیانوت جامیعەی ئێمە یان جامیعەی کوردی، یان بە زەواجیان دەوت ئێزدیواج، یان بە گۆڕەپانیان دەوت سەحنە، یان وشەی وەک ئەز قەزا و شتی وایان زۆر بەکاردەهێنا و نووسینەکانیان پڕ بوو لە وشەی فارسی کە هەمووی کاریگەریی ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانی بوو، من ئەو کاتەش ڕەخنەم لەو شێوازی نووسین و قسەکردنە دەگرت و هەرگیز بەو شێوە زمانە نەمدەنووسی و قسەم نەدەکرد.

سالار ڕەشید : ئێوە خۆتان وەک حەڵقەیەکی ئەدەبی و لە هەمان کاتیشدا سیاسی پێناسە کردبوو. لەم ڕووە لە لایەن «حەڵقەی ئۆکتۆبەر»ەوە ڕەخنەیەکتان لێ گیرا و یەکێک لەو مەسەلانە کە ئێوەی دەخستە ژێر پرسیارەوە ئەوەبوو دەیانگوت: حەڵقەیەکی ئەدەبی کە دەیەوێ لە بواری هونەر و ئەدەبی کرێکاریی کار بکات،

**لەگەڵ حەڵقەیەکی سیاسی کە کار بۆ دەسەڵاتی سیاسی ئەکات جوودایە، هەروەها لەو نووسینەدا باسی ئەوەی دەکرد، کە ئێوە دەبێ باس لە ئیستاتیکای مارکسیستی بکەن و کار لەسەر بووژانەوەی ئەو بکەن. لەو بارەیەوە نەزەرت چییە (دیارە هەمان ئەم پرسیارەم لە «مەشخەڵ» کرد، ئەو نەزەری خۆی لەو بارەیەوە خستە ڕوو، بەڵام ئەو نووسینەی لە یاد نەماوە)، ئەگەر لەبیرت مابێ، تێڕوانینی تۆ لەو دەمەدا و لەو ناکۆکییانەی کە لەنێو حەڵقەکەدا لە ئارادا بوون، چەند نزیکایەتی و لێکچوونیان لەگەڵ یەکدیدا هەبوو؟**

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ):** بەداخەوە بیرم نەماوە کە حەلقەی ئۆکتۆبەر نووسینێکی لەو چەشنەیان بڵاو کردبێتەوە، یان لەبنەڕەتدا من نەمبینیوە و ئاگام لێ نەبووە، نازانم کەی دەرچووە؟ ئەو کاتەی من لەناو حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بووم یان جیا ببوومەوە؟ بەهەرحاڵ بەپێی ئەو ناوەڕۆکەی کە لەپرسیارەکەی بەرێزتدا هاتووە، پێشنیارێکی زۆر جوانیان کردووە و ڕەخنەیەکی دروست و شایستەیشیان لە بۆچوونی برادەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست گرتووە، خۆزگە ئەوسا ئەو وتارەم ببینیایە، سائەگەر ئەوسا کارمان لەسەر ئیستاتیکای مارکسیزم بکردایە ئەوا پێم وایە کارێکی زۆر مەزنمان دەکرد و بەرهەمێکی ئێجگار گرنگ و بەکەڵکمان دەبوو، یانی من ئێستا بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەگەر لەو کاتانەدا هەندێ لە کتێبە ئەدەبییە مارکسیستیەکانمان تەرجەمە بکردایە، بۆ نموونە کتێبی (دەربارەی ئەدەب و هونەر) ی لینین، ئێستا گەنجینەیەکی باشمان لە کتێبی ئیستاتیکای مارکسیزم دەبوو کە وابزانم تا ئەمرۆش نەکراون بە کوردی، وابزانم ئەو ڕەخنەیەی حەلقەی ئۆکتۆبەر لە حەلقەی ئەدیبانی گرتووە، بۆ ئەوسا، خواستی من بووە، خۆ ئەگەر ڕایان بسپاردمایە لەو بوارەدا کار بکەم و کتێبی ئەدەبی مارکسیستیم تەرجەمە بکردایە، ئەوە بێ دوو دڵی ئەو کارەم دەکرد، بۆ بەڵگەش من لە ژمارە سەرەتاییەکانی گۆڤاری ڕابەردا وتارەکانی لینینم دەربارەی تۆڵستۆیی ڕۆماننووس وەرگێڕا و دواتر لە نامیلکەیەکدا بڵاو کرایەوە، واهەست ئەکەم تێڕوانینی ئەوسام تارادەیەکی زۆر نزیک بووە لە حەلقەی ئۆکتۆبەر کە بەداخەوە نەمدەناسین. یان من بەباشی بیرم نەماوە، بەداخەوە زۆر شتی ئەوسام بیر چۆتەوە، بەهۆی چاوپێکەوتنەکەی هاوڕێ مەشخەڵەوە هەندێ شتم بیر کەوتەوە، هەر من ئەو شتانەم بیر نەچۆتەوە بەڵکو زۆر کەسی دی هەندێ وردەکاریی گرنگی ئەو کاتەیان لەیاد نەماوە و لەیادەوەریدا کاڵبوونەتەوە، هۆکاری ئەو بیرچوونەوەیەش بەرای من دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری بابەتەکانی ئەوسا ون بوون و فەوتان، ئێستا زۆر زۆر پێویستە ئەدەبیاتی ئەوکاتە ئەرشیف بکرێت و ئەوەی ماوە لەفەوتان بپارێزرێت، من لە هاوڕێ مەشخەڵم بیستووە کە بابەتگەلێکی ئێجگار زۆر لەلای یەکێک لە هاوڕێیانی ئەو سەردەمە پارێزراون، لەنێویاندا ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەریش هەن، ئەمە شتێکی زۆر دڵخۆشکەرە و هیوادارم ئەو هاوڕێیە ڕەزیلی نەکات

**لەخستنە بەردەستی ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەندە، بەڕێزیشت زۆر چاک دەکەیت کە هەوڵی نووسینەوەی بەشێک لەو مێژووە دەدەیت.**

**سالار ڕەشید: ئەگەر ئاوڕێک لەو ڕابردووە بدەیتەوە، چۆن دەڕوانیتە کارەکانی ئەو حەڵقەیە؟**

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ): وابزانم لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا تا ئەندازەیەکی ڕوون بۆچوونی خۆم لەو بارەیەوە وتووە، من بۆ ماوەیەکی زۆر کەم لەگەڵ حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستدا بووم، بۆ ئەو ماوە کورتە و لەو زەمەنەی ئەوسادا جۆری کارکردن و بۆچونەکانی ئەو هاوڕێیانەم ڕەت دەکردەوە، جا ئەگەر ئێستا ئاوڕ لەو ڕابردووە بدەمەوە و بەپێی پێوەرەکانی ئێستا و بە تێڕوانینی ئێستام بڕوانمە کارەکانی ئەو حەڵقەیە، (ئەگەرچی زۆر هەڵەیە بەپێوەرەکانی ئەمڕۆ هەلومەرجەکانی ڕابردوو بپێورێت)، ئەوا جگە لە پێکەنین و ڕەخنەلێگرتن هەڵوێستێکی ترم نابێت، چونکە ئەوسا زۆر هەرزەکارانە لە بیروباوەڕی کۆمۆنیزم و لە دیدی چەپگەرامان دەڕوانی، دەبوایە بەزۆر بەو شێوەیە تەماشای کۆمەڵگە بکەین کە وەک کۆمەڵگاکانی ئەوروپاو سەردەمی مارکس بریتییە لە دوو چینی سەرەکی: بورژوازی و پرۆلیتاریا، بەهەڵە لەچەمکی پرۆلیتاریا تێگەیشتبووین و دەبوایە لە وێناکردنی زەینیی خۆماندا بەزۆر بوون و ڕۆڵێکی گەورە بەو چینە ببەخشین، بگرە بەهەڵە لەزۆربەی چەمکەکان تێگەیشتبووین و زۆربەی تیۆرو بۆچوونەکانمان بە لینگەوقووچی دەبینی، بەباشی لە چەمک و تیۆرەکانی مارکسیزم تێنەگەیشتبووین و سەرچاوەی گرنگمان لەبەردەستدا نەبوو، نەخوازەلا ئەو کتێب و نووسینانەی ڕەخنە لە مارکسیزم دەگرن، هەر بەتەواوی قەدەغە بوون، کەس نەیدەوێرا بۆچونێکی ڕەخنەیی لە مارکسیزم و لینینیزم دەرببڕێت، لێرەدا ئایدیۆلۆژیای مارکسیزمیش، وەک ئایدیۆلۆژیای ئایینی و وەک دۆگماتیزم، بە پیرۆز تەماشا دەکراو لەسەرووی ڕەخنەلێگرتنەوە بوو.**

**ئەمە دواتر هاوڕێ مەشخەڵیش دەرکی پێکردووەو پاشان بەتەواوی لەو شێوازی کارکردنە دوور کەوتۆتەوە، من کە چاوپێکەوتنەکەی هاوڕێ مەشخەڵم خوێندەوە کە دەڵێ ئەوسا نەوزاد ڕاستی دەکرد، زۆرم پێ خۆش بوو، ئەمە ئەوە دەردەخات کە ئێمە تا چ ئەندازەیەک لەناو هەڵەشەیی و هەڵچوون و کاری پڕ لەهەڵەدا دەجووڵاینەوەو بۆچوونی سەقەتمان لەسەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و ئیستاتیکای مارکسیزم هەڵگرتبوو، ئەگەرچی ئێستا نازانم بۆچوونەکانی جەماڵ کۆشش تا چ ئاستێک گۆڕاوە، بەڵام بەگشتی ئێمە لەکارکردندا زۆر توندو هەڵەشە بووین، (وابزنم من کەمتر، چونکە باوەڕم بەزۆرێک لە بۆچوون و هەڵسوکەوتەکانی ئەوان نەبوو، بۆیە نەمدەتوانی داکۆکییان لێ بکەم، ئیتر ئەو هاوڕێیانەش منیان بە دوودڵ و ڕاڕا و وردە بورژوازی وەسف دەکرد).**

**بێگومان ئێستا جۆری کارکردن و بۆچوون و باوەڕی بەشی هەرە زۆری برادەرانی بزووتنەوەی چەپ بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و ئێستا لە جاران نەرمتر و هێمنتر باسی مارکسیزم و خەباتی کۆمۆنیزمی دەکەن، بەشێکی بەرچاویشیان باوەڕیان بەو مەسەلانە نەماوە و وازیان هێناوە، تەنها بە بیرکردنەوە و بیروباوەڕ لەگەڵ ئایدیای چەپدان. من ئەم گۆڕانکارییە و ئەم نەرمی و هێمنییە لە زۆربەتاندا دەبینمەوە..**

**سالار ڕەشید :لە ئێستادا بۆچوونت لەسەر ئەوەی پێ دەوترا، ئەدەبی کرێکاریی چییە؟**

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ): ئەگەر بشێ ژانرێک یان ستایلێک هەبێ بەناوی ئەدەبی کرێکاریی، وەک ئەدەبی ژنان و ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی خەیاڵی زانستی و... تاد، ئەوا بەدرێژایی حەفتا ساڵی سەدەی بیستەم ئەدەبی کرێکاریی بەو ئەدەبە دەوترا کە بزووتنەوەو مانگرتن و شۆڕشەکانی چینی پرۆلیتاریای ئەوروپایان پێچەوانە دەکردەوەو دەبوایە ئەو ئەدەبە بەپێی «تیۆری پێچەوانەکردنەوە- نظریە الانعکاس»ی دیدگای مارکسیزم بنووسرابایە، ئەو چەشنە ئەدەبە هەندێ ڕۆمانی جیهانیی بەرهەمهێنا، لەوانە (دایک)ی مەکسیم گۆرکی و (پاژنە ئاسنینەکان) ی جاک لەندەن و (دکتۆر جیڤاکۆ)ی بۆریس باسترناک و (یەکەمین مامۆستا)ی جەنگیز ئیتماتۆڤ و (دۆنی هێمن) ی میکائیل شۆلۆخۆف و (دایکە ئازاکە)ی بیرتۆلد برێشت و زۆری تریش، بەڵام لەسەردەمی ستالین و پاش جەنگی دووەمی جیهانی ئەو ئەدەبە لە ئاستێکی زۆر نزم و ڕووکاری و پروپاگەندەیی و ئایدیۆلۆژیدا مایەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی سەپاندنی بەزۆری ڕیاڵیزمی سۆشیالیزم لەلایەن ژدانۆفەوە کە بەناوی ئەو چەشنە ڕیاڵیزمەوە ئەدەبێکی کەم بەهاو نزمیان خستە بازاڕەوە، لەپاش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیێت و لەگەڵ خامۆشبوونی بزووتنەوە کرێکارییەکانی دنیا و لاوازبوون و نەمانی هەندێ لە پارتە کۆمۆنیستەکان، ئەو ئەدەبە بەو ئاست و مانایە لەسەر ڕووی ئەدەبیاتی ئەمڕۆدا کاڵ بۆتەوە، وەختە بڵێم نەماوە، خۆ ئەگەر ئەدەبێک هەبێت باسی چینی کرێکار بکات ئەوە وەک بەشێک لە بابەتی گشتیی و وەک مەسەلەیەکی هیومانیستی باسی دەکات بێئەوەی سەرانسەری ئەدەبەکە تەرخان بکات بۆ قەبەکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای حزبێک یان ڕەوتێکی دیاریکراو، بۆ نموونە هەندێ لە ڕۆمانەکانی گابریل گارسیا مارکیز و جۆرج ئەمادۆ و هەندی لە نووسەرانی دیکەی ئەمریکای لاتین، بەشێوەیەکی واقیعی باسی چەوساندنەوەی چینی کرێکار دەکەن بێئەوەی ئەدەبەکەیان ناو بنێن ئەدەبی کرێکاریی.**

**سالار ڕەشید: لە لایەن بەڕێزتەوە و لەو دەمانەدا کۆمەڵێک وتار و نووسراوەی مارکسیستیت بۆ کوردی وەرگێڕدرا، ئایا هیچ یەکێک لەوانەت لەلا ماوە؟ ئایا بۆ**

**ئێستا ئەو کارانە بە پێویست دەزانی، مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر ئەو دەمە ئێستا بووایە، خۆت بەو کارانەوە خەریک دەکرد؟**

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ): بەداخەوە هیچ یەکێک لەو بابەتانەم لەلا نەماوە و ئێستا زۆر حەز ئەکەم دەستم بکەونەوە، چونکە بەشێکن لە خەبات و ڕابردووی ئێمە، بەڵام ئەوەی کە ئایا ئەو کارانە بۆ ئێستا پێویست بن، نەخێر من وای نابینم بۆ ئێستا بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی مارکسیزم پێویست بن، بۆ کاتی خۆی ئەو کارانە تەرجەمە بکرابانایە پێویست بوون چونکە گوزارشت بوون لەو قۆناغ و سەردەمەی ئەوسا کە دەکاتە نیو سەدە بەر لە ئەمڕۆ و تا هەشتاکانیش، بەڵام بۆ ئەمڕۆ زۆر پێویست نین، ئەگەر پێویستیش بن ئەوا وەک بەشێک لە مێژوووی ئەدەب پێویستن و وەک ئەوەی ئێمەش ئاگاداری ئەو پێشکەتنە لە ئەدەب بین کە لەسەردەمێکی دیاریکراودا برەوێکی زۆری هەبوو و لەزمانەکەی ئێمەشدا ئەو بابەتانە هەبوونایە، ئێستا هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی سیاسی و بۆچوونی فیکری گۆڕانکارییەکی ئێجگار زۆریان بەسەردا هاتووە، لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە نەوەی ئەمڕۆ لە نەوەی نیو سەدە یان سی ساڵ لەمەوپێش نەچێت و داواکاریی دیکەی هەبێت، تەنانەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پاشکەوتنی کۆمەڵگە و ڕەخنە لە کەلەپووری ئایینی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی، شێوازی ترو ئاستی تر و زمان و فیکرو بۆچوونی تر و بیرمەندی تر لەئارادان کە ئەمانەی ئەمڕۆ کاریگەرترن، ئەمڕۆ لەئاستی فیکری سیاسیدا چەمک و بابەتی وەک دیموکراسیەت و عەلمانییەت و فێمینیزم و ئازادیی تاکەکەس و لێکبوردن (تسامح) گرنگترو پێویستترن، تۆ بڕوانە ئەمڕۆ لە ئاستی ئەدەب و ڕۆماندا ڕۆمانەکانی مارکیز و ئۆرهان پامۆک و زۆری تریش پتر دەخوێنرێنەوەو برەوی زیاتریان هەیە وەک لە گۆرکی و چیخۆف و مایکۆفسکی و نازم حیکمەت، لەبواری ڕەخنە لە کەلەپووری ئایینی و ڕەوتە فێندەمینتالیستەکانیشدا کتێبەکانی محەمەد ئارکۆن و جۆرج تەرابیشی و نەسر حامید ئەبوزەید و هاشم ساڵح و هادی عەلەوی و ئەدۆنیس و ئەمانە ئێستا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر خوێنەرانی کورددا هەیە.(*)**

**(*) لەکاتی دانانی ئەم دیدارەی هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) ڕێنووسەکەیم لەگەڵ ڕێنووسی کتێبەکە یەکخستووە.**

# نەوزاد ئەحمد ئەسوەد(هۆشەنگ) وەڵامی چوار پرسیاری مەشخەڵ دەداتەوە(*)

**سازدانی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**

**پرسیاری یەکەم: بە ڕای ئێوە مەسەلەی سەربەخۆیی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست چۆن بوو؟ کێشەکان و تێگەیشتنەکان لە چ ئاستێکدا بوون؟**

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ): هەر لە بنەڕەتدا حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست سەربەخۆ نەبوو، ئێمە ئەوکات لە سەربەخۆبوونی ئەدەب تێنەدەگیشتین، وەهمی ئەوەمان لەلا دروست ببوو کە ڕێکخراوی حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە، تەنها لەبەرئەوەی لە ڕواڵەتدا سەر بەهیچ لایەن و گرووپێکی دیکەی ئەو سەردەمە نەبوو، لەمەشدا هەر هەڵە بووین، یان لانیکەم من بەهەڵەدا چووبووم کە وامدەزانی ڕێکخراوەکەمان سەربەخۆیە. چۆن؟ با کەمێک وردتر ئەم بۆچوونەم ڕوون بکەمەوە.**

**ساڵانی هەشتاکان هەموو شتێک بە ئایدیۆلۆژیا بارگاوی ببوو، هیچ ڕێکخراو و دەستە و لایەن و گرووپێک نەبوو نەکەوتبێتە ژێر کاریگەریی ئەو چەشنە ئایدیۆلۆژیایەوە کە پێیان دەوت کومونیزم، یان کومونیزمی کارگەری. هەر هەموو ڕێکخراوەکان لەژێر هەژموونی ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا دەجووڵانەوە، بەپێی پێوەر و ئاراستەکانی ئەو ئایدیۆلۆژیایە دەیاننووسی و چالاکییان دەنواند و کاری ڕێکخراوەییان دەکرد. ئەمە یەکەمین پابەندبوونی ڕێکخراوەکان بوو بە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو کە لادان لە پێوەرەکانی ئەو ئایدیۆلۆژیایە بریتیبوو لە تەحریف، بریتیبوو لە دەرچوون لەناو بازنەی گرووپ. دەرچوون لەو پێوەرانەی ئایدیۆلۆژیا دەبووە مایەی ڕەتکردنەوە و بگرە نەفرەت.**

**دووەمین پابەندبوونی ڕەوتەکانی ئەو کاتە بریتیبوو لە خۆبەستنەوە بە بۆچوونەکانی**

مەنسوری حیکمەت و حزبی کومونیستی کرێکاریی ئێران و ئەو کتێب و نامیلکە و بڵاوکراوانەی لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەگەیشتنە نێوەندەکانی بزووتنەوەی چەپی ئێمە کە پێیان دەوت بزووتنەوەی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان.

سێیەم پابەندبوون بریتیبوو لە نهێنیبوونی گرووپ، واتە سەرجەم گرووپ و ڕێکخراوەکان بە نهێنییەکی بێئەندازە کاریان دەکرد بەهۆی دەسەڵات و سانسۆری توندی ڕژێمی بەعس کە هیچ چەشنە ئازادییەک بوونی نەبوو، هەموو بۆچوونێکی جیاواز و هەموو ڕێکخراوێکی دژی بەعس، بەوپەڕی توندوتیژییەوە وەڵام دەدرایەوە.

بە پێی ئەو سێ پابەندبوونەی سەرەوە، ڕێکخراوی حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە سێ خاڵدا سەربەخۆبوونی خۆی لەدەست دابوو:

یەکەم: لەناو ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراودا دەسوڕایەوە کە بریتیبوو لە کۆمۆنیزمی کارگەری، بە پێی پێوەرەکانی ئەو چەشنە کومونیستییەش دەبوایە ئەدەب و تێکستە ئەدەبییەکان کرێکاری و کومونیستی بوونایە، ئیتر لەنێو چوارچێوەی ئەدەبی پرۆلیتاری و سۆشیالیزمی زانستیدا هەموو نووسین و چالاکییەکان سنووردار دەکران.

دووەم: حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست کەوتبووە ژێر کاریگەریی شیعرو ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتەوە، بەتایبەتی ئەو گۆڤار و بڵاوکراوە ئەدەبییانەی لەوێدا دەردەچوون، وەکوو گۆڤاری (پێشەنگ) کە لای ئێمە بە ئەندازەیەکی بەرچاو لاسایی دەکرانەوە.

سێیەم: حەڵقەکە بە ڕادەیەکی زۆر نهێنی بوو، بەهۆی ترس و تۆقاندنی ڕژێمی بەعسەوە، گۆڤاری ڕابەر و نامیلکە و بڵاوکراوەکانی دیکە، لە سنوورێکی زۆر تەسک و بچووکدا بڵاو دەبوونەوە.

بەمجۆرە حەڵقەی ئەدیبانی کومونیست بەهیچ جۆرێک ڕێکخراوێکی ئەدەبیی سەربەخۆ نەبوو، ئەمە جگە لەوەی حەڵقەکە دواتر چووە ناو یەکێک لە لایەنە کاریگەرەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییەوە، ئەویش ڕێکخراوی (ڕەوت) بوو، یان (ڕەوتی کۆمۆنیست)، بەمجۆرە ڕێکخراوە ئەدەبییەکە، بەتەواوی سەربەخۆبوونی خۆی لەدەستدا.

**پرسیاری دووەم: ئایا دەکرێت ئەوە ڕوون بکەیتەوە کە بۆچی ئەم مەسەلە گرنگە، بووە هۆی نەمانی تۆ لەو حەلقەیە؟**

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ): نەمانی من لە حەڵقەکەدا چەندین هۆکاری لە پشت بوو، هەندێک هۆکاری سەرەکیم لە چاوپێکەوتنەکەی سالار ڕەشید لە کتێبی (یادەوەرییەک لە مێژووودا) باس کردووە، لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێ هۆکاری دیکە

دەکەم.

یەکێک لە هۆکارەکان بریتیبوو لە سەربەخۆنەبوونی حەڵقەکە، نەک بەو مانایەی لە سێ خاڵەکەی پرسیاری یەکەمدا دەستنیشانم کردوون، چونکە وەک وتم ئەو کاتە لە سەربەخۆبوونی ئەدەب تێنەدەگەیشتین، بەڵکو لەبەرئەوەی هاوڕێیانی ناو حەڵقەکە هەمیشە هەوڵیان دەدا بچنە ناو یەکێک لە گرووپە سیاسییەکانی ئەوسای بزووتنەوەی کۆمۆنیستییەوە، بەدیاریکراوی دەیانویست بچنە ناو (ڕەوتی کۆمۆنیست)ەوە، کە دواجار بەفیعلی چوونە نێو ڕەوتەوە و ئەمەشیان بە ئاشکرا ڕاگەیاند، ئیدی دوای ئەوە من بەیەکجاری لێیان جیابوومەوە، ئەوانیش پێیان خۆش بوو من لەو حەڵقەیەدا نەمێنم، بۆیە هەر زوو ڕەزامەندییان دەربڕی و وەکوو خۆیان دەیانگوت منیان لە حەڵقەکە دەرکرد. بەڵام هۆکارەکە تەنها ئەوە نەبوو کە چوونە نێو (ڕەوتی کۆمۆنیست)ەوە، بەڵکو بەر لەوەش ئێمە هەندێ ناکۆکیمان هەبوو، کە لە کۆبوونەوەکانماندا دەربارەی هەندێ مەسەلە و بابەتی ئەدەبی گفتوگۆمان لەسەر دەکرد، بەتایبەتی بابەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و ئەدەبی کرێکاری و ئەدەبی ڕیاڵیزمی سۆشیالیزم، من لە هەموو ئەو بابەتانەدا بۆچوونی جیاوازم دەردەبڕی و بگرە هەندێ بابەتم هەر بەتەواوی ڕەتدەکردەوە، وەکوو بابەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، بەلای ئەوانەوە ئەمە سەیر بوو، جێگەی سەرسوڕمان بوو، من دەمووت هەموو چەشنەکانی دیکتاتۆریەت ڕەتدەکەمەوە، لەوانە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریاش، ئینجا دەموت ئەدەب، تەنانەت ئەدەبی مارکسیزمیش، لەو چوارچێوانەی ئێوە، گەورەتر و بەرینترە، بۆیە مەرج نییە تەنها بەپێی سنوور و ئەو پێوەرانە بنووسین کە ئێوە دیاریتان کردووە. ئەوەبوو جیاوازییەکان وردە وردە ئاشکرا بوون و بگرە لە هەندێکیاندا بووون بە ناکۆکی، من ئەو شیعرە سادە و دروشمئامێز و ڕاستەوخۆیانەی ئەوسای مەشخەڵم بەدڵ نەبوو، دیسان بۆچوونە ڕەخنەییەکانی جەماڵ کۆششم ڕەتدەکردەوە کە دەربارەی ناوەرۆکی تێکستەکانی شێرزاد حەسەن و حسێن عارف و عەبدوڵڵا سەراج دەینووسین، کۆشش ئەدەبی ئەوانی ڕەتدەکردەوە و بە ئەدەبی بورژوازیی بچووک ناوی دەبردن. وەنەبێ من لەوان باشتر بووبم، منیش لە گۆڤاری ڕابەردا هەندێ بابەتم تەرجەمە کردووە هەر لەنێو هەمان بازنەی ئەو ڕەوتانەدا بووە، وەک تەرجەمەکردنی بابەتی (ئەدەبی حزبی و ڕێکخراوی حزبی)ی لینین، هەروەها تەرجەمەکردنی ئەو وتارانەی لینین کە دەربارەی ڕۆمانەکانی تۆڵستۆی بڵاوی کردبوونەوە. دواتر لە پلانمدا بوو کتێبی (ئیستاتیکای مارکسیزم) وەربگێڕم، بەڵام سەری نەگرت و من لەو حەڵقەیە جیابوومەوە، یان دەرکرام.

لێرەدا هۆکارێکی دیکە بۆ جیابوونەوەی من لەو حەڵقەیەدا هەیە، پێویستە زۆر بە ڕاشکاوی دانی پێدا بنێم و بیخەمەڕوو، هۆکارێکی پەنهان و سایکۆلۆژییە، هۆکارێکی ڕاستەقینە و شاراوە و دەروونییە، ئەو کاتە کەمتر هەستم پێدەکرد، ئەویش بریتییە لە هۆکاری ترس، ترسی سایکۆلۆژی، ترسێک نەیدەهێشت لەنێو حەڵقەکەدا کەسێکی ئاکتیڤ و کاریگەر بم، ئەو ترسە لەڕاستیدا بریتییبوو لە ترس لە ڕژێم، ترس

**لە گرتن و زیندان و ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدان، ئەم پاڵنەرە سایکۆلۆژییە وای لێکردبووم بەدوای ئەوەدا بگەڕێم بە چ شێوازێک لەو هاوڕێیانە جیاببمەوە بێئەوەی وەک کەسێکی ڕاڕا و ترسنۆک و وردە بورژوازی دەربکەوم، ئیتر بۆچوونە ئەدەبییە جیاوازەکان باشترین دەرفەت بوون بۆ خۆدەربازکردن لەو گرووپ و بازنە داخراوانە، ئەمە جگە لەوەی لەلایەکی دیکەوە نەمدەتوانی دەستبەرداری بڵاوکردنەوەی بابەتەکانم بم لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لەو کاتەدا دەردەچوون، وەک ڕۆژنامەی (هاوکاری) و (پاشکۆی عێراق) و گۆڤاری (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ) و (کاروان)، تەمەنەکەم و قۆناغەکەم وابوو، پتر حەزم دەکرد لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا بابەت بڵاو بکەمەوە و بناسرێم، نەک لە حەڵقەیەکی داخراوی وەک حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، ئیتر ئەم دوودڵی و ڕاڕاییەم وای لێکردبووم لە یەک کاتدا لەهەردوو لایەندا بابەتم هەبێت، هەم لە گۆڤاری ڕابەر و هەم لە گۆڤارە ئەدەبییەکانی ئەو کاتەدا. بەڵام دوای وازهێنانم لە حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، ئیتر هەستم بە ئازادی دەکرد و بە ئەندازەیەکی زیاتر بابەتی ئەدەبیم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو کاتەدا بڵاو دەکردەوە و لەڕووی دەروونییەوە زۆر خۆشحاڵ دەبووم.**

**پرسیاری سێیەم: خوێندنەوەی ئێستات چییە بۆ کار و چالاکی حەلقەکە و گۆڤارەکە؟**

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ): خۆی لەڕاستیدا ئەم پرسیارە هەڵەیە، واتە ناکرێت بەپێی ڕۆژگاری ئەمڕۆ چالاکییەکانی ڕابردوو هەڵبسەنگێنرێن، واتە نابێت بەپێی پێوەرەکانی ئێستا، فیکر و ڕەفتار و کارەکانی ڕابردوو بپێوین، چونکە ئەگەر بەو پێوەرانەی ئەمڕۆ ڕابردوو هەڵبسەنگێنین، ئەوا بە تەبیعەتی حاڵ دەگەینە ئەو دەرئەنجامانەی کە ڕابردوو ڕەت بکەینەوە، ئەگەر ڕەتیشی نەکەینەوە ئەوا ڕەخنەی توندی لێدەگرین، کەواتە منیش بەگوێرەی پرسیارەکەی بەڕێزت، ڕەخنەی زۆرم لە هەڵسوکەوت و هزر و بیرکردنەوە و کاری ئەو سەردەمەی ڕابردووم هەیە و ڕەخنەی زۆرم لە نووسین و تەرجەمەکانی ئەو کاتەم هەیە، ئەمەم لە چاوپێکەوتنەکەی سالار ڕەشیددا خستۆتەڕوو. بەڵام جاروبار دەڵێم خۆزگە ئەو کاتە کتێبی ئیستاتیکای مارکسیزمم وەربگێڕایە، هەم بۆ ئەو کاتە سوودی دەبوو، هەم بۆ ئێستایش.**

**پرسیاری چوارەم: شوناسی شۆڕشگێڕبوونی ئەدەب خراوەتە ژێر پرسیارەوە، ئایا بە بۆچونی تۆ دەتوانرێت بە چالاکی حەلقەکە و گۆڤارەکە بوترێت چالاکی ئەدەبی شۆڕشگێرانە؟**

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ): شوناسی شۆڕشگێڕبوونی ئەدەب نەخراوەتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو چۆتە نێو مێژووەوە، واتە ئەو شۆڕشگێڕبوونە بۆ سەدەکانی ڕابردوو و بۆهەلومەرجی سەردەمەکانی پێشووی ئێمە پێویست بوو، بگرە لەناو سیاقی مێژوویی خۆیدا واقیعێکی نکوڵی لێنەکراو بوو، ئەو شوناسە ئەدەبێکی بەرهەمهێناوە بۆ ئەو سەردەمە پێویست بوو، بەڵام بۆ ئەمڕۆ دەچێتە نێو مێژووی ئەدەبەوە، ئەمڕۆ بەهۆی گۆڕانکارییە گەورە و خێراکانی تەکنۆلۆژیا و ئینتەرنێت و سیستمی سیاسی و جۆری ژیانی کۆمەڵگەکان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و فیکر و بۆچوونەکان، ئەدەبی شۆڕشگێڕی ئەو چەمک و مانایەی جارانی نەماوە، لێرەدا پێویستە باسی داهێنان و ئەدەبی مرۆڤدۆستی و هیومانیزم و ئیستاتیکا بکەین.**

**( * ) پرۆفایلی د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لەساڵی ١٩٦٢ لە کەرکووک لەدایک بووە.سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکووک تەواو کردووە.لەساڵی١٩٨٦-١٩٨٧ کۆلێجی ئەدەبیات- بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبیی لە زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێر تەواو کردووە. لەساڵی ١٩٧٩ یەکەم بابەتی ئەدەبیی لە ڕۆژنامەی (پاشکۆی عێراق)دا بڵاو کردۆتەوە. لەساڵانی ١٩٨٣-١٩٨٤ لەگەڵ کۆمەڵێ خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدیندا لەهەولێر گۆڤاری (ئاسۆس)یان دەرکردووە. لەساڵانی ١٩٨٤-٩٨٥ لەگەڵ زاهیر ڕۆژبەیانی و مارف عومەر گوڵ، دوو ژمارەیان لە گۆڤاری (نێرگز) لە کەرکووک دەرکردووە. لەساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ لەگەڵ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و جەماڵ کۆشش، ڕێکخراوێکی ئەدەبیی نهێنییان دامەزراندووە بەناوی «حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» و گۆڤارێکیان بە نهێنی بەناوی «ڕابەر» دەردەکرد، بەدەست لەسەر کاربۆن و وەرەقەی رایز دەیاننوسییەوە و بەنهێنی دابەشیان دەکرد. لەو ڕێکخراوەدا ناوی نهێنیی (هۆشەنگ) بوو. لەساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٦ لەگەڵ ژمارەیەک نووسەردا پێنج ژمارەیان لە گۆڤاری (سەراب) لە هەولێر دەرکردووە. لە ساڵی ١٩٩٢ تا ساڵی ١٩٩٨ مامۆستای زمان و ئەدەبی عەرەبی بوو لە ئامادەیی ئازادی کوڕان لە هەولێر .لەنێوان ساڵانی ١٩٩٥-٢٠١٠ لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا کاری کردووە، لەوانە: گۆڤاری کاروان، گۆڤاری رامان، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ڕۆژنامەی ئاسۆ، گۆڤاری سردم العربی، ڕۆژنامەی چاودێر، گۆڤاری اشراقات کردیە. لەساڵانی ٢٠٠٣-٢٠١٠ سکرتێرو پاشان بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (سردم العربی) بووە لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە سلێمانی، (٢٨) ژمارەی لەو گۆڤارە دەرکردووە. لەساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ماستەری لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی نوێدا لە زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی زمان-بەشی عەرەبی بەدەست هێناوە. نامەی ماستەرەکەیشی بەناونیشانی: شار لە چیرۆکەکانی جەلیل قەیسیدا- خوێندنەوەیەکی سایکۆسۆسیۆلۆژی. (بەزمانی عەرەبی) .لە ساڵی ٢٠٠٨ دەبێت بە مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی سلێمانی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکا. لەساڵی ٢٠١٢دا بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان بەشی عەرەبی بەدەست هێناوە، ناونیشانی تێزی دکتۆراکەی: گێڕانەوە لەنێوان ڕۆمان و مێژوودا لە سێینەی (وادی کوفران)ی ڕۆماننووس زوهدی داوودی- خوێندنەوەیەکی سۆسیۆمێژوویی. (بەزمانی عەرەبی).**

**هەر لەو ساڵەدا پلەی زانستیی لە (مامۆستای یاریدەدەر)ەوە دەبێت بە (مامۆستا).لە ڕێکەوتی ١٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١١ لەسەر بانگهێشتی گۆڤاری هاڤیبون، لە زانکۆی ئازادی بەرلین لەکۆنفرانسی «شەرەفنامە، ناسنامەو سەرچاوەی مێژوووی کورد» بەشداری کردووەو بابەتێکی پێشکەش کرد بەناونیشانی «شەرەفنامە لەخوێندنەوەیەکی سۆسیۆمێژوویدا».لە ڕێکەوتی ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ لەچالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی ڕەوەندی کوردی لە بەرلین سیمینارێکی پێشکەش کرد بە ناونیشانی «عەلمانییەت لە هزری د.محەمەد ئەرکوندا".لە ڕێکەوتی ٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ لەگەڵ د.لوقمان سیوەیلی و لەسەر داوای ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنییەتCDO توێژینەوەیەکیان بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسی بە ناونیشانی (ڕەوشی هاوسەرگیریی پێشوەخت لەهەردوو کەمپی عەربەت و ئاشتی لە سلێمانی) و لە پرێس کۆنفرانسێکدا بەئامادەبوونی پانزە کەناڵی کوردی و عەرەبی پێشکەشیانکرد و ئامارەکانیان خستەڕوو، توێژینەوەکەش بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەلایەن ڕێکخراوی ناوبراوەوە چاپ کرا .لە ساڵی ٢٠٧ پلەی زانستیی لە (مامۆستا)وە دەبێت بە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر). لەساڵی ١٩٩١ەوە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جیهانییە.لەساڵی ٢٠١١ەوە تا ٢٠١٩ سەرۆکی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ بوو.خاوەنیی چەندین کتێبی چاپکراوە لەبوارەکانی ئەدەب و وەرگێڕان و بابەتی فیکریدا. حاڵی حازر مامۆستایە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان-بەشی کاری کۆمەڵایەتی لە زانکۆی سلێمانی.**

## جەماڵ کۆشش

# حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ... خەونێک بە فەنتازیایەکی ڕیالیستی پێچراوەتەوە.

### نازانم لە کوێیەوە دەست پێبکەم، ..لە کام ڕۆژ و کام مانگ و ساڵ.



**نووسینی: جەماڵ کۆشش**

لە حەڵقەکە و ئەدەبەکەمان لە تەڤگەرێکی شۆڕشگێڕانەی سوریالی، وەک کۆمۆنستێکی عاشقی ڕۆمانسی، وەک دیوانەیەکی ماتریالیست، وەک گیانێکی گڕگرتووی سەرکێشی دڕدۆنگ و تورە لە دەوروبەر. ئەم پێکهاتە وێڵی شوناسێکی کلتووری نوێیە .

نەوزاد ئەسوەد، لاوێکی هێمن و لەسەرخۆ، چاوکراوە، لە خێزانێکی ناسراوی هونەری و شۆڕشگێڕانە. تازە هەنگاو بەرەو چەپی ڕادیکاڵ و مارکسیزمی شۆڕشگێر دەنێت. تازە

**ڕەگەڵ هۆشیارییەکی گشتی لاوانی ڕۆشنبیر بە وازهێنان لە ئەندامەتی ڕێکخراوەیەکی ناسیۆنالیستی لەژێر کاریگەری تەوژمە فکرییەکان بەرەو گەلاڵەی خەونێکی نوێ هەنگاو دەنێت. نەوزاد قوتابی کۆلیژی ئاداب و ماوەیەکیش بوو لە ناوەندێکی ئەدەبی کەرکووک و یەکێتیی نووسەرانی شاخ و شاردا، هەندێک بەرهەمی بڵاوکردبووەوە. دونیای دەرەوە زۆر قەهراوی، ئەنفال، هەژاری، ماڵکاولی، کارەساتی هەڵەبجە، پاکتاوی ڕەگەزی، میلیتاریزەکردنی شارو دیکتاتۆری، لەگەڵ دارمانێکی کۆمەڵایەتی و دزی و توندوتیژی و نائومێدی وسیکۆتین خواردن ، سەری هەموو سوچێکی زانکۆ و بەشی ناوخۆ وهەولێر وسلێمانیان گرتووە، وەک باری کەسایەتی و خێزانیش لە نائارامی و مەترسی لە نێوچووندایە.**

**مەشخەڵ، تۆکمەو پتەو، وەک گوێزساغ و چوست وچالاک، تێکسمڕاوێکی مەچەک ئەستوور، خاراوی کار، گەش و کەیفساز، تەمەنێکی کەم، بەڵام پڕ کارەسات، پڕ ئاڵوگۆڕ، پڕ خەون، پڕ ئەمسەر و ئەوسەر، گرتن و زیندانی ، خۆشناو و قەڵەم بەدەست. مەشخەڵیش سەرگەردانی حەقیقەت، سەرکێش و پڕ پرس. هەژاریی لوولی داوە، لە شارێکی نامۆ و خەمبار و پڕ خاشاک، لەلێواری هەمیشەیی مان ونەماندایە. ناسنامەی تەزویرکراوی بەرباخەڵ هەر یەک دوو دێر دەستکاری کراوە، هەریەک دوو لێوردبوونەوە و پرسیارکردن، بەسن بۆ زیندانی و فەلاقە و لە سێدارەدان. ئەویش وەک باڵندەیەکی تەریو، ئەم گوڵ و دار و باخچە تەی دەکات، هێلانەیەک دەدۆزێتەوە، تیا بخوێنێ و بسرەوێ و گۆرانی بۆ شەماڵ بڵێت و شەماڵیش بە دەرەوەی قەفەز و کوچە و کۆڵانەکان بگەیەنێت.**

**جەماڵ، تازە لە کۆلیژ وەرگیراوەتەوە، تازە لە شەڕێکی دەستەویەخەی نارنجۆکی لەگەڵ بۆرژوازی کوردیدا برینداریەکەی چاک بۆتەوە، پێشتر لە ریزەکانی حزبی کۆمۆنستی ئیراندا، لە گروپی شانۆی ئاموزشگا و مانگنامەی « پێشڕەو» دا یەک دوو چالاکی ئەنجامدا بوو.. ئەمیش ، وەک مەشخەڵ و نەوزاد، کەرکووکی بوو.**

**بۆ گرتنی بەشی ناوخۆ، چوار تا پێنج خوێندکار کۆدەبووینەوە، بەگشتی ئەوانەی کە لەباری فکر و ڕەوشت و بۆچوونی سیاسییەوە لەیەک نزیکبوون. لەو نێوەدا من و نەوزاد لەگەڵ دوو هاوڕێی تر شوقەیەکمان لەنزیک بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بە کرێگرت. پەیوەندی من و نەوزاد، شادی بە خش و فەرهەنگیی وپڕ ژیان بوو. شەوان تا درەنگ کۆڕ گەرم بوو. هاوڕێیانێکی دیش سەردانیان دەکردین حەمە زەکی و سەمیر نوری، وە لەگەڵ سالار ڕەشید وعوسمان غەریب هاوماڵمان بوون. سالار ڕەشید ئاگام لێبوو، جارجار بڵاوکراوە بەدەست نووسراوەکانی بە هاوڕێیان دەدا، ئەو بەکەمی لەگەڵ منیش لێکدانەوەی دەکرد، پێدەچوو هەستی بە من کردبێت، کە ئەندامی ڕێکخراوەی ڕەوتی کۆمۆنیست بووم.**

**لەگەڵ مەشخەڵ، پەیوەندییەکی قوڵترمان هەبوو، مێژوویی تر، هەمان گەڕەک و**

لەنێو تۆڕێک لە هاوڕێ کور کچە خوێندکارەکانی پەیمانگا و زانکۆدا. بەڵام ماوەیەک بەهۆی قاچاخبوونی مەشخەڵەوە لێکدابڕاین. نازانم چۆن وچەند ڕێککەوتێکی شیرین بوو لە هەولێر یەکدیمان گرتەوە و لەوە بەدوا هاموشۆی شوقەکەمانی دەکرد ولێکنزیکبوونەوەیەکی زیاترمان پێکەوە پەیدا کرد.

لە نێو ئەو هەلومەرجەدا، پاش چەندین کۆبونەوەی دوورودرێژ، گفتوگ ۆو پەیداکردنی دونیابینییەکی هاوبەش، حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستمان پێکهێنا. دەتوانم زۆر بە سادەیی بڵێم، ئەوە ئێمە نەبووین، ئەدەبمان هەڵبژارد، بەڵکە چەکی ڕەخنەی ئەدەبی و کلتووری بوو، پاش تێکشکانی خەباتی چەکداری کە تا ئەو دەم ڕکێفی خۆنواندنی ئاراستە دەکرد، زمانێکی ترمان بۆ درێژەدان بۆ خەبات پەیدا کرد.

بیرم نایەت چەند شەو و چەند ڕۆژ، لەمەڕ تیوری ئەدەبی مارکسیستی، ڕۆشنبیری و فەرهەنگی پرۆلیتاری، ئەرک و هەڵوێستی نووسەران، ڕێکخراوە کلتووری و پیشەییەکان و پەیوەندییان بە سیاسەت و ڕۆڵیان لە شۆڕش و کۆمەڵگەدا دیالۆگ و کێشمەکێشمان بووە. زۆر بە چڕی هەوڵماندەدا ڕەوتێکی نوێ و دیدگایەکی نوێ، وە ئامادەیی بۆ هێنانە ئارای ئەم ناوکۆکەیە لە خۆمان پەیدا بکەین.

## ڕۆڵی تیۆری ئەدەبی مارکسیستی

دونیا بەلایەک و تیوری ئەدەبی مارکسیستی بەلایەک، دونیامان بە فەرامۆشی سپارد و بەشوێن میتۆد و تیۆر و تێز کەوتین . کۆبوونەوەکانی دامەزراندن لەسەر ئیستاتیکا، فەنتازیا، سۆشیالیزمی واقعی، ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی، ڕۆڵی ئەنتلجانسیا ،هاوبەندییەکی ناوەکی پێکهێنا ( دیارە من تەواوی ئەم بۆچوون و تیورییانەم دەگەیاندەوە بە ڕەوتی کۆمۆنیست- هاوڕێ سەمیر نوری- لەگەڵ ئەویش ڕاڤەمان دەکردەوە، بەڵام بەبێئەوەی سەمیر ئاگادار بکەمەوە لەوەی کە من خەریکی ئەو کارەم).

ئاکامی کۆبوونەوەکان بەئاراستەیەکی گرنگ و چارەنووسسازدا بوون. ئێمە هەرچەند یەکترمان تەواو دەکرد، وە ڕوانگەی لێکدانەوەکانمان بۆ « دبلۆماسییەت « و خۆگونجاندن نەدەڕۆیشت. ئێمە پەیامی ئاشتی نەبووین، لە ئەدەبی ئێمەدا هەموو ئەو چەمک و دەستەواژانەی لە نێو ڕۆحی خۆماڵی ئەدەبی کوردیدا هەڵکۆڵرابوو، هەوڵماندەدا بە تیشکێکی ترەوە سەرنجی بدەین. ڕوانگەی چینایەتی، مارکسیستی، کرێکاری، ئینتەرناسیۆنالی. زمان ئیدی شوناسی نەتەوەیی و پیرۆزی وپەتییەتی و ڕەسەنی نەبوو، تەنانەت زمانی گفتوگۆ و پەیوەندی نەبوو. زمانی یاخیبوون و ڕووبەڕووبونەوە و قوڵکردنەوەی ماناکانی ژیان و جوانترکردنی فەرهەنگی زمان و ڕەنگرێژکردنی ئاخاوتنی هاودڵی و ئازادی و یەکسانی بوو. زمانی دواکەوتووانەی بەکەمگرتنی نەتەوەکانی دی وژنان ومناڵ نەبوو. زمان لێرەدا دەپشکوێ و کە توندوتیژی

و تۆڵە و چەک ئاراستەیان نەکات. ئەوە نەبێت گرنگی هەمەڕەنگی و زەنگینی زمانمان بۆ گرنگ نەبێت. نەخێر، نموونەیەک کە هەرگیز لە بیری ناکەم، تەنانەت وتارێکی ڕەخنەییم لەسەر خودی نەوزاد نووسیبوو، بە نەزاکەت و بەڕووخسارێکی پڕ شەوقی بزە، زمانەکەت جوانە بەتایبەت بەکارهێنانی ( ڕەنوو،کرێوە وتوەوە توەی بەفر). ئێمە ئەدەبی تیوری ئەدەبی مارکسیستیمان وەک زانستێکی کۆمەڵایەتی و سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری وەرنەگرتبوو، وەک قوتابخانەیەکی تری نێو ئەدەب نەبوو. شوناس و مانای کلتووریمان بوو. ئاگایی بەڕووی چەوسانەوەدا بوو. ئێمە پێمان وابوو، ئەگەر ئەدەب و کلتوور و بۆرژوازی دیماگۆگییەت و واقیعی نین، دەبیت ئەدەبی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئەو ئەرکە جێنەهێڵێ. ئەگەر ئێستا لە نێو ئەدەبی کوردیدا نییە، ئەوا ئێمە دەبیت ئەو فەرهەنگە کۆمەڵایەتییە -چینایەتییە بین. ئەمانە یانی دەرگیری تێهەڵچوونێکی چینایەتی لە مەیدانی ئەدەبدا. ئەمە جەوهەری ناچارییەک بوو کە دەبوو بگەڕێینەوە بۆ کەلەپووری ئەدەبی چینایەتی و بۆ ڕۆڵی تیۆری مارکسیسزم لە ئەدەبدا وبۆ تاقیکردنەوەکانی شارستانییەتی ئەدەبی کرێکاری.

مشتومڕێکی تیوری ( ئەگەر نێوی تیوری لێبنێین) زۆرمان لەسەر پلیخانۆف، تێوری هونەر بۆ هونەر، کام کەلەپووری ئینسانی لە نێو فەرهەنگ و کتێبخانەی بەرباخەڵی کرێکاران و کۆماری سۆشیالیستیدا جێگا دەگرێت، چ فێلێک ، وە چ بۆمبێک ئەدەب دەیچێنێت لە کۆمەڵگادا بۆ بریندارکردن و دورکەوتنەوەی هاوپشتی چینایەتی، ..هتد. لەوبارەوە نەوزاد دەستیکرد بە وەرگێرانی نووسینەکانی لینین لەسەر ئەدەب و بەرنامەی کۆماری سۆشیالیستی لە فەرهەنگدا، مەشخەڵ وتاری لەسەر دیماگۆجییەتی شێرکۆ و تەکنیکی شیعری و منیش لەسەر تیۆری ڕەخنەیی و لۆکاش و ڕەخنە لە ئەدەبی شاخ و ئەناتۆمی ڕۆمانی شار کەوتینە نووسین.

بۆ هەمیشە لەگەڵم دەمێنێت کاتێ لە دواین بازگەی سەربازی بەعس نزیک شارۆچکەی ماوەت ڕزگارمان بوو، ( من و لوقمان حمە شریف)، کە بەیانییەکی تەڕ و تەماوی سارد لە نێو تاکسییەکدا شوناسی قوتابی بوونمان نیشاندا، سەربازەکە ڕێک وەک ئەوە کە بڕۆن بۆ هەرکوێ دەچن، ئاوەو ئاو بڕۆن، شوناسەکەی دایەوە پێمان. چوون بۆ ئاموزشگا و دەورەی سیاسی وسەربازی و مانەوە و شەری پارتیزانی و مەئمورییەتی جۆراوجۆر وزمانێکی تر و کۆمەڵگەیەکی تر و بۆچوون و لێکدانەوەیەکی تر و دونیایەکی تر، شە و یەکچۆک بەفری تیا خستووە، بەیانیان شەبەق بە سروودی ئەنتەرناسیۆنال ڕۆژەکە دەستپێدەکات، شەوان دوو جار حەرەسیاتت بەرکەوتوە و یەکجاریش بۆ دژە کەمین دەرچووی. بەڵام ئازاد و ئازاد، یەکسان و هەمە ڕەنگ، شاعیرێک بەیانی نیگابانی گرتووە، دواتر دەچێت بۆ دارهێنان، ئینجا بەرنامەی ڕادیۆیی هەیە و پاشان سمینارو دواجاریش قاپ شۆری و..چەند دونیایەکی جوان و لەزەتبەخش و سیحراوی. بەڵی ڕۆژگاری ژیانی نێو کۆمەڵەی زەحمەتکێشان( حزبی کۆمۆنیستی ئێران-١٩٨٥)، نە دێتەوە ، نە لەبیری دەکەم. وە نەئەتوانم بە خەونیش بەدیبهێنمەوە. ئەو خەونە

ڕەنگاڵەییە بە تۆخی لەگەڵمدا دەژیا و بە جۆرێکی عیرفانی لە نێو حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستدا خۆم دۆزییەوە. ئەو ساتانە جوانترین ساتەکانی ژیانی تایبەتیمە. لەگەڵ دوو کەس لە ئازیزترین هاوڕێکانم کە دەڵێی ژیان بە تەنها و تەنها بۆ ڕووناکی و باران و هونەر وجوانی خوڵقاندوونی بازنەیەکی دروەشاوەمان پێکهێنا.

حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، نیشتمانی بێ نیشتمانەکان بوو، کێڵگەی چاندنی دیدگایەکی نوێ، فابریکێکی چکۆڵەی وەستاو شاگردێک بوو کە ڕۆژ تا ئێوارە تەقەی چەکوشی گفتوگۆ و لێکدانەوە و ڕاستکردنەوە و توڕەوبوون و پێکە نین بووین. بەڵێ حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، پەناگەی روحێکی زامدار بوو کە نەیدەویست خامە دابنێ و وشە خامۆش بێت و زمان لاڵ و فکر بکوژێتەوە.

دەرەوە بە تەواوی لە ژێر هەژموونی دیسپۆتیزمێکی هار و شێتدا گیری خواردبوو. ڕەز و باخ دەسوتا، دەشت و کێو کوێر دەبووەوە، شارەکان پڕ دەبوون ترس و لەرز و دەگۆڕان بۆ نیوە سەربازگەیەک، هەژاری و بێکاری خەڵکێکی زۆری بۆ دەستفرۆشی و جگەرەی بەدانە و سینی گوڵەبەرۆژە پاڵپێوە دەنا. مزگەوت و دوعا و جاشایەتی و خێڵگەرایی، هاوشانی دروستکردنی کۆمەڵێ کەناڵی تەلەفزیۆنی و بەرنامەی تورەهات، گۆڤار و ڕۆژنامە و دامەزراوەی فەرهەنگی و کلتوری و وەرزشی و لاوان بۆ هەڵوشینی ئەم تاریکی و نائومێدی و دارمانە کرانەوە. ئەڵقەکە بۆ ڕەددانەوەی ئەم سەرابە تا چاو برکا نەزانین و تاریکە پەیدا بوو. ئێمە مارکسیست بووین ( یان بڵێین خۆمان بە مارکسیست دەزانی) بەر لەهەر شوناسێک. کە مارکسیست بووی یانی دەتەوێت دونیا جوان بکەی، یەکسان بکەی، ئینسان لەنامۆیی قوتار بکەی، ئێمە ئەو نووسەرانە بووین.

## ڕێڕەوی ڕێکخراوەیی ئەڵقەکە

جگە لە نێوبانگ و دەنگدانەوە و گۆڤارەکە، ئەڵقەکە لە ڕێگای ڕێکخستنەکانی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە بە فراوانی دەگەیشت بە ئەندامان و لایەنگران و ڕێکخستنە چەپەکانی ئەو دەم. هاوڕێ ئاسۆ جەبار( دکتۆر ئومێد جەبار)، یەکێک لە کەسە یەکجار گرنگەکانی ئەو ڕایەلانە بوو. من و ئاسۆ، خوێندکاری کۆلیژی پزیشکی بووین و بۆ ماوەیەک بەرپرسی ڕێکخراوەیی ئەو بووم. لەو ماوەیە دا دەیان بەرهەمی ئەدەبی و چەندین نووسەری پێناساندین و پەیوەندی لە گەڵ ناوچە دووره دەستەکانی کوردستانی بۆ دامەزراندین.( ئێمە کە بەتەواوی لە دونیای دەرەوە دابڕابووین). لەوانە هاوڕێ یادی هەمیشە بە کۆمۆنیزم ( عیسا- هەژین) بوو کە بەرهەمەکانی بە زمانی هەورامی بڵاودەکردەوە. لەوانە بەرهەمەکانی ئەنوەری ڕەشید عەوڵا، وە هەوڵێک هەبوو کە یەکتر بناسین و ئەویش بێتە نێو دەستەی نووسەرانەوە، بەڵام بە هۆکاری نهێنی کاری و ڕێنوێنی پاراستنمان نەدەگونجا. بەرهەمەکانی ( ڕێباز)، لەکەلار و

کفری. وە هەر ئەو پەیوەندییەکی لەگەڵ گۆڤاری ( زەنگ ) بۆ دروستکردین. من وەک نوێنەرایەتی ئەڵقەکە هاوڕێ حەسەن وەک نوێنەری زەنگی پرۆلیتاریا بۆ ماوەی دوو سەعات بەیەکەوە لە هەولێر لە نزیک کۆلیژی ئاداب پیاسەمان کرد، نەگەیشتین بە خاڵی هاوبەشی نێوانمان و دەستمان لێکبەردا و ئەو گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

من بەهۆی پەیوەندییەکانم لەگەڵ عارف کوردە و بەرزان بابە شێخ و سەباح ئیسماعیل و ئازاد سوبحی لەلایەکی ترەوە کە هەموو ئەوانیش کەرکووکی بوون، کۆکەرەوەی بەرهەمی دەیان کەسایەتی و شاعیر و چیرۆکنووس بووین.

حەڵقەکە نزیک ببووەوە لە ڕێکخراوەیەکی گەورە، چاوەنواڕی گەورە، نووسەری بەتوانا، وە ژمارە لە نێو چەپدا. ڕەخنەمان لە چیرۆکێک گرت کە ئەڵقەی ئۆکتۆبەر بڵاویکردبۆوە، ڕەخنەمان لە کتێبێکی شیعری گرت کە ( ئاسۆ- بەکر ئەحمەد)، بڵاویکردبۆوە. ئەوان وەڵامیان داینەوە و گفتوگۆو دایەلۆگێکی تیۆری گرنگ ( بۆ ئەو کات)، شەپۆلێکی نوێی بەئاراستەی قوڵبوونەوە لە ماناکانی ئیستاتیکا و ئەدەبی چینایەتی و کۆمەڵگە هێنایە ناوەوە. لە نێو حەڵقەکەشدا ئەم کێشمەکێشانە ڕەنگی دەدایەوە. لەئاکامدا کێشەی لایەنگری و ڕاگەیاندنی فەرمی حەڵقەکە بۆ پشتیوانی لە خەباتی ( ڕەوتی کۆمۆنیست)، حەڵقەکەی لە توانا وهزرێکی گرنگی هونەری بێبەش کرد، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) دەستکێشانەوەی لە حەڵقەکە ڕاگەیاند. نەوزاد، ئەدەبی بە سروشتێکی دیموکراتی پێناسە دەکرد و ئەگەر مۆرکی چینایەتیشی هەبێت، ئەبێت لە نێو ئەو فەزا دیموکراتییەتەدا داهێنان بکرێت و پێویستە خۆی لە سیاسەت و بەتایبەت حزبایەتی بە دوور بگرێت.

پرۆژەی تایپ کردن و زیادکردنی ژمارەکان و پەیوەندی لەگەڵ گۆڤاری پێشەنگ و کانونی هونەر و ئەدەبی کرێکاری کوردستان ، دەورانێکی دی هەڵدانی حەڵقەکەمان بوو. شەڕی عێراق-ئێران، داگیرکاری عێراق بۆ کوەیت، ئەو هەوڵانەی لە نیوەدا وەستاند. بێتەوە بیرم دوو نامیلکەمان لەدژی جەنگ و هەوڵدانێکمان بوو بۆ پەیوەندی لەگەڵ ( کانوون).

ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکانی ئازاری ١٩٩١ کوردستانی عێراق، حەڵقەکەی خستە نێو لێکدابڕانێکی ناچارییەوە. مەشخەڵ برینداری و کاری نهێنی، من بۆ کاری مقەڕ و کاری ئاشکرا و پێشمەرگایەتی.

دەورەی دووەمی ڕابەر و دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەری نینا و- دواتر شەبەنگ

هەواڵی سووتانی مەشخەڵ، گڕی لەدەروونم بەردا و ئارامی لێبڕیم، ئەو دەمە لە کۆیە بووم لە کۆڕەوەکەی خەڵکی کوردستاندا، کۆتایی ئازاری ١٩٩١ دا، لەوێ نامەیەکم بە هاوڕێیانی شورای خەڵکیدا بۆ ناوەندی ( ڕەوت) لە سلێمانی نارد. دواتر مەشخەڵ بە برینداری خۆی گەیاندە دەوربەری ڕانیە، لەوێ یەکترمان بینیوە. گینگڵەی بروەدان بە

هەڵسوڕانی حەڵقەکە لە نێومدا ڕەگی داکوتاوە.

لە بنکەی « ڕەوتی کۆمۆنیست» لە شاری ڕانیە، وەک بەرپەچدانەوەیەکی کۆنگرەی ڕاپەرینی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لە شەقڵاوە، هەوڵێکی ترماندا بۆ کۆکردنەوەی ڕۆشنبیرانی دەرەوەی سونەتی ناسیۆنالیستی باڵادەستی کورد کە تازەگی هەموو بەلێنێکیان بە دەسەڵاتی خێڵەکی بەرەی کوردستانی دابوو. من و ڕزگار عومەر کۆڕێکی هاوبەشمان پێکەوە گرێدا.

خۆسازدانەوەی توێژی نووسەرانی کورد لە یەکێتیی نووسەران و بەستنی کۆنگرەی ڕاپەڕین لە شەقڵاوە، چەند خامەیەکی جوان نەبێت، دەنا هەمووان لە ژێر هەژموونی ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیستییەکی کوێرانەدا مڕیان لە پۆست و بەڕێوەبەرایەتییەکان خۆشکرد بوو. چنگی کێویی و نێرسالاری و تەماح لەگەردنیان ئالا. یەکێتیی نووسەران، بەرەی دەسەڵاتدارەتی هەڵبژارد.

لەو کۆڕەی کە لەبنکەی ڕەوتی کۆمۆنیست گرتمان، من بە وتارێکی هەندێک درێژ بەشداریم بوو (دونیای نوێ یان حەمامی خوێن)، لەوێدا بە کورتی پێداویستی نووسەرانی کرێکاری بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئیستاتیکا و دونیابینی هونەری کارگەری ئازادیخوازی سەرنجم دابوو. ئەوانەی لەوێدا بوون، دەستە بژێر بوون و داوەتکرابوون.

هەلومەرجی ژیانی سیاسی و خێزانیم، تادەهات کۆڵانی هەڵدان و هەڵسوڕانی ئەدەبیمانی تەنگتر دەکردەوە. بەڵام دەستبەردان بیرمان لێنەدەکردەوە. ژمارەی دوانزەی ڕابەر ، بە شێوەی چاپ و بەبەشداری دەستەی بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێ پەخش کردەوە. لەهاوڕێیانی نووسەرانی پێشوو، کاوە و عارف و من و ئاسۆ، بەشداریمان کرد و لە هاوڕێیانی کە پێمانەوە پەیوەست بوون. « بژار سەردار، نالە حەسەن و بەختیار محەمەد « بوون.

لەهەولێر زیاتر گیرساینەوە و بازنەی پەیوەندییەکانمان فراوانتر بوو، تیپی شانۆیی و مۆسیقاییمان پێوە پەیوەند بوون. لێکدانەوە و کاروچالاکییەکانمان پێویستی بە جۆرێکی تر لە بەڕێوەچوون هەبوو. پاش ماوەیەک کۆمەڵەی هونەی شەبەنگ-نینامان دامەزراند. کۆمەڵەکە لە دیزاینەر وێنەکێشی لێهاتوو، وەفیق زامدار، دەرهێنەری شانۆیی هەڵمەت تاهیر و ئەکتەری بەتوانا ئالا و کەریم بەدرەدین و بەختیار عەبدولا و سەنگەر عەزیز لەگەڵ دوو کەسایەتی ڕۆشنبیری شاری هەولێر ( ڕزگار عومەر و سەفین عەلی)، یش پێکەوە بووین بە سیمای ڕەنگاڵەیی شارێک کە هەر ئەوەتە و هەناسەی لەبەرمابوو. کۆمەڵەکە لەڕێگای بەیاننامەیەکی ئەدەبییەوە خۆی ڕاگەیاند. ئۆفیسی لە بازاڕی نیشتمان لە تەنیشت کۆمەڵەی کارگەرانی کوردستان کردەوە، پێنج ژمارە لەگۆڤاری ( نینا ) مان بڵاوکردەوە. چەندین شانۆمان لە مەراسیمەکاندا پێشکەش کردن.

**ئەو دەمانە مەشخەڵ لە یەکێتیی بێکاران هەڵدەسوڕا و لەبەر نهێنی کاری وپڕ کاری، خۆی بەدوور گرتبوو لە کۆمەڵەی هونەری نینا- شەبەنگ. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدیش خەریکی خوێندن و وانە وتنەوە بوو، حەوسەڵەی ئەو ڕادیکاڵییەتەی نەما بوو.**

**بەهاری ڕەونەقی ئەدەبی پرۆلیتاریی هاوشانی هۆشیاری و جەربەزەیی هەڵسوڕاوان و گەشەی سیاسی و فکری و ڕێکخراوەیی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی نوێ هەرچەند زۆر کورت بوو، بەڵام تێرو پڕ ڕەنگ و ئاڵ و خوێنگەرم و ناسک و شاریی و فەرهەنگی بوو. لە نێو جەرگەی گەمارۆیەکی ئابووری خنکێنەر، کۆمەڵێ چەکداری تازە دابەزیوو لە شاخەوە بێئەزموون لە بەرێوەبەرایەتی ئاڵۆزی شار و بازاڕ و پێداویستییە ماددی و ڕۆحییەکانی، دەستکرانەوەی باندە ئیسلامییەکان بۆ نێو جوگرافیای کوردستان و قانگدانی بە نەزانینی و چەک و مەترسی و ئازووقەی خێر و سەدەقەی بە دەستەکەی تر، بەڵێ لەو بیابانە بێئاوەدا، حەسرەت بۆ گەڕان بەدوای ژیاندا، مانا بە خشین بە جوانی و بەگۆرانی، یەکسانیکردنی دانیشتوان لە جێندەری و چینایەتییەوە. جێهێشتنی دوورگەی جیاوازییە نەتەوەییەکان و شەڕی مەزهەبەکان و ئیشکردن لە کێڵگەی هۆشیاری و ئازادی و پێکەوە ژیان و بەختەوەری پێگەیەکی هەبوو، بەڵێ ، ئەو بەهارە تا چۆک هاتبوو، قەڵبەزەی دەیان کانی، سەدان ماڵی ڕووناک دەکردەوە. لەهەولێر هاوڕێیانی ئێمە، لەسلێمانی دەیان گروپی بچووک، شانۆیی، کاریکارتیری، تابلۆیی، تیپی شانۆی نینا، گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاری، لە کفری، لە کەلار، هەڵەبجە، کەرکووک... نووسەران و هونەرمەندان کەوتینە بیری دامەزراندنی ناوەندێک، لەو ماوەیەدا لە دڵی پڕ ئومێدی قوتاربوون لە ڕادیکاڵییەتێکی سەروو چینایەتی بۆچوونەکانی خۆم لە نوسینێکدا بە ناوی( بە کراوەیی بەڵام بەرێکخراوەیی)، نووسیبوو. مەڵبەند پێکهات، دەستەی بەرێوەبەر هەڵبژێردرا، ناوی گۆڤار نرا. پێنج ژمارە ئەوەندەی ئاگاداربم لە ماوەی چوار ساڵدا بڵاوکرانەوە، لەیەکێک لەژمارەکانیدا نووسینێکم لە مەڕ ئایندەی مەڵبەند و ڕووبەڕووبوونەوەکانی نووسی. مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریی، تەمەنی کورت بوو. کێشەیەکی سەرەکی لە مەڵبەندا. داگیرکردنی مەڵبەند بوو لەلایەن چەند کەسێکەوە کە دونیایان لە شەڕە قۆچی نێو خۆیانەوە دەبینی. لەوەش بگەڕێین کە ڕوئیایی جوانیناسی تیوری مارکسیستی ئەدەب، جێگای شایستەی وەرنەگرت. بەهار زوو کۆتایی هات. جار جار ڕێژنە بارانی پایزە گوڵاڵە بەژن بەرزە سوورەکانی دەڕواندەوە. ئیدی کانوونی ئەدەبی کرێکاری و گۆڤاری « هانا» چراو چاو و هەنگاوەکانی نەوەستا بەتەنها زمانی کلتووری ئەم فەرهەنگەی درێژە پێدا.**

**کز بووە، نەکوژاوەتەوە، بێدەنگ بووە، بەڵام نەمردووە.**

**دەوران هەبووە، بەهار و ئومێد و شادی گیانی سەدان ڕۆشنبیری تێکەڵ بە ئاریشەی خەباتی هەناسە وشە و سروود کردووە. ئایدیا و باوەڕ بەخۆبوون و بەهەقیقەتی**

**کێشەیەک، داستانی هونەری بەرزی خوڵقاندووە.**

**لەماوەی چل ساڵی ڕابردووی ئەدەب وهونەری کرێکاریی لە کوردستاندا، بە هەموو شێوازێک گوزارشتی جۆراوجۆری لە خۆی کردووە. لە هونەری شێوەکاری ( سمکۆ ئەحمەد و جاسم ئارت و..)، لە ( کاریکارتێریست ، ڕێناس عارف و بەکر ڕەحمان و سەردار عەبدوڵا..)، لە شانۆ ( ڕزگار حەمەڕەشید و عومەر محەمەد ..) لە شیعر ( عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) و سلێمانی قاسمیانی( کاکە) و بەکر ئەحمەد(ئاسۆ) و موسلح شێخولئیسلامی ( ڕێبوار) و جەلال شکۆ (بژار) و عارف کوردە و بەندی عەلی و ،..) لە سروود( نەجمەی غولامی و کاڵێ و نەجم محەمەد و ..) لە لێکۆڵینەوەو ڕەخنەکانی ( پێشڕەو محەمەد و عومەر خەتات و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و سلێمانی قاسمیانی (کاکە) و موسلیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار) و ..) لە هونەری پەیکەرسازی (کاوان قادر) و تاد کە بە دڵنیاییی من ئاگاداری هەمووان نیم. بەڵام مێژووی نوێی کوردستان، مۆرکی چینایەتی تیوری ئەدەبی و دادی بردۆتە دەرەوە و ڕای گشتی. ئەم ڕووبەڕووبوونەوە کلتووری و فەرهەنگییە لە ئەدەبی کوردیدا( دیالەکتیکی سۆرانی – من ئاگاداری هەم)، پێویستی بە هێزی نوێ، نەوەی نوێ، دیدگای نوێ هەیە بۆ ئەوەی لە نێو هەژمونی دەزگا گەورەکانی میدیای بۆرژوازیدا نەخنکێ. تەکنەلۆژیایی نوێ بواری بۆ جەماوەری خوارەوە کردۆتەوە کە بتوانێت شوناس و کاراکتەری خۆی هۆشیارانە بە شێوەیەکی هونەری بهێنێتە زمان.**

**بانیژە – هەوڵێکی سەرەتایی جوانە بە دەستپێشخەری ڕەنگ و دەنگ و تیشک وهارمۆنییەتی پێکهاتەیەک کە ئایندەمان بە ڕەگەیەکی مێژووییەوە گرێدەدا و پێکەوە باوەش بۆ ژیان و شۆڕش و جوانی و ئازادی دەکەینەوە.**

# پەیوەندی نێوان

# ئەدەب و سیاسەت، نووسەر و حیزب

**نووسینی: جەماڵ کۆشش( * )**

**کۆتایی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢**

**هاوڕێ سالار ڕەشید کاتی خۆی ئەو پرسیارانەی لەمەڕ « حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» ئاراستەی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) ی کردبوو، لە منیشی کردبوو کە بە داخەوە بەهۆکاری تەکنیکی نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە(١). نییەتی هاوڕێ سالار لە پرسیاری پەیوەندی « ڕەوتی کۆمۆنیست» و « حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» لە وەڵامی ئەواندا بەکەمی هاتووە. بە زمانێکی دی سالار لەلای خۆی وای داناوە کە « ڕەوتی کۆمۆنیست» ئەم حەلقەیەی دروستکردووە و کردوویە بە پاشکۆی خۆی و لەژێر ناوی کاری ئەدەبیدا، سیاسەت و حزبایەتی پێدەسپێرێ. کاتی خۆیشی ڕەخنەی توندی گرت لەوەی حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست پشتیوانی هێڵی « ڕەوتی کۆمۆنیستی « هەڵبژارد. بە شوێن ئەوەدا نەوزاد ئەحمەد(هۆشەنگ) لە حەڵقەکە دوورکەوتەوە و پەیوەندی نەک بەحزبایەتی بەڵکە بە ئەدەبی کۆمۆنیستییەوە تا ئێستا پچڕاندووە.**

**بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سەدان موزیکژەن و شاعیر و دەرهێنەر و نیگارکێش، لەهەمانکاتدا خەباتکارە گیانبازە حیزبی و بزووتنەوەکانیان بوونە. سەدان نموونەمان لە نێو ئەدەبی کوردیشدا هەیە. لەو دەمەدا ئێمە درێژەدەری هەمان نەریت نەبووین.**

**ئێمە بە جۆرێک دەمانویست « ڕەهەند» بین لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی دا. دەمانویست پابەندی بزوتنەوەیەکی چینایەتی بین، ئاسۆی خەباتێکی ڕاستەوخۆی سۆشیالیستی دوورنمای ئیستاتیکیمان بێت. پراتیکی سیاسی خێزانە کرێکارییەکانی دەوروبەرمان لە ئەدەب و هۆنراوە و پەخشانەکانماندا بەرجەستە بکەینەوە. گۆڤاری « ڕابەر» ڕەخنەی لە دیوانێکی شیعری ئاسۆ، لە کورتە چیرۆکێکی ئەڵقەی ئۆکتۆبەر، لە ڕۆمانی شاری حسێن عارف، لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس گرت، وەرگێڕانی چەندین وتاری لینین لەسەر تۆلستۆی و شیعری برێخت و چەند چیرۆکێکی ئەنجام دا و دەیان پەخشان و هۆنراوەی بڵاوکردەوە. ئێمە خەریکی کاری « کلتووری» بووین. خەریکی « ڕۆشنبیری سۆشیالیستیی بووین»، هەر لەو پەیوەندەدا، تیوریەکەی ڕۆشنبیری ئەناتول لۆناشارسکیمان بۆ دەوڵەتی سۆسیالیستی دەخوێندەوە. کورتکراوەی نووسینەکانی مارکس- ئەنگلسمان لە مەڕ ئیستاتیاکا و تەواوی بەرهەمە یەکجار نایابەکانی پلیخانۆفمان ڕاڤە دەکرد. وە ئایدیۆلۆژی ئەڵمانیمان دەخوێندەوە و پۆلەمیکمان لەبارەیەوە دەکرد**

« گرنگترین دیدی مارکسی لەمەڕ کلتوور و ئایدیۆلۆژیا». لە ڕاستیدا ئێمە لەدڵی شەڕە کلتورییەکەدا بووین. ئێمە کۆمەڵەیەکی ئەدەبی» کۆمۆنیستی» لە جەنگێکی فەرهەنگیدا بووین. ڕاوەستانەوە و بەگژداچوونەوە بەڕووی هەژموونی ئەدەب و کلتووری ئەو دەم، شوناسی ئێمە بوو. هێنانەزمانی ئەدەبی کۆمۆنیستی لە ئەدەبی کوردیدا کە لەڕێگای تێکشکاندنی ناشرینییە ناسیۆنالیستییەکانی و هەڵگرتنی شوێنپێی ڕێتواڵە شۆڕشگێرییەکانی و گواستنەوەی بۆ نێو هارمۆنییەتی فەرهەنگی نێونەتەوەیی، ئامانجی ئێمە بوو.

پەیوەندی ئێمە « حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» بە ڕێکخراوی « ڕەوتی کۆمۆنیست» ەوە بەتەواوی ناچارییەکی بابەتی بوو. ئێمە بە ئەرکی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و مۆراڵی ئینجا « سیاسی» خۆمان زانی کە پشتیوانی هێڵی سیاسی نەک « ڕێکخراوەیی» جارێ تر نەک : ڕێکخراوەیی، هێڵی سیاسی- ئەو دەم کە بۆ کۆمەڵگەمان ڕاگەیاند. ئەم هەڵوێستە بۆ ئەو دەم تەنها لایەنی « تاکتیک نادروستی» نەبوو، بەڵکە دانپانیانێکی یەکجار مەترسیداریش بوو.

داوا دەکەم لە خوێنەرانم لەگەڵم بمێننەوە و با ئەم کێشەیە لە گۆشەی جیاوازەوە سەرنج بدەین، کە بایەخی یەکجار گرنگی بۆ داهاتوومان هەیە و گرێیەکە شایانی شلکردنەوەیە.

یەک: هەموو ئەو دەزگا و دامەزراوە ئەدەبی و شانۆیی و کلتوورییانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە، جارێ لە « دەربار و بندیوار و درۆ و زمانپیسی» حزبییەکانی بگەڕێ، وا دەنوێنن کە سەربەخۆن و بەشێکن لە کلتووری کوردی و چالاکی فەرهەنگی گشتی ئەنجامدەدەن؟ ئایا دەزگای سەردەم، بنکەی روناکبیری گەلاوێژ، دەزگای ئاراس، گۆڤاری ڕامان، بنکەی ژیار، تیپە شانۆییەکان، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلم، ئەدەب و کلتووری کوردی گەشە پێدەدەن؟ بەڕاست ناوەڕۆکی ئەم تێڕوانینە دروستە؟ بۆ نووسینی ئەم بابەتە گەڕامەوە نێو کتێبخانەکەم و دەستم بۆ سەروتاری چەند گۆڤارێک برد کە لێرەدا چەند دانەیەکیان وەک نموونە دەهێنمەوە.» بوارێک نامێنێتەوە بۆ باوەڕهێنان بەوانەی کە بەناوی کوردو شۆڕشگێڕێتی و ئازادییەوە دەیانەوێت شورایەک بەدەوری حوجرە تاریکەکانی خۆیاندا بکێشن.(٢) ،(..لێرەدا زۆر گرنگە ئەو سۆزە نەتەوەییە ڕاچەنیوە لە ناو سەرمایەی هیچ حزبێکدا دیل نەکرێت.)(٣) و « ئەوەش نووسراوە وەک تێبینی کە ئەم ژمارەیە — بەختیار عەلی و ئاراس فەتاح- لێپراسراویەتیان هەڵگرتووە». دیارە ڕۆڵی کوردستان و ئێمەی کورد لە دارشتنی ڕووخساری داهاتووی عێراقدا دەکرێت جەوهەری بێت، (٤). گومانی تیا نییە کە کوردستان مەڵبەندی یەکەم هەوڵی دیموکراسی جیدییە لە عێراقدا.(٥) ئەمڕۆ دارشتنی بەرنامەی ڕیفۆرمێکی ڕادیکاڵی دیموکراسییانە لە کوردستان لەهەر کات پێویستترە).(٦) ئایا لەو سەروتارانەدا، لە ڕوانگەی نووسەرانی گۆڤاری ڕەهەندەوە- کێشەی کورد، نوێگەری و دیموکراسی دەرنەبڕدراون. هەموو خوێنەرێک درکی بە هێڵی فکریی-سیاسیی گۆڤار کردووە. ناسیۆنالیستێکی لیبراڵ کە نووسینەکانیان پڕ پڕە لە دژایەتی مارکسیزم و هاوخەباتی چینایەتی. ئەوان بەشێکی گرنگ بوون لە پێگەیاندنی پرۆژەکەی نەوشیروان موستەفا. «(٧) هەروەها ئەگەر خەسڵەتێکی ئەم

**گەمەیە ئەوە بێت کەهەر جارەی چەمێکیک تەوەرەی فکری تێفکرینی ئێمە داگیر بکات، جارێک بەناوی ( ململانێی چینایەتی )، و جارێک بەناوی (بونیاد) و جارێک بەناوی (جیهانگیری). بۆیە ئێمە لەو بڕوایەداین ڕۆشنبیری کوردی بۆ ئەوەی خۆی بدۆزێتەوە ئەبێت لەسێ تەوەرەی سەرەکی کاری فکری و گرنگ بەئەنجام بگەیەنێت و ستراتیژی خۆی دابمەزرێنێت. یەکەمیان ( کوردناسی) یە و دووەمیان (داگیرکەرناسی) یەو سێیەمیشیان( جیهاناسی) یە. سەروتار بەناوی دەستەی نووسەرانەوە نووسراوە». ئەم برادەرانەش لە ئەرکە ڕۆشنبیرییەکەیاندا، سەردەمی تێپەڕاندنی چەمکی « ململانێی چینایەتی» یەو ئەو تەنها گەمەیەکی فریودەرانە بووە. ئەرکی ستراتیژی « کوردناسی» یە.**

**گۆڤارێکی تر «نما»، کەبەشێکی زۆری لاپەڕەکانی بۆ « ئەدەب» و ‹ نووسەرە « نێودارەکانی کوردی دادەنێت، سەروتارەکانی پڕپڕن لە سیاسەتی کوردایەتی دواکەوتوو، بە زمانێکی کۆنەپەرستانە و ئاراستەکراوی حزبی و سەربازییانە دەنووسێت. « هیچ میللەتێک بەقەد کورد لە ناوچەکە و جیهان ئازا و جوامێر و مەرد نییە، بەڵام پێویستە مەردایەتییەکەی لە پێناو ژیان و ئایندەی خۆیدا بێت ئەوجا دونیا.(٨) « لە کۆتاییدا دەنووسێت» گەلێک کەلەم دەرفەتە مێژووییەدا ئازادی خۆی نەوێت، ئەبێ گومان لەنەتەوەییبوون و نیشتمانیبوونی خۆی بکات. «(٩) ئەم سەروتارە نێوی کلاورۆژنەیە تایتڵە سەرەکییەکەی و ژێر تایتلەکەی – ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی- یە و بە ئیمزای ئیسماعیل کوردە ، خاوەن ئیمتیاز نووسراوە.**

**با هێندە بەس بێت، ئەوەی من دەمەوێت لەم نموونانە نیشانی بدەم، ئەوەیە کە ئەم دەزگا و گۆڤار و نووسەرانە، بەشێکن لە کێشمەکێشێکی کۆمەلایەتی لە بواری فەرهەنگدا و مەبەستدارییەکەیان لە سەروتاردا چڕ دەکەنەوە. ئێمە لەسەر وتارەکانی گۆڤاری « ڕابەر» دا تێڕوانینیەکانی خۆمان دەربارەی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئەو دەم دەردەبڕی. ئەم سەرنجانە تا ڕادەی شێتگیریی لەلایەن چەپی ئەو دەمەوە ڕەخنە دەکرا. بەدڵنیاییەوە ئەو سەروتارانە ئێستا بنووسران، جۆرێکی تر دەبوون. پێویستە لە نێو ئەو ژینگە سیاسی و کلتورییەدا بە کاراکتەرەکانەوە پەیوەند بکرێت. نێومان « حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» بوو. شوناس و دید و نووسینەکانمان جێگایەک بۆ سەربەخۆیی سیاسی و چینایەتیمان ناهێڵیتەوە. ڕەخنەی چەپ تەنها کاتێک بەرز بووەوە کە لایەنگرییمان بۆ سیاسەتەکانی ڕێکخراوەی « ڕەوتی کۆمۆنیست» دەربڕی.**

**دوو: مافە سیاسییەکان بنەڕەتیترین مافی هاوڵاتیانە، مافێکی بنچینەییە. بێبەهاکردن و لەپێشچاو خستنی ئەم مافە بۆ نووسەران، یەکێک لە هەوڵە سەرەتاییەکانی ڕەوتی نێولیبرالیزم لە ئەدەبدا بوو. « ئەدیب» مافی خۆیەتی کە « ئەندام» بوونی خۆی، لایەنگری لە سیاسەتی، یان کەمپینی، یان چالاکی سیاسی بەئاشکرا دەرببڕێت. کێشەیەک هەبێت لەنێو خودی حزبدایە و لەوێ بۆی بگەڕێین. حزبێک کە دەیەوێت لەڕێگای نووسەرانەوە کۆمەڵگە پابەندی ئایدیۆلۆژی خۆی بکات. حزبی ناسیۆنالیستی کوردی، حزبی کوشتنی خەون و خەیاڵ و ئازادی و فڕین و هۆشیارییە. دەنا بۆ ئەدیب حزب تێگەیشتنێکی قووڵترە لە خەون و ماناکانی ئازادی. حزبێک کە خۆی هەڵقولاویی نێو خەون و ئارەزوو، جوانییەکانی و ئینسانییەت و کۆششەکانی خوارەوەی**

کۆمەڵگە بیت، بڕیار و سیاسەت و ئامانجەکانی لە نێو گەڕەکە هەژار و ژنانی کارگە و خوێندکارانی بەشی هونەرە جوانەکان، کۆلیژی زانست و ئەدەب بێت، حزبێک کە لە پەیمانگاکانی تەکنەلۆژیا و پەرستاری و لە کرێکارانی مەیدان و چنین و نەوتدا شانە و ڕێکخراوەکانی شەوق و کێشمەکێشی سەرمایە بکەن، حزبێک لە نێو سەندیکای کرێنشینان و خاوەنپێداویستی تایبەت و یەکێتیی جوتیاران و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی دژی جینۆساید و پەنابەراندا بێت، بۆ سنووری پیرۆزی خەیاڵ و فەنتازیا بۆی تابۆ بێت؟ حزبی کۆمۆنیستی، حزبێکی ئایدیۆلۆژی بەمانای تێگەیشتنی نیولیبرالیزم نییە. حزبێکە توانایی ئینسان، خوڵقاندنی ئینسانی نوێ، دیموکراتی ڕاستەوخۆی خوارەوە، کۆبوونەوە گشتییەکان، هەستیارترین بابەتەکان، دابینکردنی ئەوپەڕی ئازادی،» بەمانا ڤۆڵتێرییەکەی»، گومان و پرس و پرسیارەکان، لەگەڵ خوڵق و خوڵقاندن ئاوێزان دەکات. خۆشەویستی وڕۆمانسیەت و خەون و فەنتازییایی لاوان لە ئاموزشگا و دەورەی فێرکردندا دەنەخشێنێ. حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، حەڵقەیەک بوو(مەشخەڵ) کە سەربازی هەڵاتوو بوو، هاوسەرەکەی لە کارگەی چنین کاری دەکرد و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە کرێکارانی نارازیی و سۆشیالیستەوە هەبوو، « هۆشەنگ» خوێندکاری زانکۆ و خێزانێکی هونەری و برایەکی شاعیر و خوشکێکی هونەرمەندی شێوەکاری هەبوو، « جەماڵ» پێشتر پێشمەرگەی حزبی کۆمۆنیست و باوکی کرێکاری هێڵی شەمەندەفەر و برایەکی ڕاگوێزراو بوو، پەیوەندی فراوانی بە لاوە پەرانگاز و سەرکێشەکانەوە هەبوو. هاوڕێیە کی یەکجار خۆشەویستم « شۆڕش عەبدوڵا» بەهۆکاری سیاسی زیندان بوو، کە ئازادکرا، لە سەربازی( کە هێندە ئازاردرا بوو نەدەکرا سەربازیش بکات)، تۆپێک لەشەڕی عێراق-ئێراندا هەپروون بەهەپرونی کرد،هەرگیز سیمادرەخشان و دەنگە بەئاوازەکەی لە بیر ناکەم کە لاسایی حەمەی کەمالی دەکردەوە لە بەرنامەی دەرسەکانی مارکسیزمدا» کرێکاران لەم شۆڕشەدا ، هیچ لەدەست نادەن جگە لە زنجیرەکانیان». ئێمە لەو ژینگە سیاسییە حەماسییە دەژیایین. پەرگیریی و دوور کەوتنەوە لە سیاسەت، قووت نەدەچوو. ئەمەوێت ئەوە بنووسم، کە ڕەخنە دەگیرێت لە نووسەر بۆ کاری حزبی دەکات؟ پێویستە پرسەکە بچێتە سەر خودی حزب و ئایدیۆلۆژی حزب، بۆ سیاسەت ئەو ماشێنە ملیتاریستییە دروستبکات کە ئەندامانی مەکتەب سیاسی و سەرۆکی حزب هەژموونی بەسەر ئایدیا و دونیابینی ئەندامان و کۆمەڵگەوە بکەن. بەکورتی ئەوەیە حزب دەبێت بترسێت لە ئەندامەتی نووسەران. سەرکێشییەکانی و ڕەخنەکانی نووسەران لە حزب، پرشنگدارن. نووسەران سۆنەری حزبێکی دوو گیانن.

سێ: با جوانترین نموونەی نووسەران و هونەرمەندانی کۆمۆنیست و ئانارشیت چاو بدەینێ، لەگەرمەی جەنگێکی چینایەتیدا. دویچە فیلت لە مانگی یانزەی ٢٠١٨ لە یادی سەد ساڵەی شۆڕشدا وتارێک بەناوی ( شۆڕشی نووسەران) دەنووسێت» شاعیرەکان بۆ ماوەیەکی کورت دەسەڵاتیان لە ئەڵمانیا گرتە دەست، توانیان پاشایەتی لە بایرن بڕوخێنن و بانگەوازی دامەزراندنی شورای کۆماری میونخن ڕابگەیەنن» . کتێبی « خەونبینەکان، کاتێک شاعیرەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست»، دەربارەی کۆماری شوراکانی مینوخنە، لە نووسینی ڤۆلکەر فیدەرمان، ژورنالیستی گۆڤاری هەفتەنامەی « دێر شپیگل». ( هەموویان لەوێ بوون: ئیرنست تۆلەر، تۆماس مان، ئیرک میوسام،

ڕاینەر ماریا ڕیلکە، گوستاف لەندئاوەر، کلاوس مان. ئەو دەمانە هەموو خەونێک گرێمانەی جێبەجێکردنی هەبوو، لە کۆماری شورای میونخندا، ماوەیەکی کورتی مێژوویی نۆڤەمبەر١٩١٨ بۆ ئەپریلی ١٩١٩ کە خەڵتانی خوێن دەکرێت.

( دەرفەتێکی دانسقە لە مێژوویی ئەڵمانیادا پەیدا دەبێت: شاعیرەکان، نووسەرەکان، ڕۆژنامەنووسەکان، دراما نووسەکان دەسەڵات دەگرنە دەست، ئەو شۆڕشەی کە کۆمارەکەی لە میونخن دامەزراند و کاریگەری بەسەر گشت ئەڵمانیاوە جێهێشت، ئەوان دەسەڵاتی شوراکان-دیموکراتی ڕاستەوخۆ- و یەکسانی کۆمەڵایەتیان ئامانج بوو. سیستەمی کۆنی پادشایەتی لۆدڤێگی سێ دادەگرن و دەرگا بەدەرگای کۆشک دەکەنەوە و شورای کرێکاران و سەربازان دادەمەزرێنن و کۆماری ئازادی بایرنیان دامەزراند، «کورت ئیسنەر» وەک یەکەم سەرۆک وەزیران هەڵبژێردرا. ئەو نووسەر ، ڕۆژنامەنووس، سیاسی بوو، ئەندامی کارای ئالتەرناتیفیسۆسیال دیموکراتە سەربەخۆکان بوو. لە١٩١٩/٢/٢١ لەلایەن باندە دژە شۆڕشەکانەوە تیرۆر دەکرێت).(١٠)

نموونەیەکی نوێتر و نزیکتر ڕۆڵی نووسەران و شاعیران لە شۆڕشی ١٩٧٩ ئێراندا. پایزی ١٩٧٨ کانونی نووسەرانی ئێران لە گەڵ پەیمانگەی گۆتە دە شەوی شیعرییان ڕێکخست لە باخچەی سەفارەتی ئەڵمانیا لە تاران، نزیکەی ٦٠ لە باشترین شاعیر و هونەرمەندان بەشدارییان تیابوو. لەماوەی ئەو شەوانەدا هەزاران کەس گوێدەگرت لە شیعر و لە وتار لەمەڕ ئازادی و داهێنان و ڕۆڵی هونەر و کۆمەڵگە. زۆربەی شەوەکان دوای و دەبووە خۆپیشاندان و بەشەقامەکانی تاراندا بڵاوەبوونەوە. ئەوە بوو لەیەکێک لە شەوەکاندا، کەنزیکەی دە هەزار کەس لەسەرانسەری ئێرانەوە هاتبوون، بوو بە خۆپیشاندانی و شەڕی دەستەو یەخە لەگەڵ دەسەڵاتی کۆنەپەرستی شاهانە و خوێندکارێک کوژرا و سەدان کەس گیران و بوو بە سەرەتای هەڵسانی جەماوەری فراوان.

ئەو دوو دەورە مێژووییە، شیاوی بیرلێکردنەوەنین لەمڕۆدا و تەنانەت بە جۆرێک شێتانە و بۆ هەندێک جاڕسکەر و هەندێک فرۆشتنی هەڵوێستە و لەمۆدیلی ڕۆژنامەگەریدا « بەئایدیۆلۆژی» نێو دەبرێت. بەڵام ئەوە ترادیسیۆنی ئەرسەدۆکسی ئێمەیە. حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، جۆرێک دەیویست ئەم نەریتە لەخۆیدا بەرجەستە بکاتەوە و بە جددی تێوەی ئاڵا بووین.

جیاکردنەوەی ڕۆڵی نووسەر لە ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتیدا، سەربەخۆکردنی نووسەر لە هەڵوێستگیرییەکانی، دەرکردنی نەریتە واقعییەکان و ڕەگەزە هیوابەخشەکانی نێو ئەدەبی کوردی و هێشتنەوە و تۆخکردنەوەی لایەنە ناسیۆنالیستییەکانی، شێواندنی شوناسی چینایەتی و خۆدوورگرتن لە چەمک و دەستەواژە مارکسیستی و ماددییەکان، پێگەی فەرمی بەخشییە زۆرێک لە ئەدەب و هونەر و کلتووری دوای ڕاپەڕین و بەمەش بۆژوازی کوردی زمانی کەوتە گەڕان و توانایی لۆجیستی و کۆمینیوکەیشنی بەکارهێنا

**بۆ وەرگرتنی شوناسێکی کلتووری نەتەوەیی و دامەزراندنی پەیکەرەی خۆی.**

**ئیرادێکی گەورەی هەیە چینی باڵا دەست بۆ خولقاندنی داستانی خۆی. نووسەری گەورە، خەمی گەورە و کێشەی گەورەی هەیە. بەداخەوە ئازاد نەکردنی ئیحساسی ئینسانی و دابڕان لە ئازاری گەورەی چەوساوەکان، سەرچاوەی ئیلهامی دەقی نەمر وشک پێدەکات. بۆرژوازی کوردی، نەک خەونی گەورە، بەڵکە تاوانباری لەباربردنی خەونە نەمر و گەورەکانە. سۆراخکردنی داهێنان لە نێو کلتووری ئەمڕۆی کوردیدا، نزیک لە مەحاڵە. بەڵێ تاڵییەکی کوشندەی تر هەیە، مارکسیستەکانی کوردستان، ڕۆشنبیر و شاعیر و هونەرمەندانی کۆمۆنیست، تاکوتەرا نەبێت، لە ڕۆشنبیری گشتیدا، لە داهێنانی تایبەتدا، بێشوناس و کاراکتەرن. مێژوو ئیدی بارە بەسەر ئێستامانەوە.**

**پەراوێزەکان:**

**(١)بڕوانە کتێبی مێژوویەک لە یادەوەری دیدار سەبارەت بە مێژووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا ئیدیتۆری سالار ڕەشید چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠١٥ لاپەڕەکانی ٢٣٧ تا ٢٦٥.**

**(٢)گۆڤاری ڕەهەند تیۆر کلتوور ڕاڤەکردن نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی ژمارە ٧ ١٩٩٩ لاپەڕە ٥.**

**(٣)گۆڤاری ڕهەند تیۆر کلتوور ڕاڤەکردن نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی ژمارە ٧ لاپەڕە ٩**

**(٤)گۆڤاری ڕەهەند ڕهەند تیۆر کلتوور ڕاڤەکردن نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی ژمارە ١٤-١٥ ، ٢٠٠٣ لاپەڕە ٤**

**(٥)و(٦)گۆڤاری ڕەهەند ڕهەند تیۆر کلتوور ڕاڤەکردن نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی ژمارە ١٤-١٥ ، ٢٠٠٣ لاپەڕە**

**(٧)گۆڤاری وتار گۆڤارێکی فکری سەربەخۆیە نووسەران: سەروەر ئەحمەد، ڕامیار مەحمود، شوان ئەحمەد دەریدەکەن ژمارە ٧ و ٨ ساڵی ١٩٩٩ لاپەڕە ٤.**

**(٨)گۆڤاری نما ئازادی لێکۆڵینەوە عەقلانییەت گۆڤارێکی فیکریی و ئەدەبیی وەرزییە ناوەندی نما دەریدەکات ژمارە ٤٤ لاپەڕە ٣.**

**(٩)گۆڤاری نما ئازادی لێکۆڵینەوە عەقلانییەت گۆڤارێکی فیکریی و ئەدەبیی وەرزییە ناوەندی نما دەریدەکات ژمارە ٤٤ لاپەڕە ٤.**

**(١٠)بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شۆڕشی میونخ بڕوانە کتێبی خەونبین شۆڕش لە مینخ ١٩١٩ نووسینی ڤۆڵکەر ویدەرمان بەزمانی ئەڵمانی ٢٠١٨**

https://l.facebook.com/l.php?u=https%3A%2F%2Fwww.kiwi-verlag.de%2F-

buch%2Fvolker-weidermann-traeumer-als-die-dichter-die-macht-ueber-nahmen-9783462047141%3Ffbclid%3DIwAR1gfByJ8vnSHl0dG8g3bc5zdzrMMLm8Gx-s8f4Bbse_tSj86-meWgfWBwCE&h=AT1mNZtYKgSmM4iV9FbIhJm4nh6LXd0x-po8CZ7szz2Oy05GBl-oLQFMB16X7EG4mzcVrRGvbqKTTWDjE7KhL3-LAFqNpduxi1z-cl5FBghiAZYiW7ZzfmJ7Zz6qzJI_cbOHJ5_B8-jXmTgxR4RDux

**(*) جەماڵ کۆشش لەگوندی زەردک، شارەدێی ئالتون کۆپری، شاری کەرکووک لە سەرەتای ١٩٦٤ لە دایکبووە. سەرەتایی لە لادێ و ناوەندی لە پردێ و دواناوەندی لە کەرکووک تەواوکردووە. لەکۆلیژی پزیشکی بەهۆی نەچوونی بۆ سەربازی ئیجباری فەسڵکراوە. لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و دواتر ١٩٨٤-١٩٨٥ پەیوەندی کردووە بە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێرانەوە. لە شەڕێکدا بە خەستی بریندار دەبێت. دەگەڕێتەوە نێو شار و لەکۆلیژی پزیشکی وەردەگیرێتەوە و پەیوەندی دەکات بە رێکخستنەکانی ڕێکخراوەی (ڕەوتی کۆمۆنیست) ەوە. لەهەڵسانی جەماوەری ١٩٩١ کوردستاندا و پاش بڕیاری کاری ئاشکرایی ڕێکخراوەی ڕەوت ، یەکێک لە بەرپرسەکانی ڕێکخراوەی ڕەوت دەبێت لە شاری هەولێر و ڕانیە.**

**لەدامەزراێنەرانی حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست .**

**لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی هونەری شەبەنگ نینا و مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکارییە.**

**بەرپرسیارەتی جۆراوجۆری لە کۆمیتەی سویسرای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی وەرگرتووە.**

**ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕابەر، بەرپرسی لاپەڕەی ئەدەبی ڕۆژنامەی « بۆ پێشەوە» ی ڕەوتی کۆمۆنیست و سەرنووسەری بڵاوکراوەی ڕوانین و دەستەی نووسەرانی « سکۆلار» و سەرنووسەری بڵاوکراوەی فیدراسیۆنی پەنابەران بووە.**

**نووسینەکانی لە بەشێکی زۆر لەرۆژنامەکانی وەک: ئەمڕۆ، ڕێگای کوردستان، هاوڵاتی، بۆپێشەوە، لە ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکانی وەک دەنگەکان، هاوپشتی، ئەمڕۆ، ئاوێنە، بڵاودەکاتەوە.**

**ئێستاش دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەی ڕەوت و ئەندامی ڕێکخراوەی بەدیلی کۆمۆنیستییە لە عێراق.**

# عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)

## چۆن حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست پێکهات؟

## بیرەوەری و هەڵسەنگاندن



**نووسینی : عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)**

## زەمینەی لەدایکبوون

**دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەیەی جەنگ و ماڵوێرانییەکی بێئەندازە بوو بۆ خەڵکی عێراق . جەنگی عێراق و ئێران تا دەهات گڕ و هاڵاوی خەڵکی دەسووتاند و پریشکی هەموو جێیەکی دەگرتەوە. حیزبی بەعسی سەرکوتگەر و دژە ئینسانیی،**

**فەزایەکی ترس و خەفەقانی سەپاندبوو بەسەر کۆمەڵگە و ژیان، بەجۆرێک بچووکترین دەنگی نارازی بە وەحشیترین شێوە سەرکوت دەکرا و کپ دەکرایەوە. دۆخی ئابووری وڵات و ژێرخانی ئابووری لە دارمان بوو. عێراق بەهۆی ئەو جەنگەوە تووشی قەرزارییەکی زۆر بووبوو. سەعاتکاری کارگەکان ببووە دوانزە سەعات. هەقدەست کەم و هەلومەرجی کار تابڵێی خراپ. ڕژێمی بەعس کۆنترۆڵی تەواوەتی ئەدەب و هونەری کردبوو و دەزگاکانی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن و تەنانەت ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش خرابوونە خزمەت جەنگ و سیاسەتە دژە ئینسانییەکانی ڕژێمی بەعس. ئەوەی لەو دەیەیە پێیدەوترا ئەدەبی جەنگ ، جگە لە ئەدەبی ستایشی دەسەڵاتی سەدام و سیاسەتەکانی هیچیتر نەبوو. حیزبە کوردییە یاخییەکانیش جگە لە چەند چالاکییەکی زۆر کەم ئەویش بە دەرکردنی چەند گۆڤارێک وەکوو نووسەری کوردستان و چەند نامیلکەیەک هیچ چالاکییەکی تریان نەبوو. بە کورتییەکەی هیچ نەفەسکێشێکی ئەدەبی و هونەری نەبوو بۆ خەڵکی نارازی تا گوزارشت لە خۆیان بکەن و لە خەونەکانیان بکەن. لەهەلومەرجێکی ئاوادا بوو کە بیر لە دروستبوونی ئەلتەرناتیڤێک، بەڵام ئەلتەرناتیڤێکی ڕادیکاڵ و کۆمۆنیست کرایەوە. من لەنێوان ساڵانی ١٩٨٥ - ١٩٨٧ بەچڕی خەریکی خوێندنەوەی ئەدەبیات بە گشتی و ئەدەبیاتی کرێکاریی بەتایبەتی بووم. بێجگە لە کتێبەکانی مارکس و ئەنجلس و لینین و نووسینەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و نووسراوەکانی بزووتنەوەی چەپی نوێ بووم، لە هەمان کاتیشدا خەریکی کلتووری سۆشیالیستی و ئەدەبی سۆڤیەتیش بووم. خوێندنەوەی مایکۆڤسکی و گۆرکی و سابت ڕەحمان و ئەمیل زۆلا و جاک لەندەن و بلیخانۆڤ و برێشت و گەڕانەوە و دووبارە خوێندنەوەی ئەو بەرهەمە کوردییانەی لەسەر ژیان و خەباتی چینی کرێکار دەدوان. ئەمەجگە لە دیوانەکانی عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی و شیعرەکانی مەهدی عامل و کتێبەکانی جۆرج لوکاش و نووسینەکانی حەنا مینە و کتێبەشیعرییەکانی موسلیح شێخولئیسلامی ڕێبوار و ..تاد. بۆیە شیعرەکانی دوای ساڵی ١٩٨٧م پرۆڤەیەک بوون لەسەر نووسینی شیعری کرێکاریی. وەختێکیش حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستمان دروست کرد و بڕیار درا گۆڤاری ڕابەر دەربکەین، ئەو گۆڤارە دەروازەیەکی بۆ خستمە سەر پشت تا شیعرە کرێکارییەکانم بڵاو بکەمەوە. ساڵی ١٩٨٧ دوو ساڵ دەبوو من و هاوڕێ جەمالٔ کۆشش کە ئەوکات قوتابی کۆلیژی پزیشکی بوو لە زانکۆی سەلاحەدین، باسی ئەدەب و سیاسەتمان کرد. و هاوڕێ جەمالٔ کۆشش بەردەوام دەهات سەردانی کردم. گفتوگۆ و قسە و باسەکانمان لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی و مەسەلەکانی فۆرمی ئەدەبیی و ئیستاتیکا و ئیلتزامی چینایەتی ئەدەب و نووسەر بوو. هەر ئەم گفتوگۆیانە دواتر بوون بە هەوێنی پرۆژەیەکی ئەدەبی گرنگ لەمێژووی بزووتنەوەی ئەدەبیاتی چەپ لە کوردستانی عێراق. دروست بوونی ڕێکخراوێکی ئەدەبیی کە لە مێژووی بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستان کە بە (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) ناسرا بوو، ڕێکخراوێک بوو لە مێژووی خۆیدا تا هەتایە لاپەرەکانی جێی شانازین. هاوڕێ جەمالٔ کۆششم زوو زوو لەناو بازاڕی هەولێر لای ئەسواق سیروان و شەقامی**

باتا دەبینی و لەسەر ڕەخنەی ئەدەبیی، نووسەرانی کورد، کتێبی تازە، ئەدەبی کۆمۆنیستیی..تاد دەدواین و تێڕوانینی خۆمانمان بۆ یەکتر دەردەبڕی.. جەمال تابلێی جیددی بوو بەڵام پەرت بوو، کەسێک بوو پاک و دڵسۆز و بەوەفا و هەمیشە حەزی دەکرد لە گفتوگۆ و تەنانەت لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیش هەندێک لە سنووره تەقلیدییەکانی دابو نەریت ببەزێنی. بۆیە قسەکردن لەگەڵیدا تام و چێژی خۆی هەبوو. ئەو گەرچی کێشەی هەبوو لەقسەکردندا لە ئەنجامی برینداربوونەکەی لە شەڕێکدا دژ بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵام تا بڵێی ڕێکخەرێکی باش بوو. پەیوەندییەکی بڵاوی هەبوو لە ناوەندەکانی خوێندن و دەرەوەی زانکۆ. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا جەمال کۆشش زۆ گوێی بەلایەنی ئەمنی نەدەدا و یان باشتر بڵێم بایەخدانەکەی بەپێی پێویست نەبوو. بۆیە کە نووسینێکی دەنووسی و لەژێر هەر واژوویەکەوە بووایە، دەیدایە هاوڕێکانی بۆ خوێندنەوە، هەموو کەس دەیزانی جەمال کۆشش خۆی نووسەرەکەیە. ئەو سەردەمە نووسینێکی ڕەخنەیی لەسەر(ڕۆمانی شار)ی حوسین عارف نووسیبوو و کەم کەس هەبوو لە هاوڕێکانی ئەو نووسینەی نەبینیبێت. هاوڕێ جەمال کۆشش سەرەتا بە ناوی یان نازناوی( شۆڕش هیومانیست) ەوە نووسینەکانی دەنووسی و تەنانەت نووسینەکەی لەسەر ڕۆمانی شاریش هەر بەو ناوەوە ئیمزا کردبوو. بۆیە کاتێک کە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستمان دامەزراند و ئەو نووسینە لە ژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەر بڵاو بۆوە بە ناوی شۆڕش هیومانیست، زۆر کەس دەیزانی شۆڕش هیومانیست و جەمال کۆشش کێیە. هاوڕێ جەمال قسەوباسەکانی لەگەڵ من و لەگەڵ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) دەکرد کە ئەوکات هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد قوتابی بوو لە کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین بەشی زمانی عەرەبی. من جگە لەوەی پێشتر هاوڕێ نەوزادم دەناسی و ئاگاداری پاشخان وباگکراوندی ئەو بووم، بۆیە لە نزیکبوونەوە لێی سڵم نەکردەوە و تەنانەت زۆریشم پێخۆش بوو کە پەیوەندییەکەمان گەیشتۆتە ئاستێک قسە لەسەر پێویستی ڕێکخراوێکی ئەدەبیی بەڵام نهێنی بکەین. ماوەی چەند مانگێک ئێمە یەکترمان دەبینی و چەندین شەویش ئەو هاوڕێیانە، جەمال کۆشش و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لەماڵی ئێمە دەمانەوە و شەوان تا بەرەبەیان گفتوگۆمان دەکرد. سەرەنجام توانیمان لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ بگەینە فۆرمۆڵبەندییەکی بنەڕەتی سەبارەت بەو ڕێکخراوە. ئەوە بوو ناوی ڕێکخراوەکەمان نا(حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) و بۆ دەرکردنی گۆڤارێکیش من پێشنیاری ناوی ڕابەر م کرد و پەسند کرا و کاردابەشکردنێکمان لەنێوان خۆماندا دانا. هەر لەو سەروبەندە من نازناوی(مەشخەڵ)م بۆ خۆم هەڵبژارد و هاوڕێ نەوزادیش نازناوی(هۆشەنگ)ی بۆ خۆی دیاریکرد. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ بە دەرکردنی بەیاننامەیەک بوونی خۆی ڕاگەیاند و یەکەم ژمارە لە گۆڤاری ڕابەر لە مانگی تەممووزی ساڵی ١٩٨٧ وەک ئۆرگانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بڵاو بۆوە.

## گۆڤاری ڕابەر وەک زمانحاڵی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست

**لە ژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەردا پێشەکییەک هەبوو بەناوی (ئەوەی دەبێ لە پێشدا بوترێ) کە هاوڕێ جەمال کۆشش دەینووسی و ئەو پێشەکییە بۆچوون و جیهانبینی سیاسیی و ئەدەبیی ئێمە و حەلقەکەی نیشان دەدا. ئەو پێشەکییە بە زنجیرە لە سێ ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ڕابەر بڵاو بوونەوە. ئەو پێشەکییە دوو ئەرکی لەسەر شان بوو :**

**یەک: ڕەخنەگرتن لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕێکخراوەکانی ئەو سەردەمەی نێو بزووتنەوەکە و پۆلینکردنیان لەژێر تایتڵی وردەبۆرژوازی. ئەمەیان بزووتنەوەکەی سەغلەت کردبوو. چونکە هاوڕێ جەمال بەهۆی ئەندامبوونی لە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست، دید و بۆچوونی ڕەوتی کۆمۆنیست لە نووسینەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە. هەربۆیەش ئەوکات دید و دیدگای هاوڕێ جەمال پتەوتر و ڕوونتر و سیستیماتیکتر بوو. هەر ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە هاوڕێ جەمال زیاتر وەک بزوێنەری حەلقەکە لەنێوماندا هەڵدەسورا.**

**دوو: تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئەدەب و کاری ئەدەبیی و غەیرەحیزبیی. ئەم تێگەیشتنەمان بەتێکەڵییەکی سەیرەوە گوزارشت لێدەکرد بەجۆرێک کە ناڕوونی زۆری پێوە دیار بوو لە پەیوەند بە کاری حیزبیی و کاری جەماوەریی . (هەرچەندە ئەو کارە جەماوەرییەش کە من پێم گونجاوترە بە کاری پیشەیی ناوزەدی بکەم) بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسیی و ئەمنیی شتێک نامێنێتەوە بۆ کاری جەماوەریی و ئاشکرا).**

**لێرەوە بوو بزووتنەوەی چەپ و ڕێکخراوەکانی ئەودەم ئێمەیان بە ڕەوت دەزانی و ڕەخنەی ئەوەیان دەگرت گوایە ئێمە تەجاوزی سنوورەکانی کاری ڕێکخراوەیی خۆمانمان کردووە و دەبێت واز لە ڕەخنە لە چەپی وردەبۆرژوازی بهێنین! ڕێکخراوەکانی نێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کە تا ئەمڕۆش جێ برینی ئەو ڕەخنانەیان بە یادەوەرییەوە ماوە، دەیانوت ئێوە ئەدیبن و نابێت باسی سیاسەت بکەن. بەزمانێکی تر، بەتێگەیشتنی ئەوسای ئەو هاوڕێیانە دەبووایە ئێمە وەکوو ئەدیبی کۆمۆنیستی باسی ئەدەب و خوڵقاوی ئەدەبیی بکەین و هەقمان بەسەر ئەو ڕێکخراوانەوە نەبێت. ئەمەش دوو ڕەهەندی هەبوو.**

**ڕەهەندی یەکەم، بریتیبوو لەلێسەندنەوەی ئازادی ڕەخنەگرتن لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست.**

**ڕەهەندی دووەم، بێدەنگکردنی سەپۆرتێکی گەورەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو کە تاکە ڕێکخراوی مونسەجیم بوو لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی.**

**نووسینێکی تری جەمال کۆشش لەژێر ناوی( ئەناتۆمی لیبڕالیزمی چەپ لە دیدگای مەنتق و تەئریخدا) و هەروەها وەرگێرانێکی هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)**

**کە نووسینی لێنین بوو دەربارەی ڕێکخراوی حیزبی و ئەدەبی حیزبی و هەروەها سروودی (پڕ جۆش بێ کوورەی خەباتم)ی تێدا بوو لە نووسینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ). نووسینەوەی گۆڤارەکە و ئیدیت و ئامادەکردن و دزاین و بەرگ لەسەر شانی مەشخەڵ بوو. بەرهەمەکانمان دەگەیشتنە دەست و دوای ئەوەی ئەوانەی پەسند دەکران لای من دەمانەوە و من لەسەر کاغەزی تەنکی رایز دەمنووسییەوە و پاشان لەشێوەی گۆڤار چواردە دانەم لێ دەردەهێنا و بڵاومان دەکردەوە. سنووری بڵاوبوونەوەی گۆڤاری ڕابەر زانکۆکانی سەلاحەدین و موستەنسرییە و بەغدا و هەوەرها لە شارەکانی سلێمانی و کەرکووک و بەغدا و هەولێر و زۆربەی شار و شارۆچکەکان دەستاودەستیان دەکرد و زۆری نەبرد ژمارەیەک نووسەر و شاعیر و پەخشاننووس و لە دەوری گۆڤاری ڕابەر و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست کۆبوونەوە و بەرهەمیان تیادا بڵاو دەکردەوە وەکوو جەلال شکۆ بژار و ئەنوەری ڕەشی عەوڵا( ب سۆلین) و بەرزان بابەشێخ (کاوە ئەحمەد) و عارف کوردە(نەوزاد و ئاگرین)، گۆران عەبدوڵا و هەجیج و خانا گەرمیانی و سەباح ئیسماعیل(ئۆژین) و ئازاد سوبحی و مستەفای حەسەنە گەورە (هێما) و..تاد.**

**لەگەڵ دەرکردنی ژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەر وەک ئۆرگانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و بڵاوکردنەوەی لەناو بزووتنەوەی چەپدا، لەلایەکەوە پێشوازییەکی باشی لێکرا و لەلایەکی تریشەوە ڕەخنەی لێگیرا.حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە ڕۆژگارێکدا دروست کرا کە هیچ بڵندگۆیەک نەبوو، هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک نەبوو بتوانرێت ئەدیبانی کۆمۆنیست دەنگی خۆیانی تیا هەڵبڕن. بارودۆخەکە بەجۆرێک بوو کە فەزایەکی سیاسیی سەرکوتگەرانەی بەعس باڵی بەسەر تەواوی عێراقدا کێشابوو. عێراق حەوت ساڵ بوو لە جەنگدا بوو دژ بە ئێران. ئاستی نارەزایەتی خەڵک تا دەهات زیاتر دەبوو. بەعس ژمارەیەک ئۆردووگای دروست کردبوو و خەڵکی ئەو دێهاتانەیان تیا نیشتەجێ دەکرد کە دێیەکانیان دەڕووخێنران. لەلایەکی تریشەوە گۆڤاری پێشەنگ هەبوو، کە کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان بوو لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی ئێران چاپ و بڵاو دەکرایەوە و تا بڵێی دوورە دەست بوو و نەدەگونجا هەموو کەس بتوانێت بەرهەمەکانی بگەیێنێتە دەست ئەو گۆڤارە. گۆڤار و ڕۆژنامەکانی عێراقیش هەر بەرهەمێک بۆنی یاخیبوونی و ڕاپەڕین و دژە دەوڵەتی پێوە بووایە، بڤە و یاساغ بوو. ئێمە لەم هەلومەرجەوە دەستمان پێکرد. ئەمەش وای کرد ئەو کەسانەی مەیلی نووسینیان هەبوو و بەرهەمی ئەدەبییان هەبوو لەڕێگەی پەیوەندییەکانی خۆیانەوە بەرهەمەکانیان دەگەیاندە دەستی ئێمە. شێوازی کارکردنمان دیموکراسییانە بوو. ئێمە هاوڕێیانی حەلقەکە بۆ ئامادەکردنی هەر ژمارەیەکی گۆڤارەکەمان دادەنیشتین و ورد بەرهەمەکانمان دەخوێندەوە و دوای ئەوەی بە فلتەری جیهانبینی سیاسیی ئێمەدا تێدەپەڕی، ئەوسا بڵاو دەکرایەوە جیهانبینی سیاسیی ئێمەش بریتیبوو لە جیهەتگیری کرێکاریی و کۆمۆنیستیی و تەکنیکی بەرزی بەرهەمەکە. بەچاوپۆشین لە کەموکوڕی و لاوازی ئیستاتیکی هەندێ بەرهەم و هەروەها دەستکاری کردنی هەندێ دەق لەئاستی**

وشە و دێر، دەتوانم بڵێم ئەو دەقانەی ئەو سەردەمە لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەردا بڵاو دەبوونەوە خراپ نەبوون. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست توانی لەماوەیەکی کورتدا دەنگی خۆی بگەیێنێتە هەموو کونجێکی کوردستان و تەنانەت بەغدای پایتەختیش. شێوازی تری کارکردنمان کە بەلای منەوە هەڵە بوو ئەوە بوو کۆبوونەوە لەسەر کۆبوونەوە و پلینیۆم و شتی لەمجۆرەی کە هیچ پێویست نەبوون لەسەر شانی خۆمان کردبووە بارێکی قورس و بێمانا. من دەڵێم کۆبوونەوە پێویستە بەڵام بۆ ڕێکخراوێکی سێ کەسیی پلینیۆم چ مانایەکی هەیە؟ حەلقەکەمان خۆی ڕێکخراوێکی ئەدەبیی بوو، واتا ڕێکخراوێکی جەماوەریی نا حیزبیی بوو، بەڵام ئێمە ئەم ئەرکە قوورسەشمان خستبووە سەرشانی خۆمان و حەلقەکە. ئەمە نارۆشنی و تێنەگەیشتنی ئێمەی دامەزرێنەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو سەبارەت بە کاری جەماوەریی و حیزبیی. ئەوە ڕۆشنە لەو سەردەمە بزووتنەوەی چەپی نوێی عێراق تازە خەریک بوو دەنگی هەڵدەبڕی و چالاکی سیاسیی ئەنجام دەدا و بێبەش بوو لە حیزبی سیاسی، بەڵام نەدەبوو ئێمە بچینە پاڵ قسەکردن لەسەر ئاڕاستەی سیاسی بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستان. بەڵکو هەر بایەخیمان بدایە بە ئەدەب و وەرگێران ڕەنگە زۆر کاری تری گەورەمان ئەنجام بدایە. ئێمە لێرەوە کەوتینە بەر ڕەخنەی بزووتنەوەی چەپ. چونکە هەستیان دەکرد کە شێوازی بیرکردنەوەی ئێمە زۆر لە بیرکردنەوەی ڕێکخراوێکی سیاسییەوە نزیکە. بەڵام هیچ ڕەخنەیەک نەک هەر ساردی نەکردینەوە، بەڵکو سوورتر لە جاران بەرەو پێشەوە هەنگاومان نا و ژمارەی دووی گۆڤاری ڕابەرمان دەرکرد و زۆری پێنەچوو ژمارە سێی گۆڤارەکەشمان بڵاو کردەوە.

## پەیوەستبوون بە ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست)ەوە

لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەر ژمارەیەکی گۆڤاری ڕابەردا، دەنگدانەوەی زیاتری دەبوو و نووسەر و ئەدیبی زیاتری لەدەور کۆدەبۆوە. لەو ماوەیەی نێوان ژمارە یەک و ژمارە چوار. گفتوگۆیەک لەنێو هاوڕێیانی دەستەی دامەزرێنەی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستدا هاتە ئاراوە کە تەوەرەی گفتوگۆکە بەمجۆرە بوو: جەماڵ کۆشش دەیوست حەلقەکە هەرچی زیاتر لە ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست) نزیک بکاتەوە . هاوڕێ جەماڵ خۆی ئەوسا ئەندامی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو، لەلایەکی تریشەوە هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) دەیوست گۆڤارەکە وەک هەر گۆڤارێکی ئەدەبی ئاسایی کار بکات و بچێتە پێش. واتە تا بکرێت نا سیاسی بێت و گۆڤارێکی ئەدەبی ڕۆتینی بێت. هاوڕێ هۆشەنگ لەوە دەترسا پێی بخزێتە نێو سیاسەتێکەوە کەخۆی ئامادە نەبوو ئیشی بۆ بکات. هەرچی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)یشە زیاتر مەیلی بەلای بۆچوونەکەی هاوڕێ جەماڵ کۆششدا هەبوو و ئارەزووی قووڵی مەشخەڵ بۆ سیاسەت و پراکتیکی سیاسەتی کۆمۆنیستی نەبووە ڕێگر لەبەردەم پشتیوانی هاوڕێ جەماڵ کۆششدا. من پێشتر لە وتارێکیشدا ئاماژەی بەم کێشەیە داوە و لەوێدا وتوومە( هاوڕێ نەوزاد

ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) لەسەر هەق بوو و دەبوایە بەو ئاراستەیە گۆڤارەکە و حەلقەکەمان ببردایە پێشەوە. بەڵام لەبەر نامکووڕی هاوڕێ هۆشەنگ و پێداگیری ئێمە لەدوای ژمارە چوارەوە بە فەرمی هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدمان لە حەلقەکە دەرکرد، بێئەوەی هاوڕێ هۆشەنگ خۆی ئاگای لەو دەرکردنە بێت. هاوڕێ هۆشەنگ ئەو دەم سەرقاڵی خوێندن بوو و وردە وردە لە حەلقەکە سارد بۆوە و ئیتر لەگەڵ ئێمە نەهات. ئێمەش لە ژمارە پێنجی گۆڤاری ڕابەر بە فەرمی حەلقەکەمان پەیوەست بوو بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە. ئەم پەیوەستبوونە کاریگەری زۆری لەسەر ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست داناو بە وتەی ڕابەرانی ئەوسای ڕەوتی کۆمۆنیست توانی تەکانێکی باش بە ڕەوتی کۆمۆنیست و تواناکانی بدات. هاوڕێ هۆشەنگ لەماوەی چوار ژمارەی گۆڤاری ڕابەر دا پێنج وتاری لێنینی لە عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر ز مانی کوردی و کەچواریان لەسەر تۆڵستۆی بوون و پێنجەمیان دەربارەی ڕێکخراوی حیزبی و ئەدەبی حیزبی بوو. گۆڤارەکەمان لە ژمارە یەکدا ئۆرگانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو و لەدوای ژمارە دووەوە بووە بە ئۆرگانی تیئۆری ئەدەبی حیزبی. ئەو سەردەمە ئێمە وەک دەستەی دامەزرێنەر سێ ئەرکمان لەبەردەم خۆمان دانابوو. یەکەمیان برەودان بوو بە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی کە هاوڕێ جەماڵ کۆشش ئیشی لەسەر دەکرد و دووەمیان ئیستاتیکا بوو کە مەشخەڵ ئیشی لەسەر دەکرد و سێیەمیان واقیعەتی شۆشیالیستی بوو کە هاوڕێ هۆشەنگ ئیشی لەسەر دەکرد. ئەو سەردەمە ۱۹۸۷ و ۱۹۸۸ مەشخەڵ جگە لە ناوی مەشخەڵ بە نازناوی (دلاوەر حوسێن)یش بەرهەمی وەرگێران، بەتایبەتی شیعرەکانی برتۆڵد برێشتی لە عەرەبییەوە تەرجەمە دەکرد و بڵاو دەکردنەوە. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەر چوار نووسینەکەی لینین لەسەر تۆڵستۆی کە هاوڕێ هۆشەنگ وەری گێڕابووە سەر زمانی کوردی بە نامیلکەیەک بڵاو کردەوە و هەروەها شیعرەکانی برێشتیش بە نامیلکەیەک بە ناوی (دیوارەکان دەڕوخێنین) هاتە وەشاندن. هەروەها کۆمەڵێ پەخشانمان بۆ نووسەر ب.سۆلین لە نامیلکەیەکدا بڵاو کردەوە. بزووتنەوەی چەپیش بۆ وەستانەوە بەرامبەر بەم کارەی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ، ویستیان ڕێکخراوێکی ئەدەبیی دروست بکەن و کردیشیان و بڵاوکراوەیەکیان بەناوی (زەنگ) بڵاوکردەوە و ڕەخنەیان لە ڕابەر و حەلقەی ئەدیبان گرتبوو بەڵام تەمەنی زەنگ هەر دوو سێ ژمارە بوو و ئیتر زەنگی تری لێ نەدایەوە. هاوڕێ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) وتارێکی درێژی نووسی لەسەر شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بەناوی(دیماگۆجی شێرکۆ بێکەس لەئاست تیشکی چەند سەرنجێکی تەحلیلیدا) ، ئەم نووسینە ڕەخنەییە خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە و گشتیگیر بوو لە جیهانی شیعری شێرکۆ بێکەس گەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەشتاکان. ئەم نووسینەی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) بەزنجیرە لە دوو ژمارەی گۆڤاری ڕابەر بڵاوبۆوە. ئەم نووسینە دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی هەبوو لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کوردستان. هەروەها عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) نووسینێکی درێژی تری نووسی لەسەر تەکنیک و ئیستاتیکای شیعریی بەناوی( شاعیر بوون لە عەتفی شاعیر یان لە زاتی شیعر؟). ئەمەشیان ڕەخنەیەکی قووڵ و درێژ

بوو لە شیعرێکی بەکر ئەحمەد(ئاسۆ)ی شاعیر ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوە دەیان شیعر و سروود و ئۆپەرێت. هاوڕێ جەماڵ کۆششیش جگە لە سەروتارەکانی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر بەناوی(ئەوەی دەبێ لە پێشدا بوترێ) و نووسینێک لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و هەروەها نووسینێک لەسەر ڕۆمانی (شار)ی حوسین عارف و هەندێ بابەتی تر، نووسی. ئیتر گۆڤاری ڕابەر دەنگ و سەنگی سیاسیی و ئەدەبیی خۆی هەبوو و لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەم دۆستان و هەم نەیارانی لەچاوەڕێی ژمارەی تازەی گۆڤارەکە ڕاگرتبوو.

## چەند ئاریشەیەک

گۆڤاری ڕابەر بە تیراژی چواردە دانە بە دەستوخەت لەسەر کاغەزی تەنکی ڕایز و کاربۆنم دەخستە ژێریانەوە و دووجار دەمنووسییەوە و کە دەیکرد بە چواردە نوسخە و هەروەها چواردە بەرگیشم بۆیان دروست دەکرد و کەبسم لێدەدان و هاوڕێ جەماڵ کۆشیش دەیبردن و دابەشی دەکردن. بەڵام لە دوای ژمارە پێنجەوە کە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست پەیوەست بوو بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە، ڕێکخستنەکانی ڕەوت لە چەندین قۆڵەوە دەستیان کرد بە لەبەر نووسینەوەی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر و بەمەش تیراژی گۆڤارەکە چەند بەرابەر بۆوە. هەرچەندە حەلقەکە ئەدیبانی زیاتری لەدەور کۆدەبۆوە و گۆڤارەکەش سنووری بڵاوبوونەوەی فراوانتر دەبۆوە، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕەخنە جیدییە کەم ناکاتەوە کە دەبێت بگیرێت. سەرەتا کاری سیاسیی و جەماوەریمان تێکەڵ کردبوو، ئینجا دەرکردنی هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (هۆشەنگ) لە حەلقەکە هەڵەیەکی کوشندە بوو. نەبوونی دیدگایەکی ڕۆشن سەبارەت بە دەقی کرێکاریی و پشتکردن لەو دەقانەی کە باسی خەبات و کرێکاری تێدا نەهاتبوو، سنووربەندی لەگەڵ ئەدەبی بۆرژوازی دروست بوو، بەڵام سنووربەندی لەگەڵ ئەدیبانی کوردا دروست نەبوو و هەروەها زاڵبوونی هەندێ بۆچوون وەکوو ئەوەی فڵان نووسەر و فڵان هونەرمەند وردە بۆرژوازیین (من دواتر دێمەوە سەر ئەم خاڵانە). بۆ هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست گرنگ بوو پەیوەندی لەگەڵ کانوونی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی کوردستان و گۆڤاری پێشەنگ دابنێت. ئەوە بوو ڕۆژێکیان من و هاوڕێ جەماڵ کۆشش لە هەولێرەوە سواری کۆستەر بووین بۆ سلێمانی بۆ مەقەڕی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بەو ئومێدەی هاوڕێیانی پێشەنگ ببینین. لە ڕێگا لەگەڵ هاوڕێ جەماڵ سوعبەتم دەکرد و دەموت( جەماڵ ئەگەر ئێستا ئەم کۆستەرە لەم لۆفانەی هەیبەت سوڵتان وەربگەڕێ، تەواوی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لەنێو دەچێت. ئەوە بوو لەشاری سلێمانی هەواڵی هەندێ کەسمان پرسی و لەوانە (ڕێبوار)ی شاعیر و هیچ شتێکمان دەست بەکەوت و گەڕاینەوە هەولێر. بەوپێیەی سەربازی هەڵاتوو بووم و تەنها ناسنامەیەکی تەزویرم پێبوو، نەمدەتوانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەرێوە بەرم و

**تەنها هاوڕێ جەمال کۆشش ئەو کارەی دەکرد و دواتر منی لێ ئاگادار دەکردەوە. هەر ئەمەش وایکردبوو سەرجەم بەرهەمە ئەدەبییەکان کە بۆ گۆڤاری ڕابەر دەهاتن لەلایەن جەمال کۆششەوە دەهێنران و دەگەیشتنە دەستم. لەملاشەوە ڕەوت بەهەموو جۆرێک لە پشت حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست وەستابوو و تەواوی تەشکیلاتی ڕەوتی کۆمۆنیست تەبلیغیان بۆ ئەکرد و دیفاعیان لێ ئەکرد. تەنانەت بیرم دێت جارێکیان هاوڕێ سەمیر نووری چیرۆکێکی لە زمانی عەرەبییەوە تەرجەمەی کوردی کرد (بەختیارترین پیاو) و بەناوی (ڕەشید) ەوە لە گۆڤاری ڕابەر بۆیمان بڵاو کردەوە. گۆڤاری ڕابەر هەر دوو یان سێ مانگ جارێک ژمارەیەکی لێ بڵاو دەبۆوە. لەو سەردەمە و لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر بەردەوام شیعر و سروود و ئۆپەریتی کرێکاریم بڵاو دەکردەوە. جارێکیان نامەیەکم لە هاوڕێیەکی شاعیرەوە (کاوە ئەحمەد) بۆ هات و لە دێرێکدا نووسیبووی( من وای دەبینم تۆ دەبیتە ڕێبواری کوردستانی عێراق). مەبەستی ئەوە بوو من دەبمە ڕێبواری شاعیری کوردستانی عێراق. هەرچەندە ئەوکات ئەو جۆرە خوێندنەوانە زیاتر سادە و ڕووکەشی دەهاتە بەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا هەڵگری جەوهەرێک بوو کە خۆی کە خوێندنەوەیەکی بارگاوی بە پێشبینی و چاوەڕوانیدا دەبینییەوە. هەرچۆنێک بێت ئێمە لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و ڕەوتی کۆمۆنیستدا پێچەوانەی ڕێکخراوەکانی ئەوسای بزووتنەوەی چەپ کە زوو پێک دەهاتن و هەر زووش هەڵدەوەشانەوە، جێی پێمان قایمتر و ڕاوەستاوتر بووین و بەهێزتر و بەگوڕتر دەچووینە پێش کە ئەمەش جێگای ئومێد بوو. نەک هەر بۆ ئەندامانی ڕێکخراوەکان، بەڵکو بۆ کرێکاران و کۆڕە کرێکارییەکانیش ببووینە مایەی ئەوەی حیسابی سیاسیمان بۆ بکەن و وەک ژمارەیەک بخوێنرێینەوە. ئەو سەردەمە ئەوەندە خەریکی کاری ڕێکخستنی کرێکاران و تەشکیلاتی ڕەوت و گۆڤاری ڕابەر بووم ئاگام لە هیچ نەمابوو. زۆرجار من و سەمیر نووری و جەمال کۆشش دادەنیشتین و لە کاتی ئاساییدا دەمانکردە سوعبەت و لەجیاتی پۆستەرەشیعر دەمانوت کۆستەرەشیعر بۆ نموونە دەمان وت :**

**هاتەوەلەلای مەخموور**
**پۆشیویە کراسی سوور**
**سەرخۆش بە بۆنی بخوور**
**تامەزرۆی کەوەر و توور...تاد**

**ئیتر بەرجۆرە پێدەکەنین و کاتێ خۆشمان دەگوزەراند. ئێمە ئەوکات وابووین بە هەموو ماناکانی هاوڕێیەتی هاوڕێی یەکتر بووین. دڵمان لای یەکتر بوو، بە خەمی یەکەوە بووین. هێندەش قاڵ بووبووینەوە لەناو سیاسەت و گفتوگۆ و مەسائیلی ئەمنی و نووسراوە بردن و کتێب هێنان و بەیاننامە بڵاو کردنەوە، هەموومان ئەتوت یەک جەستەین. مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست و (اصل الرآسمال) و اصل العائلة و زۆر کتێبی تر وەکوو ڕۆمانی دایکی مەکیسم گۆرکی و ڕۆمانی نینا ی ثابت ڕەحمان و(العقب الحدیدیة ) ی جاک لەندەن و (ژەرمینال)ی ئەمیل زۆلا و خۆرهەڵاتی دەریای ناوەراست**

عەبدولڕەحمان منیف و زۆری ترمان خوێندەوە. هەر ئەو ساڵە بۆ یەکەمجار کتێبی (ادب الرفض السوڤیتی) ی سعید الغانم ١٩٧٠م بینی و خوێندەوە. ئەم کتێبە گەلێ پرسیاری لا وروژاندم. لەم کتێبەوە ئیتر زانیم گەلێ نووسەر کە دژ بە سیاسەتەکانی ستالین بوون زیندانی کراون یانیش لە مەنفا دەژین. بەڵام پرسیارە گەورەکەی من ئەوە بوو ئەو ڕەفزکردنە لەوەوە سەرچاوەی نەگرتبوو کە ئەدەبی سۆڤییەتی کرێکاری نییە، بەڵکو لەوە هاتبووکە ئەو نووسەرانە مەیلی لیبراڵییەتیان هەبوو و نەیان دەتوانی لەژێر چەتری ڕیالیزمی ستالینی ئیش بکەن. لەو سەردەمەش جارجار بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع نووسینیان لە ڕۆژنامەکانی هاوکاری و ئاسۆ و پاشکۆی عێراق سەبارەی بە مۆدێرنە و مۆدێرنێزم و پۆست پۆدێرنیزم دەنووسی، ئێمە وەک حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست موتابەعەی ئەو بابەتانەمان دەکرد و قسەی خۆشمان هەبوو بەڵام هێندە کاریگەر نەبوون و نەبووبوون بەو ناوەی کە ئێستا هەن. لەملاشەوە من و هاوڕێ جەماڵ کۆشش ژمارە دوای ژمارە گۆڤاری ڕابەرمان دەردەکرد وتەنانەت کتێبی گۆڤاری ڕابەریشمان هەبوو. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست چوار کتێبی وەکوو کتێبی گۆڤاری ڕابەر بڵاو کردەوە کە ئەمانە بوون :

یەک: چرای شۆڕش شیعر عبدولا سلێمان (مەشخەڵ) کە پانزە شیعری لەخۆ گرتبوو ١٩٨٨ هەولێر

دوو: لێنین دەربارەی تۆڵستۆی وەرگێرانی لە عەرەبییەوە نەوزاد ئەحمد ئەسوەد (هۆشەنگ) ١٩٨٨ هەولێر

سێ: دیوارەکان دەڕووخێنین شیعری پڕتۆڵد بریخت و وەرگێرانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی دلاوەر حوسێن کە هەر ناوێکی تری خواستراوی عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) بوو، ١٩٩٠ هەولێر

چوار: ژمارییەک لە پەخشانەکانی ب سۆلین ١٩٩٠ هەولێر

جێی ئاماژەیە ئەم نامیلکانە کە کتێبی گۆڤاری ڕابەر بوون، بە دەست و خەت دەنووسرانەوە و لەبەریان دەگیرایەوە و بڵاو دەکرایەوە. لەلایەکی تریشەوە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست چەند لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی گرنگی بڵاو کردەوە کە ئەمانە بوون :

یەک: ئەناتۆمی لیبراڵیزمی چەپ لە دیدگای مەنتق و تەئریخدا ڕەخنە لە ڕۆمانی شاری حوسین عارف نووسینی جەماڵ کۆشش لە گۆڤاری ڕابەر بڵاو کرایەوە بە دوو بەش.

دوو: دیماگۆجی شێرکۆ بێکەس لەئاست تیشکی چەند سەرنجێکی تەحلیلیدا نووسینی عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) بە دوو بەش لە گۆڤاری ڕابەر بڵاو کرایەوە.

سێ: شاعیر بوون لە عەتفی شاعیر یان لە زاتی شیعر نووسینی عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ). ئەمیش لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر بڵاو کرایەوە.

چوار: ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی نووسینی جەماڵ کۆشش و لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری ڕابەردا بڵاوبوونەوە.

بە بڕوای من ئەم چەند نووسینە بوون بە کۆڵەکەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا. هەروەها جێی داخە کۆمەڵەشیعرێکی هاوڕێ عارف کوردە کە بە نازناوی (ئاگرین) ەوە گەیشتە دەستمان و بڵاومان نەکردەوە. ئێمە لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست شانبەشانی گەشەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەنگاومان دەنا و توانیمان بەپێی ئاستی گەشە و توانا مەعریفییەکانمان ئەدەبی کرێکاریی و کۆمۆنیستی لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا پەرە

**پێبدەین و جێدەستیشمان دیار بوو. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەوجۆرە بەرەوپێش هەنگاوی نا تا ڕاپەرین. ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بوو بە سنوورێک بۆ تەمەنی کار و چالاکی ئێمە لە حەلقەکە. کە ڕاپەڕین کرا و ئێمە پەرتەوازە بووین. لەبەرئەوەی هاوڕێ جەماڵ کۆشش ببووە عەلەنی و خەریک پێشمەرگایەتی بوو و منیش سووتام و گیرام، ئیتر گۆڤاری ڕابەر وەستا و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بێ ئەوەی هیچ بەیاننامەیەک دەربکات یان خۆی هەڵوەشێنێتەوە، بۆ هەمیشە لەکار و چالاکی وەستا. دوای سووتانم و بەربوونەکەم و قورتاربوونم لە زیندان و دادگایی بەعس، کاتێک هاتمە ماڵەوە بینیم هەلومەرجەکە زۆر نالەبار بوو. من خۆم سووتا بووم و تاک تاک ماڵ مابوون و ئێواران کۆڵان سامناک و ترسناک و تاریک بوو و هێزەکانی حەرەس جمهوریش شەوان دەیان دایە سەر ماڵان. من زوو لە ماڵەوە یەک شتم کرد، ئەویش هەرچی شتێک پەیوەندی بە چەک و فیشەک و مەخزەنەوە هەبوو لەگەڵ بەشێکی کەم لە کتێب و نامیلکە سیاسیی و هەروەها نامیلکە ئەدەبییەکانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و ڕەوتی کۆمۆنیست کردمنە ناو چەند نایلۆن و خستمە ناو بیری زێرابەکەی حەوشەکەمانەوە و سەریم دادایەوە، ئەوانی مابوونەوەش لە ئەرشیفەکە سووتاندمن. لێرەوە گەرچی ئەرشیفی ڕەوتی کۆمۆنیست و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستم فەوتاند لەپێناو سەلامەتی خۆم، چونکە مەعلووم نەبوو دەدەنە سەر ماڵی منیش یان نا. من وام دانابوو کە لە خراپترین حاڵەتدا دەدەنە سەرم و نابێت بەهۆی نامیلکەیەکەوە دوای ئەو هەموو دەردەسەرییە جارێکی تر بگیرێمەوە و بچمە بەردەم پەتی سێدارە. دەمزانی ئەو نامیلکانە و کتێبانە پەیدا دەبنەوە بەڵام ئەگەر عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) بفەوتێ ئیتر هەموو چالاکییە ئەدەبیی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکەی دەفەوتێ. بۆیە ئەو ئەرشیفەم کردە قوربانی خۆم. گەرچی ئێستا داخی زۆری بۆ دەخۆم و بە تایبەتی کە ئەرشیفی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست کە تا ئەم ساتەش هیچ ژمارەیەکی گۆڤاری ڕابەرم دەست نەکەوتۆتەوە، تازەش دوای ئەو هەموو ساڵە زەحمەتە هیچ دانەیەک لەو ژمارانەی ئەو گۆڤارە مابێت.**

**دوای ٣٥ ساڵ کە ئاوڕ دەدەمەوە، ئاوا خۆمان دەبینم!**

**نزیک بە سی و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا، سێ نووسەر و ئەدیبی کورد بەئاگا لە هەلومەرجی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان، دەستیان دایە کارێکی مەزن کە لەمێژووی بزووتنەوەی ئەدەبی کوریدا بێوێنە بوو. ئەویش دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئەدەبیی بوو بەناوی (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست). ئەو سێ نووسەرە ( جەماڵ کۆشش و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (هۆشەنگ) بوون. ئەو سێ کەسە وەک سێکووچکەی هەوڵدان و بەرەودان بە**

**ئەدەبی کرێکاریی و مارکسیستیی، سەرباری جەوی سەرکوت و خەفەقان، سەرباری هەر مەترسییەک لەسەر ژیانیان توانیان تەحەددای ئەو دۆخە بکەن و بەهەڵکردنی ئاڵای خەباتی ئەدەبی نارازی دژ بە چەوسانەوە و ستەمی بۆرژوازی، بوونی خۆیان ڕابگەیێنن. توانیان گۆڤاری ڕابەر دەربکەن و پەیتا پەیتا نووسەران و ئەدیبان لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە. ئەم حەلقەیە جگە لەوەی بەرهەمی ئەدەبی و وەرگێڕان و ڕەخنەیی بڵاو دەکردەوە، لەهەمان کاتیشدا تێڕوانینی خۆشی لەسەر دۆخی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕەخنە لە ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکان کردبۆوە دەستووری کاری خۆیەوە. واتە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، لەهەوڵە شیکارییەکانی خۆیدا، هەوڵیدەدا پێداگیری لەسەر هەندێ مەسائیلی سیاسیی و ئەدەبیی بکات. بۆ من وەک نووسەری ئەم چەند دێڕە، لایەنە سیاسییەکەی کە زۆر بە زەقی کەوتۆتە بەر ڕەخنەی خۆمان و کەسانی تریش، چیتر بە پێویست نازانم لێی بدوێم. بەڵام لایەنە ئەدەبییەکەی لە تێگەیشتن و جیهانبینیی حەلقەکە مایەی لێوردبوونەوەیە.**

**یەک: چونکە ئێمە ئەدیب بووین و ناومان حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو، بۆیە کاری جەوهەری ئێمە ئەدەب بوو نەک سیاسەت. ئێمە بە هاوکێشەیەک کارمان دەکرد کە ئەدەبمان کردبووە خزمەتی سیاسەتی کۆمۆنیستی، لەکاتێکدا دەبووایە سیاسەت بخەینە خزمەتی ئەدەبی شۆڕشگێڕانەی مارکسیستی. ئەندامانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە گۆشەنیگایەکی تەسکەوە، هەڵسوڕانی ئەدەبیمان دەکرد و لەبری ئەوەی وەک ئایکۆنێکی گرنگ و وەک سەنتەرێکی مەعریفی لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوریدا جێ پێی خۆمان بکەینەوە، هاتبووین خۆمان وەک بەرپاکەری شۆڕشی سۆشیالیستی و بنیانئەری حکومەتی کرێکاریی دەبینی. ئەم لەخۆ گۆڕانە نارۆشنی بوو لەبواری کاری جەماوەری-پیشەیی ئێمە وەک کۆمۆنیستانێک کە بڕوای تەواومان بە ئەدەبی کرێکاریی هەبوو.**

**دوو: مەسەلە ئەدەبی بۆرژوازیی و تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئەدەبی بۆرژوازی بەجۆرێک بوو کە دوو هێڵی ڕاست و چەپمان هێنا بەسەر ئەدەبی کوردیدا. بێ گوێدانە ئەوەی لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کوریدا گەلێ دەق و نووسین هەن کە دەقی کرێکاریی و شۆڕشگێڕانەن. ئێمە تەقریبەن دیوارێکی ئایدیۆلۆژی گەورە و ئەستوورمان لەنێوان خۆمان و ئەدەبی کوردیدا بنیاد نا، کە کاریگەری نێگەتیڤی زۆری هەبوو لەسەر هۆشیاری مەعریفی ئێمە. گۆڤارەکانی ڕەنجی کرێکار و نووسەری کورد خوولی دووەم گەلێ بابەت و شیعری کرێکارییان بڵاو دەکردەوە، بێئەوەی سەرنجی ئێمە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و ئەو گۆڤارانەمان لە ڕیزبەندی ئەدەبی کوریدا دانابوو و ئاوڕمان لێیان نەدەدایەوە. یان کتێب بۆ نموونە کتێبی (کرێکار لە چیرۆکی کوردیدا)ی ڕەئووف حەسەن یان شانۆگەری (مانگرتن)ی نووسەر عەبدولڕەحمان زەنگەنە کە دەقێکی کرێکارییە و ئێمە زۆر سەرپێیانە خوێندبوومانەوە و ئیتر هیچ بایەخێکی ترمان بۆیان نیشان نەدا .ئەم پۆلینبەندییەی ئەدیبانی ڕادیکاڵ و کرێکاریی لەنێو بزووتنەوەی**

**ئەدەبی کوردیدا و بینینی ئایدیۆلۆژییانەی دەق و کتێبەکان لەو گۆشەنیگایەوە، زیانی زۆری پێگەیاندین کە بەداخەوە قەرەبووکردنەوەی ئاسان نییە.**

**سێ: خودی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەندامانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لەگەڵ ئەدیبان و نووسەرانی کورد جێی ڕەخنە بوو. ئێمە لەبری ئەوەی پەیوەندییەکانمان کۆمەڵایەتی و ئاسایی بێت، لەبری بەهێزکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ نووسەران و لەو ڕێگەیەشەوە پەرەدان بە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە و جیدالی بەسوود، لەژێر ناوی ئەدیبانی ناسیونالیستی و وردەبۆرژوازی، پەیوەندییەکانمان قەتیس کردبوو و هەر لەناو چوارچێوەیەکی بەرتەسکی کۆمەڵێ پەیوەندی ئایدیۆلۆژیدا دەسوڕاینەوە. ئەمەش بەڕۆڵی خۆی کاریگەری هەبوو لەسەر قەتیسبوونی تێڕوانینی شۆڕشگێرانەی ئێمە لەمەڕ ئەدەب و هونەری کرێکاریی لەچوارچێوەیەکی بەرتەسک و تا بڵێی تەنگەبەر.**

**چوار: ڕاگرتن و وەستانی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانمان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە( گۆڤاری کاروان، گۆڤاری بەیان، پاشکۆی عێراق، ڕۆژنامەی هاوکاری، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، گۆڤاری ئاسۆی زانکۆیی، گۆڤاری پەروەردە و زانست، گۆڤاری ڕەنگین، ڕۆژنامەی ئاسۆس...تاد) گەرچی بڕیارێکی دروست بوو، چونکە ئەو بڵاوکراوانە و ڕاگەیاندنی کوردی لە عێراق لەژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی ڕژێمی بەعس بوو، بۆیە بواری بڵاوکردنەوەی دەقەکانی ئێمەیان نەدەدا. بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و ڕەخنەی من لەم نووسینە ئەو تێڕوانینەیە کە هەمان بوو، ئەویش ئەوە بوو کە نابێت هیچ بەرهەمێک لە هیچ یەک لە گۆڤارەکانی ئەدەبی بۆرژوازی کوردیدا بڵاو بکەینەوە. بۆیە دوای دەرکردنی هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، کاتێک بەرهەمی لێکۆڵینەوە یان ڕەخنەیی بڵاو دەکردەوە، ئێمە وەکوو حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەچاوی بەرهەمێکی بۆرژوازییانە لێیمان دەڕوانی.**

**پێنج: حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ئامادە نەبوو بەرە لەگەڵ هیچ نووسەر و گۆڤار و لایەنێک بکاتەوە و خۆی بە خاوەنی ئەدەبیاتی ڕادیکاڵ و مارکسیستی دادەنا( گەرچی لەڕاستیدا واش بووین). ئێمە دەبووایە بەدەم هەر بانگەواز و دەنگێکەوە بچووینایە و دەستیمان بگووشیایە و لە خۆمانمان نزیک بکردایەتەوە. ئێمە دەبووایە هەمیشە جێیەکمان هەبووایە بۆ ئەو نووسەرە ڕادیکاڵ و کرێکارییانە بۆ ئەوەی شانبەشانی حەلقەکەمان خەبات بکەن لە پێناو برەودان بە ئەدەبی کرێکاریی، نەک سەنگەرلێگرتن و ڕەخنەباران کردنیان لەسەر دەق و نووسراوەکانیان. باشترین بەڵگەش ڕەخنەی هەمەلایەنەی ئێمە بوو لە گۆڤاری زەنگ و بەکر ئەحمەد(ئاسۆ)ی شاعیر و ..تاد.**

**شەش: سەرچاوەکانی مەعریفەی ئێمە وەک ئەدیبانی کۆمۆنیست جگە لە مارکسیزم و ئەدەبیات و کلتووری شۆڕشگێرانە، مارکسیزمی شۆڕشگێری ئێران و کانوونی ئەدەب و هونەری کرێکاریی بوو. ئەمەشمان تەنها و تەنها لە کەناڵی زمانەکانی کوردی و عەرەبییەوە وەردەگرت. ئێمە زمانزان نەبووین و هیچ کاممان جگە لە کوردی و**

عەرەبی یان فارسی زمانێکی ترمان نەدەزانی و ئەمەش کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر مەحدوودییەت بوونی مەعریفەمان لەبوارەکانی ئەدەب و هونەرە جوانەکان و زانست.

حەوت: ئێمە وەکوو بنیادنەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست دانی پیا دەنێم نەخاوەن ڕێنووسێکی دروست بووین و نە کوردیزانێکی باش بووین و تەنانەت شارەزایی پێویستیشمان لەسەر خاڵبەندی هەبوو. بۆیە یەکێک لە مەرجە گەوهەرییەکانی نووسین بریتییە لە ڕێنووس و خاڵبەندی و بەداخەوە ئێمە لێیان بەرهرەمەند نەبووین. ئێمە جگە لە دایەلێکتی کرمانجی خواروو یان شێوەزاری سۆرانی، لەهیچ شێوەزارێکی تر شارەزاییمان نەبوو. جاریٚ مەسەلەی زمانی زیندووی جیهانیی هەر مەسەلەمان نەبوو. بەداخەوە لەو زمانە زیندووانە بەهرەمەند نەبووین. ئەمەش کەلێنێکی گەورەی مەعریفیی ئێمە بوو.

هەشت: ئێمە لەسەردەمێکدا دەژیاین، کە بەدەست دەقەکانمان دەنووسییەوە، نە کۆمپیوتەر، نە ئامێری چاپ، نە ئەم ئامڕاز و ئاسانکارییەی کە ئێستا هەن، لەبەردەستدا نەبوون. بۆیە گۆڤارەکەمان بە تیراژی کەم و بە دەستوخەت بڵاو دەبۆوە و هەر ئەمەش بوو وای کرد کە ژمارەکانی بفەوتێن و نەتوانین هیچ دانەیەکی بەدەست بخەینەوە. ئەم بیرکردنەوەیەی کە ئەرشیف و کاری ئەرشیفیی بۆ گرنگ نەبوو، سێبەری خستبۆوە سەر کار و چالاکییەکانمان. دیارە ناشێیٚت هەلومەرجی سیاسیش لەبەرچاو نەگرین بەتایبەتی بۆ سەردەمێک کە خەفەقانی سیاسیی لە لەلووتکەی خۆیدا بوو.

نۆ: ئێمە نەمانتوانی تەجاوزی کانوونی هونەری و ئەدەبی کرێکاریی کوردستان بکەین. بینینی ئەم کانوونە وەک مەرجەعێک کە خۆی پڕ لە کێشە و ململانیٚ بوو، خاڵی لاوازی ئێمە بوو. هەرچەند ئێمە لێرە و لەویٚ ڕەخنەمان لە هەندێک بەرهەمی نێو گۆڤاری پێشەنگ هەبوو، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع دوور بووین لەوەی ئەوان تێپەڕێنین. ئێمە دەبوایە جگە لەپشت بەستن بە کانوون، پشت بە فەرهەنگ و کلتووری ئەنتەرناسیونالیستیی ببەستین کەبەداخەوە تواناکانی ئەو سەردەمەمان هەر ئەوەندە بوو. بۆیە دەبینین بەرهەمەکانیشمان هەر ڕەنگدانەوەی گەشەی بەرهەمەکانی کانوون بوو.

دە: بەداخەوە ئێمەش وەک دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر وەک زۆرێک لە مرۆڤەکان کەوتینە نێو ئەو هاوکێشە ناشیرینەوە کە دەڵێت( لەگەڵم بیت دۆستمیت و لەگەڵم نەبیت ناحەز). لێرەشەوە گەلی دۆستمان لەدەستدا، لەکاتێکدا دەبووایە ئەم توندییەمان ڕەت بکردایەتەوە و هاوکێشەکەمان بگۆڕییایە بە( لەگەڵم بیت دۆستمیت و لەگەڵم نەبیت هەر دۆستیت بەڵام بەهەندێک جیاوازییەوە).

یازدە: ئێمە وەک حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست توانیمان بۆ یەکەمینجار لەمێژوووی

ئەدەبی کوردیدا لە کوردستانی عێراق، بە تێڕوانینێکی ڕۆشن و پشتبەستوو بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕی مارکس نەک مارکسیزمی دەستی دوو یان سێ یان ڕیالیزمی سۆشیالیزمی ستالینی، باس لە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی و بەرهەمی خوڵقاو بکەین و نموونەشی لێبێنینە دەرەوە.

دوازدە: ئێمە هەڵگری زمانێک بووین خاڵی لە سازش و مەرایی و زیگزاگ. زمانی ئێمە زمانێکی لاستیکیی نەبوو، بەڵکو تیژ بوو. زمانێک بوو ببووە شوناسی ئێمە لە ڕەخنەکانمان لە ئەدەب و هونەری بۆرژوازی و تەنانەت لە بەرهەمە بەناو چەپ و ڕادیکاڵەکانیشدا.

سێزدە: دید و تێڕوانینی ئێمە بەجۆرێک ماددیی ببووەوە کە زۆربەی هەرەزۆری نووسەر و ئەدیبانی دەوری حەلقەکەمان لەگەڵ پەیوەستبوونمان بە ڕێکخراوی سیاسی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە، ئەوانیش پشتیوانی ئەو هەنگاوە بوون یان لانیکەم هیچ پەرچەکردارێکیان نیشان نەدا. تا کار گەیشت بەوەی کە ئەنوەری ڕەشی عەولا (ب. سۆڵێن) لەیەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین لەشاری سلێمانی ئوفیسی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بکاتەوە. ئیتر ئەو متمانە و خۆشەویستییەی حەلقەکە و گۆڤاری ڕابەر لەزۆر ئاستدا تا ئەمڕۆش بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە و لەکەلێنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانماندا هەناسە دەدات.

چواردە: ئێمە ئەگەر هەلومەرجی سیاسی لەبار بووایە و سیاسەتی نادروست لە پەلوپۆی نەخستینایە، پاڵپشت و سپانسۆری هەمەجۆرمان هەبووایە و ئیمکاناتی داراییمان لەبەردەست بووایە، نەک هەر پەراگەندە نەدەبووین، نەک حەلقەکەمان کۆتایی نەدەهات، بەڵکو دەبووینە جەمسەرێکی ڕۆشنبیریی و کلتووریی و مەعریفیی کە جێدەستمان دیار دەبوو بەجۆرێک کە ڕەنگە ئێستا دۆخی بزووتنەوەی ئەدەبی مارکسیستیی دۆخێکی تر بووایە. دیارە لێرەش ڕووی ڕەخنەمان لە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستە. سیاسەتی ئەو ڕێکخراوە لە ڕاپەڕین لە هەمبەر ئێمەی ئەدیبان دروست نەبوو. ڕاستە ئێمە ئەندام بووین و ئیلتزاممان هەبوو بە سیاسەتەکانی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە، بەڵام دەبوو (وەک ئێمە لەوان باشتر خۆمان دەناسی) ڕەتمان بکردایەتەوە کە پەیڕەوی ئەو سیاسەتەی ڕەوت بکەین بەوەی هاوڕێ جەمال کۆشش ببێتە بەرپرسی مەقەری ڕەوتی کۆمۆنیست لە هەولێر و مەشخەڵیش تێوەبگلێتە بزووتنەوەی شوورایی و دوواییش خەباتی جەماوەریی و یەکێتیی بێکاران لە کوردستان. ڕەوتی کۆمۆنیست کەسی گونجاوی لە شوێنی ناگونجاو دانا. ئەمەش بەزیان بۆ بزووتنەوەی ئەدەبی مارکسیستیی لە کوردستان تەواو بوو.

پازدە: دوواجار نە ئێمە تەواو بووین و نە پەیامەکەشمان کۆتایی پێهات. ئەوە ڕاستە کە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە ڕاپەڕینەوە لەشوێنی خۆی وەستا( نە هەڵوەشایەوە و نە پووکایەوە)، بەڵام هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ئێستاش لەجاران

**وردتر و قووڵتر لە ئاریشە و کێشەکانی ئەدەبی پرۆلیتاریی دەدوێن و کاری بۆ دەکەن و ئەو پەیامەش کە هەمان بوو دیارە بەلەبەرچاوگرتنی دۆخی ئەمڕۆی کۆمەڵگە، درێژەی هەیە و هەناسەکانمان هەمان هەناسەی سی و پێنج ساڵ لەمەوبەرن، جیددی و پڕ لە ئومێدن، بەڵام سیخناخ بە نوێبوونەوە و تازەخوازی لە داهێنان و برەودان بە زمان و شوناسێکی جیاوازتر و مۆدێرنتر بارگاوی بە مارکسیزمی مارکس و بە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی نوێ.**

**تێبینی: باگگراوندی ئەم نووسینە لە کتێبی ( لەو دیو پەنجەرەی ڕۆژەکانەوە ڕاوەستاوم و دەڕوانم.. یادەوەری شاعیرێکی جەنگاوەری مارکسیست) نووسینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) چاپی یەکەم ٢٠٢١، وەرگیراوە و بەپێی پێویست دەستکاریم کردووە..**

# ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست

نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتەکانی سەدەی ڕابردوو بزووتنەوەی چەپی نوێ لە کوردستانی عێراق تازە کەوتبووە جووڵە و دەنگ هەڵبڕین. گەرچی دەنگەکان زۆربەیان ناشاز و لێڵ بوون، بەڵام ئەو جووڵەیە بەردەوامی بە خۆوەگرت و نەوەستا. ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستانی عێراق گەلێک سیفات و تایبەتمەندی لە خۆ هەڵگرتبوو کە باس کردنیان کاری ئەم وتارە نییە. ئەوەی زیاتر لەم نووسینە ئەمەوێت لای لێبکەمەوە گۆڤاری ڕابەر و «حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست «ە کە وەک بەشێکی جیانەکراوەی بزووتنەوەی چەپی نوێی باشووری کوردستان ، خەریکە وەکو ئەو دەیان ڕێکخراوەی لێبێ کە لە بزووتنەوەکە بێ سەرو شوێن بوون و کران و تەنیا لە بیرو ویژدانی نەوەیەک لە هەڵسوڕاوانی چەپدا ماون .

## پێک هاتنی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست

لە ناوەڕاستی هەشتەکان لە کاتێکدا بزووتنەوەی چەپی نوێ لە کوردستانی عێراق(باشووری کوردستان) لە لایەکەوە بە تووندی لە ژێر کاریگەری و کارکردنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەدەب و فەرهەنگی ئەو حیزبە بوو بەتایبەت « کانوونی هونەرو ئەدەبی کرێکاریی کوردستان « لە لایەکی تریشەوە بوونی بۆشاییەکی گەورە لە مەیدانی نەبوونی فەرهەنگێکی ئینسانی و پێشکەوتووخواز، ئەمە زەمینەی دروست بوونی و پێک هاتنی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو کە لە حوزەیرانی ساڵی۱۹۸۷ دا لە شاری هەولێر پێکهات. دامەزرێنەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ئەم بەڕێزانە بوون :جەماڵ کۆشش کە سەرەتا بە «شۆڕش هیومانست « دەستی پێکرد و بەرهەمی بڵاوکردەوە و عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ). لە کۆبوونەوەکانی سەرەتادا بڕیار درا گۆڤارێک یان ئۆرگانێک دەربکرێت بە ناوی (ڕابەر ) . حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەیاننامەی مەوجودییەتی خۆی لە حوزەیرانی

١٩٨٧ دا بڵاوکردەوە و یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ڕابەر هەر لە ساڵی ١٩٨٧ دا بڵاوبۆوە. حەلقەکە زۆر بزێو بوو سەرباری بڵاوکردنەوەی چەندین بەرهەمی ئەدەبیی و ڕەخنەیی هەوڵی دەدا دیدگای سیاسی خۆی بڵاوبکاتەوە و سنوور بەندیش لەگەڵ ڕێخراو و حەلقە و گروپەکانی ئەو کات بکات. بەم کارە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست تا دەهات لە ئەرک و مەهامە سروشتییەکانی خۆی دوور دەکەوتەوە و مەیلی سیاسیشی تا دەهات نزیک و نزیکتر دەبۆوە لە ڕێخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست. لێرەوە کێشەی دەروونی لە حەلقەکە پەیدا بوو لە نێوان هۆشەنگ لە لایەک و جەماڵ کۆشش و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) لە لایەکی تر. تا پاش چەند کۆبوونەوەو پلێنیۆم ئەوە بوو هۆشەنگ لە حەلقەکە دەرکرا و حەلقەکەش وابەستەیی سیاسی خۆی بۆ ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ڕاگەیاند. ئیتر لە ژمارەی پێنجی گۆڤاری (ڕابەر) بە دواوە تا ژمارە یانزە واتە لە ١٩٨٨ ەوە تا ١٩٩١ حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست تەنها لە عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و جەماڵ کۆشش پێکهاتبوو.

## وەڵامێکی درەنگ

بەڕێز شوان محەمەد(١) لە هەواڵێکدا بۆ نووسینی مێژوووی ئەدەب و هونەری کرێکاری لە کوردستانی عێراق لە ژێر ناوی» شەرح و تەرح « دا کە لە گۆڤاری شەبەنگ ژمارە چوار و پێنجدا بڵاوی کردۆتەوە دەنووسێت «ڕابەر لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٨ بە هەوڵ و کۆششی چەند نووسەرێک حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست پێکهات پاشان ژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەر بە شێوەیەکی نهێنی دەستاو دەستی کرد حەلقە کە بریتی بوون لە جەماڵ کۆشش و مەشخەڵ و هۆشەنگ «. گۆڤاری ڕابەر بە دەست و خەت دەنووسرایەوە بە کاربۆن چەند تیراژی لێ بەرهەم دەهێنرا ڕابەر تا ساڵی ١٩٩١ دوانزە ژمارەی لێ دەرکرا کە ژمارەی دوانزە بۆ یەکەم جار و دواجار بە تایپ نوسرابووەوە بێجگە لە دوو نامیلکەی نوسراوی دژی شەڕ و نامیلکەیەک وتارەکانی لینین کە ڕابەر وەری گێڕابوەوە سەر زمانی کوردی پاش دەرچوونی ژمارە پێنج ڕابەر وابەستەیی خۆی بە یەکێک لە ڕێخراوە چەپەکانی ئەو دەمەوە ڕاگەیاند پاشان لە جێی حەلقە بوو بە «ئۆرگانی تیۆری ئەدەبی مارکسیستی «لێرە بە دواوە ب. سۆلین لە جێی هۆشەنگ کاری دەکرد» (٢)

سەرەتا ئەمەویَ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە :

یەک: نووسینەوەی مێژوووی ئەدەب و هونەر و مامڵە کردن لەگەڵ مێژووو پێویستی بە بەرخوردی بابەتییانە هەیە تا ڕاستییەکان وەکو خۆیان بخرێنە بەر چاو. هەڵسەنگاندن دەبێت بەپێی واقع بێت نەک بە پێی ئارەزووی نووسەر. مێژوووونووسی واقعی و هەڵسەنگێنەری ماددی جیاوازە لە هەر قەڵەم بە دەستێکی وەک شوان

**محەمەد کە لە مانای نووسینەوەی مێژووو حاڵی نەبووە.**

**دوو: حەلقەی ئەدەبیانی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٨٧ پێک هات نەک لە ساڵی ١٩٨٨.**

**سێ: (ب. سۆلین ) هەرگیز لە جێگای ( هۆشەنگ ) کاری نەکردوە. بەڵکوو ب. سۆلین ئەندامێکی چالاک و شاعیرێکی خاوەن قەڵەمێکی بە بڕشت بوو.**

**چوار: حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست نەک تەنها سێ نامیلکە بەڵکوو زیاتری بڵاوکردەوە وەک :**

**١- چرای شۆڕش نامیلکە شیعر عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) ساڵی ١٩٨٩.**

**٢ - پێنج وتاری لینین دەربارەی تۆڵستۆی کە نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) لە عەرەبییەوە وەری گێڕابووە سەر زمانی کوردی ساڵی ١٩٨٨**

**٣ - دیوارەکان دەڕوخێنین برتۆلد بریشت عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) لە عەرەبییەوە کردبووی بە کوردی و بەناوی (دلاوەر حسێن) وە بڵاوی کردەوە ساڵی ١٩٩٠ .**

**٤ - کۆمەڵێ پەخشان نووسینی ب. سۆلین ساڵی ١٩٩٠ .**

**٥ - چەند پاشکۆی ڕابەر وەکو نامیلکە بڵاوکرانەوە .**

**پێنج: ژمارە دوانزەی گۆڤاری ڕابەر جەمالٚ کۆشش بە تەنها لەگەڵ چەند ئەدیب و نووسەری تر بڵاویان کردەوە،**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) هیچ پەیوەندییەکی بە ژمارە دوانزەوە نەبووە .**

**شەش: چەند نموونە لەبەر هەمە بڵاوکراوەکانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست:**

**یەک: بڵاوکردنەوەی دەقی ئەدەبی و هونەری لە شیعر و پەخشان و چیرۆک و ئۆپەرێت و شانۆنامە و سروود.**

**دوو: وەرگێڕان و دەستبردن بۆ ئەم کارە لە چەشنی پێنج وتارەکەی لینین لەسەر تۆڵستۆی و وتاری «ڕێکخراوی حیزبی و ئەدەبی حیزبی» لینین و شیعرەکانی بریشت.**

**سێ: نووسینی چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی وەکو :**

**١-ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی زنجیرە وتار نووسینی جەمالٚ کۆشش.**

**٢-دیماگۆجی شێرکۆ بێکەس لەئاست چەند سەرنجێکی تەحلیلیدا زنجیرە وتار نووسینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ).**

**٣-ئەناتۆمیزمی ڕۆمانی شار لە دیدگای مەنتق و تاریخدا نووسینی جەمالٚ**

**کۆشش .**

**٤-شاعیر بوون لە عەتفی شاعیر یان لە زاتی شیعر نووسینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) .**

**٥-چەندین وتار و دیراساتی تر.**

**حەوت: لەگەڵ ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ دا و بریندار بوون و سووتانی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و دواتر کارکردنی لە «یەکێتیی بێکارانی کوردستان» و هەروەها کارکردنی جەمال کۆشش لە بواری پێشمەرگایەتی و بەڕێوەبردنی مەقەڕی ڕێکخراوی «ڕەوتی کۆمۆنیست»لە شاری هەولێر، ئیتر حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بە فیعلی کۆتایی هات و ئەرشیفی حەلقەکەش لەکاتی گرتنەوەی شارەکان لەلایەن سوپای عێراقەوە، تیاچوو.**

## هەڵسەنگاندنێکی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست

**یەک: حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەڵگری هەمان سوننەت و شێواز و کارکردی بزووتنەوەی چەپی کوردستانی عێراق بوو. لەیەک کاتدا هەم کاری سیاسی و هەم کاری ئەدەبی و هونەری ئەنجام دەدا. خودی ئەم تێکەڵییەش بۆ خۆی ناڕۆشن بوونی دیدگای هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو سەبارەت بە ڕێکخراوی جەماوەریی و پیشەیی و ڕێکخراوی سیاسیی. ئەم تێنەگەیشتنە کاریگەری سلبی هەبوو و تەنانەت هەندێک لە شاعیر و نووسەرانی بزووتنەوەی چەپی ئەوکات هەڵوێستی بەرەنگارییان وەرگرت لە بەرامبەر گۆڤاری ڕابەر و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست.**

**دوو: مەسەلەی تەوەرە سەرەکییەکانی خەباتی گۆڤاری (ڕابەر) و « حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» کە خۆی لە «شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی واقعییاتی سۆشیالیستی» و « ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی» و «ئیستاتیکا» دا چڕ کردبۆوە. سەرباری هەنگاوی جدی و باش بۆی، بەڵام تاحەددێک بەهەدەردانی بەشێک لە وزە و تواناییەکانی حەلقەی ئەدیبان بوو بەم کێشانە کە لە ڕاستیدا گرفتی سەر ڕێگای ئەوسای ئێمە نەبوون.**

**سێ: خودی ململانێی نێوان نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) لەلایەک و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و جەمال کۆشش لەلایەکی تر لەسەر وابەستەیی سیاسیی حەلقەکە و گۆڤاری ڕابەر و پاشان لەسەر مەسەلەی دەق و خوڵقاوی ئەدەبی و هونەری لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە تێگەیشتنی دروستمان نەبوو لەسەر کارەکانمان، هەڵسوڕاویمان،مەسەلەی دەق و ئیبداع ،سوود وەرگرتن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن**

**کەبەبڕوای من هۆشەنگ لەبەشێک لە تێڕوانینەکانیدا دروست بوو.**

**چوار: گرتنەبەری شێوازی سیاسیی لە نووسینی ڕاپۆرت بۆ کۆبوونەوە و پلینیۆم و کۆنگرە بەتایبەت بۆ حەلقەیەکی دوو سێ کەسی،خۆی گەورەکردن و زهنگەرایی حەلقەکە بوو لە بواری ڕێکخستن و ئارایشت دانی خۆی و دەوروبەری.**

**پێنج: بڵاوبوونەوەی گۆڤاری ڕابەر بەدەستنووس و لەموحیتێکی زۆر بەرتەسکدا(بە لەبەرچاو گرتنی دەسەڵاتی ئیستبدادی بەعس لەو سەردەمە)، کاریگەری پۆزەتیڤی کەم هەبوو بەسەر کۆکردنەوەی ئەدیبان و نووسەرانی چەپی ئەو کات.**

**شەش: لەگەڵ هەموو ئەم خاڵانەی کە باسمان کرد،گۆڤاری ڕابەر و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە مێژوووی بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستانی عێراق دەمێنن و توانیان گەلێک هەنگاوی جددی هەڵگرن لە داڕشتن و پتەوکردنی بناغەی ئەدەبێک کە پێی دەوترا ئەدەبی کرێکاریی.(٣)**

**٢٥ ی شوباتی ٢٠٠٢**

**کەنەدا**

**پەراوێزەکان :**

**(١)شوان محەمەد سەرنووسەری گۆڤاری شەبەنگ بوو لەنێوان ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٦ و وەک کەسێکی چەپ هەڵدەسوڕا و ئێستا خۆی بە نووسەرێکی لیبراڵ دەزانێت.**

**(٢)شەرح و تەرح نووسینی شوان محەمەد گۆڤاری شەبەنگ ژمارە ٤ و ٥ ی ساڵی ١٩٩٦ لاپەڕە ٥-٢٥**

**(٣)ئەم نووسینە وا بیست ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر نووسینیدا، لەسۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتیم سەبارەت بە مێژوووی خەباتمان لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، نووسیومە و بێ دەستکاریکردن لێرە دامناوەتەوە. ئەم نووسینە بوو بە یەکەمین دۆکیومێنت لەسەر کار و چالاکی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست. هەر ئەم نووسینەم کاتی خۆی نارد بۆ هاوڕێیان نەوزاد ئەحمەد ئەسود(هۆشەنگ) و جەماڵ کۆشش تا سوودی لێببینن بۆ جاوپێکەوتنەکانیان. خۆشم لە دیدارەکەم لەگەڵ هاوڕێ سالار ڕەشید سوودم لێبینیوە و هەروەها لە کتێبی بیرەوەرییەکانمدا کە باکگراوندەکەیم لێرەدا داناوەتەوە، سێبەری ئەو نووسینە هەست پێدەکرێت. بۆیە دەبینین هەندێ زانیاری دووبارە بوونەتەوە. من وێرای داوای لێبووردن لە خوێنەران هیوادارم ئەو دووبارەبوونەوەیە نەبێت هۆی وەڕسی و بێزاربوون.**

# گفتوگۆ لەگەڵ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)
# دەربارەی «حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست»

**سازدانی : سالار ڕەشید**

**«حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» یەکێک بوو لەو حەڵقە کۆمۆنیستییانەی نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکان، کە وەک هەر کۆڕ و کۆمەڵ و سازمانێکی دیکەی کۆمۆنیستیی ئەو دەمە بە نهێنی کاری دەکرد و هەر وەکوو بە ناوەکەشیدا دیارە، ئەدیبانێکی کۆمۆنیست پێکیان هێنابوو، تاوەکوو لە دیدی کۆمۆنیزمەوە، لە بواری ئەدەب و وێژەدا کار بکەن و کاریگەری خۆیان بە هاوشانی مەیدانی خەباتی سیاسیی کۆمۆنیستی دابنێن. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو حەڵقەیە و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی دیکە لە خەباتی چەپ و کۆمۆنیزم لە کوردستانی عێراق لە دەیەی حەفتان و هەشتاکان، پێمان باشە ساتێک بچینە دیدەنی «عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)»، یەکێک لە ڕابەران و دامەزرێنەرانی ئەو حەڵقەیە و دیمانەیەکی لەو بارەیەوە لەگەڵدا ساز بکەین.**

**سالار ڕەشید: سەرەتا بپرسین، «حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» کەی دامەزرا؟ دامەزرێنەرانی کێ بوون؟ بیرۆکەی هەنگاوێکی لەو جۆرە چۆن سەری هەڵدا؟ ئایا پێشتر ئەزموونێکی واتان لە شوێنان بەرگوێ کەوتبوو، واتە کۆڕ و کۆمەڵێکی ئەدەبی نهێنی ژێرزەمینی؟**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ): لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەرەڕای سەرکوت و زەبروزەنگی بێپەردەی ڕژێمی بەعسی ڕاکشا و لەزەلکاوی مێژوو، بەرەو بە ئەدەبێک**

**دەدرا کە لەگەڵ ویست و بەرژەوەندی ئەو ڕژێمە دەهاتەوە. لەکاتێکدا عێراق لە جەنگی کۆنەپەرستانەیدا لەگەڵ ئێران هەموو توانا ماددیی ومرۆیی و فەرهەنگییەکانی خستبووە گەڕ و ئەدەبێک لە عێراق بڵاو دەکرایەوە تەنها ئەرکی جوان نیشاندانی بیچمی ناشیرینی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە بوو، کە پێیدەوترا ئەدەبی جەنگ. لەملاشەوە بزووتنەوەی کوردایەتی بە هەموو سیما و شێوە جیاجیاکانییەوە(لەوپەڕی باڵی ڕاستەوە تا دەگاتە ئەو حیزبانەی خۆیان بە کۆمۆنیست دەزانی) خەریکی برەودان بوون بەئەدەبێک کەناوی ئەدەبی شۆڕشگێڕانەیان لێنابوو و ئەرکی ئەو ئەدەبەش فریودان و بەسووتەمەنی کردنی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بوو بۆ بەرژەوەندییە حیزبییە تایبەتییەکانیان. لەم نێوانەدا هەستمان بە بوونی بۆشاییەکی گەورە دەکرد لە لەمەیدان نەبوونی ئەدەبی بەڕاستی شۆڕشگێڕانە و پشتبەستوو بە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران. دوای هەستکردن بە بوونی بۆشاییەکی فراوان لەبواری پەرەپێدانی ئەدەب و هونەری کرێکاریی و هەروەها دوای چەندین گفتوگۆ و وتووێژ لەسەر بایەخ و گرنگی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ئەوە بوو لەنیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بڕیاری پێکهێنان و دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئەدەبی و هونەریماندا و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستمان لەساڵی ١٩٨٧ لە شاری هەولێر دامەزراند. دامەزرێنەرانی حەلقەکەش بریتیبوون لە بەڕێزان نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و جەماڵ کۆشش. بیرۆکەی دروستبوونی حەلقەکە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەک بەر لە دروستبوونی حەلقەکە بەتایبەتی لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٥ەوە من و جەماڵ کۆشش بەردەوام و بێپچڕانەوە قسە و باسمان لەسەر ئەدەبی شۆڕشگێڕانە و ئەدەبی کرێکاریی و ئەدەبی بورژوازی و ماهییەتی ئەدەبی بورژوازی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەدەب و گەشەکردنی ئەدەبی کرێکاریی و سەنگەربەندی چینایەتی ئەدەب و ئەدیبی مولتەزیم و کانوونی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی کوردستان و تاد دەکرد. کاک هۆشەنگیش هەر بەهەمان شێوە ئەویش هەم وەک ئەدیبێک و نزیک لە بزووتنەوەی چەپ قسەوباسمان هەبوو . ئەوە بوو لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧ بە سێقۆڵی کەوتینە قسەباس لەسەر پێکهێنانی ئەو حەلقەیە و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی. ئێمە هیچ ئەزموونێکی لەوەوپێشترمان لەو بارەوە نەبوو و نەبینیبوو، بۆیە دەتوانم بڵێم پێکهێنانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست یەکەمین هەنگاوی جیددی ئێمە بوو بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ئەدیبانی ناڕازی و هەروەها گەشەپێدانی ئەدەبی کرێکاریی و ئەدەبی حیزبیی. لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ بە بەیاننامەیەک حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستمان ڕاگەیاند. پێشتریش بڕیارمان دابوو گۆڤارێک یان ئۆرگانێک دەربکەین. ئەوە بوو ناوی گۆڤارەکەمان نا ڕابەر و ئەم ناوەش پێشنیاری من بوو بەوەی کە ڕابەر وشەیەکە هیچ مەدلولێکی غەیرە کرێکاریی لەخۆ ناگرێت و بگرە زۆر نزیکە لەو ئامانجەی کە بۆی تێدەکۆشین و هاوڕێیانیش پەسندیان کرد. من لەو ساتەوە بڕیارمدا ئیتر لەژێر ناوی مەشخەڵ کار بکەم و بەرهەمەکانم بڵاو بکەمەوە. ئەوە بوو ژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەر لەمانگی تەمموزی ساڵی ١٩٨٧ دا بڵاو بۆوە.**

**سالار ڕەشید:** ئەوەندەی من ئاگادار بم، ئەو حەڵقەیە بەتەواوی لەژێر بیر و بۆچوونەکانی «ڕەوتی کۆمۆنیست»دا بوو، وەیان بەشێک بوو لەوان. ئایا پێکهێنانی ئەو حەڵقەیە بە پرس و ڕا و بە تەگبیری ئەوان بوو، یان ئەوەتا دەسپێشکەری چەند نووسەر و ئەدیبێک بوو؟ جێی خۆیەتی لێرەشدا بپرسین: ئایا بنیاتنەرانی ئەم حەڵقەیە هەر هەموویان سەر بە ڕەوت بوون، یان نەخێر کەسانێکی دیکەشی تێدا بوو، کە وا نەبوون؟

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ):** دامەزرێنەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست جگە لە بەڕێز جەماڵ کۆشش کەسیتر سەر بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست نەبوو. من وەک دوایی کە بوومە ئەندامی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و بۆم دەرکەوت کە بەڵێ ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست لەڕێگەی جەماڵ کۆششەوە بەتەواوی لەناو حەلقەکەدا چالاک بوو. چونکە هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) تەنها کەسێکی ڕادیکاڵ و چەپ بوو و لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی چەپدا بوو. منیش بەهەمان شێوەی هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) کەسێکی ڕادیکاڵ و چەپ بووم و دواتر لەڕێگەی کاریگەری هاوڕێ جەماڵ کۆششەوە کەوتمە ژێر کاریگەری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست. بۆیە ئەگەر دروست وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە دەتوانم بڵێم بەڵێ حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست یەکێک بوو لەدەست پێشکەرییەکانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست. بەڵام تەنها جەماڵ کۆشش ئەندامی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بوو. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست کە دروست بوو دەتوانم بڵێم ئەندامێکی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و دوو ئەدیبی دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە پێکیان هێنا. سەرەتا حەلقەکە لەژێر هەژموونی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستدا نەبوو و بەڵام کاریگەری هاوڕێ جەماڵ کۆشش بەسەر حەلقەکەوە وای کرد وردە وردە حەلقەکە بکەوێتە ژێر هەژموونی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە و هەر واش بوو. هاوڕێ هۆشەنگ ئامادە نەبوو ئەو هەژموونە قەبووڵ بکات و وازی هێنا. منیش بەشەوقەوە ئەو ڕێکخراوە و سیاسەتەکانیم قەبووڵ کرد و دواجار خودی ململانێی نێوانمان بەبەرژەوەندی ڕەوتی کۆمۆنیست شکایەوە و وەک لەیادم بێت حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە ژمارە پێنج وابەستەیی خۆی بۆ ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ڕاگەیاند و بەوەش هیچ گومانێکی لای بزووتنەوەی چەپ نەهێشتەوە کە پێشتر پەنچەی ڕەوت بوونیان بۆ درێژ دەکردین.

**سالار ڕەشید:** «حەڵقەی ئەدیبان» گۆڤارێکی دەرئەکرد، ئەو گۆڤارە ناوی چی بوو؟ چەند ژمارەی لێ دەرچوو؟ ئایا بەشێوەیەکی دەوری دەرئەچوو؟ سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی هەبوو؟ ئایا وەک زۆربەی نووسراوەکانی ئەو دەمەی چەپ بە شێوەی دەسنووس بڵاو دەکرایەوە؟ تیراژەکەی چەند بوو؟ هیچ نموونەیەکی لێ ماوەتەوە؟

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ): وەک لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا وتم بڕیارماندا گۆڤارێک دەربکەین و ئەو گۆڤارەشمان ناو نا ڕابەر. لە ماوەی ژیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستدا یازدە ژمارە لەگۆڤاری ڕابەر بڵاو کرایەوە. لەسەر بەرگی ژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەر نووسراوە ئۆرگانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و لەژمارە سێ بەدواوە بوو بە ئۆرگانی تیئوری ئەدەبی مارکسیستی و دواتریش بوو بە ئۆرگانی تیئوری ئەدەبی حیزبی. ئەم گۆڤارە بەپێچەوانەی ئسوڵی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە نە سەرنووسەری هەبوو و نەدەستەی نووسەران. بەڵام ئێمە هەرسێکمان بەجیددی کارمان بۆ حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست دەکرد. گۆڤاری ڕابەر بەشێوەی دەوری دەرمان دەکرد بەڵام دەتوانم بڵێم زیاتر وەرزی بوو و نزیکەی سێ مانگ جارێک ژمارەیەکمان لێ بڵاو دەکردەوە. گۆڤاری ڕابەر وەک جەنابیشت ئاماژەت پێداوە وەک زۆربەی نووسراوەکانی ئەو دەمەی چەپ بەشێوەی دەستنووس بڵاو دەبۆوە. من سەرباری چالاکییە ئەدەبییەکانم، ئەرکی نووسینەوەی بەدەست و ئامادەکردنی بەرگی گۆڤارەکە و ئیتر ئەوەی پێدەوترێت مونتاژ و تەسمیم من ئەنجامم دەدا و جار هەبووە دوو هەفتە لەماڵ نەهاتوومەتە دەرەوە و خەریکی ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی گۆڤاری ڕابەر و نووسینەوەی بوومە. هەر جارێک نووسینەوە شەش کۆپیشم لەژێر دادەنا و دووجار نووسینەوەی گۆڤارەکە دوانزە کۆپی (نوسخە) م لێ ئامادە دەکرد و ئینجا کە بڵاویش دەکرایەوە ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست لەبەریان دەنووسییەوە و بڵاویان دەکردەوە. ئەمە شێوازی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ڕابەر بوو. نایشارمەوە هەموو خەونمان بریتی بوو لەبەدەستهێنانی ئامێرێکی چاپکردن(طابعة) و کۆپیکردن و یان ڕۆنیۆیەک. زۆرجار لەگەڵ هاوڕێ جەماڵ کۆشش باسمان لەوە دەکرد ڕۆژێک بچینە ناو باڵەخانەی دادگای شاری هەولێری ئەوکات و ئامێرێکی چاپکردن لە یەکێک لە کۆشکەکانی عەریزە نووسەکان بدزین بەڵام بۆمان نەلوا و نەکرا. تا ڕاپەڕین بەرپا بوو و چەپ و کۆمۆنیستەکانیش دەستیان گەیشت بەو ئامێرانە و ئەوسا بۆ یەکەمینجار و دواجار ژمارە دوانزەی گۆڤاری ڕابەر بە چاپکراوی بڵاو کرایەوە. سەبارەت بەمانەوەی گۆڤارەکە تا ئێستا هیچ شتێکی نەماوەتەوە. من ساڵی ٢٠٠٠ سەفەری کوردستانم کرد و لەڕێگەی هاوڕێیەکی ئازیزەوە باسی لە کەسێک دەکرد کە گوایە تەواوی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەری لا دەست دەکەوێت. من گەلێ هەوڵمدا و تکام کرد و پەیامم بەناوی خۆمەوە وەک عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بۆ نارد کە تەنها ژمارەکانمان بۆ کۆپی بکات. کەچی بەداخەوە ئەو کارە نەکرا و دواتر بەو هاوڕێیەم وت کە ئەو کەسەم پێ بناسێنێت یان لانی کەم لێبگەڕێ کۆپییان بکەین و لە فەوتان بیان پارێزین. بەڵام بەداخەوە هەوڵەکانم بێئاکام مانەوە بێئەوەی بزانم هۆیەکە ئەو هاوڕێ ئازیزە بوو کە خۆی بەجیددی بە سۆراخی ئەو مێژوووە نەبوو یان ئەو بەڕێزە بوو کە ئامادە نەبوو هیچ ژمارەیەکمان بخاتە بەردەست. ئیتر بێهیوا مامەوە تا ئەمساڵ هاوڕێیەک لە ئەورووپاوە کە بەسەردان هات بۆ وڵاتی کەنەدا و پێی ڕاگەیاندم کە بەڕێزێک هەیە نووسراوەکانی ڕێکخراوە چەپەکانی سەردەمی ئیستیبدادی بەعسی

**پاراستووە و لای ماون، پرسیاری ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەرم کرد وتی بەڵی ماون. بە نیازم هەوڵ بدەم زانیاری لەو بارەوە بەدەست بهێنم.. ئەگەر ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر مابن ئەوا دەتوانین هەر هەمووی لەڕێگەی تایپکردنیانەوە لەفەوتان بپارێزین.(*)**

**سالار ڕەشید: ژمارەی ئەندامانتان چەند دەبوو؟ خەڵکی چ شار و ناوچەیەک بوون؟ ئایا نووسینەکانتان هەر بە کوردی بڵاو دەکردەوە؟**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ): حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەوڵی دەدا لەڕێگەی وەڵامدانەوە بەکۆسپەکانی بەردەم ئەدەبی کرێکاریی و حیزبیی و هەروەها لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی دەقی ئەدەبی کرێکارییەوە زۆرترین ژمارە لە ئەدیبان و نووسەران لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. بەڵام کۆکردنەوەی ئەدیبان و نووسەران بەو شێوازە لە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ڕابەر بەنهێنی و دەستاودەستکردن و بەو ئاستە لە تیراژ و بەو جۆرەی کەبەدەست دەنووسرایەوە چلۆن دەتوانێت هێزێکی ماددی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە؟ ئەمە سەرباری ئەوەی کە ڕێکخراوە چەپەکانی ئەوکات دەیانزانی حەلقەکە لەبەرژەوەندی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستدا کار دەکات بۆیە نەک لێی نزیک نەدەبوونەوە بگرە دژایەتیشیان دەکرد بە بیانووی ناسەربەخۆ بوون و شتیتری لەو چەشنە. بۆیە بەشێکی بەرچاوی ئەو ئەدیبانەی کە بەرهەمیان لەڕابەردا بڵاو دەکرایەوە دوور و نزیک هەواداری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستی بوون. لەچەشنی کاوە ئەحمەد و بژاری شاعیر و ئەنوەری ڕەشی عەوڵا(ب.سۆلین) و عارف کوردە و ڕەشید و تاد. ئێمە وەک دەستەی دامەزرێنەرانی حەلقەکە هەر هەموومان خەڵکی شاری کەرکووک بووین. ئەوانەی بەرهەمیشیان بۆ دەناردین خەڵکی سلێمانی و کەرکووک بوون. بۆیە لەتەواوی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەردا نووسینێکی بە شێوەزاری بادینی تێدا بڵاو نەبۆوە. نووسینەکانیش تەنها و تەنها بەزمانی کوردی شێوە زاری سۆرانی بڵاو دەبوونەوە. هەروەها چونکە تواناکانمان زۆر سنووردار بوو، نەمانتوانی هیچ شتێک بەزمانی عەرەبی بڵاو بکەینەوە ئەگەر چی بایەخی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ڕابەر بەزمانی عەرەبیمان هەست پێدەکرد. بەڵام ڕاستییەکە ئەوە بوو و لەوەش زیاترمان بۆ نەدەکرا بەتایبەتیش دەبێ سەرکوت و ئیستبدادی سیاسی حیزبی بەعسمان لەیاد نەچێت.**

**سالار ڕەشید: باسەکانی نێو گۆڤارەکەتان دەربارەی چی بوون؟ چۆن بڕیارتان لەسەر بڵاوکردنەوەیان ئەدا؟**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ): باسەکانی نێو گۆڤاری ڕابەر ئەتوانم بڵێم هەم سیاسی و هەم ئەدەبی بوون. باسە سیاسییەکان لە سەروتاردا جێیان بۆ دەکرایەوە و بابەتەکانی تریش وەکوو ڕەخنە و وەرگێڕان و دەقی ئەدەبی لاپەڕەکانی گۆڤارەکەی دەڕازاندەوە.**

**لەژمارەکانی بەراییدا هاوڕێ جەماڵ کۆشش بەناوی شۆڕش هیومانیستەوە چالاکی دەکرد و وتارە ڕەخنەییەکانی بڵاو دەکردەوە. هاوڕێ جەماڵ کۆشش زنجیرە وتارێکی لەسەر ڕۆمانی «شار»ی حوسین عارف و هەروەها چەند وتارێک دەربارەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی و تاد بڵاو کردەوە. دواتر ناوی جەماڵ کۆششی لەخۆی نا و بەو ناوەوە چالاکی خۆی درێژە پێدا.. هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)یش وتارەکانی لینینی لەعەرەبییەوە وەردەگێڕا. وتاری ڕێکخراوی حیزبی و ئەدەبی حیزبی لینینی وەرگێڕا و و لەژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەر بڵاو کرایەوە هەروەها وتارەکانی لینین لەسەر تۆڵستۆی وەرگێڕا و بە نامیلکە بڵاومان کردەوە کە پێنج وتار بوو . منیش بەشیعر و ئۆپەرێت و وتاری ڕەخنەیی و وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بەتایبەتی شیعرەکانی برێشت لە ژمارەکانی ڕابەردا بەشداریم دەکرد. هەروەها من جگە لەناوی مەشخەڵ بەناوی (دلاوەر حوسێن)یش بەرهەمم بڵاو دەکردەوە. باسەکانی نێو گۆڤاری ڕابەر ڕەنگدانەوەی بۆچوون و دیدگای هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو. ئێمە لە حەلقەکە سێ تەوەرەی سەرەکیمان خستبووە بەر باس و قسە ئەوانەش بریتیبوون لە هەڵسەنگاندنی واقیعیەتی سۆشیالیستی و ئیستاتیکا و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی. بێجگە لەوانەش بەردەوام هەوڵمان دەدا وەڵام بەگرێ و گۆڵەکانی فیکری خۆشمان بدەینەوە. بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمیش دادەنیشتین و بەرهەمەکانمان دەخوێندەوە و بۆچوونی خۆمان لەسەر دەدا و ئەوسا بەپێی ئەو پێوەرەی کەبڕوامان پێی هەبوو بڵاو دەکرایەوە یان وەلا دەنرا. ئەوەش ناشارمەوە ئەوسا هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست تێگەیشتنێکی سنووردایان هەبوو لەسەر ئەدەب و خەیاڵ و ئیستاتیکا و زمان. ئەوەش ڕاستییەکە بۆیە لایەنی هونەری بەرهەمەکانی ئەو سەردەمە لاواز بوون و لەئاستی پێویستدا نەبوون. بیانووشمان بۆ ئەوە ناوەڕۆکی چینایەتی بەرهەمەکان بوو و دەمانوت ناوەڕۆک بەپلەی یەکەم و تەکنیک بە پلەی دووەم. بەهەرحاڵ با بگەڕێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەتان. هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) بڕیار بوو هەڵسەنگاندنی واقیعیەتی سۆشیالیستی بگرێتە ئەستۆ و من ئیستاتیکا و هاوڕێ جەماڵیش ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی. بەڵام لەڕاستیدا و لەکردەوەدا نەمانتوانی ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەین کەلەبەردەم خۆماندا دامان نابوو. حەلقەکە دوای وازهێنانی هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) یان باشتر بڵێم دوای دەرکردنی لە حەلقەکە،بەدروست لەسەر سێ تەوەر کاری دەکرد کە ئەمانە بوون، تەوەری ڕەخنەی ئەدەبی وەکوو نووسینەکانی هاوڕێ جەماڵ کۆشش و وتارە ڕەخنەییەکانی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)، تەوەرەی وەرگێران وەک وەرگێڕانەکانی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و دواتر تەوەرەی خولقاندنی دەقی ئەدەبی. ئیتر تا ژمارە یانزەش بڵاو بۆوە لەو تەوەرانە واوەتر نەچووین.**

**سالار ڕەشید: لەو دەمەدا کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی سەر بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**کانوونێکی ئەدەبی و هونەرییان هەبوو، ئایا ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ ئەوان، یان هەر کۆمەڵەیەکی دیکەی فەرهەنگیدا هەبوو؟ بێگومان بەرهەمەکانی ئەو کانوونەتان پێ دەگەیشت، ڕوانگەی ئەوانتان لەو دەمەدا پێ چۆن بوو، وە چەند لەژێر کاریگەری ئەواندا بوون؟ ئایا گۆڤارەکەی ئێوەش بە ئەوان دەگەیشت؟ ئەگەر وەڵامەکەت بە بەڵێیە. چییان لەبارەیەوە دەگوت؟**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ): کانوونی ئەدەب و هونەری کرێکاری کوردستان دەتوانم بڵێم سەکۆی لەسەرهەڵسانی ئێمە بوو. ئێمە لە زۆر لایەنی هونەری ئەدەب سوودمان لە تێڕوانینی ئەو کانوونە وەرگرتووە و بەتایبەتی گۆڤاری پێشەنگ ڕۆڵێکی جوانی گێڕا لە بڵاوکردنەوەی ئەدەبی کرێکاریی و کاریگەریشی بەسەرمانەوە هەبوو. ئێمە هیچ پەیوەندییەکی فەرمیمان لەگەڵ کانووندا نەبووە هەرچەندە خوازیاری ئەو پەیوەندییەش بووین. بەڵام پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ هەبوو لە نێوانمان ئەویش لەڕێگەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و شەخسییەوە بووە. ساڵی ١٩٨٩، من هاوڕێ جەماڵ کۆشش لە هەولێرەوە چووین بۆ سلێمانی بۆ مەقەری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ بینینی ڕێبواری شاعیر و بەداخەوە نەگونجا بیبینین. لەو سەفەرەمان بۆ سلێمانی لە ناو کۆستەرێکدا بووین و من و جەماڵ کۆشش بەیەکەوە دانیشتبووین و من چرپاندمە گوێی جەماڵ کۆشش و وتم» ئەگەر ئێستا ئەم کۆستەرە دەعەم بکات یان وەربگەرێ و من و تۆ بمرین ئەوا حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەتەواوی مەوجودیەتی خۆی و نهێنییەکانییەوە لەناو دەچن» ئەویش بە پێکەنینەوە دەیوت» بەڵێ خۆ کەسێکیش نابێت دوو دێرمان لەسەر بنووسێت». لەگەڵ بەرەوپێشچوونی دید و بۆچوونمان لەسەر ئەدەبی کرێکاریی و ناسینی زیاتری ئەو ئەدەبە، حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست وردە وردە کەوتە ڕەخنەگرتن لە کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان و گۆڤاری پێشەنگ و بەئاشکرا مەیلی ناسیونالیستیمان لەناو ئەو گۆڤارە بەدی دەکرد و دواتریش وەک بینیمان ئەو خەتە خۆی ئاشکرا کرد. من ئێستا لەم ساتەدا بەهیچ شێوەیەک بۆچوون و ڕوانگەی ئەوانم لەیاد نییە و لەم بارەوە ناتوانم هیچ بڵێم. بەهۆی بوونی مەودایەکی زەمەنی بیست و پێنج ساڵە لەبیرم نەماوە چۆن گۆڤاری ڕابەریان بەدەست دەگەیشت و چۆنیان هەڵدەسەنگاند. بەڵام ئەوەم باش لەیادە کە دەستمان کردبوو بە حەملەیەک لەدژی بەختیار عەلی و ئەکرەم قەرەداغی و مەریوان وریا قانیع و هاوشێوەکانیان و دەمانبینین کەچۆن وەک وەک هێڵێکی ناسیونال - وردەبورژوازی دەیان نووسی و ڕەخنەیان دەگرت. ئیتر ڕاپەڕین سنووری بۆ هەڵمەتانەی ئێمەش دانا و لەوە زیاتر نەمانتوانی درێژەی پێبدەین. دیارە مەبەستم درێژەدانە لەچوارچێوەی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست.**

**سالار ڕەشید: ئێوە خۆتان وەک حەڵقەیەکی ئەدەبی و لە هەمان کاتیشدا سیاسی**

پێناسە کردبوو. لەم ڕووە لە لایەن «حەڵقەی ئۆکتۆبەر»ەوە ڕەخنەیەکتان لێ گیرا و یەکێک لەو مەسەلانە کە ئێوەی دەخستە ژێر پرسیارەوە ئەوەبوو دەیانوت: حەڵقەیەکی ئەدەبی کە دەیەوێ لە بواری هونەر و ئەدەبی کرێکاریی کار بکات، لەگەڵ حەڵقەیەکی سیاسی کە کار بۆ دەسەڵاتی سیاسی ئەکات جوودایە. لەو بارەیەوە نەزەرت چییە؟

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ): هاوڕێ سالاری خۆشەویست بیست و پێنج ساڵ لەتەمەن گەلێ کەلێنی لەنێو یادەوەرییەکانمان پڕ کردۆتەوە و زۆر وێنەی کاڵ کردۆتەوە. بەداخەوە بیرکردنەوەی ئەوسامان شتێکی تر بوو. بەهەرحاڵ ئێمە لەبەر ئەوەی تێڕوانینێکی ڕۆشنمان نەبوو لەسەر کاری سیاسیی و کاری جەماوەریی، بۆیە حەلقەکەمان کردبۆوە کەوای سووری بەر لەشکر و لەسەروتارەکانی گۆڤاری ڕابەردا و لەژێر ناوی» ئەوەی دەبێ لە پێشدا بوترێ» کە هاوڕێ جەماڵ کۆشش دەینووسین ئەو نارۆشنیانەمان بڵاو دەکردەوە. ئەمەش خاڵی لاوازی ئێمە بوو. چونکە وەک خۆشت ئاماژەت پێدا کاری ئێمە کاری جەماوەریی و ئەدەبیی بوو نەک سیاسیی. کە من دەڵێم خاڵی لاوازی ئێمە بوو مەبەستم ئەوە نییە ئۆباڵەکە بخەمە مل هاوڕێ جەماڵ کۆشش بەڵکو تەواوی هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ئەو تێڕوانینەمان هەبوو. من ئێستا پێموایە ئەو لایەنانەی ئەو ڕەخنەیەیان لێگرتووین ڕەخنەکەیان دروست بووە. چونکە بەفیعلی ئێمە وا بووین. ئێمە ڕەخنەمان لەوسەری چەپەوە تا ئەوسەری ڕاست دەگرت. ئێمە بێجگە لە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست دەستمان لەهیچ لایەنێکی تر نەدەپاراست. ئەم ڕەخنە سیاسییەی ئێمە لەو گروپ و حەلقانەی ئەوسا نە کاری ئێمە بوو و نە پەیوەندی هەبوو بە هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاریی. ئێمە دەمانتوانی پێ لەسەر خولقاوی هونەری ئینسانیی دابگرین بەبێ ئەوەی بۆمان گرنگ بێ هونەرمەندەکە کێیە و چۆن بیر دەکاتەوە. مادام ئەو هونەرە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات ئیتر بۆچی دەبێت دەزگای فیکری ئەو هونەرمەندە هەڵتەکێنین!. ڕێکخراوەکانی ئەوکات لەچەشنی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا بەتووندی لەبەرامبەرمان وەستانەوە هەرچەندە هاوڕێیانی بلێسە زۆر نەرم بوون لەگەڵمان. گۆڤاری زەنگیش هەبوو کە چەند کەسێک دەریان دەکرد و تەمەنی زۆر کورت بوو و پێموابێ یەک دوو ژمارەی لێ بلاو بۆوە، ئەوانیش دیارە لەبەرامبەر حەلقەی ئەدیبان دامەزرێنران. هەروەها دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە لەکاتێکدا وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە ئەو نووسینەی حەلقەی ئۆکتۆبەرم لەیاد نییە بۆیە ناتوانم لەوە زیاتر هیچی لەبارەوە بڵێم.

سالار ڕەشید: بەشێک لە نووسینەکانتان دەربارەی ئەو مەسەلە سیاسییانە بوون کە لەو دەمەدا دەنێو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیدا جێگای قسە و باس بوون. لەو نووسینانەدا، ئێوە لەبری «ڕەوتی کۆمۆنیست» ئەهاتنە قسە و داکۆکیتان لەوان دەکرد

**و وەڵامی ئەو ڕەخنانەتان دەدایەوە کە لەنێو بزووتنەوەکەدا ڕووبەڕووی «ڕەوت» دەکرانەوە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: بۆچی «ڕەوت» خۆی بۆ خۆی، وە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە لەسەر ئەو مەسەلانە نەهاتە گۆ و وەڵامی نەدەدایەوە؟**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**: ئەگەر بەتێگەیشتنی ئێستای خۆم وەڵامێکی سادەی ئەم پرسیارەت بدەمەوە دەڵێم ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست لەبەر دوو هۆ ئەو کارەی نەدەکرد. یەکەم: ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست خۆی لەهەموو گروپ و حەلقە و ڕێکخراوەکانی تر بە ڕاستتر دەزانی و خۆیشی بەگەورەتر دادەنا و بۆ ئەوەی خۆی نەهێنێتە ئاستی نزمی ئەو گروپانە پێویستی بە بەرگریکەرێک هەبوو لە گۆرەپانی سیاسی بزووتنەوەی چەپدا ئەو جەنگانەی بۆ ئەنجام بدات بۆیە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ئەو کارەی لەجیاتی ئەنجام دەدا. دووەم: بۆ نیشاندانی هەیبەتی ڕێکخراوەیی و پایگای کۆمەڵایەتی ئەو ڕێکخراوە گرنگ بوو قسەکەرێک هەبێت لەبری ئەو هێرشەکان ئەنجام بدات. با نموونەیەک بێنمەوە یەکێتیی سۆڤییەتی جاران سیاسەتی خۆی لەجیهان لەڕێگەی حیزبە شیوعییەکانەوە دەبردە پێشەوە و ئێستا ئێران جەنگەکانی خۆی لەڕێگەی حیزبە شیعەکانەوە دەکات و ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستیش بەم شێوەیە بوو بەڵام لەسەردەمێکی تر و لە جەنگێکی تر. با ئەوەش بڵێم ڕاگەیاندنی پەیوەستبوونی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە گۆڕانێکی چلۆنایەتی و گەوهەری لەژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی ڕەوتی کۆمۆنیستدا دروست کرد و بە دانپێیانانی ڕابەرانی ئەو ڕێکخراوە(کە دواتر منیش بووم بە یەکێک لەڕابەرانی ئەو ڕێکخراوە) ئەو پەیوەستبوونە، ڕەوتی کۆمۆنیستی بردە ئاستێکی بەرز. دەبێ ئەوەمان لا ڕوون بێت سەروتارەکانی « ئەوەی دەبێ لە پێشدا بوترێ» کە سەروتاری گۆڤاری ڕابەر بوون و هاوڕێ جەماڵ کۆشش دەینووسین تا لەفیلتەری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ڕەت نەبوانایە بڵاو نەدەبوونەوە. ئەوسا ئاوا بوو و بڕواشمان پێی بوو و ئێستاش بەتوندی جێگای ڕەخنەیە. ئەگەر ئەمڕۆ حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست زیندوو بکرێتەوە من ناهێڵم یەک سەروتاری لەو جۆرە بڵاو ببێتەوە. ناهێڵم یەک ڕێکخراوی سیاسی دەستی تێوەربدات و دەمی بەرژەوەندی تێوە بژەنێ. بەڵام بێ ئەزموونی لەبواری کاری حیزبیی و جەماوەریی ئەنجامی ئاوای لێدەکەوێتەوە.

**سالار ڕەشید: سەرەنجام خیلافاتێک کەوتە نێوتانەوە. ئەو خیلافاتانە چۆن بوون و لەسەر چی بوون؟ ئایا هەر ئەو خیلافاتانە حەڵقەکەی بەرەو هەڵوەشانەوە برد؟ ئەگەر نا... کەی، وە چۆن حەڵقەکەتان هەڵوەشایەوە؟**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**: جیاوازی نێوان دەستەی دامەزرێنەری حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست دەتوانم لەدوو ئاستدا باسی بکەم. ئاستی یەکەم: لەسەر خوڵقاوە ئەدەبییەکان و شێوازی بڵاو کردنەوە و هەڵوێست لەسەر دەزگا ئەدەبییەکانی ئەوکات

و ..تاد بوو، ئاستی دووەم: سیاسی بوو. لەسەر ئاستی یەکەم ئێمە تەواوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی بەعس لەچەشنی گۆڤاری کاروان و بەیان و هاوکاری و هەروەها گۆڤار و بڵاوکراوەکانی حیزبە سیاسییەکانی شاخمان بە ڕاگەیاندنی بورژوازی زانیوە و بڕیارماندا بەهیچ شێوەیەک نەک هەر پەیوەندیمان لەگەڵیاندا نەبێت، بەڵکو دژایەتیان بکەین و بەرهەمیان تێدا بڵاو نەکەینەوە. هاوڕێ نەوزاد لەم ئاستەدا تا حەدێک مولتەزیم بوو و ئەو ماوەیەی لە حەلقەکە بوو بەرهەمی بڵاو نەکردەوە. دەبێ ئەوەش بڵێم هاوڕێ ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) وەک من و هاوڕێ جەمال کۆشش توند نەبوو. هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد بڕوای وا بوو دەکرێ ئەدەبێکی دیموکراتی و کرێکاری بڵاو بکەینەوە. کەچی من و هاوڕێ جەمال کۆشش زۆر هەستیار بووین بەرامبەر بە دیموکراتییەت و پێمانوابوو ئەوە بورژوازییەتە و ڕەتمان دەکردەوە. بەڵام لەسەر ئاستی دووەم کە سیاسی بوو خیلافێک کەکەوتە نێوانمانەوە لەسەر پەیوەستبوون بوو بەڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە. ئەم جیاوازییە بۆ عەقڵی ئەوسای ئێمە شتێکی حەیاتی بوو و بۆیە کەوتینە کێشمەکێش لەگەڵ هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) و دواتر وەک حەلقەکە بڕیاری دەرکردنی هاوڕێ نەوزادماندا. هەڵوێستی من کە بە هاوڕێ هۆشەنگ و هاوڕێ جەماڵیشم وتووە ئەگەر چی سەرسەختانە بەرگریمان لە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست دەکرد، بەڵام کاتێک بەچاوێکی کراوەترەوە دەڕوانینە ئەو ڕابردووە دەبینین وەک لە وتاری «ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست»شدا نووسیومە» هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) لە هەندێ لایەنی ئەو ململانێیە لەسەر حەق بوو». هەروەها دەمەوێت ئەوەشت بۆ ڕاست بکەمەوە کە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست قەت و تا ئێستاش هەڵنەوەشایەوە. واتە بەشێوەیەکی فەرمی بە بەیاننامەیەک خۆی هەڵنەوەشاندنەوە، بەڵکو لەجێگای خۆی نەما. من پێشتریش لەو وتارەی لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد ڕوونم کردۆتەوە کە دوای ژمارە پێنج کە هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد دەرکرا، ئیتر من و جەمال کۆشش بزوێنەر و بەڕێوەبەری حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بووین. تا ژمارە یانزەشمان دەرکرد. ئیتر ڕاپەڕینەکەی بەسەردا هات و من لەو ڕاپەڕینە لە گرتنی باڵەخانەی نەقابە کرێکارییەکان بریندار بووم و هاوڕێ جەمال کۆششیش بوو بە لێپرسراوی عەسکەری بنکەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست لە شاری هەولێر. بێجگە لەمانەش لەڕۆژی گرتنەوەی شاری هەولێر من سووتام و گیرام و لەو کەین و بەینەی کە شار هێشتا خامۆش بوو وخەڵک لە کۆڕەوەکە نەگەڕابوونەوە و گاردی کۆماری لەشاری هەولێر هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵان و هەر جێگایەک شوێنی گومان بووایە دەیاندایە سەریان و خەڵکیان دەگرت و شوێن بزریان دەکردن، من ئەوکات کە بە سووتاوی لە ماڵەکەم لە خانووەکانی کارگەی نەسیجی هەولێر بووم و لەترسی تیاچوون، ئەرشیفی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و ئەرشیفی کۆمیتەی هەولێری ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستم سووتاند لەپێناو دەربازکردنی گیانم. لێرەوە دوای ئاوەدانبوونەوەی شار و گەڕانەوەی خەڵک، هەڵسوڕاوانی چەپیش دەستی

**کردەوە بەچالاکی ئەوە بوو هاوڕێ جەمال کۆشش لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەدیبانی تر ژمارە دوانزەی گۆڤاری ڕابەریان چاپ و بڵاو کردەوە. کە من تێیدا بەشدار نەبووم. هەروەها پێمخۆشە لەم دەرفەتەدا من قسەی خۆم بکەم سەبارەت بە وازهێنانی هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) و دەرکردنەکەی لەلایەن حەلقەکەوە. کاتێک هاوڕێ هۆشەنگ بۆی دەرکەوت کەئیتر ناتوانێت لەگەڵ حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەردەوام بێت و ئەو پەیوەستبوونە سیاسییەی قەبوڵ نەبوو، ئیتر دەرکردنی لەلایەن حەلقەکەوە نەک هەر زیادە بوو بەڵکو زۆریش بێمانا بوو. من ئێستا زۆر بەتوندی ڕەخنە لەو هەڵوێستەی حەلقەکە دەگرم کە بڕیاری دەرکردنی هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدیدا، چونکە ئەو بڕیارە بەڵگەی نادیموکراتبوون و ڕەخنە قەبوڵنەکردن بوو. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست دەبوایە لەبری دەرکردن بەوپەڕی ڕێزەوە مامەڵەی لەتەک ئەو مەسەلەیە بکردایە. ئەم بێدەربەستییەی هاوڕێیانی حەلقەکە لەبەرامبەر دامەزرێنەرێکی حەلقەکە، جگە لە سکتاریست بوونی ئێمە عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و جەمال کۆشش هیچیتر نەبووە و نییە. من ئێستا کە لە دوورەوە ئاوڕ لەو هەڵوێستەی حەلقەکە دەدەمەوە تەواوی مارکسیست بوون و کۆمۆنیستبوونەکەمان دەخەمە ژێر پرسیارەوە. ئاخر چۆن دەبێت کەسێک ئەو ئازادییەی نەبێت بە پێچەوانەی ئێمەوە بیر بکاتەوە بەتایبەتیش لە ڕێکخراوێکی ئەدەبیدا؟ ئاخر کەسێکی مارکسیست دەبێ زۆر بڕوای بەئازادی هەبێت و بەکردەوەش ئەو باوەڕە پیادە بکات. بەڵام ئێمە ڕێک پێچەوانەی ئەو باوەڕە ڕەفتارمان کرد. ئەم ڕەخنەیەم پێش ئەوەی بەرەو ڕووی ڕابردووی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستی بکەمەوە، بەرەو ڕووی خۆمم کردۆتەوە و دەیکەمەوە. وە لێرەشەوە داوا لێبووردن لە کاک هۆشەنگ دەکەم سەبارەت بەو هەڵوێستەی حەلقەکە. خاڵێکی تریش پەیوەست بەم مەسەلەی سکتاریستە کەجێگای باسکردنە ئەویش پەیوەندی من و جەمال کۆششە. پەیوەندی چەندین ساڵەی من و جەمال کۆشش دەگەڕێتەوە بۆ پێش دروست بوونی حەلقەکە و ئەو دەیان ساڵە لەپەیوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتییەی من و جەمال کۆشش لەگەڵ واز هێنانی من لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەبەهاری ١٩٩٨ وەکۆتایی هات. هەرچەندە من زۆرم هەوڵدا ئەو پەیوەندییە بمێنێت بەڵام هاوڕێ جەمال دیار بوو بڕیاری خۆی دابوو. ناهەقیشی ناگرم چونکە سکتاریستبوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق گەلێ زیانی بەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤە ڕادیکاڵ و ئینساندۆستەکان گەیاندووە. تا ئەندامی حیزب بیت ئەوا ڕابەر و کادیر شۆڕشگێڕیت و هەر کە وازیشت هێنا ئەوا ئۆتۆماتیکی دەبیتە ناڕادیکاڵ و بەرگریکەر لە بەرەی ڕاست و شتی بێمانای تری لەم چەشنە. ئەم پەیوەندییەی ئێمەش چونکە لەسەر بنچینەی سیاسی دامەزرا بوو بۆیە لەگەڵ هەر جیاوازیی بیروڕامان بەداخەوە لەگەڵ سەدەها یادگاری خۆش و شیرین هەرەسی هێنا.**

**سالار ڕەشید: ئەگەر ئاوڕێک لەو ڕۆژگارە بدەیتەوە، چۆن ڕۆڵی ئەو حەڵقەیە**

**دەنرخێنی؟**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ): ئەگەر وەک عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) ئاوڕێک لەو ڕۆژگارە بدەمەوە بۆ هەڵسەنگاندنی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر هەر ئەو هەڵسەنگاندنانە کە لەو وتارەی پێشتر ئاماژەم پێدا و لە ساڵی٢٠٠٢ نووسیمە، ئەنووسمەوە.**

***بە بۆچوونی من حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەڵگری هەمان ڕێباز و شێواز و کارکردی بزووتنەوەی چەپی کوردستانی عێراق بوو. لەیەک کاتدا کاری سیاسی و کاری ئەدەبی و هونەری ئەنجام دەدا. خودی ئەم تێکەڵییەش بۆ خۆی نارۆشن بوونی دیدگاو وتێڕوانینی هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو سەبارەت بە کاری پیشەیی و جەماوەری و کاری سیاسی. ئەم تێگەیشتنە کاریگەری نێگەتیڤی هەبوو بەسەر چالاکییە ئەدەبییەکان و ئەمەش وای کرد هەندێک لە شاعیران و نووسەرانی بزووتنەوەی چەپی ئەوکات و دەرەوەی بزووتنەوەکەش هەڵوێستی بەرەنگاری وەربگرن دەرحەق بە گۆڤاری ڕابەر و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست.**

***هەروەها مەسەلەی تەوەرە سەرەکییەکانی خەباتی گۆڤاری ڕابەر و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست کە خۆی لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی واقیعیەتی سۆشیالیستی و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی و ئیستاتیکا دا چڕ کردبوّوە و سەرباری هەنگاوی جیددی و باش بۆیان، بەڵام تا ڕادەیەک بەهەدەردانی بەشێک لە وزە و تواناییەکانی هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بوو بەم مەسەلانە کەلەڕاستیدا گرفتی سەر ڕێگای ئەوسای ئێمە نەبوون.**

***بێجگە لەمانەش خودی ململانێی نێوان ئەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) لەلایەک و جەماڵ کۆشش و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) لەلایەکی تر لەسەر پەیوەستبوونی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و ئایندەی گۆڤاری ڕابەر و مەسەلەی دەق و خوڵقاوی ئەدەبی و هونەری لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە تێگەیشتنێکی وردمان نەبوو لەسەر کارەکانمان، هەڵسوارویمان، مەسەلەی دەق و داهێنان و سوود وەرگرتن لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کە بەبۆچوونی من کاک هۆشەنگ لەبەشێک لە تێڕوانینەکانیدا دروست بوو.**

***سەرباری ئەمانەش گرتنەبەری شێوازی سیاسی لە نووسینی ڕاپۆرت بۆ کۆبوونەوە (کەدیارە شتێکی ئاساییە)و بەستنی پلینیۆم و کۆنگرە (کە زۆر نائاساییە) بەبیانووی لێکدانەوەی هەلومەرج و دانانی نەخشە و شتیتری لەم چەشنە، لەبنچینەدا نەک هەر کۆمەکی بەبردنە پێشەوەی نەخشەکان نەدەکرد، بەڵکو بارێکی قورستری دەخستە سەرشانی ئێمە بەتایبەت بۆ حەلقەیەکی دوو یان سێ کەسی خۆ گەورەکردن و زەینگەرایی هاوڕێیانی حەلقەکە بوو لەبواری ڕێکخستن و ئارایشتدانی خۆی دەوروبەری.**

*** بڵاوبوونەوەی گۆڤاری ڕابەر و بڵاوکراوەکانی تری حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بە دەستنووس و لە ڕووبەرێکی زۆر بەرتەسکدا (بەلەبەرچاوگرتنی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی حیزبی بەعس) کاریگەری نیگەتیڤی هەبوو لەسەر کۆکردنەوەی ئەدیبان و نووسەرانی چەپی و ئینسانخوازی ئەوکات، ئەمە بێجگە لە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ڕابەر بە تەنها یەک شێوەزاری سۆرانی .**

*** ئێمە بەرژەوەندی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستمان خستبووە پێش هەموو شتێک. ئەمەش بووبووە هۆی سکتاریست بوونی ئێمە و حەلقەکە لەبەرامبەر بزووتنەوەی چەپ و کرێکاریدا. بۆیە ئەو میتۆدەی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بیری پێدەکردەوە میتۆدێک نەبوو بتوانێ لەجەنگی گەورەی بورژوازی پشتی پێببەستێ، بەڵکە زیاتر بۆ مەحفەلگەرایی و بەرژەوەندی لایەنێکی دیاریکراو (ڕەوتی کۆمۆنیست) بەسوود بوو.**

***زمانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست زمانی سیاسی بزووتنەوەی چەپ بوو. هیچ جیاوازییەک لەنێوان زمانی ئەدەبی حەلقەکە و زمانی سیاسی بزووتنەوەی چەپی ئەوکات نەدەبینرا. ئەمەش مانای بوونی کەلێنێکی گەورەیە لەنێوان ئەدەبیاتی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و جیهانی ڕاستەقینەی ئەدەب کەخۆی لە زمانی جوان و خەیاڵی فراوان و ئیستاتیکای گونجاودا دەبینێتەوە.**

***ئێمە هەرچەندە زۆر پێمان لەسەر ئازادی و بیرکردنەوەی ئازادانە دادەگرت و جەختمان لەسەر دەکردەوە، بەڵام بچووکترین تێگەیشتنمان نەبوو بۆ ئەو ئازادییە و بەڵگەشم بۆ ئەمە ڕەتکردنەوە و دەستکاریکردن و بڵاونەکردنەوەی چەندین بەرهەمی ئەدەبی بوو. چونکە لەگەڵ تێگەیشتنی حەلقەکە و بەرژەوەندی ڕەوتی کۆمۆنیستدا نەدەهاتنەوە. بۆیە پێمان وا بوو هەرکەس لەدەرەوەی حەلقەکە گەر دەقی ئەدەبی جوانیشی بنووسیایە ئەوا ڕیڤیژنیست بوو و بەرهەمەکانی ئێمەش مارکسیستیی و کرێکاریی شۆڕشگێڕانە بوون. لەئەدەبدا قسەکردن لەسەر ئەوەی نووسەر دەبێ وا بڵێت و وا بنووسێت جگە کۆتوبەندکردنی ئازادی نووسەر هیچیتر نین. ئێمە وا بووین و دانپیانان بەم ڕاستییەش نەک هەر نەنگی نییە، بەڵکو نیشانەی تێگەیشتنی دروستە لەسەر چەمکی ئازادی نووسەر و نووسەری ئازاد.**

*** لەگەڵ هەموو ئەمانەی کە باسم کرد گۆڤاری ڕابەر و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوە لەمێژووی بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستانی عێراق دەمێنن و توانیان گەلێک هەنگاوی جیددی هەڵگرن لە داڕشتن و پتەوکردنی بناغەی ئەدەبێک کە پێی دەوترا ئەدەبی کرێکاریی.**

**سالار ڕەشید: کاک عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) سوپاس بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و تەرخانکردنی کات بۆ چوونەوە سەر ئەو مێژووەی کە جێگای شانازی ئێمەی کۆمۆنیست**

**و مرۆڤدۆستە.. با دوا وتە بۆ خۆت جێبێڵم و تۆ چی سەبارەت بەم مێژوووە و نووسینەوەی ئەو مێژووە دەڵێیت؟**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ): من هەمیشە کردەوە بە سەنگی مەحەکی شتەکان دەزانم. من دەزانم زۆر کەس پێیان خۆشە ئەو مێژوووە بنووسرێتەوە و ئاوڕی لێبدرێتەوە بەڵام ئەو کارە ناکەن. جا یان کاتیان نییە وەیان تێگەیشتنێکی دروستیان نییە لەسەر بایەخی بە دۆکیومینتکردن و بەئەرشیفکردنی مێژوووی خەباتی نەوەیەک لە مرۆڤە ماندوونەناسەکانی سێ چوار دەیەی ڕابردوو کە هەر هەوڵێکی نووسینەوەی مێژوووو بەبێ ئاماژەکردن بەم نەوەیە و بەم مێژوووە ناتەواوە. من ئێستاش ئەو حیزبە لایەنە کۆمۆنیستانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانن و خەریکی چالاکین بە کەمتەرخەم دەزانم لە بەئەرشیفکردنی نووسین و بڵاوکراوە و گفتوگۆ و وێنەی ئەو ڕۆژگارانەی کە جوانترین ڕۆژەکانی تەمەنمان پێی بەخشی کە ئەمڕۆ جگە لەچەند ڤیدیۆ و وێنە و نووسێنێک و کۆمەڵێ یادەوەری هیچی تری لێ نەماوەتەوە. ئەو وێنە و ڤیدیۆ و نووسینانە ڕەنگە لای حیزبێکی سیاسی بەئاسانی چنگ بکەون. ئای چەند جوانە ئەو حیزبە کەبەری ڕەنجی ماندووبوونی ئەم نەوەیە ئەو وێنە و ڤیدیۆ و یادەوەرییانە کۆ بکاتەوە و ئەو شانازییانە لەڕێگەی تەکنەلۆژیای ئەمڕۆوە بخاتەوە بەر دەستی خاوەنەکانیان و خەڵک. حیزبی سیاسی بەبێ بوونی بەشی ئەرشیف ناتەواوە. من خۆم جوان دەرک بەو بایەخە دەکەم و هەر هەوڵێک بێتە ئاراوە خێرا بەدەنگییەوە دەچم و یارمەتی دەدەم. بەڵگەشم وەڵامدانەوەی خێرا و دەستبەجێی پرسیارەکانی ئەو بەڕێزانە بوو کە بەنیازن مێژوووی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان بنووسنەوە. ئەم کارەی تۆش بەئەرشیفکردنی مێژوووییەکە خەریکە لەناو دەچێت و تەنها لەویژدانی نەوەیەک لە هەڵسوڕاوانی چەپ و کۆمۆنیستدا ماوە. ئەم کارەی تۆ جێگای دەستخۆشی و دەست گرتنە و شایانی هەموو یارمەتییەکە. بەو هیوایەم ئەم مێژوووە لە نامیلکەیەکی جوان و قەشەنگدا بەجاپکراوی ببینم و لەناخی دڵیشمەوە هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم.**

**تێبینی: ئەم دیدارە لە کتێبی ( مێژوووییەک لە یادەوەری) دیدار سەبارەت بە مێژوووی چەپ و کۆمۆنیزمی نوێ لە کوردستاندا، سالار ڕەشید، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٥ بڵاو بۆتەوە. من لەچەند جێیەک دەستکاری ڕێنووس و چەند دێڕێکم کردووە و هەندێ وشەشم گۆڕیوە.**


**(*) ئەم ئومێدەی باسی دەکەم سەبارەت بە بوونی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر دەگەڕێتەوە بۆساڵی ٢٠١١ ، بەڵام دواتر و دوای سۆراخێکی زۆر بۆم ڕوون بۆوە کە ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر نەماون و فەوتاون. ئێستاش ئومێدەوارم ڕۆژێک هاوڕێیەک پەیدا ببێت و مژدەی ژمارەکانی ئەو گۆڤارە ئەدەبییەمان پێبدات.**

# چەند سەرنجێکی کورت

## لەسەر کتێبی(مەلەکردن بە پێچەوانەی شەپۆڵ)ی ڕێبوار ئەحمەد

**نووسینی: عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)**

**سەرەتای مانگی ئازاری ٢٠١٨**




ئەم هەوڵەی بەڕێز هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد وەکوو هەوڵەکانی پێش خۆی، چەشنی سیمینارەکانی (مێژووی چەپ لە کوردستانی عێراق) ی هاوڕێیان موئەیەد ئەحمەد و موحسین کەریم و هاوڕێیانی کارگەران و ڕەوتی کۆمۆنیستی جاران لەسەر مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کە ئێستا بە دە بەش لە یوتوب دانراوە و دەتوانرێت ببینرێت و هەورەها کتێبی (مێژوویەک لە یادەوەری) بەڕێز سالار ڕەشید، جێگای دەستخۆشییە. ئەم کتێبە کە دوو بەرگە و خوێنەر هەر لەسەرەتاوە لە چاوەڕوانی ئەوەدا دەبێ تێکستێک بخوێنێتەوە دروست لەگۆشەنیگایەکی مارکسیزمەوە تەواوی گۆشە و کەلەبەرەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بپشکنێ و بخوێنێتەوە. یان لانی کەم هەوڵ

بدات، خوێندنەوەیەکی واقیعی بۆ ئەو بزووتنەوە کۆمۆنیستییە بکات، بێ ئەوەی بهێڵێ مەحفەلیزم و ئیگۆی خودگەرایی بەری چاوی خوێندنەوەکەی لێڵ بکەن. من ئەم کتێبەم بەو ڕوحییەتەوە خوێندەوە. بیریشم دێت کاتی خۆی هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد دوو سێ بەشی لە سایتی هاوپشتی بڵاو کردەوە. من یەکەمجار دەستخۆشیم لێکرد و دوایی بۆم دەرکەوت کە ئەو هاوڕێیە بەچاویلکەی کۆن ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنێ. دوای خوێندنەوەی ئەم دوو بەرگە هەرچەند لێرە و لەوێ سەرنج و ڕەخنەم لەم کتێبە بیستووە، بەڵام ئەو بەرێزانە خۆیان ئازادن چۆن ڕەخنەکانیان بەیان دەکەن. بەس بۆ من گرنگە بۆچوونی خۆم بە ڕۆشنی لەسەر ئەم کتێبە بنووسم و لەوە زیاتر تاخیری نەکەم. وای دەبینم ئەم کتێبە زۆر هەڵدەگرێ لەسەری بنووسرێ و ڕاست بکرێتەوە، بەڵام من بەهۆی سەرقاڵیم بە پرۆژە ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەکانم، ئەو دەرفەتەم نییە جگە لەم کورتە سەرنجانە. هیوادارم هاوڕێیانێک بتوانن ئیش لەسەر هەڵە و ناتەواوی و کەموکوڕییەکانی ئەم کتێبە بکەن. من هەوڵ دەدەم کورتە سەرنجەکانم بە خاڵ ڕیز بکەم، بەو ئومێدەی نووسەر بتوانێ بۆ چاپی ئایندەی کتێبەکە سوودیان لێ ببینێ و خاڵ لەسەر وشەکان دابنێ و بەشێکی باشی کتێبەکە هەڵگێڕێتەوە.

یەک: سەرەتا دەمەوێت بڵێم کە من وەک کادیرێکی ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست) و فەعالێکی سیاسیی کۆمۆنیستی کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دوای چەند ساڵ چالاکی لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، وازم هێنا و پەیوەست بووم بە ڕەوتی کۆمۆنیستەوە. دەمەوێ بێ هیچ غەدر لێکردنێک یان زیادەڕۆییەک ڕەوتی کۆمۆنیست وەک خۆی چۆن هەبووە ببینرێ و بخوێنرێتەوە و لەلاپەڕەکانی مێژووودا لەشوێنی شیاوی خۆی دابنرێ، نەک ناهەقی بەرامبەر بکرێ. لەگۆشەنیگای منەوە ڕەوت، ڕێکخراوێک بوو لەدونیای واقیعدا خاوەن دونیابینییەکی مارکسیستی ڕۆشن بوو. ڕەوت خاوەن تەشکیلاتێکی تۆکمە و پتەوە بوو. ڕەوت لە دڵی نائومێدی چەپی ئەو سەردەمەدا جێگەی ئومێد بوو. ڕەوت تاکە ڕێکخراوێکی بزووتنەوەی چەپ بوو کە تا ئاستێکی زۆر کرێکاریی بوو. ڕەوت پێداگیری زۆری دەکرد لەسەر مارکسیزمی ئەرسەدۆکس. ڕەوت هەڵگری دەیەها کادیری بەرجەستە و بەتوانا بوو لە کۆمەڵگەی کوردستان چ لە ئاستی تیئوری و چ لەبواری پراتیکدا. ڕەوت خاوەن هێزی چەکدار بوو. ڕەوت خاوەن تەرحی شوورا کرێکارییەکان بوو. ڕەوت خاوەن ڕۆژنامەی عەلەنی و بنکەی عەلەنی بوو. کەچی ئەم ڕەوتە لەکتێبەکەی هاوڕێ ڕێبواردا کاڵ کاڵ نیشاندراوە و هەموو ئەو دەست پێشکەری و ئیبتکارانە فەرامۆش کراون و وەلا نراون. یان سەرپێیی باس کراون و هەقی خۆیان نەدراوەتێ. ئەمەش بەدەوری خۆی بەهای زانستی ئەو کارە دێنێتە خوارەوە. باسکردنی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بەلاوەکی و بێبەهایی، مەحفەلیزمێکی دواکەوتووانەیە. گەورەکردنەوەی ئەو ڕێکخراوانەی کە بەرگەی ڕەخنەیەکی کادرە پلە دووەکانی ڕەوت کۆمۆنیستیان نەدەگرت و هەڵدەوەشانەوە، چ مانایەک دەدات بەدەستەوە؟

**من پێم سەیرە کادرە بەرجەستەکانی ئەوسای ڕەوتی کۆمۆنیست لەئاست ئەم هەوڵەی هاوڕێ ڕێبوار کە خەریکە مێژوووی تێکۆشانمان دەشێوێنێ، بێدەنگن؟**

**دوو: زمانی نووسینی ئەم کتێبە، زمانی دەیەی هەشتاکان و دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووە، زمانێکە کە زمانی چەپێکی سادە و ساکار و سەتحگەرایی بوو نەک زمانی سیاسیی و باسی تیئوری. چەپێک کە جگە لە شکاندنەوەی خۆی کارێکی تری نەبوو. ئەم زمانە ئەوکات و ئێستاش ناتوانێ خزمەت بە بزووتنەوەی سیاسیی بکات. زمانی ئەمڕۆ، زمانی وردبینی و پشتبەستنە بە فاکت، زمانی بەڵگە و دۆکیمێنتە، زمانی لێکدانەوەی زانستییە بۆ مێژووو و چینەکان و دیاردەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، نەک زمانێک کە بڕ نەکات چوار مەتر لەولای خۆیەوە ببینێ و شەلم کوێرم بکەوێتە ناو مێژوووییەکی پڕ لە تێکۆشانی سەدەها کادیر با ئەمڕۆش لەگەڵ حیزب نەبن. بەڵام خۆ هەر ئەمانە بوون حیزبیان دروست کرد و حیزبیان لەسەر قاچی خۆی دانا.**

**سێ: نووسەر زیاتر باسی ئیگۆی خۆی و ڕۆڵی خۆی دەکات وەک لە کارەکتەرە سیاسییەکانی تری ناو بزووتنەوەی کۆنیستی، کە هۆکار بوونە بۆ خوڵقاندنی ڕووداوەکان. وەک ئەوەی هەموو شتێک بە ئیرادە و ویستی ئەو چوویێتنە پێشەوە. ئەم ئیگۆیە ئەگەر لە ئەدەبدا بتوانی مانایەکی مەجازی وەربگرێ، ئەوا لە دونیای سیاسەتدا ناتوانێ زۆر هەناسە بدات و دواجار وەکوو بیست و دوو کۆپتەرەکەی مەلا بەختیار دەبێتە نووکتەی سەر سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.**

**چوار: بێئاگایی لەبەشێکی گەورەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کە ئەمە خەوشێکی گەورەیە بە کتێبەکەوە. ئەمە وا لە کتێبەکە دەکات بەهای سیاسیی و میسداقیەتی مێژوویی لەدەست بدات. چۆن دەکرێ کەسێک وەک هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد کە لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، وەک بە شێوازی نووسینی کتێبەکەوە دیارە کە بەڕێزیان ئاگایان لە جووڵەی مار و مێروو هەبووە، ڕێکخراوی (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)ی نەبیستبێ! ئایا ئەگەر نەیبیستووە، ئەمە ئاگایی و هۆشیاری ڕێبوار ئەحمەد ناخاتە ژێر پرسیارەوە؟ ئەی ئەگەر بیستوویەتی، فەرامۆشکردنی ئەم ڕێکخراوە ئەدەبییە کۆمۆنیستییە بیرتەسکی مەحفەلگەرایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو نەبێ، چییە؟. با بەفەرز داینێین کە ڕێبوار ئەحمەد حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستی بیر نەمابوو، ئەی خۆ ڕێبوار ئەحمەد ئاگای لەو کورتە نووسینەی من هەبووە بەناوی ( ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) کە باسی مێژوو و چالاکی ئەو حەلقەیەم کردووە و لەساڵی ٢٠٠٢ لە سایتەکانی هاوپشتی و دەنگەکان بڵاوم کردەوە. دیسان با بەفەرز داینێین ڕێبوار ئەحمەد ئەمەشی نەبینیوە و بەڕێزیان بەهۆی سەرقاڵییان بە کاری تیئوری کۆمۆنیستی، فریای خوێندنەوەی سایتەکان ناکەوێت، ئێ خۆ بەڕێزیان ئاگایان لە سیمینارە چەند ڕۆژییەکەی هاوڕێ موئەیەد ئەحمەد و**


هاوڕێیانی تر لەسەر مێژووی چەپ کە هاوڕێ (سادق عزیز) زۆر بە ڕوونی باسی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر دەکات، هەبوو. با وای دابنێین ئاگاشی لەمەشیان نەبووە، ئەی خۆ هەر هیچ نەبێ ئاگای لە کتێبە جوان و بەسوودەکەی کاک سالار ڕەشید هەبوو بەناوی ( مێژوویەک لە یادەوەری). خۆ لەو کتێبەی کاک سالاردا دوو ئەندامی دامەزرێنەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست کە عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ و هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)ن چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە. ئێ خۆ ناشێ بڵێت ئاگام لەمەشیان نەبووە؟!. چونکە ئەم بێئاگاییە خەوشێکی گەورەیە نەک تەنها بە کتێبەکەی ڕێبوار ئەحمەدەوە، بەڵکو جێگای ئەوەیە بەگومان بین کە تووشی لەبیرچوونەوەی خێرا بووە و ئەمەش وامان لێ دەکات نەتوانین ئیتر متمانە بەهیچ نووسینێکی ئەو بەڕێزە بکەین. ئەگەر هیچ لەمانەش وا نییە و ڕێبوار ئەحمەد ئاگاداری حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستە و ئاگاداری سیمینارەکانی هاوڕێیان موئەیەد ئەحمەد و ئەمجەد غەفوور و موحسین کەریمە و هەروەها ئاگاداری کتێبەکەی هاوڕێ سالار ڕەشیدە، ئەی بۆ باسی نەکردووە؟ بۆچی باسی نامیلکەیەکی ئەدەبی مەحفەلێکی ئەو سەردەمە دەکات(زەنگ)، ئەی بۆ باسی ڕێکخراوێک ناکات کە هەم کاری سیاسیی و هەم کاری ئەدەبی و هونەری دەکرد و خاوەن ڕێکخستن بووە و بە دەیەها کادر و ئەندامی هەبوو، گۆڤارێکی دەردەکرد بەناوی ڕابەر و یانزە ژمارەی لەو گۆڤارە بڵاو کردەوە و ئەمە جگە لە چەندین نامیلکەی ئەدەبیی و هونەریی. ئێوە بڵێن ئەگەر ئەمە عەقڵیەتی مەحفەلیزمی هەشتاکان نەبێ چییە؟

دواجار بەو پێیەی ئەم کتێبە کە تاهێزی نووسین بڕ بکا هۆشیارانە ئیشی لەسەر لێدان و وەلانانی کادر و ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کردووە، هەوڵی داوە بە ئەنقەست مێژووی تەیفێک لە کادیرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وەلا بنێ. بۆیە لەم سۆنگەوە ئەم کتێبە لای من هیچ ئیعتبارێکی سیاسیی مێژوویی نییە و جگە لە خۆ بە پاڵەوانزانی نووسەری کتێبەکە هیچ ئامانجێکی تری لەپشتەوە نییە و شایانی ڕەت کردنەوەیە.

تێبینی: ئەم کورتە نووسینە لە بڵاوکراوەی دیجیتاڵی بۆ پێشەوە ساڵی دووەم ژمارە ٢٥ی ١-٤-٢٠١٨ بڵاو بۆتەوە. بەڵام بەداخەوە لەسەر ڕۆژنامەکە بەروارەکە بەهەڵە نووسراوە ١-٤-٢٠١٧.

# وەڵامێک دوای ٢٥ساڵ

# شیکارییەکی ڕەخنەگرانە بۆ (شەرح و تەرح)ەکەی شوان محەمەد لە چەند خاڵێکدا



شەرح و تەرح

شوان محمد

ماوەیەك لەمەوبەر، بەنیاز بووم، لەسەر پێشنیارێك، کە هێشتا گەڵاڵەم نەکردبوو، سەبارەت بەفەرهەنگ و هونەرێکی دیاری کراو، قسەو باسێك ئامادە و پاك نووس بکەم، و لەتوێی لاپەڕە خنجیلەکانی شەبەنگی ئازیزدا، چاپ و بڵاو بکەمەوە.

مەخابن.هەرئەوەندەی دەستم دایە ئامادەکردنی باسەکە ...بینیم خەرمانێکی پەرش وبڵاو، ئەم پانتاییەی لێ تێك داوم، کە ئەگەر منیش هەر لەسەرەتاوە، پێشنیارەکەم بەیان بکردایە، ئەوا هەمان چارەنوس پێشوازی لێ دەکرد و لەوپەرش و بڵاوییەدا، ئەویش دەبووە هۆیەکی یارمەتی دەر.

دواجار، ناچاری وای لێ کردم، بەرلەوەی وەك خاوەنی قسەو باسێك، کارێك بەئەنجام بگەیەنم.پێویستە لەسەرم دەست بدەمە کۆکردنەوەی ئەو خەرمانە پەرش بڵاوە، وە لەشێوەی مێژووچەیەك. وەك هەوڵێکی سەرەتا کورتەیەك لەپێك هاتن و بەرێ کەوتنی ئەوەی پێی دەڵێن ئەدەب و هونەری کرێکاری، بنوسم، تادواتر، ئاسان تر بتوانین مەبەستەکەی خۆمان بپێکین و داوەری لێ بکەین.

سەرەتای پێش سەرەتا

لەقۆناغە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا، دوابەدوای بەجێ هێشتنی قۆناغی کۆمۆنی سەرەتایی، بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەسەر دوو جۆر و دووبەشی سەرەکی دا دابەش بووە.

لێرەوە ئیتر چەوساوەو چەوسێنەر، وەك دوو جەمسەری جیاواز و دژیەیەك ئەم سەرو

**نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**

**ناوەڕاستی مانگی ئابی ٢٠٢١**

**شـەرح و تـەرح لێکۆڵینەوەیەکـی ڕەخنەگرانـەی هـاوڕێ شـوان محەمـەدە(١) کـە خوێندنەوەیەکـی سـەرتا پاگیر و خێرایـە بـۆ ڕەوتـی ئەدەبـی سۆشیالیسـتیی کوردسـتان،**

**کە خوێنەر هەر دوای خوێندنەوەی هەست دەکات نووسەر جگە لە پەلەپرووزەیی، ناوردبینییەکی زۆریش تێدایە تا دەگات بە شێواندنی ڕاستییەکان و مێژووو. هاوڕێ شوان هەوڵیداوە یان ویستوویەتی نووسینەکەی بە بۆیەی مارکسیستی یان ماددی بنەخشێنێت، وەلێ لەم هونەرەیدا سەرنەکەوتووە ڕێک وەکچۆن لە لێکدانەوەکانیدا کورتی هێناوە. هاوڕێ شوان نەک نەیتوانیوە لێکدانەوەیەکی ماددییانە بۆ مێژووو بکات، بەڵکو لەنێو تەپوتۆی غرورییەکی بێمانادا دەیەوێت خوێنەر فریو بدات. ئیتر کۆمیدیاکە لێرەوە دەست پێدەکات و لەیەکەمین هەنگاویدا شەلم کوێرم دەکەوێتە نێو بزووتنەوەی ئەدەب و هونەری کرێکاریی و ئەوەی خۆی مەبەستییەتی، ئەوە دەنووسێت. من لێرە هەوڵدەدەم خاڵ بخەمە سەر پیتەکان و دوای ٢٥ ساڵ گەرچی ئاسانیش نییە بەم وەڵامەم شەرح و تەرحەکەی هاوڕێ شوان محەمەد وەک عەرزوحاڵێکی پڕ لە زانیاری هەڵە بنێرمەوە سەر مێزەکەی، بەڵام هەرچۆنێک بێت دەرخستنی ڕاستییەکان و ڕاستکردنەوەی مێژوووی شێواوی نێو ئەو لێکۆڵینەوەیە بەئەرکی خۆم دەزانم.**

**یەک: هاوڕێ شوان دەنووسێت (لەم سەرەتای پێکهاتنەوە ئێمە بەڕۆشنی لەدەستدانی سەربەخۆیی ئەدەب و هونەری کرێکاریی دەبینین. بۆیە دەبینین ئەدیبان و نووسەرانی کورد، لەسەرەتای ئەم پێکهاتە سەرخانییەدا بەشێوەی لێرە و لەوێ خۆیان بەچەمکی ئایدیۆلۆژیای کرێکاردا هەڵواسیوە تا لەوێ بەرهەقی ئازادیخوازی خۆیان بسەلمێنن.) (٢)جارێ ئەمە دروست نییە نووسەرانی سەر بەڕەوتی ئەدەبی سۆشیالیستی کوردستان بەمجۆرە ببینین. ئەم بینینە زۆر میکانیکییە. ناکرێت ئەوهەموو قوربانیدانەی نووسەران لەپێناو باوەڕی بەرزی مارکسیستییان ئاوا کاڵ و کرچانە تەماشا بکەین و ئەو غەدرە گەورەیەیان لێبکەین. ڕەنگە هاوڕێ شوان محەمەد بێئاگا بێت و نەزانێت، بەڵام خوێنەری وشیار دەزانیت بەدەیان نووسەر و شاعیر و ئەدیبی کورد هەبوونە نەک خۆیان بە ئایدیۆلۆژیای کرێکاردا هەڵنەواسیوە، بەڵکو ئەو باوەڕەیان وەکوو خوێن بەدەمارەکانی بیرکردنەوەیاندا لەهاتووچۆدا بووە. سەلامی شاعیر لە لووتکەی دەوڵەمەندییەوە وازی لەهەموو ناز و نیعمەتێکی شاهانەی ژیانی بنەماڵەکەیان هێنا و کەوتە خەبات لەپێناو چینی کرێکاردا. جەماڵ حەیدەری لە زینداندا لەسێدارە درا، شێخ مارفی بەرزنجی هەر بەوجۆرە لەسێدارە درا. ئەم شێواندنە جگە لەوەی غەدرێکی گەورەیە لە مێژوو و لە شاعیران و لە خوێنەر، لەهەمان کاتیشدا لەختوخۆڕایی فرێدانی بەردی فریوە بۆ نێو گۆمی نەزانی.**

**دوو: هاوڕێ شوان دەڵێت( بەبڕوای من گۆران یەکەم شاعیر بووە(*) بەتایبەت لەناو شاعیرە ناودارەکاندا شیعری بۆ کرێکار و سۆشیالیزم نووسیبێت.) (٣) هەروەها ئەم هاوڕێیەمان هەمان هەڵەی محەمەدی مەلا کەریمی دووبارە کردۆتەوە بەوەی کە گۆران یەکەم شاعیر بووە بەتایبەت لەناو شاعیرە ناودارەکاندا شیعری بۆ کرێکار و سۆشیالیزم نووسیبێت. نەخێر گۆران یەکەم شاعیر نەبووە و گەلێ شاعیر بەر لە گۆران شیعریان بۆ کرێکار و سوشیالیزم وتووە وەکوو زەینەبخانی مەلاڕەئوفی خادم سوجادە و**

**شێخ سەلام و سامی عەوداڵ و بەشدراو و تاد.(٤)**

**سێ: هاوڕێ شوان سەبارەت بە کانوونی هونەر و ئەدەبی کرێکاری کوردستان دەنووسێت( کانونی هونەر و ئەدەبیات – کوردستان )لە ساڵی ١٩٨٥دا دروست بوو. کانوون ئەگەرچی لەڕووی جوگرافییەوە سەر بەحیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بوو، بەڵام لەڕووی هەڵسوڕانی مەیدانییەوە چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکانی لە کوردستانی عێراقدا نمایش دەکرد.(٥) ببینین هاوڕێ شوان تووشی چ بەدبەختییەک بووە. یەک : سەرەتا ناوی ڕێکخراوەکە بە هەڵە دەنووسێت. کانوونی هونەر و ئەدەبیات – کوردستان )لەکاتێکدا ناوی دروستی ڕێکخراوەکە کانوونی هونەر و ئەدەبی کرێکاری کوردستانە. دوو: پاشان ئەمە چ عەقڵییەتێک و میتۆدێکە گۆڤارێکی ئەدەبیی و هونەریی کە مەغزای نێونەتەوەیی هەیە و هیچ سنوورێک ناناسێت و پێداگیری لەسەر بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران دەکات، لەم دەربیچە تەسکە ناوچەگەرێتییەوە لێی بڕوانی و بیخوێنێتەوە. ئایا ئەمە تەواوی شوناسی مارکسیستبوون و کۆمۆنیستبوونی هاوڕێ شوان ناخاتە ژێر پرسیارەوە. ئایا ئەمە بینینی لۆکاڵییانەی هاوڕێ شوان نییە بۆ دیاردەی هونەر و ئەدەبی چینایەتی کرێکاران؟**

**چوار: هاوڕێ شوان دەنووسێت ( ڕابەر لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٨ بەهەوڵ و کۆششی چەند نووسەرێک حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست پێکهات. پاشان ژمارە ١ ی گۆڤاری ڕابەر بەشێوەی نهێنی دەستاودەستی دەکرد..تاد.)(٦)تەماشای ئەم ڕستەیەی هاوڕێ شوان بکەن. خوێنەر نازانێت باسی گۆڤاری ڕابەر، یان باسی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست دەکات؟ جا باسی هەر کامێکیان بکات هەڵەیە چونکە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ دامەزرا نەک ١٩٨٨. ئینجا ژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەر لەمانگی تەمموزی ساڵی ١٩٨٧ هاتە بڵاوکردنەوە.**

**پێنج: هاوڕێ شوان دەنووسێت ( بێجگە لە دوو نامیلکەی نووسراوی دژی شەڕ و نامیلکەیەک بۆ وتارەکانی لینین کە ڕابەر وەریگێڕابوو سەر زمانی کوردی..تاد)(٧) حەز دەکەم ئەوە بۆ خوێنەر ڕوون بکەمەوە کە جگە لەو سێ نامیلکەی کە هاوڕێ شوان ئاماژەی پێداون، نامیلکەیەکی تر کە بەناوی (چرای شۆڕش) کە بریتیبوو لە پازدە شیعری سیاسی – چینایەتی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) لەساڵی ١٩٨٨ دا هاتە بڵاوکردنەوە. هەروەها ئەو نامیلکەیەی بۆ وتارەکانی لینین تەرخان کرابوو ڕابەر وەری نەگێڕابوو ، بەڵکو هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) لە عەرەبییەوە تەرجەمەی کردبوونە سەر زمانی کوردی.**

**شەش: هاوڕێ شوان دەنووسێت ( پاش دەرچوونی ژمارە ٥ ی گۆڤاری ڕابەر وابەستەیی خۆی بە یەکێک لە ڕێکخراوە چەپەکانی ئەو دەمەوە ڕاگەیاند.پاشان لەجێی حەلقەکە بوو بە ئۆرگانی تیوری ئەدەبی مارکسیستی. لێرە بەدواوە (ب سۆلین) لەجێی هۆشەنگ کاری دەکرد.)(٨) ئێوە بڕوانن هاوڕێ شوان چی نووسیوە. پاشان لە جێی حەلقەکە،**

واتـا ڕابـەر لەجێی حەلقەکە بـوو بـە ئۆرگانـی تیـوری ئەدەبـی مارکسیستی. ئاخر ئەمە لـە قووتـووی چ عەتارێکدا جێی دەبێتـەوە؟ چۆن گۆڤارێـک جا ناوەکـەی و تایتلەکـەی هەرچییـەک بێت، دەتوانێت جێی ئەو ڕێکخراوە بگرێتـەوە کە دەری دەکات؟ ئینجا هـاوڕێ شـوان هـەر لـە خۆیـەوە قسـە فڕێ دەدات و دەنووسێت (لێرە بـەدواوە (ب سۆلین) لەجێی هۆشـەنگ کاری دەکـرد.) ئەمـەش دروسـت نییـە و هەرگیـز (ب سـۆلین) لەجێـی هۆشـەنگ کاری نەکـردووە. دوای دەرکردنـی هۆشـەنگ لـە حەلقـەی ئەدیبانـی کۆمۆنیسـت. حەلقەکـە تەنهـا و تەنهـا جەمـاڵ کۆشش و عەبـدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) بـوون.

حـەوت: لە پەیوەست بـە جیهەتگیریـی کرێکاریـی هـاوڕێ شوان دەنووسێت ( گۆڤـاری نینـا ئاسـتی تێفکریـن و بۆچوونـی نینـا تراژیدیایەکـی دووبـارە بـووەوە بـوو!)(٩) بە پێـی ئـەم فەلسـەفەیەی هـاوڕێ شـوان بێـت جیهەتگیریـی چینایەتـی بـە تراژیدیـا دەبینێـت. چ ناحاڵیبوونێکە ئـەم نووسـەرە مەغـروورە بەئـارەزووی خـۆی کەوتۆتـە گیانـی شۆڕشگێڕانەی ڕێکخـراوە ئەدەبییـەکان و شـەلم کوێـرم ناپارێـزم تێیـان کەوتـووە. ئـەم نووسـەرە عەجیبـە بۆ وا خـۆی لـێ گـۆڕاوە؟ ئـەی چ عەجـەب دەسـتەی نووسـەرانی ئـەو گۆڤـارە چـۆن ئـەم هەمـوو بـێ ئاسـتی و هەڵـە و مێـژووو شێواندنەیان بەسـەردا تێپەڕیـووە؟

هەشـت: ئێـوە لـەم بەدبەختییـەی هـاوڕێ شـوان بڕوانـن. ئـەو دەنووسـێت(تەنانەت دەتوانیـن ئـەوەش ڕابگەێنیـن کـە نـاوی گۆڤـارەکان یـان ئۆرگانـەکان لـە هەمـان خەونـی چەپـەوە سـەرچاوەیان گرتـووە. ڕابـەر بـۆ ڕابەرایەتـی کردنـی کرێکاران و زەنگـی کرێکار بەئاگاهێنانـەوەی کرێـکار و ..تـاد)(١٠)مـن لام ڕوونـە نـاوی گۆڤـار یـان ئـۆرگان مـەرج نییـە پاشگری کرێـکار یـان مارکسیست یـان سۆشیالیسـتی بـەدواوە بێـت، بـەڵام ئـەوەش گرنگە کە نـاوی ئۆرگان یـان گۆڤـار لانـی کـەم دەبێت ئـامـاژە یـان دەلالەتێکی چینایەتـی هەبێت. ئایا دەکرێت گۆڤارێکی گاڵتەوگەپ نـاو بنێیت فرمێسک یـان شیوەن؟ بەڵـێ نـاوی گۆڤـاری ڕابـەر دەلالەتێکی چینایەتـی هەیـە و ئـەو دەلالەتـەش جێـی شـانازیمان بـووە و زۆر ئاگایانـەش ئـەو ناوەمـان هەڵبـژاردووە.

نـۆ: هـاوڕێ شـوان بەردەوامـە و دەنووسێت( هەمـوو ئـۆرگان و گۆڤـارەکان بەبـێ جیـاوازی تـا ئـەو جێیـەی دەستیان لـە چەمکێکی ئـەدەب گیربوو‌بێت یـان بەدوایـدا ڕایـان کردبێت، ئـەوا سـەرەتا و کۆتاییـان هـەر هەمـان تێڕوانینـی ڕیالیزمـی سۆشیالیسـتی بـووە.)(١١) ئێـوە سـەیری ئـەم حوکمـە گشـتییە بکـەن. لەلایەکـەوە سـووکایەتیکردنە بـە ڕێبازێکـی ئەدەبیـی و هونـەری کەلەبڕگەیـەک لەمێـژوووی خەباتـی چینایەتـی کرێکارانـی جیهـان دژ بـە سـەرمایەداری ڕۆڵـی گرنگـی گێـڕاوە لـە هۆشیارکردنەوەی کرێـکاران دژ بـە سـتەمی بـۆرژوازی. لەلایەکـی تریشـەوە تـاوانبارکردنـی ئـۆرگان و گۆڤـارە ئەدەبییەکانـە بـە کەوتنـە ژێـر کاریگـەری سۆشـیالیزمی سـتالینی. کاتێـک هـاوڕێ شـوان دەڵێـت ئـەوا سـەرەتا و کۆتاییـان هـەر هەمـان تێڕوانینی ڕیالیزمی سۆشیالیستی بـووە زۆر فێڵبـازانـە دایڕشـتووە و خوێنـەری سـادەی فریـو داوە.

**دە: هاوڕێ شوان لە کۆتایی نووسینەکەی یان شەرح و تەرحەکەی دەنووسێت( ناوهێنانی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی — هونەری زیندوو وەک ئەوەی کەمێک بەر لەئێستا باسمان کرد بە ئەدەب و هونەری کرێکاریی بەمانای بەرتەسک کردنەوەی ئەدەب و هونەری بەرفراوانی کۆمەڵایەتی ئازادیخواز و یەکسانی دەخوازیت تا ئاستی دۆگماتیزم.(١٢) بە بۆچوونی من کێشە لە تایتڵدا نییە بەڵکو لە جیهەتگیریی کرێکاریدایە، لە جیهەتگیریی چینایەتیدایە کە لینین بە ئەدەبی حیزبی ناوزەدی دەکات. ئەم بۆچوونەی هاوڕێ شوان ئەوەندەی هەستیارە بەرامبەر بە جیهەتگیری چینایەتی کرێکاران و ترسە لە مارکسیزم، نیو ئەوەندە دڵسۆز نییە بۆ ئەدەب و هونەری کۆمەڵایەتی چینی کرێکار.**

**دوای ئەم هەموو هەڵە دەستنیشانکردنەی نووسینەکەی هاوڕێی ئازیزمان شوان محەمەد، کە خۆی سەرنووسەری گۆڤاری شەبەنگ کە گۆڤاری مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریی بوو،خوێنەر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم نووسینەی ئەم هاوڕێیەمان (دەتوانین لە دەرەوەی پێرەوی نووسینی مارکسیدا دابنێین و یان تەنانەت غرووری خۆی وایلێکردووە لەدەرەوەی نووسینی مادیشدا بەحیساب بێت. چونکە لەبەر هیچ نا لەبەر ئەوەی دەورانی مێژوویی نووسینەکانی فەرامۆش کردووە. ئامانجی دەرخستنی خۆی بووە.)( ١٣)کێشەی هاوڕێ شوان کێشەی بینینی واقیعی بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەرییە لە کوردستان. ئەو گۆڤاری ڕابەر و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست وەک بەشێکی جیانەکراوە و دانەبڕاو و ناسەربەخۆ لە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست دەبینێت لە کاتێکدا حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر لە ئیش و کارەکانی خۆیاندا تەواو سەربەخۆ بوون. ئەمەش بۆ زەنگ و دەزگای زاریاش هەر وایە. هەروەها هاوڕێ شوان خۆی لە قەرەی دەیەی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەم نادات. وەک ئەوەی لەو دوو دەیەیە هیچ شاعیرێکی چینایەتی بوونی نەبووبێت. دوا قسەم لەسەر نووسینەکەی هاوڕێ شوان محەمەد (شەرح و تەرح) ناتەواو کاڵوکرچەکەی ئەوەیە کە نەیتوانیوە نەک هەر خوێنەر فریو بدات، بەڵکو ئەوساش و تەنانەت ئێستاش لەپاش چارەکە سەدەیەک کەلێی ورد دەبیتەوە و دەیخوێنیتەوە دەبینیت کە جوان پۆترێتی خۆی وەک نووسەرێکی لیبراڵی وردەبۆرژوا نەخشاندووە کەئەم پۆترێت و نووسینە نەک شانسی لە گۆڤاری شەبەنگ لێ زیادە، بەڵکو بڵاوکراوەیەکی سەردیواریش زۆرە بۆی. (١٤)**

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**(١)شەرح و تەرح لێکۆڵینەوە نووسینی شوان محەمەد گۆڤاری شەبەنگ ژمارە ٤ و ٥ ی ساڵی ١٩٩٦ لاپەڕە ٥-٢٥**

**(٢)شەرح و تەرح لێکۆڵینەوە نووسینی شوان محەمەد گۆڤاری شەبەنگ ژمارە ٤ و ٥ ی ساڵی ١٩٩٦ لاپەڕە ٦.**

**(٣)لێرەدا هاوڕێ شوان هەڵەی زەقی زانستی کردووە. هاتووە (*) پەراوێزێکی داناوە و لە پەراوێزدا**

**ناوی سەرچاوەکەی نووسیوە کە دیوانی گۆرانە. ئەگەرچی ئاماژە بە سەرچاوە گرنگە، بەڵام ئەمجۆرە پەراوێزدانانە هەڵەیە. چونکە لەڕووی زانستییەوە پێویستە بەمجۆرە پەراوێزەکە بنووسرێت( دیوانی گۆران سەرجەم بەرهەمی گۆران محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی وپەراوێزی بۆ نووسیوە بەرگی یەکەم چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق چاپی یەکەم ١٩٨٠ لاپەڕە ئەوەندە. ئیتر نەک هەر ئەم پەراوێزە، بەڵکو سەرجەم سەرچاوەکانی بەمجۆرە نازانستییە نووسیوە کە بەهای نووسینەکەی هێندەی تر هێناوەتە خوارەوە.**

**(٤)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەنتۆلۆژیای شیعری کرێکاریی کوردی عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریی هانا کوردستان چاپی یەکەم ٢٠٢١.**

**(٥)شەرح و تەرح لێکۆڵینەوە نووسینی شوان محەمەد گۆڤاری شەبەنگ ژمارە ٤ و ٥ ی ساڵی ١٩٩٦ لاپەڕە ١٠.**

**(٦)شەرح و تەرح لێکۆڵینەوە نووسینی شوان محەمەد گۆڤاری شەبەنگ ژمارە ٤ و ٥ ی ساڵی ١٩٩٦ لاپەڕە ١٢.**

**(٧)شەرح و تەرح لێکۆڵینەوە نووسینی شوان محەمەد گۆڤاری شەبەنگ ژمارە ٤ و ٥ ی ساڵی ١٩٩٦ لاپەڕە ١٢.**

**(٨)شەرح و تەرح لێکۆڵینەوە نووسینی شوان محەمەد گۆڤاری شەبەنگ ژمارە ٤ و ٥ ی ساڵی ١٩٩٦ لاپەڕە ١٢.**

**(٩)شەرح و تەرح لێکۆڵینەوە نووسینی شوان محەمەد گۆڤاری شەبەنگ ژمارە ٤ و ٥ ی ساڵی ١٩٩٦ لاپەڕە ١٨.**

**(١٠)شەرح و تەرح لێکۆڵینەوە نووسینی شوان محەمەد گۆڤاری شەبەنگ ژمارە ٤ و ٥ ی ساڵی ١٩٩٦ لاپەڕە ١٨.**

**(١١)شەرح و تەرح لێکۆڵینەوە نووسینی شوان محەمەد گۆڤاری شەبەنگ ژمارە ٤ و ٥ ی ساڵی ١٩٩٦ لاپەڕە ١٩.**

**(١٢)شەرح و تەرح لێکۆڵینەوە نووسینی شوان محەمەد گۆڤاری شەبەنگ ژمارە ٤ و ٥ ی ساڵی ١٩٩٦ لاپەڕە ٢٥.**

**(١٣)دەستنووسی نامەی جەمال کۆشش بۆ عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) لە بەرواری ٢٠-١٢-١٩٩٧**

**(١٤)لەکاتی دووبارە نووسینەوەی دێر و پەرەگرافەکانی نووسینەکەی شوان محەمەد دەستکاری ڕێنووسم کردووە.**

# جێوشوێنی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست

# لە نێو بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریی لە کوردستانی عێراق

**نووسینی: عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)(*)**

**زۆر بەر لەو مێژووەی کە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست دابمەزرێت، نزیک بە سێچارەک سەدە،نووسەرانێک لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریی و سۆشیالیستیی خەریکی دەستوپەنجە نەرمکردن بوون لەگەڵ دەقی ئەدەبی کرێکاریی و مارکسیستیی. مێژوویەک کە بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریی لە جەرگەی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیدا تۆماری کردووە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەیەی بیستی سەدەی بیستەم. سەرەتای ئەو مێژووە؛ ئەو بزووتنەوە ڕادیکاڵە، لەژێر قوورسایی کاریگەری ناسیونالیزم و سۆشیالیزمی ستالینیدا بوو. نابێت بیرمان بچێت کە ژیانی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە چینایەتییە کرێکارییە پڕ لە هەڵکشان و داکشان بووە. دیارە بێگومان ئەمەش پێبەپێی گەشە و بەرەوپێشچوون یان پاشەکشەی بزووتنەوەی کرێکاری بووە. ئاشکراشە وەکچۆن بزووتنەوەی ئەدەبی نەتەوەیی خاوەن دەیان شاعیر و نووسەریی بەتوانا و بەهێز بووە، ئەوا بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریش دەیەها شاعیر و نووسەریی بەتوانای هەبووە و هێناوەتە دەرەوە. ئینتمای چینایەتی و سیاسی زۆربەی هەرە زۆری ئەدیبانی کرێکاری سەر بە ڕیالیزمی سۆشیالیزمی، ئینتما بووە بۆ سۆشیالیزمی ستالینی و ماویزم، واتە ئینتمایەکی ڕووکەشیی سیاسییان هەبووە بۆ چینی کرێکار نەک ئینتمایەکی قووڵی چینایەتی. کاتێ بەرهەمەکانی ئەو تەیفە لەنووسەران دەخوێنینەوە، ئەوسا لە تایبەتمەندییەکان و جیهانبینی چینایەتیان تێدەگەین. تێدەگەین کە ئەو ئەدیبانە چەند فرسەخ لە مارکسیزمەوە دوور بوونە، تێدەگەین کە**

چەند ڕووکەشانە لە سۆشیالیزم گەیشتوون، تێدەگەین کۆمۆنیستبوونی ئەو ئەدیبانە، تا ئەو پەڕی ناڕۆشنی، ناڕۆشن بووە.

ئینتمای سیاسیی شاعیرانی کورد بەسەر هەردوو تەرەفی حیزبە شیوعییە تەقلیدییەکان و کۆمەڵە و ڕێکخراوە ماوییەکانی ئەو سەردەمەدا دابەش دەبن. دیارە لەم نێوەدا شاعیرانی بەرەی یەکێتیی سۆڤییەت(یان وەک دەڵێن لایەنگری ڕیالیزمی سۆشیالیستیی) پشکی شێریان بەر دەکەوێ. ئەم ئینتمایەی شاعیرانی سەر بە سۆشیالیزمی ستالینیی کە ئەمڕۆ لە پانتایی ئەدەبی کوردیدا لەسەر کرێکار و ئەدەبی کرێکاریی دەژمێردرێ،لەڕاستیدا چەند فرسەخ لە خەباتی چینایەتی کرێکارەوە دوور بوونە و ڕۆشنبیرانی کوردی دژ بە مارکسیزمیش بەردەوام ڕەواجی پێدەدەن. ئەو بیرمەند و ڕەخنەگرە ناسیونالیستە بۆرژواییانە چاک دەزانن چۆن خۆڵ دەکەنە چاوی کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەتی کورد ئاگایان لەمێژوووی ئەدەبی کرێکاریی کوردستان نییە، بۆیە ئەو چەواشەکارییانەی ڕەخنەگرانی ناسیونالیستی کوردیان بەسەردا تێدەپەڕێ. بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی ئەرکییەتی ناوەڕۆکی ئەو ڕیالیزمە شیبکاتەوە و جارێکی تر بە گەڕانەوە بۆ ئینسان، بە عەزمێکی پۆڵایینەوە پێ لەسەر پایەکانی ئەدەبی کرێکاریی دابگرێت و گەشەی پێبدات. لەنیوەی دووەمی دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، بەدیاریکراوی دوای ئاشبەتاڵ، ئاڵوگۆڕێک کە هاتە ئاوارە بەتایبەتی لەنێو تەپوتۆز و هەیەجانی ماویزم و ستالینیزمدا ڕەوتە سیاسییە ناڕازییەکان کەوتنە خۆ نمایشکردن و خۆ جیاکردنەوە. ڕێکخراوی تێکۆشانی کارگەران لە عێراق و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و گروهی سەهەند و دواتر (اتحاد مبارزان کمونیست) لە ئێران بوون بە سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لە تێگەیشتن لە مارکسیزم و دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی کۆمۆنیستی و کرێکاریی لە ناوچەکە. ئیتر لەنێو هەناوی قەیرانە سیاسییەکانی حیزبە بەناو کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا، گەلێ گروپ و دەستە و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی هاتنە دامەزراندن و خۆیان وەک ئەلتەرناتیڤی سۆشیالیزمی ستالینیی ڕاگەیاند. ڕێکخراوی کارگەران کە لە ساڵی ١٩٧٦ هاتە دامەزراندن بوو بە یەکەمین ئالتەرناتیڤی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقی. لە ئێرانیش دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی کۆمۆنیزم توانی خێرا خۆی لە ڕەوتە نا مارکسییەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران جیا بکاتەوە و گەشە بکات. بەم پێیەش ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و کۆتایی هاتن بە ستەمی پاشایەتی و هاتنە ئارای فەزایەکی سیاسیی کراوە ئەدەب و هونەری شۆڕشگێرانەش هەنگاوی بەرەو پێش نا چونکە(بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ وسیاسیبوونەوەی کۆمەڵی ئێران لە جەرگەی قەیرانی شۆڕشگێڕانەدا، هونەر و ئەدەب زیاتر لە جاران کێشرایە مەیدانی خەباتی سیاسی – کۆمەڵایەتی. کاریگەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ناکرێ بەردیدە نەگیرێ. ئەم کاریگەرییە هەم لەڕووی سیاسی و هەمیش لەڕووی ئەدەبییەوە هێند بەرچاو بوو کە گەلێ بەرئەنجامی پۆزەتیفی

لێکەوتەوە. هەوڵە جوانەکان و سرووده کارگەرییەکانی ئەنوەر نەجمەدین و ئەمین پۆڵا و ناسری ڕەزازی و نەجمەی غوڵامی و عەبدوڵا دڵسۆز و لالۆ ڕەنجدەر و نەجم محەمەد و ڕەزا یوسف بەگی و کامەران عەبدولڕەحمان لە دۆخی سیاسی جیاجیادا، جێگای ستایشن. هەروەها دروستبوونی کانوونی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی ئەدەبی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ساڵی ١٩٨٥ و پێکهاتنی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٨٧ وەک ڕێکخراوێکی ئەدەبیی کە دواتر پەیوەست بوو بە (ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست)ەوە، توانیان ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن لە بردنە پێشەوەی ئەدەبی کرێکاریی و سۆشیالیستیی. هەرچەندە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیی وپتەو لە نێوان ئەو دوو ڕێکخراوەدا نەبووە، بەڵام دوور بە دوور ئاگایان لەیەک بووە و هەمان کار و چالاکی ئەدەبییان ئەنجام داوە(١).

لەگەڵ دروستبوونی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە کوردستانی عێراقدا، بزووتنەوەیەکی ئەدەبی ڕادیکاڵ و ڕۆشنی کرێکاریی کەوتە هەنگاونان و تەیفێک لە نووسەرانی هەڵخراند، کە ئەو نووسەرانە تا ئەم ساتی نووسین و ئامادەکردنی ئەم کتێبەش لە نووسین و بەخشش و داهێنان بەردەوامن. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست گەرچی بەداخەوە لەدوای کۆڕەوەکەوە وەستا، (٢) بەڵام ئەم بزووتنەوەیەی کە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست سەرقافڵەی بوو نەوەستا و لەهەنگاونان بەردەوام بوو. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لەڕاستیدا دەتوانم بڵێم ڕووداوێکی ئەدەبی- سیاسی بوو کەکاریگەری بەسەر تەواوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێی عێراقدا هەبوو. وە توانی ببێتە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو قۆناغی مێژووی بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریی لە کوردستانی عێراق. چونکە ئەم حەلقەیە بە چەند تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە کە جیای دەکاتەوە لەهەر بزووتنەوە و ڕێکخراوێکی ئەدەبی کرێکاریی بەر لەخۆی وەک:

یەک: دامەزرێنەران و نووسەران و شاعیران و ئەدیبانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، بەرچاو ڕوونبوون سەبارەت بە کێشە سیاسی و ئەدەبییەکان و نزیکایەتییەکی زۆریان هەبوو لەتەک مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیزمی مارکس. ئینسان حەلقەی بنچینەیی کارکردنی ئەم حەلقەیە و بەهای ئینسانیی خاڵی لێوە هەستانیان بوو..

دوو: بەشێکی بەرچاوی دەقەکانی نێو گۆڤاری ڕابەر، لە تێروانینێکی مارکسیی و لەژێر ڕۆشنایی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ یان کۆمۆنیزمی کرێکاریدا نووسراون و بە ئاشکرا لایەنگیری چینی کرێکارن لە خەبات دژ بە بورژوازی، دوور لەهەر خۆشباوەڕییەکی بۆرژوازییانە.

سێ: بەرهەمە ئەدەبییەکان بە جیدیی پارێزەری بەرژەوەندی کرێکاران بوون دژ بە سەرمایەداران. دەقەکان جەغدیان لە کرێکاریبوونی خۆیان دەکەنەوە و ئینتما و جیهەتگیریی دەقەکان بەڕۆشنی چینی کرێکار و بەرژەوەندی ئەو چینە لە ململانێیدا لەگەڵ بورژوازی دەپارێزێت و بەیان دەکات.

**چوار: وەستانەوە بەرامبەر بەهەر هەوڵێکی بورژوازییانە کە دەیەوێ ئەدەب و هونەری کرێکاریی لە ناوەڕۆکی خەباتکارانەی خۆی بەتاڵ بکاتەوە و بیکاتە ژێر کاریگەرییەکانی قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییە بورژوازییەکان.(٣)**

**لێرەوە دەگەین بەوەی کە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست سێ کاری زۆر گرنگی ئەنجامدا.**

**(١)توانی دەقی کرێکاریی شۆڕشگێرانە بکاتە بناغەی هەڵسەنگاندن و بڵاوکردنەوە.**

**(٢)توانی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی باشتر لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریدا دابکوتێت.**

**(٣)توانی ژمارەیەکی باش لە ئەدیبان و نووسەران و قەڵەمبەدەستانی مارکسیستی لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، کە ژمارەیان لەسەرووی پازدە نووسەر دەبوون. کەبەڕاستی ئەو ژمارەیە بۆ ئەو دۆخە سیاسییەی کە تەژی بە سەرکوت و خەفەقانی بەعس بوو، کەم نییە.**

**بەم پێیە حەلقەی ئەدیبابی کۆمۆنیست لە حەلقەیەکی سێ کەسییەوە دەبێت بە حەلقەیەکی گەورەی دەورەدراو بە نووسەران و ئەدیبان کە نەک لەلای ڕێکخراوێکی وەک ڕەوتی کۆمۆنیست کە نزیکایەتی زۆری هەبووە و پاشتریش پێوەی پەیوەست بووە، بەڵکو لەلای ڕێکخراوەکانی ئەو سەردەمەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێ لە عێراق، دەبێت بە ڕەقەم و حیسابی سیاسی و وردی بۆ دەکرێت. ئەمەش بەو دەلیلەی کە:**

**یەک: بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕێکخراوەکانی ئەو سەردەمە کەوتنە ڕەخنەگرتن لە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەوەی کە ڕێکخراوێکی ئەدەبییە و نابێت سیاسەت بکات. هەروەها ڕەخنەیان دەگرت بەوەی کە سەر بە ڕەوتی کۆمۆنیستن.**

**دوو: ڕێکخراوەکانی تری ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق، وەک ململانێی و مونافەسەی ڕێکخراوەیی کەوتنە دروست کردنی ڕێکخراو و دەزگای ئەدەبی لەچەشنی شانەی ئەدیبانی پرۆلیتاریا و دەزگای زاریا.(٤)**

**حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ئیتر لە دەوروبەری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەوە نەمابوو هەر حەلقەیەکی ئەدەبی بێت، بەڵکو ببووە هێزێکی مەعنەوی بۆ ئەدیبان و هونەرمەندان. هەناسەیەک کە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەخشیبوویە بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریی، ببووە سەرچاوەی وزە و توانای ئەدیبان و هونەرمەندانی کوردزمان لە کوردستانی عێراق. بۆیە بێهۆ نەبوو دوای لەمەیدان نەمانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە ڕووداوەکانی ١٩٩١، ئەو وزە شاراوە و توانا ئەدەبییەی کە هەبوو بەردەوام دەبێت و ژمارەیەکی زیاتر لە ئەدیبان و هونەرمەندان بەدوای ڕێچکەی خۆیدا کێش دەکات و چەندین هەوڵی تر دێننە دەرەوە کە دەبنە بەشێک لە شانازییەکانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست. وەک کۆمەڵەی ئەدەب و هونەری شەبەنگ – نینا و گۆڤاری**

**ئەدەبی کرێکاریی و مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریی.(٥)**

**بەمجۆرە وزە و توانای حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بەردەوام بوو لەنێو بزووتنەوەی ئەدەبی کرێکاریی نوێ کە توانی ببێتە چرایەکی گەش لە تاریکستانی ئەو قۆناغە لە ژیانی چینی کرێکاری کوردستان ڕووناکی خۆی ببەخشێتەوە و خۆشبەختانە هەستکردن بەو ڕووناکییە تا ئەمڕۆش هەر درێژەی هەیە.**

**پەراوێز و سەرچاوەکان :**

(١)ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردی، عەبدوڵا سلێمان ( مەشخەڵ ) لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریی هانا. چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١. لاپەڕە ٤٧.

(٢)هۆکاری وەستانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست نە خۆ هەڵوەشاندنەوە بوو و نە بێتوانایی حەلقەکە بوو لەبەرامبەر دۆخی تازەی کۆمەڵگە، بەڵکوو سووتان و برینداربوونی مەشخەڵ و ئینجا خۆتەرخانکردنی مەشخەڵ بوو دوای چاکبوونەوەی بۆ کاری جەماوەریی و هەروەها دانانی هاوڕێ جەمال کۆشش بوو لە بنکەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست لە شارەکانی هەولێر و ڕانیە.

(٣) عەبدوڵا سلێمان ( مەشخەڵ ) ئەنتۆلۆجیای شیعری کرێکاریی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریی هانا. چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١. لاپەڕە ٤٧.

(٤)لەوانە شانەی ئەدیبانی پرۆلیتاریا کەلە هیوا و بارام و ملکۆ و سەروەر پێکهاتبوون و گۆڤارێکیان دەردەکرد بەناوی زەنگی کرێکار کە چوار ژمارەو دوو پاشکۆی لێدەرچوو. دوای نەمانی گۆڤاری زەنگی کرێکار لەدوای ساڵی ١٩٩١، ئیتر دەزگای زاریا دێتە دامەزراندن و یەک دوو نامیلکە بڵاو دەکەنەوە و دوای کەمتر لە ساڵێک لە تەمەن ئیتر ئەوانیش کۆتاییان دێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە شەرح و تەرح نووسینی شوان محەمەد گۆڤاری شەبەنگ ژمارە ٤ و ٥ ی ساڵی ١٩٩٦، لاپەڕە ١٤.

٥-گۆڤاری نینا وەک گۆڤارێکی ئەدەبی کرێکاریی ژمارە یەکی لە ساڵی ١٩٩١ دا بڵاوبۆوە کە دەستەی نووسەرانی پێکهاتبوو لە جەمال کۆشش. ناڵە حەسەن، کاروان عومەر، نیگار، شەماڵ، کەمال عەزیز. ئەم گۆڤارە چوار ژمارەی لێدەرچوو و ئینجا لە ژمارەی ٥دا لەگەڵ تیپی شانۆی مژدە و چەند تێکۆشەرێکی تری بواری فەرهەنگی هونەری کرێکاری یەکدەگرن و کۆمەڵەی هونەری شبەنگ – نینا پێکدێنن. گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری ژمارە یەکی لە ساڵی ١٩٩١ بڵاو بۆوە و سەرنووسەرەکەی عەباس شوان بوو. ئەم گۆڤارە ٣٣ ژمارە و چەند پاشکۆی لێ بڵاوکرایەوە. مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریی لە تەممووزی ساڵی ١٩٩٣ یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی خۆی بەست لەشاری سلێمانی و گۆڤاری شەبەنگی دەردەکرد. ئەم مەڵبەندە لە کانوونی ئەدەب و هونەری کرێکاری کوردستان، کۆمەڵەی هونەری شەبەنگ – نینا، گۆڤاری ئەدەبی کرێکاریی، تیپی شانۆی نینا، تیپی شانۆی ئایار و چەندین کەسایەتی ئەدەبی و هونەری پێکهات. ساڵی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ دوو فیستیڤاڵی ئایاری سازدا و لە چەندین شار و شارۆچکە چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکانی خۆی نمایش کردووە.

(*)(*)**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی وپاشان پەیمانگای تەکنیکی لە ساڵی ١٩٨٦ هەر لە کەرکووک تەواو کردووە. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە شیعر دەنووسێت و لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و سایتە ئەلەکترۆنییەکان شیعر و وتاری ڕەخنەیی ئەدەبی و سیاسی و جەماوەری بڵاو کردۆتەوە. بەشداری چەندین کۆڕی شیعری کردووە.لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ جەمال کۆشش و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) «حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» دادەمەزرێنن و بۆ ماوەی سێ ساڵ پانزە ژمارە لە گۆڤاری «ڕابەر» دەردەکەن. یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان لەساڵی١٩٩٢ . یەکێک بووە لەو پەنجا ئیمزاکەرانەی وەک دامەزرێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەساڵی ١٩٩٣ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیان دامەزراند. یەکێک بووە لە کادرە دامەزرێنەرەکانی بزووتنەوەی بنیادنانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست – عێراق لە ساڵی ١٩٩٨. سەرنووسەری چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی «دەنگی بێکاران، زمانحاڵی ڕێکخراوی یەکێتیی بێکاران لە کوردستان» بووە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢ – ١٩٩٤ کەلەشاری هەولێر دەردەچوو. ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەردوو خوولی گۆڤاری هانا بووە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٧ –٢٠٢٠ کە لە وڵاتی سوید دەردەچوو و ئێستاش لەگەڵ هاوڕێ سلێمانی قاسمیانی سەرپەرشتی گۆڤاری هانا دەکەن.. لەگەڵ هاوڕێ جەمال کۆشش سەرپەرشتیاری بانیژەی ئەدەب و کلتوور لە ڕۆژنامەی ڕەوت دەکەن و تا ئێستا شانزە ژمارەیان لێ دەرهێناوە. عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) تا ئێستا نزیک بە بیست کتێبی لە بوارەکانی شیعر و شانۆ و وەرگێران و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی چاپ و بڵاو کردۆتەوە. بۆ ماوەی دوو ساڵ ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی بریتیش کۆلۆمبیا بووە و ئێستاش ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە و هەروەها ئەندامی یەکێتیی گشتی ئەدیبان و نووسەرانە لە عێراق. لەساڵی ١٩٩٩ وە لەکاری سیاسی و حیزبی دوور کەوتۆتەوە و ئێستاش دوو دەیە زیاترە لە وڵاتی کەنەدا دەژێت.**

# بەشی دووەم

## حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر لە یادگەی هاوڕێیاندا

- موئەیەد ئەحمەد
- نادر عەبدولحەمید
- سەمیر نووری
- جەماڵ ئەیوب
- نەوزاد مدحەت(گۆران عەبدوڵا)
- سەباح ئیسماعیل(ئۆژین)
- عارف کوردە(ئاگرین)

# گۆڤاری «ڕابەر» و «حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست»

## یادەوەری و هەڵسەنگاندن

نووسینی : موئەیەد ئەحمەد(*)

٢٤ ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢



پێشنیوەڕۆی ڕۆژێکی زستانی ١٩٨٨-١٩٨٩ بوو؛ کە هاوڕێ جەماڵ( نادر عەبدوالحەمید) هاتەوە بۆ ئەو ماڵە بچووکەی تازە گرتبوومان بەکرێ لەسەرچناری سلێمانی بەرامبەر ویستگەی کارەباکە، کە لە دوو ژوور و مەتبەخێک پێکهاتبوو، کە من و هاوژینم ( شیرین عەبدوڵا) و هاوڕێ جەماڵ و هاوژینی (سوریا تاهیر) تیایدا ئەژیاین، بەڕوویەکی خۆش و زەردەخەنەیەکی گەش و ئارامەوە، هەر وەک ئارامی ئێستای، وتی ژمارەی تازەی گۆڤاری «ڕابەر» دەرچووە و هاوخەتی خۆیان لەگەڵ «ڕەوتی کۆمۆنیست»دا ڕاگەیاندووە. منیش لە ناخەوە خۆشحاڵبووم و وتم جەماڵ گیان ئەمە مژدەیەکی زۆر خۆشە و خۆت ئەزانی بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە. دواتر ئەو وردەکاری تری باسکرد کەچۆن لەم ژمارە تازەیەی گۆڤاری «ڕابەر» دا هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ساغ بوونەتەوە لەسەر ئەم بڕیارە.(١)

لە یادمە کە بەناوەرۆکێکی لەم چەشنەوە وتم ئیتر تەواو «ڕەوتی کۆمۆنیست» و ئەم خەتە مارکسیستییە ئەبێت بە کۆمەڵایەتی و بڵاو ئەبێتەوە لە ناو کۆمەڵگەدا و تازە لەخەم ڕەخساین و ئەمە جگە لەبایەخی بۆ خۆدی گۆڤاری ڕابەر. هەروەها هەردووکمان جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە دیارە ئەم دەستە ئەدیب و نووسەرە سۆشیالیست و ئازادیخوازە هەروا بەئاسانی ئەم هەنگاوە نانێن تەنانەت گەر هەمووشیان ئەندامی ڕێکخراوی «ڕەوتی کۆمۆنیست» بن و ئەم نیشانەی دیاردەی ترە.

با بگەڕێمەوە بۆ ئەو کاتەی کە یەکەم ژمارەی گۆڤاری ڕابەر دەرچوو لە هاوینی ١٩٨٧دا، لەو کاتەدا بارودۆخی ئەمنی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست باش نەبوو، بەتایبەت هی ناوەندەکەی واتە ڕابەری ڕەوت، هاوڕێیان نادر عەبدولحەمید و عوسمانی حاجی مارف و موئەیەد ئەحمەد و هەموو فامیلی و کەسوکار و دۆست و هاوڕێیانی نزیک لێمانەوە کەوتبووینە بەردەم هەڕەشەیەکی ئەمنی جدییەوە. دەرگیری کێشەیەک بووبوین و وەزعیکی زۆر نالەبار گەمارۆی دابووین، سەرباری ئەمانەش بەشێک لەچەپ کەوتبوونە پڕوپاگەندەی نابەجێی و تەنانەت گەرکردنیش بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و هەندی لە هاوڕێیانمان و هەر ڕۆژە بەڵایەکمان بۆ قووت ئەبووەوە لەسەر شتی زۆر لاوەکی.

ئێمە لەو کاتەدا لەناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیستدا؛ بەشێکی باشی کات و ئینێرژیمان بەم کێشە و دەردی سەرییانەوە ئەڕۆشت لەبەرئەوەی بارودۆخەکەمان زۆر حەساس بوو و ئەتوانم بڵێم سادەترین هەڵە و تەنانەت هەڵسوکەوتێکی بیرلێنەکراو لەلایەن هەر هاوڕێ و دۆستێکمانەوە یان کەسوکارمانەوە، ئەبووە مایەی ئەوەی بەردەست دەزگا ئەمنییەکانی بەعسی فاشیست بکەوین و بگیرێین. لەم بارودۆخەدا بووین هەواڵی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری ڕابەرمان پێگەیشت کە زۆر دڵخۆشی کردین و ئاسۆیەکی کردەووە بە ڕوومانـدا و هێز و توانایەکی باشی پێبەخشین.

هەواڵی دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری ڕابەرمان هەر لەلایەن هاوڕێ نادرەوە پێگەیشت کە ئەو پەیوەندی بەخەتی ڕێکخراوەیی کەرکووکەوە هەبوو لەڕێگەی هاوڕێ سەمیر نورییەوە. هاوڕێ سەمیر نوری ڕاستەخۆ لەگەڵ ئەندامانی ڕەوت، جەماڵ کۆشش و عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) لە پەیوەندا بوو و ئەم دوو هاوڕێیەش لەگەڵ هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (هۆشەنگ)دا لەناو حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستدا خەریکی چالاکی بوون. هەربۆیە هەواڵەکانی گۆڤارەکە و هەرشتێکی تازە پەیوەندی بەحەلقەکە و گۆڤاری «ڕابەر» ەوە هەبوایە ئەگەیشتەوە بە ناوەندی ڕێکخراوی «ڕەوتی کۆمۆنیست» و ئیتر گۆڤارەکەش لە ناو هاوڕێیاندا بڵاوئەکرایەوە.

کاتێک کە گۆڤاری «ڕابەر» دەرچوو؛ هەم ئامادەیی ئەوتۆمان نەبوو و هەم نەپەرژاینە سەر ئەوەی باسی تیوری ئەدەب بهێنینە ئاراوەوە و ڕاو وبۆچوونەکانمان گەڵاڵە بکەین سەبارەت بە»حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» و گۆڤاری «ڕابەر» و وتار و بەرهەمەکانی. ئەمەش لەلایەکەوە بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەوە کە تێکەوتبووین و لەلایەکی ترەوە، بەپلەی سەرەکی، بەهۆی ئەوەی کە ناوەندی ڕەوتی کۆمۆنیست لەبوارەکانی ئەدەب و هونەر، بەپێی پێویست قووڵ نەبووبۆوە.

ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بەمنـەوە بێـت، لـەو ناوەنـدەدا، زیاتـر نووسـینەکانی پلیخانۆفـم خوێندبـووەوە و لەژێـر کاریگـەری بۆچوونەکانـی (لینیـن)دا بووم، بەتایبـەت هەڵویسـتەکانی ئـەو سـەبارەت بـە بەرهەمـە ئەدەبییەکانـی ڕۆمانووسـی بەناوبانگـی ڕووسـی لیـو تۆلسـتۆی، کـە ئەڵـێ هەمـوو ڕەوتێکـی ئەدەبـی و جوانناسـی فەلسـەفەیەکی لەپشـتە(٢) و ئـەدەب جیـا نییـە لـە بەرژەوەنـدی چینایەتـی و خەباتـی نێـوان چینـەکان و هەروەهـا جەختکردنـی ئـەو لەسـەر ئەدەبـی حزبـی.

هـەردوو هاوڕێیانـی تریـش لـە ناوەنـدی ڕێکخـراوی ڕەوتـی کۆمۆنیسـت هـەروەک لەیـادم بێـت؛ نووسـراوەکانی پلیخانـۆف و لینیـن یـان خوێندبـووەوە و ئـاگاداری هەڵوێسـتەکانی لینیـن بـوون دربـارەی تۆلسـتۆی. ئەمـەش کاریگەرییەکـی هەبـوو لەسـەرمان کـە تارادەیـەک واقعبینانـە سـەیری ئـەدەب و جوانناسـی بکەیـن. ڕاوبۆچوونەکانـی مارکـس و ئەنگلزمـان لەسـەر ئـەدەب بەشـێوەیەکی تایبـەت دیراسـە نەکردبـوو، بەڵکـوو بۆچوونـی ئەوانمـان لەدووتوێـی نووسـینە فەلسـەفی و ئابـوری وسیاسـییەکانیان هەڵئەهێنجـا، ئەمـە جگەلـەوەی کـە بابـەت و نووسـینە سیاسـییەکانی مارکسـیزمی شۆڕشـگێر بەتایبـەت نووسـینەکانی مەنسـور حیکمەتمـان ئەخوێنـدەوە. بـە هـەر حاڵ؛ هیـچ کـەس لـەو سیانەمان نـە ئەدیـب و هونەرمەنـد و ڕەخنەگـری ئەدەبیـی بوویـن و نـە خوێنەرێکـی تێـر و تەسـەلی بەرهەمـە ئەدەبییـە جیهانـی و ناوخۆییەکانیـش بوویـن. دیـارە ئەمـەش کـەم تـا زۆر کاریگـەری خـۆی بەجێئەهێڵـێ لەسـەر گەڵاڵەکردنـی سیاسـەتی مارکسـییانە لەبەرامبـەر ئـەدەب و هونـەر و جوانناسـیدا.

بـە لەبەرچاوگرتنـی بـاری ئەمنـی خۆمـان و ئاسـتی فیکـری ئـەو کاتەمـان سـەبارەت بـە ئـەدەب و هونـەر، ئـەوە زۆر پۆزەتیـڤ بـووە، بـە ڕای مـن کـە پێشـوازی گەرممـان کـردووە لـە دەستپێشـخەرییەکەی هاوڕێیـان جەمـاڵ کۆشـش و عەبـدوڵا سـلێمان( مەشـخەڵ)، و ژمـارەی پێنجـی گۆڤـاری «ڕابـەر» مـان بەشـۆڕوشەوقەوە بڵاوکردۆتـەوە، و بەبەشـێک لەپێشـکەوتنی ئەدەبـی شۆڕشـگێڕانە و ڕێکخـراوی ڕەوت و بزووتنـەوەی کۆمۆنیسـتیمان زانیـوە.

ئەوەنـدی لەیـادم بێـت نەپەرژاینـە سـەر ئـەوەی گۆڤـاری «ڕابـەر» چـاپ بکەیـن لـەو بارودۆخـە قورسـەی چاپکردنـی نهێنیـدا و ئەولەویـەت بـۆ چاپکردنـی نووسـینە سیاسـییەکانی ڕێکخـراوی ڕەوت بـوو. هـەر بۆیـە لەگـەڵ ئەوەشـدا لەکۆتایـی سـاڵی ١٩٨٨ و سـەرتای سـاڵی ١٩٨٩دا چاپخانەکـەی ڕەوتـی کۆمۆنیسـت کەوتۆتـە کار؛ بـەڵام هیشـتا «ڕابـەر» هـەر بەدەسـتنووس دەرچـووە. (٣)

ئێسـتا و پـاش نزیکـەی ٣٥ سـاڵ کـە ئـاوڕ لـەو دەستپێشـخەرییە ئەدەبییـە ئەدەینـەوە، ئەبینیـن کـە هەمومـان هـاوڕێ نـادر و مـن، لەگـەڵ ئـەو دوو هاوڕێیـەدا جەمـاڵ کۆشـش و عەبـدوڵا سـلێمان (مەشـخەڵ) لـە ڕۆژنامـەی (ڕەوت)دا پێکـەوە خەبـات ئەکەیـن و «بانیـژەی ئـەدەب و کلتـوور» دەرئەکرێـت. ئەمـە مێژوویەکـی خەباتکارانـەی پـڕ لـە شـانازی و بـڕوای پتـەوە بەسۆشـیالیزم و مارکسـیزم و ئـازادی ئینسـانەکان کـە ئـاوا کۆمـان ئەکاتـەوە.

ئـەم ئەزموونـەی گۆڤـاری ڕابـەر و حەلقـەی ئەدیبانـی کۆمۆنیسـت بـە هـەر کەموکـوڕی و خاڵـی بەهێزییـەوە پێویسـتە هەڵسـەنگێنین تـا لێـوەی فێرببیـن و وەکـوو توخمێکـی

**پرۆسەی لێکوڵینەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین؛ لەڕاستای گرتنەبەری سیاسەتێکی دروستی کۆمۆنیستی لە بواری ئەدەب و هونەردا.**

**زۆر سوپاسی هاوڕێی ئازیزم عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) ئەکەم کە ئەم فرسەتەی پێدام و چاوەڕوانی کرد تا بتوانم هەڵسەنگاندنم لەسەر گۆڤاری «ڕابەر» و «حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» و سەرجەم ئەم ئەزموونە بنووسم.**

## هەڵسەنگاندنی«حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» و گۆڤاری «ڕابەر» جیهانبینی ماتریالیستی دیالەکتیکی بۆ هونەر و ئەدەب

**مەسەلەی ڕیشەیی لای کۆمۆنیستەکان سەبارەت بە هەڵسەنگاندن و ڕەخنە لەهەر ڕەوەند و ئاراستە و ڕەوتێکی هونەری و ئەدەبی و کلتووریی و هەر دەستپێشخەری و پڕۆژەیەک لەم بوارەدا، بەکارهێنانی دیدگا و جیهانبینی ماتریالیستی دیالەکتیکی و مێژوویی، واتە تێڕوانینی مارکسیستییە لە بەرامبەریاندا. ئەمەش بەو مانایەیە کە کۆمۆنیستەکان سنوربەندی خۆیان لە بەرامبەر هەموو ئەو بۆچوون و فەلسەفە ئایدیالیستییە ئوبجێکتیڤ یان سەبژێکتیڤە جۆراوجۆرانەدا ڕائەگەیێنن، کە ئەم ڕەوەند و ئاراستەو ڕەوتە ئەدەبی و هونەرییانە وەک دیاردەی دەرەوەی پرۆسەی ماددی مێژوویی ژیانی کەسەکان و کۆمەڵگەکان و سروشت لەقەڵەم ئەدەن، و بەسەربەخۆ لەم پرۆسەیە و لە واقعییەتی کۆنکرێتی ئەدەب و هونەر و زانست و کلتوور لەهەر قۆناغێکی دیاریکراوی ئەم پرۆسەیەدا و لەوانە کۆمەڵگەی سەردەمدا، ئەبینن.**

**لەم دیدگا مارکسییەوە؛ گەر بڕوانین ئەبینین کە ئەدەب و کلتوور و هونەر و زانست بەهۆی زاڵبوونی کارەکتەری چینایەتی بورژوازی بەسەریاندا لەکۆمەڵگەی سەرمایەداری سەردەمدا، ناتوانرێ تەنها بەویست و ئارەزووی ئێمە بگۆڕدرین بۆ کلتوور و هونەر و زانستی پرۆلیتاریی و کرێکاریی لەئاستێکی کۆمەڵایەتی بەریندا. بەبێ هەنگاونانی بەکردەوەی چینی کرێکار بە ئاراستەی دامەزراندنی سۆشیالیزم و بەبێ سودوەرگرتنی لە ئەدەب وهونەر و زانستێک کە لە پرۆسەی مێژووی پەرەسەندنی مەعریفەی بەشەریدا کۆبووەتەوە تا سەردەمی ئەمڕۆ، ئەم چینە ناتوانێت ئەدەب و هونەرێکی پرۆلیتاری فەراهەم بهێنێ و کاتێکیش کە بتوانێت ئەم کارە بکات؛ ئەوە بەو مانایەیە کە چووەتە دۆخی ئەوەی کە ئەدەب و هونەر و کلتوورێکی سۆشیالیستی و ئینسانیی فەراهەم بهێنێ کە داماڵراوە لەهەر کارەکتەرێکی چینایەتی لەوانە پرۆلیتاریش.**

**ئەم تیڕوانینە ماددییە مێژووییە هەم ترۆتسکی و لینین بەتایبەت لە دوای شۆرشی ئۆکتۆبەرەوە دەریان بڕیوە و کاریان پێکردووە و هەم مارکسیستەکانی ئەو سەردەمە لەوانە ڕۆزا لۆکسمبورگ جەختی لەسەر کردۆتەوە و لە وتارەکانی هەموویاندا دەربارەی**

ئەدەب و هونەر و کلتوور، ڕەنگی داوەتەوە. ئەمەش بەتەواوی پێچەوانەی ستالینیزم و سیاسەتەکانییەتی کە گوایە چەمکی «واقیعییەتی سۆشیالیستی» لە ڕووسیادا فەراهەم هاتووە؛ دژایەتی خۆی بەرجەستەتە کردوەتەوە بەڕووی ئەدەب و هونەری ئینسانی و سۆشیالیستیدا.

دەستپێشخەری بۆ وەرێخستنی ڕەوتی ئەدەبی و هونەری سۆشیالیستی و ڕزگاریخوازانە لەم سەردەمەدا، کاتێک بەئاکام ئەگات کە لێکهەڵپێکراوی خەبات بێت لەلایەکەوە بۆ ڕزگارکردنی ئەدەب و هونەر لە کارەکتەری چینایەتی بۆرژوازیانەی، بەهەموو فۆرمە ئایدیۆلۆجییەکانیی زاڵ بەسەریدا و لەلایەکی تریشەوە و لەهەمان کاتدا، لێکهەڵپێکراوی خەباتی چینایەتی سۆشیالیستی و شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و نەداران و ستەملێکراوان بێت. دیارە ئەمە بەو مانایەشە کە پێویستە لە ناواخنی گەنجینەی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری سەردەم و لە هەر وڵاتێکی دیاریکراو و بارودۆخێکی کۆنکریتدا، ئەم کارە فەراهەم بهێنرێ و ئەم ئەدەب و هونەرە لە ڕێگەی بەرجەستەکردنەوەی فۆرمی تایبەتی خۆیەوە ڕێگەی بەرەپێشچوونی بگرێتەبەر.

## ئاسۆی کۆمەڵایەتی و سۆشیالیستی

## «حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» و گۆڤاری «ڕابەر»

کۆنسێپتی ئەدەب و هونەری کرێکاریی؛ وەک پرۆژەیەک بۆ گۆڕینی کلتوور و ئەدەب و هونەر لە ئاستی کۆمەڵگەدا ناتوانی کاراما و کۆنسێپتێکی دروست بێت. ئەم جۆرە پرۆژەیە وەک هەوڵ و کۆششی گروپی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ئاستێکی دیاریکراودا ئەمێنێتەوە بەبێئەوەی بتوانی گشتگیر ببێت لە ئاستی کۆمەڵگەدا. ئەمەش بەهۆی زاڵبوونی کلتوور و ئایدیای بورژوازی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا. خاڵی دەستپێک بۆ بەرەوپێشبردنی هەر ڕەوتێکی هونەری و ئەدەبی لە بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی کرێکاران، گرتنەبەری ئاسۆی خەباتی ڕزگاریخوازانەی سۆشیالیستی و ئایدیەڵی هاوکاری ئازادانەی ئینسانییە.

گەر ناڕۆشنییەک هەبووبێ لە ناو ئەندامانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر لەسەر ئەم مەسەلەیە بەڕای من ئێستا ئەبێ وانەی لێوەربگرین و فروانتر سەیری جێگەوڕێگەی ئەدەب و هونەر و کلتوور بکەین. ئومێدبەستن بە بەرپاکردن و زاڵکردنی ئەدەب و هونەر و کلتووری پرۆلیتاری بەسەر کۆمەڵگەیەکدا کە سەرمایە تیایدا حاکمە، بێئاکام ئەمێنێتەوە و گشتگیر نابێت.

ئاسۆ و بیرکردنەوەی «حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» بەناوەکەیەوە دیارە و دێتەوە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیەدا. ئەمەش یانی کۆمەڵێک خەباتکاری کۆمۆنیست لە

**بواری ئەدەب و هونەردا؛ تێکۆشاون بەدیدگایەکی مارکسییەوە پرۆژەیەکی ئەدەب و هونەری سۆشیالسیتی فەراهەم بهێنن و گەشەی پێبدەن. چەند بەکردەوە ئەم پرۆژەیە ئەو کاتە ئەنجامدراوە لەم ئاسۆیەیان کەم ناکاتەوە.**

**بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەم پێدان، یەکەم خاڵ لە هەڵسەنگاندنی ئەزموونی «حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» و هەروەها گۆڤاری «ڕابەر» ئەوەیە کەخودی ئەم دەستپێشخەرییە لە کەشوهەوای خنکێنەری میلیتاریستی و سەرکوتی ڕژێمی بەعس لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧دا سەریهەڵداوە، نەک هەر ئەمەش بەڵکوو بەردەوام بووە لەکاتی کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەدا. ئەم پرۆژەیە بۆخۆی هەنگاوێکی گرنگی پێشکەوتنخوازانە و شۆڕشگێڕانە بووە، دیارە ئاسۆیەکی فراوانی سۆشیالیستی بزوێنەری هاوڕێیانی ئەم حەلقەیە بووە.**

**ئاشکرایە کە ئەم دەستپێشکەرییە ئەدەبی و هونەرییە، قاڵب و سنووری فیکری سوپەر سیاسی رادیکاڵی و لاوەکی بەشێکی ئەو کاتی بزوتنەوەی چەپی کوردستانی بەزاندووە و لەمەیدانێکی موشەخەسدا کە بواری ئەدەب و هونەرە؛ ئاسۆیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرینی گرتۆتەبەر. گەر بەجیهانبینییەکی مارکسیستییەوە هاوڕێیانی حەلقەکە بیانتوانیایە ئەم دەستپێشخەرییە بە ئاڕاستەیەکدا بەرەوپێش بەرن کە بێتەوە لەگەڵ ئەو ئاسۆ کۆمەڵایەتییەی پرۆژەکەیان، بەڕای من، ئەیانتوانی هەنگاوی جیددی و سەرکەتوو بنێن بۆ پێشەوە لە بەرامبەر کلتوور و هونەرێکی زاڵ کە زیاتر بورژوا ناسیونالیستی بووە. بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەش چەکداربوون بە تیورێکی سۆشیالیستی و مارکسیستی پەیگیر لە بواری ئەدەب و هونەردا مەرجی یەکەم بوو.**

# گرتنەبەری خەتی فیکری و سیاسی

# ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست

**لەو ساتەوەختەدا کە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست شکڵی گرتووە و گۆڤاری ڕابەر دەرچووە، وەرێخستنی هەر دەستپێشخەرییەکی ئەدەبی و هونەری شۆڕشگێڕانە و سۆشیالیستی تا ڕادەیەک پەیوەندێکی توندوتۆڵی هەبووە بە فۆرمی سیاسی و ڕێکخراوەیی خەباتی مارکسیستییەوە. دیارە ئەمەش زیاتر لە بەرئەوەی کە بارودۆخی ئیستبداد و جەنگ؛ ڕێگری بەردەم سەرهەڵدانی بزوتنەوە چینایەتی و کۆمەڵایەتییە فراوانەکانی کرێکاران و هەژاران بووە. بە بۆچونی من حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ئەم واقعییەتەی لەخۆیدا عەکس کردۆتەوە، هەر بۆیە لەناو ئەو کەشوهەوایەدا ڕاستەوخۆ هاوخەتی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستدا دەربڕیوە تا هەوڵەکانی بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجە ئەدەبییەکانی تۆکمەتر و کارامەتر بکات. ئەم ئاڕاستەیە**

لەخۆیدا کارێکی باش بووە، بەڵام ئەبوایە نەچێتە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەییەوە و تەنها وەک هاوخەتی فیکری و سیاسی بمێنێتەوە.

بەکردەوە دەرهێنانی هاوخەتی حەلقەکە لەگەڵ ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ئەبوایە بەو شێوەیە بوایە کە هەریەکەیان مەیدانی دیاریکراوی خۆی و فۆرمی جیاوازی خۆی بەرجەستە بکردایەتەوە تا ئەم هاوخەتییەش ماتریالیزە بوایەتەوە و بەئەنجام بگات. حەلقەکە و ڕابەر ئەبوایە لە خودی مانیفێست و جیهانبینی هونەری و ئەدەبی خۆیاندا و لەکاری ڕۆژانە و خەباتیاندا بۆ سەروسیمادان بە هونەر و ئەدەبی سۆشیالیستی و شۆڕشگێڕ لە ئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتیدا ئەو هاوخەباتییەیان بەرجەستە بکردایەتەوە، نەک بەشێوەی ڕێکخراوەیی و لەسەر سنووردارکردنی چالاکی دەستپێشخەرییە هونەری و ئەدەبییەکە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئەوە ڕوونە کە ئەم شێوازی بەرجەستەبوونەوەیەی هاوخەتی نێوان ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و حەلقەکە، بەتەواوی پێچەوانەی ئەو ڕەخنەیەیە کە هونەر و ئەدەب جیا ئەکاتەوە لە خەباتی چینایەتی و لایەنگری حزبی. هەر لەم ڕاستایەشدا پێویستە ناوەڕۆکی چینایەتی بورژوازیانەی ئەو دیدگا فەلسەفییە ئایدیالیستییە سەروو چینایەتییانە بدەینە بەر ڕەخنە کە بانگەشەی دوورەپارێزی ئەدەب و هونەر ئەکەن لەهەر پەیوەندییەکیان بەخەباتی سۆشیالیستی و ڕێکخراویی پرۆلیتاریاوە، یا ئەوانەی کە بانگەشەی جیاکردنەوەی ئەدەب و هونەر ئەکەن لە پرۆسەی ژیانی ماددی ئینسانەکان و خەباتی چینایەتی، ئەمەجگە لە سنووربەندی لەبەرامبەر هەڵگرانی فۆرمی جیاوازی تری هەمان ئەو ئایدیانە لە ناو ڕێکخراوەکانی ئەو کات و ئێستای چەپدا.

ڕاگەیاندنی هاوخەتی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لەگەڵ ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستدا ناتوانرێ بەهۆکاری بەرەوپێش نەچوونی ڕابەر و حەلقەکە لە قەڵەم بدرێ. مەسەلە یەکلاکەرەوەکان بۆ بەرەوپێشچوونی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لەمجۆرە بووە بۆ نموونە؛ حەلقەکە چ نەزەر و جیهانبینییەکی هەبووە لەبەرامبەر ئەدەب و هونەردا؟، چەند توانیویەتی وەڵام بە مەسەلە و کێشەکانی بەرپاکردنی ڕەوت و ئاراستەیەکی ئەدەبی و هونەری شۆڕشگێڕانە و سۆشیالیستی و ئینسانیی بداتەوە؟ چەند توانیویەتی لەم بوارەدا مێسود و دیدگای ماددی مێژوویی پیادە بکات؟ چەند ئەوەی ڕەچاوکردووە کە ئەبێ سوود لەو گەنجینە هونەری و ئەدەبییەی کە کۆمەڵگەی سەردەم و خودی کۆمەڵگەی کوردستان بەرهەمی هێناوە لەو کاتەدا کەڵک وەربگرێت بۆ ئەوەی کە بەشێوەیەکی داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە بزوتنەوەیەکی گەشەسەندووی هونەری و ئەدەبی وەرپێبخات؟

هەمان ئەو مەسەلە و چەلێنجانەی کە ڕووبەڕووی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر بوونەوە لەکاتی خۆیدا،لە ئێستاشدا بەشێوەیەکی دیکە و لەبارودۆخێکی تردا ڕووبەڕووی هەر پرۆژەیەکی تری ئەدەبی و هونەری سۆشیالیستی ئەبنەوە. هەر بۆیە لەئێستادا هەڵسەنگاندنی ئەزموونی حەڵقەکە و ڕابەر پێوستە ببێتە وانە و کەڵکی لێوەربگرین.

# وانەکانی ئەدەب و هونەری ڕاپەرین لە عێراق

هەمووان بینەری ئەو دیاردەیە بووین کەچۆن بزوتنەوەیەکی هونەری و شیعری و ئەدەبی و تاڕادەیەکێش میوزیکیی هاوکات لەگەڵ ڕاپەرینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ ی ناوەڕاست و خوارووی عێراق سەریهەڵدا و بووە بەشێکی ئۆرگانیکی ئەم هەوڵ و تەقەلا شۆڕشگێڕانەیەی جەماوەری کرێکاران و نەداران و لاوان و ژنانی ئازادیخوازی کۆمەڵگە. ئەم تەکانە شۆڕشگێرە ئەدەب و هونەرییە چەند کاڵ وکرچ بوو و چەند وەهم و ئایدیای دینی و ناسیونالیستی و عەشایری هەبوو لەوەی کەم نەئەکردەوە کە هەڵقوڵای ڕاپەرینێکی شۆرشگێرانە ئەو چین توێژانە بوو کە بۆخۆشی هەڵگری هەمان ئەو وەهمانە بووە.

جێگەوڕێگەی ئەم جۆرە ئەدەب و هونەرە لەوەدایە کە ڕەنگدانەوە و بەشێکی لێکهەڵپێکراوی ڕەوەندی هەوڵ و تەقەلای شۆڕشگێڕانەی نەداران و زەحمەتکێشانە بۆ ڕزگاربوون لەکۆتوبەندی ئابووری و سیاسی و فیکری بورژوازی و ڕژێمە سیاسییە ئیسلامی و ناسیونالیستییەکەی. ئەم ڕەوتە ئەدەبی و هونەرییە بەدەر لەهەموو کەموکوڕییەکانی هاتنەدەنگ بوو لە فۆرمی تایبەتی خۆیدا بەرامبەر گەندەڵی، نایەکسانی، زوڵم و زۆر ،ئیغتراب و بێکاری گەنجانی کچ و کور، و سەرکوت و کۆنەپەرستی دەسەڵاتی حزبە ئیسلامی و قەومییەکان. سەرهەڵدانی ئەدەب و هونەری شۆڕشگێڕانە لە کاتی ڕاپەرین و شۆڕشدا هەردەم دیاردەی ئۆرگانیکی پرۆسەی شۆڕشگێرانەی ناو کۆمەڵگەیە بۆ هاتنەدەر لە کۆتوبەندی نیزامی چینایەتی و فۆرمە سیاسی و فیکرییەکانی. هەر بۆیە ئەرکی کۆمۆنیستەکانە بەوپەڕی توانایانەوە لەهەوڵی بەرەوپێشبردنی بن و لە ڕاستای ڕزگارکردنی لە وەهمەکانی کاربکەن.

ئەم بزوتنەوە ئەدەبی و هونەرییە بەهۆی زاڵی کلتوور و ئایدیۆلۆژیای بورژوازی و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئیسلامیزم و ناسیونالیزم و لیبرالیزم، سەرکوتی ڕاپەرین و پاشەکشە پێکردنی خۆیناوییانەی، نەیتوانی ببێتە کلتوور و ئاڕاستەیەکی هونەری و ئەدەبی بەهێزی کۆمەلایەتی و کاریگەر بەڵام تیانەچووە و بەهەودا بەرزنەبووەتەوە، بەڵکوو بووەتە بەشێک لە هونەر و ئەدەبی شۆڕشگێڕانە لەعێراقدا هەرچەندە لە ئاستێکی کەمیشدا بێت. یەکێک لەمیکانیزمەکانی بورژوازی دەسەڵاتدار ئەوەیە کە ئەم بزوتنەوەیە ئینتیگرە بکاتەوە بە ئایدیۆلۆجیای زاڵی ئەم چینە و بە ئارامی بیپوکێنێتەوە و دەرگاکانی گەشەسەندنی لێبگرێت و ئیمکانیاتێکی گەورەی دارایی بخاتە گەڕ تا ئەدەب و هونەرێکی ئاڵۆز و بێ گیان و دوور لە دڵی مەسەلەکانی ئازادی و ڕزگاربوونی ئینسانەکان برەو پێبدا. هەمان ئەم میکانیزمە لە بواری ئەدەب و هونەردا پێشتر لە بواری سیاسیدا و بەشێواز و فۆرمێکی تر، بۆرژوازی بەوپەری

**توانایەوە بەکاریهێناوە لەبەرامبەر هەر ئەم ڕاپەرینەدا. هەروەک بینیمان بۆرژوازی دەسەڵاتدار لە سەرتاسەری عێراقدا هەتا ئێستاش لە هەوڵدایە ئاکامەکانی ئەو زەربەیەی کە ڕاپەرینی ئۆکتۆبەر گەیاندییە ستراکچەری سیاسی و فیکری ئیسلامی سیاسی و تایفەگەرێتی و ئەو زەربانەش کە ڕاپەرینە جەماوەرییەکانی کوردستان گەیاندیانە ناسیۆنالیزمی کورد و دەسەڵاتەکەی ئێحتوا بکەن و ئینتیگرەی بکەن بە ڕژێمی بورژوا ناسیونالسیت و ئیسلامیستی ئەمڕۆی عێراق و کوردستانەوە.**

**بەبڕوای من؛ ئەوە ئەرکێکی دەستبەجێی کرێکارانی پێشڕەو و کۆمۆنیستە، کە سیاسەتی بەرەوپێشبردنی ئەم سەرهەڵدانە ئەدەبی و هونەرییە بگرنەبەر و پیادەی بکەن و بەهێز و تواناوە لەبەرامبەر هەوڵەکانی ئینتیگرەکردنیان بەکلتوور و ئایدیۆلۆژیای زاڵی بورژوازییەوە ڕابوەستن. هەر بەو پێیەش ئەرکی دەستبەجێ کۆمۆنیستی لەم ڕاستایەدا ئەوەیە کە ئەم جوڵە هونەرییە بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی و ئازاد و کراوەی ئینسانییەوە ئینتیگرە بکاتەوە بە بزووتنەوەی بەکردەوەی چینایەتی سۆشیالیستانەی کرێکاران و سەرجەم نەداران و ستەملێکراون. ئەم خەباتەی بواری ئەدەبی و هونەری بەشێکی تەواواکاری خەباتی ئایدیۆلۆژی پرۆلیتاریایە کە ئەمەی دواییش بەشێکی جیانەکراوەی خەباتی چینایەتی کرێکارانە.**

## وتەی کۆتایی

**حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەوڵ وتەقەلایەکی سەرەتایی گرنگ بوو لەو هەلومەرجەدا و بە هەموو بەربەستەکانی بەردەمی، لە ڕاستای وەڕێخستنی ڕەوت و ئاڕاستەی ئەدەب و هونەرێکی پێشکەوتنخوازانە و سۆشیالیستی و شۆڕشگێڕانە لەئاستێکی کۆمەڵایەتیدا. بایەخی ئەم حەلقەیە و گۆڤاری ڕابەر لێرەوە مەزنە ئەکرێت و هەر لێرەشەوەیە کە زەرورە ڕۆژنامەی ڕەوت لەم بوارەدا و لە پەیوەند بە «بانیژەی ئەدەب و کلتوور» ەوە، پەیگیرانە لەهەوڵی بەرەوپێشبردنیدا بێت. «بانیژەی ئەدەب و کلتوور» ئەتوانێ پلاتفورمێکی ئەدەب و هونەری سۆشیالیستی و ئینسانیی بێت کە هاوکاری و ئازادی ئینسانەکان لە خۆدا بەرجەستەبکاتەوە.**

**هیوادرام بانیژەی ئەدەب و کلتووری ڕۆژنامەی ڕەوت بتوانی پێشڕەوی گەورە ئەنجام بدات و ئاسۆیەکی فراوان بکاتەوە لەبەردەم بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری سۆشیالیستی و ئازادیخوازنە و ئینسانی بەتوانادا.**

### تێبینییەکان :

**(١)حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ، حەلقەیەکی ئەدەبی کۆمۆنیستی بوو لەهەناوی بزووتنەوەی چەپی نوێی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٨٧ بە دەستپێشخەری هاوڕێیان نەوزاد ئەحمەد**

**ئەسود(هۆشەنگ) و جەمال کۆشش و عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) لەشاری هەولێر هاتە دامەزراندن. ئامانج لەم حەلقەیە برەودان بوو بە ئەدەبی کرێکاری و کۆمۆنیستی. ئەم حەلقەیە تا ئەو ڕۆژەی لەچالاکی وەستا، یانزە ژمارە لە گۆڤاری ڕابەری بڵاو کردەوە. ساڵی ١٩٨٨ ئەم حەلقەیە پەیوەستبوون بە ڕەوتی کۆمۆنیستەوە.**

**(٢) بە هۆی نزیکیم لە بژاری شاعیر کە برامە تۆزێک زانیاریم پەیداکردبوو لەسەر تێڕوانینی مارکسییەکان لەسەر ئەدەب و هونەر کە زیاتر لەو کتێبانەی کە ئاماژەم پێدان وەرمگرتبوون و لە موناقەشەکانی نێوان من و بژار لەسەر ئەدەب عەکس ئەبووەوە. بژاری شاعیر ،کە ئەو کات ناوی شاعیرییەکەی «جەلال شکۆ» بوو، هەلێکی بۆ ڕەخسا کە تەلەفزیۆنی کەرکووک چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ئەنجامبدا لەسەر ئەدەب و شیعر، گەر هەڵە نەبم ساڵی ١٩٨٤ بوو. ئەڵبەتە هاوڕێیەکی شاعیری نزیکی خۆی بەڕێز جەمال غەمبار کەئەو کات بەرنامە ئەدەبییەکەی تەلەفزیۆنی پێشکەش ئەکرد؛ چاوپێکەتنەکەی لەگەڵ بژاردا ئەنجامدا. پێش ئەوەی بژار بچێت بۆچاوپێکەتنەکە؛ موناقەشەیەکی تێروتەسەلمان کرد و لەسەر ئەوە بڕاینەوە کە بەهۆی ئەوەی لەچاوپێکەوتنەکەدا ناتوانێ بڵێ ئەدەب ئەبێ لایەنگریی سیاسی حزبیی شۆرشگێرانەی هەبێت، کە ئەو کات هەردووکمان بڕوامان وابوو، چونکە ڕەنگە تووشی گرتن بێت لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، باشترە جەخت لەسەر ئەوە بکات «کە هەر ڕەوت و ئاڕاستەیەکی ئەدەبی و جوانناسی فەلسەفەیەکی لە پشت ڕاوەستاوە» و بژار لە چاوپێکەتنەکەیدا ئەمەی وتەوە و کردییە تێزی ئەسڵی چاوپێکەوتنەکە و بەجوانی و سەرکەوتووانە دەربڕی و بەرنامەکەی بڵاوکرایەوە و دەنگدانەوەیەکی تارادەیەک باشی هەبوو. دیارە ئەو کات هەردووکمان هاوڕاش بووین لەسەر ئەو بیرۆکەیە کە فەلسەفەیەک لەپشت هەر ئاڕاستەیەکی جوانناسییەوە هەیە. ئەم بیرەوەرییەم بۆیە لێرەدا هێناوەتەوە تا نیشانی بدەم کە تێڕوانینی ئەو کاتی من چۆن بووە لە سەر ئەدەب و هونەر و چۆن ئەم تێڕوانینەم هەر مابوو کاتێک کە گۆڤاری «ڕابەر» لە ساڵی ١٩٨٧ دا دەرچوو.**

**(٣) بۆ زانیاری خوێنەر: نووسینە سیاسییەکانی ڕێکخراوی ڕەوت زیاتر هاوڕێیان موئەیەد ئەحمەد و نادرعەبدوالحەمید و عوسمانی حاجی مارف ئامادەیان ئەکرد و دواتر مەیسون عەبدولجەبار و سورەیا تاهیر و شیرین عەبدوڵا بە تایپ ئەیانووسینەوە و ئەنێردرا بۆ چاپخانەی نهێنی ئەم ڕێکخراوە کە لەلایەن هاوڕێ عەبدوڵا ساڵح و هاوژینەکەی هاوڕێ سەمیرە عەبدوڵا و هاوکاری تەکنیکییان هاوڕێ وریا عەبدوڵا بەڕێوە ئەچوو. یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی «پرۆلیتاری « لە ڕۆژی یەکی ئایاری ١٩٩٠ دا چاپکرا و دواتر هەموو نووسراوەکان و تەرجەمەکانی ئەم ڕێکخراوە و بەیانەکانی بە کوردی و بە عەرەبی چاپکران. سێ نامیلکەی سیاسیمان دەرکرد بەچاپ کە موئەیەد ئەحمەد نوسیوونی پاش پاکنووس وپیاچوونەوەیان لەلایەن هەردوو هاوڕێیان عوسمانی حاجی مارف و نادر عەبدولحەمید؛ «جیاوازییەکانمان لە کۆێوە سەرچاوە ئەگرن» (سەرەتای شوباتی ١٩٨٩)، «بەشی یەکەمی بەرنامەی موشەخەس یا بەرنامەی ئەنتەرناسیۆنال»(سەرەتای ئایاری ١٩٨٩) و «بەشی دووهەمی بەرنامەی موشەخەس یا بەرنامەی ئەنتەرناسیۆنال» ( کۆتایی ئاب ١٩٨٩).**

**(*) موئەیەد ئەحمەد، خەباتکار و هەڵسوڕاوی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری پێنجوێن لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی لە پێنجوێن و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە و پاشان لە ساڵی ١٩٧٦ بەکالۆریۆسی لە ئەندازیاری کارەبا لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە. بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەندازیار بووە لە بەڕێوەبەرایەتی بیناسازی (مديرية المباني) زانکۆی سلێمانی و بەردەوام بووە لە کارەکەی تا ئەو کاتەی لە مارسی ١٩٨١ دەزگای ئەمنی ڕژێمی بەعس دەیەوێت دەستگیری بکات، ئەویش واز لە کارەکەی ئەهێنێ و شار بە**

جێئەهێڵێ وبەنهێنی لە ماڵی ئامۆزایەکی و هاوڕێکانی ئەمێنێتەوە و دواتر شار بەجێدێڵێ و دەچێت بۆ ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس.

سەرەتای چالاکیی سیاسی ڕێکخراوەیی لەگەڵ دەستەیەکی چەپی مارکسییدا بووە لە هاوینی ساڵی ۱۹۷۵دا. لە ئۆکتۆبەری ۱۹۸۱ بەدواوە، دەستەکە بەناوی «یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران» ە وە کاریکردووە. لەسەرتاوە لە دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە بووە و ئەندامی لیژنە ناوەندییەکەی بووە. یەکێک بووە لە ڕێکخەران و بەشداربووانی یەکەم خۆپیشاندانی جەماوەریی لە کوردستاندا کە لە شاری پێنجوێن لە هاوینی۱۹۸۰ دا ساز کرا کە چەند هەزارکەس بەشداری تیا کرد. لە نیسانی ۱۹۸۱ تا ئەیلولی ۱۹۸۲ لە ڕادیۆی «دەنگی شۆڕشی عێراق «ی (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) وەک ئەندازیارێکی ڕادیۆکە و چالاکەوانێکی سیاسی چەپ و سەربەخۆ کار ئەکات. دواتر بە هۆی ئاڵۆزبوونی وەزعەکە و زیاد بوونی فشار لەسەر ئەو کەسانەی کە چەپن و «عێراقیبیانە» بیریان ئەکردەوە و بۆ ئەنجامدانی کاری ڕێکخراوەیی یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران»، واز لە ڕادیۆکە ئەهێنێ و بە نهێنی بۆ ناو سلێمانی ئەگەڕێتەوە. لە ئەیلولی ۱۹۸۲ تا ئازاری ۱۹۹۱ بەنهێنی تەواو و هەندی کاتیش نیمچە نهێنییەوە لە سلێمانی ژیاوە و کاری کردووە و هەڵسوڕانی سیاسیی لە ناو ڕێکخراوی کارگەران و دواتر ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستدا ئەنجامداوە. هاوڕێ موئەیەد یەکێک بوو لە:

- دامەزرێنەران و ئەندامی ناوەندی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست ( ۱۹۸٤-۱۹۹۳).

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی پرۆلیتاری بووە کە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست دەریکردووە و ۱۰ ژمارەی لێدەرچووە وتار و چاوپێکەوتنەکانی خۆی تیا بڵاوکردۆتەوە.

- دامەزرێنەرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە ۲۱ -۷-۱۹۹۳.

- سەرنووسەری ڕۆژنامەمەی (الشیوعیة العمالیة ) بووە لە نێوان ساڵانی ۱۹۹۵ هەتا ۲۰۱۲ .

- ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بووە لە ۱۹۹۳ -۲۰۱۸ و زۆربەی ئەو ماوەیەش ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە.

- لە ۲۷ شوباتی ۲۰۱۲ دا و لەناو پلینۆمی ۲٦ی لیژنەی مەرکەزی حزبدا، پرۆژەی دروستکردنی فراکسیۆنێکی حزبیی بەهاوکاری لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تریدا ڕاگەیاندووە، بەڵام بە پێشنیاری هەندێک لە هاوڕێیانی بەشداربووی پلینیۆمەکە و بە ئامانجی پاراستنی یەکێتیی ڕیزەکانی حزب پرۆژەکەیان ڕاگرتووە و پۆستی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی ئەو حزبەی گرتۆتە ئەستۆ.

- لە پلینۆمی ۳۳ ی ئەم حزبەدا و لە ڕۆژی ٦ ئایاری ۲۰۱۸ دا دەستی کێشاوەتەوە لە ئەندامبوون لە کۆمیتەی ناوەندی و سکرتێری کۆمیتەکە. دواتریش لە هەمان مانگدا دەست ئەکێشێتەوە لە ئەندامبوون لە هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستان.

- لە ڕۆژی ۲۵ تەموزی ۲۰۱۸ دا لەگەڵ بەشێکی زۆر لە هاوڕێیانی ناو حزب و دەرەوە «ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق» یان ڕاگەیاند. لە یەکەم کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوە لە مانگی ئەیلولی ۲۰۱۸ دا وەک ئەندامی لیژنەی مەرکەزی و لەیەکەم پلینیۆمیدا بە هاوئاهەنگکاری گشتی لیژنەی مەرکەزی ئەم ڕێکخراوە هەڵبژێرراوە.

لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ژمارەیەک نووسین و نامیلکەی نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە لەوانە:

- ناسیونال ڕیفۆرمیستی بورژوازی و مەسەلەی ڕێکەوتن (*)١٩٨٤ ئەم نامیلکەیە بەرجەستەکردنەوەی ڕەخنەی مارکسیستیی بوو لە بۆرژوا ناسیۆنالیزمی کورد و بوو بە سەرەتایەک بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست.

- کارگەران پۆپۆلیست و پرۆسەی بنبەست بوون ١٩٨٥

- جیاوازیەکانمان لە کوێوە سەرچاوە ئەگرن ١٩٨٩

- بەرنامەی موشەخەس یا بەرنامەی ئەنتەرناسیۆناڵ بەشی یەکەم ١٩٨٩

-بەرنامەی موشەخەس یا بەرنامەی ئەنتەرناسیۆناڵ بەشی دووەم ١٩٨٩

- ئەرکە دەستبەجێکانمان و داواکارییە کرێکارییەکان ١٩٩١

- بەرنامەی شورا کرێکارییەکان بۆ چارەسەری هەژاری و برسییەتی و بێکاری ١٩٩١

موئەیەد ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی دامەزرێنەرانی یەکێتیی بێکاران بووە لەناوخۆی عێراق پاش ڕووخانی رژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣ و هەروها ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری بووە بۆ « فیدراسیۆنی شورا و سەندیکا کرێکارییەکان لە عێراق».

زۆربەی نووسینەکانی لەپاش پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە ڕۆژنامەی (الشیوعیة العمالیة ) وێبسایتی (الحوار المتمدن) دا بڵاوکردۆتەوە. لە ئایاری ٢٠١٨ وە نووسینەکانی لە وێبسایتی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق ولە ڕۆژنامەکانی «الغد الاشتراکي»، «ڕەوت»، «صوت الانتفاضة» و»نساء الانتفاضة» و سۆشیال میدیادا بڵاکردۆتەوە.

بە هاوکاری لەگەڵ هاوڕێ بەختیار موستەفا سیمینارێکی دوو ڕۆژییان لە شاری لەندەن لە بەریتانیا سازدا دەربارەی مێژووی ڕەوتی کۆمۆنیست و ڕێکخراوی کارگەران کە بە ڤیدیۆ لە سەر یوتوبی خۆی بڵاوی کردۆتەوە کە هەڵسوڕاوان و دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکانی «یەکێتیی تێکۆشانی کارگەران» و»ڕەوتی کۆمۆنیست» بەشداریان کردوە. ژمارەیەکی زۆر لەگفتوگۆی تەلەفزیۆنی و ڤیدیۆیی لەسەر مەسەلە سیاسیی و فیکرییە جۆراوجۆرەکان لە دیدگای بەرگری لە مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە ئەنجامداوە.

لە ئێستاشدا هاوئاهەنگکاری ( منسق) ی گشتی لیژنەی مەرکەزی ڕێکخراوی (بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق)ە.

(*) لەکاتی دانانی ئەم ژیاننامەیەی هاوڕێ موئەیەد ئەحمەد لەپەراوێزی نووسینەکەیدا، کاتێک ناوی ئەو نامیلکەیەم بینی (ناسیونال ڕیفۆرمیستی بورژوازی و مەسەلەی ڕێکەوتن) پێموابوو هاوڕێ موئەیەد گەرچی خۆی نووسەری نامیلکەکەیە، بەڵام بەهەڵە نووسیویەتی و دروستەکەی بەمجۆرەیە( ناسیونال ڕیفۆرمیستی بۆرژوازی و مەسەلەی میللی گەلی کورد). دواتر لەگەڵ هاوڕێ موئەیەد موناقەشەمان کرد و وتی ڕەنگە (ناسیونال ڕیفۆرمیستی بۆرژوازی و مەسەلەی میللی کورد) بێت و هاوڕێ جەماڵ کۆششیش هەمان ڕەئی هاوڕێ موئەیەدی هەبوو. منیش هەر بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیم بە هاوڕێ سەمیر نوورییەوە کرد و ئەو کۆک بوو لەگەڵ من. جا من وەکچۆن هاوڕێ موئەیەد ناردوویەتی بۆم دامناوەتەوە و ئەم پەراوێزەشم بۆ خوێنەران بەپێویست زانی.

# گۆڤاری ڕابەر و (حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) لە یادەوەرییەکانمدا

## نادر عەبدولحەمید(*)



**هاوڕێم عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**

**سەرەتا دەستخۆشانەتان لێدەکەم بۆ ئەو پڕۆژەیە و زیندوو ڕاگرتنی ئەو مێژوووە و خستنەبەردەستی نەوەی نوێی ئەدیبانی چەپ و کۆمۆنیست. حەتمەن ڕۆڵی خۆی دەبێت. دیارە دەستبەکاربوونیشتان لە (بانیژەی ئەدەب و کلتور)ی ڕۆژنامەی (ڕەوت) لە ئێستادا لەگەڵ (جەماڵ کۆشش) و هاوڕێیانێکی تردا هەر بەردەوامی ئەو مێژوووە درەخشانەیە و جێگەی شانازیمانە.**

**هەر خاڵێک و هەر قۆناغێک لە مێژوووی هەر بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فکری سیاسی، سەکۆیەک و پێگەیەکە، نەوەکانی دوایی ئەو بزوتنەوەیە لەسەرییەوە بەردەوامی بە چالاکی و پێشڕەوییەکانی خۆیان دەدەن. لێرەشدا مەبەست گۆڤاری ڕابەر و (حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)ە کە نەک هەر مێژوویەکی گێڕانەوە و فکرە، بەڵکو بەشێکی ماددیشە لە ئێستای ئەدەبیاتی چەپ و کۆمۆنیست و بەگشتیش بزووتنەوەکەیان، چونکە ئەگەر ئەو ماتریاڵە لە ئارادا نەبوایە، ئەوا نەوەی دوایی قاچەکانی نەک لەسەر**

سەکۆیەک بۆ چالاکی و پێشڕەوی، بەڵکو لەسەر زەوی بەمانای خاڵێکی نزمتر لە سەکۆ دەبوو.

لای من هاتنەوەیاد و بیرەوەریەک کە زیاتر لە سی ساڵی بەسەریدا تێپەڕیووە، حەتمەن بەشێکی بیرچوونەتەوە و بەشێکیشی کاڵ بوونەتەوە، بەڵام ئەوەی لەیادم بێت لە حەلقەی ناوەندیی (ڕەوتی کۆمۆنیست)دا ئەوسا لە ساڵی (١٩٨٨)دا کە (حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)، بەڕەسمی پەیوەستبوون بە ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست)ەوە، گفتوگۆ و لێکدانەوەمان لەسەر دەکرد، دیارە کە وردەکارییەکانم بیرم نەماوە، بەڵام ئەوەی کە دڵنیام لێی خودی پەیوەست بوونەکە هێز و گوڕێکی خستنە ناومانەوە و ئاسۆی پێشڕەوی ئەوسای ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست) و بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیشی لامان خۆشبینتر کرد و هەستمان دەکرد چووینەتە ناو مەیدانێکی ترەوە لە خەبات دژی بورژوازی و بەتایبەت دژی ناسیونالیزم و ڕادیکاڵیزمەی وردەبورژوازی چەپ.

بەو پێیەی کە من وەختی خۆی بەرپرسی (کۆمیتەی کەرکووک) بووم، هەم لە مانگەکانی کۆتایی ڕێکخراوی (کارگەران)دا،لە (١٩٨٤)دا، بەر لە هەڵوەشانەوەی، وە هەم دواتر لە ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست)یشدا، ئەوەی کە بێتەوە یادم ئەوەیە لە دانیشتنەکان و کۆبوونەوەکانی (کۆمیتەی کەرکووک)ی ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست) لە (١٩٨٧)دا، جارناجارە خاڵێک لە ئەجەندای کۆبوونەوەکان باس وخواس بوو لەسەر گۆڤاری ڕابەر و (حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)، کە دیارە دواتریش من وەک ڕاپۆرت دەمگواستەوە بۆ کۆبوونەوەکانی دەستەی ناوەندی (ڕەوتی کۆمۆنیست)، کە ئەوسا پێکهاتبوو لە هاوڕێیان (موئەیەد ئەحمەد، ئەمجەد غەفور و من).

ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست) ڕایەڵەیەکی باش بوو بۆ دەستاودەست پێکردن و بڵاوکردنەوەی ڕابەر و کۆپی گرتنەوە لەبەری کە ئەوسا بە وەرەقی کاربۆن و دەستخەت ئەنجام دەدرا. بەم شێوەیە هەم گۆڤارەکە لە ئامرازێکی باش بەهرەمەند بوو وە هەم ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست)یش هۆکار و بۆنەیەکی دەستکەوت کە بچێتەناو ژینگەی ئەهلی فکر و ئەدەبەوە و تیایدا لانی کەم هەوادار و ئەندام کێش بکات بۆ خۆی.

ئەگەر لە مێژوویەکی پێش سی و چەند ساڵەدا لەگەڵ هاوڕێیانێکی وەک عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و ( جەماڵ کۆشش)دا دووربەدوور و بەبێ ناسیاوی شەخسی سەروکارم بووبێت و جێگەی خۆشحاڵیم بوو بێت، ئەوا ئێستا جارێکی تر لەناو ڕۆژنامەی (ڕەوت) دا، کە ڕۆژنامەیەکی سیاسی سەر بە ڕێکخراوی (بەدیلی کۆمۆنیستی)ە لە عێراق، یەکمان گرتۆتەوە ئەوا زۆرتر هەست بە خۆشحاڵی و شانازی دەکەم، کە ئەو ئەرکە لە خەباتی کرێکاریی و سۆشیالیستیی لە مەیدانی فکریی و سیاسیی و ئەدەبیی و کلتوریدا درێژە پێدەدەین.

**کۆپنهاگن.**

**٢٠٢١-٧-٢٦**

**(*)نادر عەبدولحەمید بەناوی (سالّحی مەلا دەلّگەیی)یەوەلەسالّی (١٩٥٦) لە شارۆچکەی قەلّادزێ سەر بە پارێزگای سلێمانی لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارە و ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردوە. دەرچووی (١٩٨٠-١٩٨١)ی بەشی ئابوورییە لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری زانکۆی بەغدا. لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی (بروسک) بووە لە سالّی (١٩٧٩)دا، لەگەلّ کۆمەلّێک هاوڕێی چەپ و مارکسیستی دەڤەری پشدەر و بیتوێن (قەلّادزێ و ڕانیە). ئەم ڕێکخراوە هەم ڕایەلّەی ڕێکخراوەیی لەنێو جوتیارانی زەحمەتکێشی ئەو دوو دەڤەرەدا هەبوو، وە هەم لە پەیوەندیەکی توندوتۆلّدا بوو لەگەلّ بزووتنەوەی جوتیارییەکەیاندا دژ بە دەرەبەگە چەکدارەکانی ڕژێمی بەعس، کە ئەوسا بە (جاشایەتی) بۆ ڕژێمی بەعس دەناسرا. دوای ئەوەی (بروسک) پەیوەندی کرد بە (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان)ەوە، بەپێی پرۆژەیەک لە سالّی (١٩٨٢)دا (هەرێمی جوتیارانی پشدەر)ی پێکهێنا، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ (تیپی ٦٣ی جوتیاران). ئەم هێزە چەکدارە، بەپێچەوانەی هەموو یەکە چەکدارەکانی تری (یەکێتیی)، کەسێک سەرکردە وەیا (ئامر هەرێم)ی نەبوو، بەلّکو ڕابەرایەتییەکی دەستەجەمعی هەبوو کە لە پێنج کەس پێکهاتبوو؛ سێ کەس لە جوتیارەکان و دوو کەسیش لە ڕێکخراوی (بروسک) کە (سالّحی مەلا دەلّگەیی) و (عەبدولّا سالّح) بوون. ئەم ڕێکخراوە هەلّگری هەردوو ڕەوتی فکری و سیاسی (کوردستانی) و (عێراقی) بوو کە گوزارش بوو لە دوو ڕەوتی (ناسیونالیست) و (چەپی ڕادیکالّ و مارکسیست)، کە لە پەرەسەندنی (بروسک)دا هاوڕێیانی بەشە (کوردستانی)ەکە پەیوەست بوو بە (کۆمەلّەی ڕەنجدەرانی کوردستان)ەوە و هاوڕێیانی بەشە (عێراقی)ەکەش کە ئەوسا لە شاخ کەوتبوونە ژێر فشار و تەنگ پێهەلّچنینەوە لەلایەن (کۆمەلّەی ڕەنجدەران)ەوە، لە پێشمەرگایەتی دانیشتن، و پەیوەست بوون بە ڕێکخراوی (کارگەران)ەوە.(سالّحی مەلا دەلّگەیی)دوای دانیشتن لە پێشمەرگایەتی پەیوەست بووە بە (کارگەران)ەوە و لە ماوەیەکی کەمدا، لە کۆتایی سالّی (١٩٨٣)دا، پالّێوراوە بۆ (حەلقەی ناوەندی) ئەو ڕێکخراوە، کە ئەو (حەلقەیە) لەشوێنی (کۆمیتەی ناوەندی) بوو. لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی (ڕەوتی کۆمۆنیست) بووە لە (١٩٨٤) و بەهۆی کاری نهێنی سیاسییەوە لە دەورانی ڕژێمی بەعسدا لە ڕۆژنامە و بلّاوکراوەکانی (ڕەوتی کۆمۆنیست)دا، بەناوی (نادر عەبدولحەمید)ەوە نووسینەکانی بلّاوکردۆتەوە و لەوساوە بەم ناوەوە دەناسرێتەوە. لە دامەزرێنەرانی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) بووە لە (١٩٩٣)دا. مانگی شەشی سالّی (٢٠٠٠) بەهۆی ناکۆکی فکری و سیاسیەوە لەو حزبە هاتۆتە دەرەوە. هەر لەسەرەتای پێکهاتنی ڕێکخراوی (بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق)دا، لە (٢٥ی تەمموزی ٢٠١٨)دا، پەیوەست بووە پێیەوە و لە کۆنگرەی یەکەمدا وەک ئەندامی کۆمیتە ناوەندی هەلّبژێردراوە و لە دەستەی بەڕێوەبەری هەردوو ڕۆژنامەی (ڕەوت) و (الغد الإشتراكي)ە، کە لەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە دەردەچن.**

## سەمیر نوری

# هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە عێراق و کوردستان



**سازدانی : عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)**

**پرسیاری یەکەم : حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٨٧ دامەزرا. تۆ وەک یەکێک لە نزیکترین کەسایەتییە سۆشیالیستەکانی کوردستان لەو حەلقەیەوە، دامەزراندنی ئەو حەلقەیە چ ڕۆڵێکی هەبوو لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کوردستان؟**

**سمیر نوری: ئەم حەلقەیە سەرەڕای ئەوەی بنەماکەی سێ هاوڕێ دایانمەزراند، بەڵام لە مەدایەکی فراوانتردا بوونی هەبوو. بەهۆی سەرکوتی سیاسییەوە هەر چالاکییەکی ئەدەبیی و هونەریی لەو سەردەمەدا کە نزیکایەتی نەبووایە لە ڕژێمەوە، سەرنجی نارەزایانی بۆ خۆی ڕادەکێشا. ئەو سەردەمە سەردەمێک بوو لە نێو لاوان و خوێندکارانی زانکۆکاندا لە نێو نووسەران و ئەدیباندا باوی مارکسییەت بوو، خۆ بە مارکسیزان بەشێکی گرنگ بوو لە شۆڕشگێڕ بوون، بۆیە ئەم حەلقەیە سەرنجی زۆرێکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەو سەردەمە هەموو ئەدیب و شاعیرەکانی ئەو سەردەمە خۆیان بە مارکسی**

و چەپ لە قەڵەم دەدا، سەرهەڵدانی حەلقەیەکی لەو بابەتە کە هەرچی ژێر خانی فکری نەک جەمسەری ڕاست، بەڵکو مەکتەبە فکرییەکانی چەپی دابووە بەر ڕەخنە لە مەیدانی ئەدەبدا. دیارە ئەم حەلقەیە خۆیشی تەئسیراتی ئەدیب و شاعیرانی کوردستانی ئێرانی نزیک بە حزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە سەریان بوونی هەبوو. هەرچەندە چاپ نەکردنی نووسراوەکان بواری بڵاوبوونەوەی ئەم مەیلەی بەرتەسک دەکردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جێی خۆی کردبووە و سەرنجی زۆربەی ئەدیبە لاوەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بوو. هەتا دوای ڕاوەستانی گۆڤاری ڕابەر بەرهەمەکانی ببوون بە سروود و گۆرانی، ئەوەی بیرم بێت من چیرۆکێکم لە ژێر ناوی» بەختیارترین پیاو» تەرجومە کردبوو لەژێر ناوی (ڕەشید)ەوە بڵاوم کردبووەوە ، لە یەکێک لە مەراسیمەکانی یەکی ئایاری هەولێر بەڕێز فەهمی بێدار ئەو چیرۆکەی وەک شانۆگەری پێش کەش کرد. حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست تەنها کارەکەی بەدەرکردنی گۆڤاری ڕابەرەوە کورت نەبووەوە. هەوڵی دەدا هەر چالاکییەکەی ئەدەبیی و هونەریی بخاتە ژێر کارکردی خۆی. بیرمە کۆڕە ئەدەبییەکان دەبوونە شوێنی دەرکەوتنی کەسایەتییەکانی، لە یەکێک لە کۆڕەکان کە مەحمود زامدار پێش کەشی دەکرد هاوڕێ جەمال کۆشش و من و موزەفەر بەرزانی ڕێڕەوی باسەکەمان بەتەواوی گۆڕی و فۆکەس چووە سەر ئەدەب وەک مەسەلەیەکی چینایەتی سەرلەبنی کۆڕەکە گۆڕا.

پرسیاری دووەم: بەبڕوای تۆ گۆڤاری ڕابەر بەهۆی بەرهەمەکانییەوە، تا چەند توانی ببێتە جێی متمانەی ئەدیبان و نووسەرانی ڕادیکاڵ و مارکسیست؟

سمیر نوری: ئەوەندەی من ئاگادار بووم بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی ئەو سەردەمە پەیوەندییان بە گۆڤاری ڕابەرەوە پەیدا کردبوو و هەوڵیان دەدا جێگەی خۆیان لە دوو توێی ئەم گۆڤارەدا بکەنەوە. ڕۆژ دوای ڕۆژ مەیدانی بۆ ئەدەبێکی مارکسیستی و شۆڕشگێر دەکردەوە و لە هەمان کاتدا ڕەخنە گرتن لە ئەدەبیاتی ناسیونال چەپ بەشێکی ئەرکەکانی ئەم گۆڤارە بوو.

پرسیاری سێیەم: ئایا ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست کە بەڕێزتان لێپرسراوی سیاسیی و تەشکیلاتی من و هاوڕێ جەمال کۆشش بوون، تا چەند ئاگاداری دامەزراندنی حەلقەکە بوو. ئایا ڕەوتی کۆمۆنیست دەستی موبادەرەی هەبوو لە دامەزراندنی ئەو حەلقەیە؟

سمیر نوری: من ئەوەی بیرم بێت لە دامەزراندنی حەلقەکەدا دەورێکمان نەبوو، یان باشتر بڵێم ئەم حەلقەیە لەدەرەوەی ڕەوت بە دەسپێشخەری ئەو سێ هاوڕێیە جەمال کۆشش، عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (هۆشەنگ) دروست بوو، بەڵام ئێمە هەمیشە پشتیوانی هەر هەنگاوێکمان دەکرد کە ئورگانێکی چالاکی

**شۆڕشگێڕانە بهێنێتە ئاراوە. بەڵام دواتر لەژێر کارکردی ڕەوتی کۆمۆنیستدا کێشمەکێش لە نێو حەلقەکەدا دروست دەبێت، هۆشەنگ دەکشێتەوە. دیارە قسەوباسی ئەدەبی مولتەزم یەکێک بوو لە باسە گەرمەکان ئەو کاتانە، بەڵام هەوڵمان دەدا کۆمەکی حەلقەکە بکەین ، بەڕەئی من ئەوە وای کرد حەلقەکە فراوانتر ببێتەوە و گەشە بکات سەرەڕای کشانەوەی هۆشەنگ کە کەسایەتییەکی ئەدەبی چالاک بوو.**

**پرسیاری چوارەم: کاتێک حەلقەی ئەدیبان لە ژمارە ٥ ی گۆڤاری ڕابەر پەیوەستبوونی خۆی بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە ڕاگەیاند، ئەوم پەیوەستبوونە چ کاریگەرییەکی هەبوو بەسەر کار و چالاکی سیاسیی ڕەوتی کۆمۆنیست؟**

**سمیر نوری: ئەو سەردەمە ڕەوتی کۆمۆنیست لەژێر هەڕەشەی گەورەدا بوو، لەلایەک هەڵمەتی گرتن ڕاوە دوونانی بەعس هەبوو و لەلایەکی ترەوە باڵەکانی تری چەپی کوردستان فشاریان بۆ سەر ڕەوت دەهێنا، پەیوەست بوونی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنست تەکانێکی بەهێز بوو بۆ ڕەوت بۆ ئەوەی لە ڕووی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە فراوان بێتەوە و ببێتە ڕێکخراوێکی گەورە و بەدەنەیەکی تەشکیلاتی فراوان و سەربکێشێ بۆ زۆر ناوچە کە پێشتر ڕەوت ڕێکخراو تەشکیلاتی تێدا نەبوو. دیارە پەیوەست بوونی گروپێک تر بە ناوی» پرۆژەوە» لەهەمان کاتدا لە هەمان سەروبەندا ڕەوتی کۆمۆنستی زۆر قایم کرد و فراوانی کردەوە و هەژموونی خۆی بەسەر بەرەی چەپی کوردستاندا تەئمین کرد.**

**پرسیاری پێنجەم: چ یادەوەرییەکت هەیە لەو ڕۆژانەی کەلەژێر سەرکوتی بەعس کە خەریکی برەودان بووین بە ئەدەبی کرێکاریی و مارکسیستیی؟**

**سمیر نوری: دیارە ئێمە هاوڕێیان ( من ، عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) ، جەماڵ کۆشش، سویلە، پەروین، مریم ) لەیەک ماڵدا دەژیاین. سەرەڕای ئەوەی شەوانە چەند کاتژمێر جەلسەو بەحس و ڕوون کردنەوەی ئەدەبیاتی مارکسیستیمان کردبووە کارنامەی خۆمان و ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی کارگەی نەسیج کەوتبوونە ژێر کارکردی ئەم هەوڵانەی ئێمە و شورای کارگەی نەسیج بەرهەمی کار کردی ئەم بنکەیە بوو. یەکێک لە یادگارییەکان کە بیر ناچێتەوە هەر هەفتەیەک یەک مەنجەڵ دۆڵمەمان دەکرد و لەسەر سینییەک هەڵمان دەڕشت و لەدەوری کۆدەبووینەوە، سەر خوانەکە دەبوو بە قسەی خۆشی جەماڵ و مەشخەڵ لەسەر شیعر و پۆستەرە شیعر و قسەی شیرین. یادگارییەکی تر ئەوەبوو نەخشەمان کێشا لەژێر قاڵدرەمەکە شوێنێکی گەورەی مەخفی دروست بکەین و کە کەس نەتوانی بە ئاسانی بیدۆزێتەوە. ئەو شوێنەمان پڕکردبوو لە کتێب و دەستنووس و ژمارەکانی ڕابەر. ئێمە زۆر کار وچالاکیمان ئەنجامدا . ٣٥ ساڵ کەم نییە بۆ ئەوەی زۆرێک لە یادگارییەکان لەبیر بچنەوە بە تایبەتی کە هۆیەکانی ریکۆرد و وێنە گرتن ئەرشیف کردن زۆر کەم بوون یان تیا چوون بە هۆی ئەو هەموو ڕووداوانەوە کە ڕوو بەڕووی بووینەوە. دواتر بەداخەوە ئەرشیف و نووسراوەکانی**


**مارکسیزم و دەستخەت و یادگارییەکانمان بەتاڵان چوو. من بەش بەحاڵی خۆم جارێک لە کەرکووک هەرچیم هەبوو بەعس و هێزی فەرهود تاڵانی کرد وێنەکانیشیان برد، جارێکی تریش پارتی لە ۳۱ ئاب ماڵەکەمانی تاڵان کرد.**

(*) سەمیر نووری لە دایکبووی شاری کەرکووک ناوچەی تاوغە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دوا ناوەندی لە کەرکووک تەواو کردووە و لە کۆلێجی پزشکی زانکۆی سلێمانی وەردەگیرێت. بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتی بەعسەوە سێجار لە زانکۆ دەردەکرێت، بۆ دواجار بەهۆی نەڕۆیشتن بۆ کەمپی ڕاهێنانی جەیشی شەعبی بەتەواوەتی دەردەکرێت لە زانکۆ. لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا یەکێک بووە لە کەسایەتییەکانی ئەو بزووتنەوەیە و تیایدا زۆر چالاک بووە، لە کۆنفراسی ئەو ڕێکخرەوە لە ناوچەی ڕانیە بەشدار دەبێت، دواتر دەست دەکێشێتەوە بە هۆی هەژموونی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەسەر ئەو ڕێکخراوەدا. لە هەموو خۆپیێشاندانەکانی خوێندکاران چالاک بووە لە زانکۆی سەلاحەدین و لە هەولێر و کەرکووک. یەکێکە لە دامەزرێنەرانی لیژنەی ناوخۆی خوێنکاران ساڵی ۱۹۸٤و بەشێک لە بەیانامەکانی ئەو لیژنەیەی نووسیوە. لە خۆپیێشاندانی بەردەم زانکۆ لە هەولێر وەک نوێنەر هەڵدەبژێرێت. دوای دەست کێشانەوەی لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ئیتر لە سەرەتای دەیەی هەشتاکانەوە لەگەڵ دروست بوونی ڕەوتی کۆمۆنیستدا دەست بە چالاکی دەکات و بەرپرسیارێتی ڕێکخراوەیی لە هەولێر و بەشێک لەکەرکووکی ئەکەوێتە ئەستۆ، لەیەکەم کۆنفرانسی ڕەوتی کۆمۆنیستدا وەک ئەندامی کۆمیتە مەرکەزی هەڵبژێرا، لەگەڵ دامەزراندنی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراقدا ساڵی ۱۹۹۳، وەک ئەندامی کۆمیتەی ڕابەری لە کوردستان هەڵدەبژێرێت و بەرپرسیارێتی ئیزگە و سکرتارییەت و ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە و هەموو ڕێکخستنەکانی لە کوردستان لە ماوەی جیاجیادا وەرگرتووە. لە دوای دەرپەڕاندنی بەعس لە کوردستان، یەکێک بووە لە ئاکتیڤستەکانی بزووتنەوەی شورایی و بنکەی شورا کرێکارییەکان لە هەولێر هاوشانی دەیان هەڵسوڕاوی تر، بزووتنەوەیەکی شورایی بەرجەستیان بەرێخست. لە ۲۰۰٤ دوای ناکۆکییەکانی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی، لەگەڵ دە هاوڕێ و کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراقیان پێکهێناوە و هەمیشە لە ڕابەرایەتی و ئەندامی مەکتەب سیاسی ئەو حزبە بووە. ئێستا سکرتێری کۆمیتە مەرکەزی حزبی ناو براوە. دەیان وتار و نووسین و ڤیدیۆی بڵاو کردووەتەوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی. بەرپرسی ڕێکخراوی هەڵوەشانەوەی سزای لە سێدارەدان و ئەندامی هاوپەیمانێتی جیهانی دژی ئیعدامە و بەشداری هەموو کۆنگرە جیهانییەکانی دژی ئیعدامی کردووە، هەتا ئێستاش لەم بوارەدا چالاکانە هەڵدەسوڕێت.

# ئاوڕ دانەوەیەکی خێرا لە « حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست »

## جەماڵ ئەیوب( عیزەدین مەجید)(*)

**ناوەڕاستی مارسی ٢٠٢١ستۆکهۆلم**



**هاوڕێی ئازیزم عەبدولا سلێمان ناسراو بە ( مەشخەڵ ) کە لەسەروبەندی ئامادەکردنی نامیلکەیەک یا کتێبێک لەسەر حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری (ڕابەر )ە . پەیوەندی پێوە کردم کە گەر بە بەشدارییەکی کورتیش بێت لە گێڕانەوە و بە دیکۆمێنتکردنی ئەو مێژووەوە، کاریگەرییەکانی ئەو حەلقەیە لەسەر بیروباوەری چەپ و**

**کۆمۆنیستەکان لەدەیەی هەشتاکان ،باری سەرنجی خۆم دەربڕم .**

**دیارە کە حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە نیوەی دوەمی ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو لەلایەن هاوڕێیان ( جەماڵ کۆشش و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد کە بە ناوی هۆشەنگەوە دەینووسی، عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)) پێکهات. بەو پێیەی کە لەوسەردەمەدا چ وەک و کۆمۆنیستێک هاوکات چ وەک کەسێک کە بەرکەوتەی فیکری سیاسیم بە بەهاوڕێیانی ئەو حەلقەیە وە هەروەها بەباسەکانی ئەو حەلقەیە هەبوو پێم خۆش بوو لە چەند لاپەرەیەک ئەو بەشداریە بە خۆشحاڵییەوە قبوولّ بکەم.**

**کاتی کە حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە ساڵی ١٩٨٧ بوو پێکهات ئەو کاتانە من و چەند هاوڕێیەکم حەلقەی ئوکتۆبەرمان پێکهێنابوو، هاوکات لەباسە فیکری و سیاسیەکانی کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست دواتر دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریاوە نزیکایەتیمان هەبوو. بیرمە بەناوی حەلقەی ئوکتۆبەریشەوە ئەودەمە نووسینێکمان لەبەرانبەر تێڕوانینە فیکری و سیاسیەکانی حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بڵاو کردەوە کە هاوڕێ سالار رەشید ئامادەی کردبوو منیش لە داڕشتن و دیبەیتی باسەکانی بەشدار بووم کە من دواتر هەوڵدەدەم بەوەی کە لەبیرم ماوە سەبارەت بەو نووسینە تێڕوانینی خۆمان کەلەوێدا باسمان لێکردبوو، بخەمە ڕوو. پێم وابێ ئەو نووسینە تەنها نووسینێک بوو کە وەک بابەتێکی ڕەخنەیی لەبەرانبەر حەڵقەی ئەدیبانی کۆنیست لەو دەمەدا بڵاو کرابێتەوە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە بیرۆکەی ئاوڕدانەوە لەم جۆرە مێژوووە و پاراستن و بە دیکۆمێنت کردنی، بە بڕوای من کاریکی زۆر ئیجابی و هەنگاوێکی پڕ بایەخە. ئەم هەوڵەش دەچێتە خانەی هەوڵی هاوڕێیانێکی دیکە کە پێشوتر لەچەند کتێبێک و نامیلکەیەک مێژوووی ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستییەکانیان لەو سەردەمە یاداشت کردووە .**

**بۆ ئەوەی بۆ باس و ڕووداوەکانی ڕۆژگارێک بگەڕێینەوە کە نزیکەی سی پێنج ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، باس لە مەسایلێک بکەین ئەودەمە قسەوباسی لەسەر بوو، هەروا کارێکی ئاسان نییە. نە بۆ و من نە بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە لە یاداشت کردنی ئەو ڕۆژگارانە دەیانەوێ شتێک لەو ڕاستایە دۆکیۆمێنت بکەن کارێکی سەختە، بەتایبەت ئێمە باس لە ڕۆژگارێک دەکەین کە بە هۆکاری ئیستیبداد و سەرکوتی سیاسی و ڕاوەدوونانەوە بەشێکی زۆر لەو نووسین و بەڵگەنامانەی کەپێویست بوون و لە تۆمارکردنی ئەو مێژوووە و دەبووا پشتی پێ ببەسترێت فەوتاون و لەبەردەستدا نەماون .**

**من بە مەبەستی وەڵام دانەوە و خۆ ئامادەکردن بۆ ئەم کورتە بەشدارییە کە هاوڕێ عەبدوڵا سلێمان( مەشخەڵ) سەبارەت بەم پرۆژەیە بەشداری کردووم جگە لە هەڵخستنی ڕایەڵەی خەیاڵ و گووشینی فیکرم بۆ ئەو ساڵانە ناچارم پشت بەو دوو موقابەلەیە کە هاوڕێ سالار ڕەشید لە کتێبەکەی خۆی( مێژوووییەک لە یادەوەری،**

**دیدار سەبارەت بە مێژوووی چەپ و کۆمۆنیزم لە کوردستاندا ) سەبارەت بە کاری حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لەگەڵ هەردوو هاوڕێ، عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) ئەنجامی دابوو، ببەستم . هاوکات هەوڵم داوە سوود لە هەندێک دیوی تری ئەو کتێبە کە باسەکانی بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە لەوانە موقابەلەیەکی خۆم کە هاوڕێ سالار لە هەمان کتێب سەبارەت بە حەلقەی ئوکتۆبەر لەگەڵمدا ئەنجامی دابوو، ببینم. بە بڕوای من هەرچەند هەوڵی جدی بۆ بە تۆمارکردنی ئەو مێژووە و بەئەنجام دەرهێنانی دەرس و تەجروبەکانی بدرێ، کەمە. ئێمە لەوبارەوە زۆر کورتمان هێناوە، بۆیە هەر هەوڵێک لەو ڕاستایە جێگەی دەست خۆشییە.**

**حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بۆ پێک هات ؟**

**حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست یەکێک لەو حەلقە فیکری ڕۆشنبیرییە کۆمۆنیستییانە بوو کە ساڵی ١٩٨٧ وەک پێویستییەک بۆ خەتپێدانی بیری چەپ کۆمۆنیستەکانی ئەو سەردە بە دەوری ڕۆشەنگەرییەکی کرێکاریی و سۆشیالیستیی پێک هات. ئەم حەڵقەیە دەیویست لەدیدی کۆمۆنیزمەوە ئەدەب و هونەرێکی کرێکاریی برەو پێبدا و بەرانبەر ئەو شەپۆلە بەرفراوانەی ئەدەبی بۆرژوازی کە لە هەڵخراندنی فەزای جەنگ و بەسووتەمەنی کردنی خەڵک لە ئاشی ئەو جەنگە ڕابوەستێتەوە، هەڵێک بوو لەڕاستای جیاکردنەوەی ئەدەبی کرێکاری لەئەدەبی بورژوازی .**

**حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەوڵێک بوو کە هاوشێوەی « کانوونی هونەر و ئەدەبی کرێکاری « بێت کە ناوەندێکی هونەری ئەدەبی کرێکاری و کۆمۆنیستی بوو لەلایەن چەند هاوڕێیەک لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران یا ڕوونتر بڵێم هاوڕێیانێک لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ‹ کۆمەڵە ‹ پێک هاتبوو، کە بریتی بوون لە موسڵح شێخولئیسلام « ڕێبوار « ، سلێمان قاسمیانی « کاکە « ، فاتیح شێخوئیسلام « چاوە «و هاوڕێیانێکی دیکە . ئەو کانوونە هونەرییە بڵاوکراوەیەکی دەورییان بە نێوی پێشەنگ بڵاو دەکردەوە. لەو گۆڤارە شیعر و باسگەلێکی کرێکاریی و هونەریی و فەرهەنگیی بڵاودەکرایەوە جگە لە گۆڤاری پێشەنگ هاوکات یا دواتر هەندێک گۆڤار و بڵاوکراوەی دیکە دەردەکران لەوانە ،گۆڤاری « هانا» کە لەدەیەی نەوەدەکان دەردەچوو، گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاری کە ئەوەیش دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابووردوو بڵاو دەکرایەوە. ئەم کانوونە دواتر بواری ئەدەبی منداڵان ناوەندێکیان پێک هێنا و گۆڤارێکیان تایبەت بە ئەدەبی منداڵان بڵاوکردەوە. هەوڵی پێکهێنانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەنگاوێک بوو لەو ڕاستایە و کارێک بوو هاوشێوەی ئەو کانوونەو بگرە لەژێر کاریگەری ئەو پێکهات.**

هاوڕێ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) لەو دیمانەیەی کە کتێبی ( مێژوووەیەک لە یادەوەری/ ئیدیتۆر سالار ڕەشید ) لەگەڵیدا ئەنجامی دابوو ئاوا باس لە هۆکاری پێکهێنانی ئەو حەڵقەیە دەکات: لە هەشتاکانی سەدەی رابوردو سەرای سەرکوت و زەبروزەنگی بێپەردەی ڕژێمی بەعسی ڕاکشاو لە زەلکاوی مێژووو، برەو بە ئەدەبێک دەدرا ، کە لەگەڵ ویست و بەرژەوەندی ئەو ڕژێمە دەهاتەوە. لەکاتێکدا عێراق لەجەنگی کۆنەپەرستانەیدا لەگەڵ ئێران هەموو توانا ماددی و مرۆیی و فەرهەنگییەکانی خستبووە گەڕ و ئەدەبێک لە عێراق بڵاو دەکرایەوە تەنها ئەرکی جوانیشاندانی بیچمی ناشرینی ئەودەسەڵاتە دیکتاتۆرە بوو، کە پێی دەگوترا ئەدەبی جەنگ. لەم لاشەوە بزووتنەوەی کوردایەتی بە هەموو سیما شێوە جیاجیاکانییەوە لەوپەری ڕاستەوە تا ئەو حیزبانەی کە خۆیان بە کۆمۆنیست دەزانی خەریکی برەودان بە ئەدەبێک بوون کە ناوی ئەدەبی شۆڕشگێڕانەیان لێ نابوو ،ئەرکی ئەو ئەدەبەش فریودان بەسووتەمەنی کردنی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بۆ بەرژەوەندە حیزبییە تایبەتیەکانیان بوو. لەم نێوەدا هەستمان بە بوونی بۆشاییەکی گەورە و لەمەیدان نەبوونی ئەدەبی بەڕاستی شۆڕشگێرانەو پشتبەستوو بە بەرژەوەندیی چینایەتی کرێکاران دەکرد.

ئەوە هۆکار و فەلسەفەی دەستبردن بۆ ئەو حەڵقەیە بوو کە هاوڕێ عەبدوڵا لەو دیمانەیە ئاماژەی پێدابوو. ڕاستە لە هەشتاکاندا عێراق بە جەنگێکی درێژماوە و ماڵوێرانکەردا تێدەپەری، هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕژێم لەوسەردەمە ئاشی جەنگیان دەچەرخاند. تەلەفزیۆنەکان ڕۆژانە بەوە نەدەوەستان کە دەیان و هەزاران دیمەنی جەرگبری دەست و پێقرتاوی سەربازەکان لە مەیدانەکانی جەنگ نمایش بکەن، بەڵکو دڵی دایکان و باوکانیان بەنیشاندانی تەرمی شێواوی بەرلوولەی تۆپ و تەیارەکان دەخستە خورپە و ئەوان هەمیشە خەڵکیان لە مەترسی لەدەستدانی ڕۆڵەکانیان ڕادەگرت. لەبری بەرنامە ئاساییەکان فیلمەکانی جەنگی جیهانییان نمایش دەکرد. دووتوێی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، هەواڵەکانی جەنگ و ،چیرۆک و شیعر و بەرهەمە ئەدەبییەکان هەر باسی جەنگ بوو. خەلاتی باشترین سروود و شیعر و چیرۆک و بەرهەمی تەلەفیزێۆنی لەبارەی جەنگەوە بەو کەسانە دەدرا کەهاندەری بەسووتەمەنی کردنی ئەو خەڵکە بوون کە ڕوو لە بەرەکانی جەنگ بکەن، ئەوان کۆمەڵگەیان نووقمی تاریکی نائومێدی کردبوو.

گێڕانەوەی ئومێد بە ژیان و هێنانەوەی خەندە و خۆشی بۆ کۆمەڵگە پێویستی بە شۆڕشێکی بنەڕەتی بوو. چەپ و کۆمۆنیستەکان ئەگەر چی بە ژمارە کەم و بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیزم کەم کاریگەربوون بەڵام ئەوان تەنها ئۆپۆسیزیۆنی سەرسەختی ڕژێم و خوازیاری یەکەمی ئاڵو گۆڕی ڕیشەیی بوون لە عێراق. بزووتنەوەی ناسیونالیستی لە کوردستان لەلایەک بەپشتیوانی بەرەی بەرانبەری جەنگ واتە ئێران ئاگرخۆشکەر و سەرچاوەی نەهامەتییەکی زیاتری مەینەتییەکانی خەڵک بوون لەو جەنگەدا، لە لایەکی دی ئەوان لەچوارچێوەی ئامانجە بەرتەسکە قەومی حیزبییەکانیانی خۆیانەوە

وەک بزووتنەوەیەکی هەلپەرستانە لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆندا بوون . ئەوان نەخواستی ڕووخانی ڕژێم و نە هێزی بەرگرتن بە جەنگ بوون چونکە خۆیان بەشێکی دانەبڕاوەی ئەو پرۆسەیە بوون. ڕەخنەی مارکسیستیی و کۆمۆنیستەکان لە ڕژێم تەنها یەک ڕووی سیاسی و فیکری بوو. ڕەخنەیەکی سەرتاگیری مارکسیستیی نەبوو کەتیایدا لەسەر بناغەی سۆسیالیزمی دیالەکتیکی لە بوارەکانی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی فەرهەنگی جەنگی چینایەتی بکات.

حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و باقی حەڵقە و ڕەوتە مارکسیستی سۆشیالیستییەکانی ئەو سەردەمە هەرهەموو سەرگەرمی جەدەل و پلەمیکی سیاسی و فیکری بوون لەسەر ساغکردنەوەی ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی کە بە بەرنامەو پلاتفۆرمی کۆمۆنیستییەوە ڕووبەڕووی هەلو مەرجەکە ببنەوە، هەر ئەوەش بوو ئەم کە ئەم حەڵقەیەی لەوانیتر بەهیچ تایبەتمەندییەکی جیاواز جیا نەدەکردەوە کەدواتر لەو بارەوە برێک زیاتر سەرنج دەخەینە ڕوو. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی لەڕێگەی تیئۆرییەکانی خەباتی چینایەتی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدات. بیرۆکەی پشتی ڕەخنەی مارکس ئەوەیە کە کاری ئەدەبی زادە و دەرهاویشتەی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانن کە لە مێژوودا ڕوو دەدەن. مارکس لە کتیبی کەپیتاڵ باس لەوە دەکات کە ئەوە شێوازی ژیانی ماددییە کە کۆی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان شیدەکاتەوە. ئەوە وشیاری خەڵک نییە،کە سروشتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دیار دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە بوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن کە سروشتی وشیاری دیاری دەکەن. وشیاری کۆمەڵایەتیش جگە لەسەرخانی کۆمەڵایەتی کە هونەر و ڕۆشنبیری دەگرێتەوە شتێکی دیکە نییە. بە شێوەیەکی سادەتر دەتوانین ئەوە بڵێین کە ئەوە بوونی بزووتنەوە ماددییەکانە کە هونەری ئەدەب و ڕۆشنبیری بەرهەم دێنێ و دەیانکات بە خاوەنی کارەکتەرەکانی خۆی.

## ئەدەبی کرێکاری یا ئەدەبی بەرەنگاری .

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو سەرباری جەنگێکی هەشت ساڵەیماڵوێرانکەری نێوان عێراق و ئێران کە سەدان هەزار تێیدا بوون بە قوربانی. سەرباری هەوڵی هەردوولایەنی لایەنی شەڕکەر لە گەرمکردنی ماشینی ڕاگەیاندن و هەڵدان بەجەنگ و سەرکەوتنەکانیان، لە کوردستانی عێراق جووڵانەوەیەکی فراوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی چەکداری دەستی پێکردبوو بزووتنەوەی کوردایەتی لە ژێر ناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان سواری ئەو شەپۆڵە نارەزایەتییە بووبوو. شەڕی هەردوو وڵات ڕووبەر و پانتاییەکی لە نێوان سنووری هەردوو وڵات بەتایبەت لە کوردستاندا دروست کردبوو.

ئـەوە وای کردبـوو حیزبەکانـی بزووتنـەوەی کوردایەتـی هێزەکانـی دیکـەی ئۆپۆزسـیۆنی هـەردوو وڵات لەوانـە حیزبـی شیوعی عێـراق ،حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران، ڕێکخـراوە چەپ مارکسیسـتییەکانی دیکـە کەڵـک لـەو پانتاییـە لـە فەراغـی دەسـەڵات وەربگـرن و هێـزی چەکـداری خۆیـان پێـک بهێنـن و ئـەو بۆشـاییە پڕبکەنـەوە. هێـزی چەکـداری و بزووتنـەوە چەکـداری بـە بەشـداری کـوڕان و کچـان لـەو جووڵانەوانەیـەدا، بوونـی ناوچـەی ئـازاد ڕاگەیانـدن و چاپەمەنـی ئاشـکرا، دروسـت بوونـی چەندیـن ناوەنـد و گروپـی شـانۆیی و موسـیک، ناوەنـدە هونەریـی و ڕۆشـنبیرییەکان. بوونـی ئـەو فەزایـە لـە کـۆڕ و چالاکـی سیاسـی ڕۆشـنبیری و جۆرێـک لـە ئەدەبـی بـرەو پێـدا کـە دەتوانیـن بـە ئەدەبـی بەرەنگاری (مقاوەمەت) نـاوی لێبەریـن، تێکەڵییـەک بـوو لـە ئەدەبـی شۆڕشـگێرانە لەلایـەک ئەدەبـی پۆپۆلیسـتی لەلایەکـی دیکـە. بزووتنـەوەی دژی سـەکوت و ئیسـتبدادی هـەردوو ڕژێمـی عێراق و ئێـران بەدڵنیاییـەوە جۆرێـک لـە ئەدەبـی شۆڕشـگێرانەی هێنابـووە مەیـدان، بـەڵام ئـەم ئـەدەب و هونـەرە هیـچ کات کرێکاریـی نەبـوون. لـەو جوڵانـەوە جەماوەرییـە چەندیـن شـاعیر و نووسـەر و بـە نووسـینەکانیان بەرخـوردان و خەباتـی پێشـمەرگە و تێکۆشـانی کـوڕان و کچانیـان بـەرز نرخانـد. لـە حیزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران، کانوونـی هونـەر و کرێـکاری پێـک هـات، بەسـروود جـۆش بەخەباتـی دژی جمهـوری ئیسـلامی درا. لـە کوردسـتانی عێراقیـش هاوشـێوە گروپـی سـروود و مۆسـیقا پێکهـات. بـەو پێیـەی ئـەو خەباتـە لـەدژی ڕژێمـی بەعـس و کۆمـاری ئیسـلامی بەڕێوەدەچـوو، گشـت ئـەو چالاکییـە هونـەری و ڕۆشـنبیرییە دەچوونـە خانـەی ئەدەبـی بەرەنـگاری بـە قازانجـی کرێـکاران و زەحمەتکێشـان بەئەژمـار دەهێنـرا وەک بەشـێک لەئەدەبـی کرێکاریـی چاولێکـرا، بـەڵام لـە قوڵایـی بزووتنـەوەی کرێکاریـی و جووڵانـەوە نارەزایەتییەکانییـەوە سـەرچاوەیان نەگرتبـوو، بەڵکـو لـەو فـەزا و هەلومەرجـەدا جۆشـی سـەندبوو، کـە بـە جووڵانـەوەی ڕزگاریخـوازی ناسـرابوو.

## ئەدەبی کرێکاریی یا ئەدەبی سۆشیالیستیی ؟

ترۆتسـکی لـە کتێبـی مێـژووی شۆڕشـی ڕووسـیادا دەڵێـت ناتوانیـن شـتێک بەنـاوی ئەدەبێـک بـۆ کرێـکاران نـاو لـێ بنێیـن ئـەو دەڵێـت « تۆلسـتۆی» بـە ڕۆمانـی جەنـگ و ئاشـتی پێمـان دەڵێـت چـۆن نەفـرەت لـە جەنـگ و خەبـات بـۆ ئاشـتی بکەیـن، ئـەو ئـەوە بـە بنەمـای ئـەو ئەدەبـە دەزانێـت کـە بـە ڕیاڵیزمـی سۆشیالیسـتیی دەکرێـت نـاو ببرێـت . یـا «ئەمیـل زۆلا « لـە ڕۆمانـی « جەرمینـاڵ «کەسـاڵی ١٨٨٥ سـەبارەت بـە کرێکارانـی کانـەکان لـە فەرەنسـا نووسـیویەتی کـە ئـازارو ناخۆشـییەکانی کرێـکاران بـاس دەکات ، پێمـان دەڵێـت خەباتـی ئـەو چینـە بـۆ یەکسـانی کۆمەڵایەتـی چ جۆرێـک لـە ئەدەبـی شۆڕشـگێڕیمان نیشـان دەدات. دەتوانیـن ئەوانـە بەسـەرەتای ئەدەبێکـی ڕیالیسـتی و سۆشیالیسـتیی بناسـێنین .

ئەو دەڵێت تا سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەفیش شتیک نەبووە بەناوی ئەدەبی سۆشیالیستی، بەڵکو ئەوە ئەدەبی ڕیالیستی بوو کە داکۆکی لەبەرەی چینە چەوساوەکان دەکرد. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوووپەکی تۆزێک لەوە بەر دەبینین بەدەیان بابەت و شاکاری فیکری لەچەشنی بەرهەمەکانی تۆلستۆی و پۆشکین ئەمیل زۆلا هەبوون کە پێش ڕوودانی شۆڕشی ئوکتۆبەری ڕووسیا بەرهەم هاتبوون ، کە بە ئەدەبی ڕیالیزم یان هەندێجار بە ڕیالیزمی سۆشیالیستیش ناوبراون. لەوانە جەنگ و ئاشتی ،ڕۆمانی دایک،زۆرێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی بیلزاک،جاک لەندن،ئەمیل زۆلا، دیستۆفیسکی، مایکۆفیسکی، پۆشکین،..تاد. ئەوە شۆڕشی ڕووسیا بوو بەمانا فراوانەکەی کە قوتابخانەی ئەدەبی سۆشیالیستی خوڵقاند. ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستی بە پێی هەندێک لە بیرمەندانی ڕووسیا لەدوای شۆڕشی ئوکتۆبەر و بەتایبەت دوای دامەزراندنی ئەو ئابوورییەی کە بە «ئابووری سۆشیالیستی دەوڵەتی» ناسرا پەیدا بوو. قوتابخانەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی لەسەردەستی مەکسیم گۆرکی و ئەندرێ گیدانۆف لەساڵی ١٩٣٤ لە کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی سۆڤیێت دامەزرا، بەرجەستەترین شاکاری ئەو جۆرە ئەدەبە ڕۆمانی دایکی مەکسیم گۆرکی و پاژنەی ئاسنینی جاک لەندن ئەوە جگە لەبەرهەمەکانی چیخۆف ،شۆلۆخۆف ،جەنگیز ئیتماتۆف..تاد. یەکێک لەو باسانەی کە بیرم بێتەوە کە حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست جەختی لەسەر دەکردەوە مەسەی ئەدەبی کرێکاری جیاکردنەوەی ئەم جۆرە لە ئەدەب بوو لە ئەدەبی بورژوازی ،ئەمە تەنانەت لە ناوەخنی بەیانی پێکهێنانی حەلقەکە تاکیدی لێکرابوو. لە نێوان ئەدەبی کرێکاری و ئەدەبی سۆشیالیستی جیاوازییەکی ئێجگار زۆر هەیە .من ئەدەبی سۆشیالیستی بە نزیکتر دەزانم وەک زاراوە بۆ ئەدەبێک کە تەعبیر لە خواست و موعاناتەکانی چینی کرێکار بکات وەک لە زاراوەی ئەدەبی کرێکاری. ئەمە دەکرێت بۆچوونێکی تایبەت بە خۆم بێت و دەکرێت بۆ وردکردنەوەی ئەم مەبەستە باسی زیاتر بکرێت، کە لێرەدا جێگەی نابێتەوە. ئەدەبی سۆشیالیستی وەک دژ یا ئەلتەرناتیڤێکی جیاواز لەبەرانبەر ئەدەبی بورژوازی دەکرێت بەکار ببرێت. ئەدەبی ڕیالیستی سۆشیالیستی کۆی سەرخان و ڕۆشنبیرییەکی کۆمەڵایەتییە کە ڕەنگدانەوەی ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری پێکدەهێنێت . من نامەوێ لێرە خۆم بخەمە نێو بابەتێک کە لێکۆڵینەوەیەکی وردتری پێویستە ،بەڵام ڕووکەش من جیاوازییەکی بنچینەیی لەنێوان ئەو دوو جۆرە چەمکە لە ئەدەب دەبینم. باسی ئەدەبی کرێکاری زیاتر باسێکی یەکتاو سنوردارکراوی ئەدەبێکە لەبری ئەوە دەکرێت ئەدەبی سۆشیالیستی وەک چەمکێکی فراوانتر بەکاربرێت. دەبێت مەبەست لەئەدەبی کرێکاری چ بێت؟ شیعری کرێکاری،چیرۆکی کرێکاری یا ..تاد. ئایا کرێکار چیرۆک یا شیعری تایبەت بەخۆی هەیە یان ئەوە ئەدەب و هونەری ڕیالیزمی سۆشیالیستییە لەسایەی دامەزراوە ئابووری و ئیداری و ئۆرگانەکانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی ئەم جۆرە لە ئەدەب بەرهەم دێنێت . بۆ نموونە ئەدەبی منداڵان باس لەو ئەدەبە دەکات کە جیهانی منداڵان بە فیگەرو ڕەنگەکانی تایبەت بە منداڵان دەنەخشێنی. زمانی داڕشتن، خەیاڵی نووسین، وێنای

**دیمەنەکان، سنووری بابەتەکان گەڵێک ڕەهەندی تر کە دەکرێت تەنها بۆ منداڵان بەکاربهێنرێت. دەکرێت بوترێت هاوشێوەی ئەوە ئەدەبی کرێکارانیش وابێ؟ گەر وایە دەبێ چەن شێوە ئەدەبی وا لە دونیای ئەدەبدا بوونی هەبێت؟**

## ڕەخنەی حەلقەی ئۆکتۆبەر لە حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست چی بوو؟

**هەروەک ئاماژەم پێکرد ئێمە لە حەلقەی ئۆکتۆبەر ئەو سەردەمە نامیلکەیەکمان لەسەر بیر و بۆچوونەکانی حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بڵاو کردەوە، کە باری سەرنج و ڕەخنەی خۆمان لە مەر ئەو حەلقەیە لەچەند خاڵێکدا خستبووە ڕوو. من بەو هۆیەی کە نزیکەی سی وچوار ساڵێک بەسەر ئەو نووسینەدا تێدەپەڕێ و لەهەمان کات هیچ وێنەیەکشی لە ئەرشیفدا دەست ناکەوێ ، بۆیە ناچار دەتوانم ئاماژە بەهەندێک خاڵ بدەم کە لە زاکیرەمدا ماونەتەوە. هەر ئەو خاڵانەش هاوڕێ سالار ڕەشید لە کتێبی ( مێژوووییەک لە یادەوری ) لە لاپەڕە ٢٣١ بە شێوەیەک وە بە کورتی ئاماژەی پێداوە. لەوانە**

**١-مەرجی ئەندامەتی لە حەلقەی ئەدیبان زیاتر سیاسی و ڕێکخراوەیی و بگرە مەحفەلی بوو وەک لەوەی کە لەسەر بنەمای باوەڕ بوون بە کۆمۆنیزم و سۆسیالیزم بێت. دیارە ئەم کێشەیە، کێشەی گشت ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستییەکانی ئەو سەردەمە بوو بێ جیاوازی. دەمارگیری مەحفەلی و ڕێکخراوەیی وای لەم حەڵقە و ڕێکخراوانە کردبوو کە دەرگای چوونە ژوورەی ڕێکخراوەکە ئەوەندە پڕ قەیدو بەند بوو بە چەندین پێوەری ئیدۆلۆژی و فیکری و سیاسییەوە کە بە ئەندازەی تاڵە موویەک جیاواز بایە بە ئەندام وەرنەدەگیرا. دیارە ئەو ڕەخنەیە بۆ حەڵقەیەکی وەک ئەدیبانی کۆمۆنیست کە نێوی ئەدیبانی لەخۆی نابوو زیاتر مانای دەبەخشی. ئەو حەڵقەیە تەنانەت بەهۆی ئەو پێودانگە تەسکە فیکری ئیدۆلۆژییەوە ئەندامێک لە سێ ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر لە گرووپەکەی خۆی دەردەکات.**

**٢- حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست وەک پرۆژەیەکی ڕێکخراوەیی، ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بەشێوە ناراستەوخۆکەی کاری دەکرد. باس و پلەمێکە سیاسی و فکرییەکانی ئەو حەلقەیە لەدەوری ئەو تەوەرانە دەخولایەوە کە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست جەدەلی سیاسی لەسەر دەکرد ئەو کاریگەرییە تەنانەت لەسەر بەکارهێنانی فۆرم و دەستەواژە و چەمکە سیاسییەکان بەتەواوی دەبینران. مەسەلەی بەرنامەی کۆمۆنیستی کاری ڕێکخراوەیی لە نێو کرێکاران لەدەربڕینەکانی ئەو حەڵقەیە ڕەنگی دەدایەوە. هەرئەوەش وای لەم حەڵقەیە کردبوو دیوارێکی پتەو لە نێوان حەڵقەکە و ئەو شاعیر**

**و نووسەر و ڕۆشنفکرانە دروست بکات کە ئەوددەمە باوەڕیان بەمارکسیزم و کۆمۆنیزم هەبوو بەلام لەگەڵ ئەو خەتە ڕەوتی کۆمۆنیست نەدەهاتنەوە خۆیان پاسیف لە پرۆژەی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست دەبینی.**

**٣- کار لە نێو کانوون و ڕێکخراوەی جەماوەری و ڕۆشنبیرییەکان، هاوشێوەی کار لەنێو ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان نییە. حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست وا ئیدیعایان دەکرد کە حەڵقەیەکی ئەدەبین کار لەسەر پاراستن و سەربەخۆ کردنی ئەدەبی کرێکاریی دەکەن و پەرە بەو جۆرە لە ئەدەب دەدەن، هەروەک لە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی حەلقەکە ڕاگەیەنرابوو ،بەلام هاوکات باسیان لەوە دەکرد کە وەک ڕێکخراوێکی سیاسی بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ڕاشکاوانە نیشان دەدەن. لە گۆڤاری ڕابەر ئۆرگانی حەڵقەکە چەندین باس و لێکدانەوەی سیاسیی سەبارەت بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بەرنامەی کۆمۆنیستی دەبینران. ئەوان فۆکسیان لەسەر ئەوەی کە کار لەسەر ئیستاتیکای ئەدەبی کرێکاریی مارکسیستی خستبووە پاش کارکردن لەسەر مەسەلە ئیدیلۆژی فیکرییەکانی ئەو سەردەمە کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دەرگیری بووبوو.**

**دەبێت ئەوش بڵێم کە نە ئێمە لە حەلقەی ئوکتۆبەر وە خودی حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ئەو ڕۆشنگەرییە مارکسیستییەمان بە پێی پێویست بووبێ تا لەڕاستای دیفاع لە ئەدەب و هونەری سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی بۆ چینی کرێکار کارێک بکەین. تەنات ڕەخنەی ئێمەش لەو ڕاستایە زیاتر ڕەخنەیەکی مەحفەلی قەتیس لە چوارچێوەی زۆرانبازی مەحفەلی خۆی دەبینییەوە. ئەگەر دوورتر چوبێتین لە چوارچێوەی ئەدەبێکی شۆڕشگێرانە و لەو هەڵومەرجەی کە لە کوردستان و ناوچەکە هەبوو تێنەدەپەڕی. ئەدەبی کرێکاری و سۆسیالیستی لە کوردستان خاوەن میراتێکی وانەبوو لەنێو ئەدەب و ڕۆشنبیری کۆمەڵگە تا بناغەیەک بۆ ڕەخنە و هەڵسەنگاندن پەیدا بکات، بۆیە ئێمە کەسمان بەو چەکە دەوڵەمەند نەبووین، ڕەخنەکانمان زیاتر ڕواڵەتی و زیاتر تیئۆری و ئیدیۆلۆژی بوو. ئەو سەردەمە دەرکی ئێمەی کۆمۆنیستەکان ئەوەندە کە بۆ جەدەلی سیاسی و ئیدۆلۆژی سەبارەت بە مارکسیم و کۆمۆنیزم دەچوو ئەوەندە بۆ خەبات لەدژی بورژوازی لە هەموو مەیدانەکانی ئەدەب و هونەرو ڕۆشنبیری نەدەچوو.**

## ئەدەب و تێڕوانینی مارکس سەبارەت بە ئەدەب.

**مارکس لە هیچ شوێنێک سەبارەت بە ئەدەبی کرێکاریی یا سۆشیالیستیی شتێکی نەوتووە یا نە نووسیوە. لەهەموو ئەو نووسین و لێکدانەوە فیکریی و فەلسەفییانەی**

**کە مارکس و ئەنگلس سەبارەت بە چینی کرێکار و سۆسیالیزم کردوویانە، لە ڕەخنە لەبورژوازی و سەرمایەداری، هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و ڕەخنەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگەیە تا دەگات بە دەیان بەرهەمی فیکری و فەلسەفی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە هیچ شوێنێک باسێک سەبارەت بەئەدەبی کرێکاریی وەک دەستەواژەیەک بەکار نەبراوە. دکتۆر فالح عەبدولجەبار لە موحازەرەیەک سەبارەت بە تێکستە ئەدەبییەکان لە کتابی کەپیتاڵی مارکس دا دەڵێ( مارکس بەرلەوەی دەست بە لێکۆڵینەوەی سیاسی و فیکری و ئابووری بکات سەبارەت بە سەرمایەداری خۆی زەوق و سەلیقەی لەگەڵ ئەدەب و شیعر ڕۆمان پەیدا کردبوو. ئەو چەندین شیعری نووسیبوو، شانۆنامەی شیعری نووسی، تەنات ڕۆمانیشی نووسیوە، بەڵام ئەو نەبوو بە شاعیر و ڕۆماننووس، بەڵکوو بوو بە بیرمەندێکی مەزن و بە شیکردنەوەکانی لەبواری ماتریالیزمی دیالکتیک و ماتریالیزمی مێژوویی فەلسەفە و ئابووری سیاسی هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی لەدونیادا گۆڕی. مارکس لەو کتێبخانە گەورەیەی کە لەماڵەکەیاندا هەبوو بەرلەوەی بە فەلسەفە دەست پێبکات ئەو بە بەرهەمی ئەو هەموو شاعیر و نووسەرانە ئەو سەردەمە و پێش خۆی گوزەری دەکرد. ئەو دانتی و گۆتەی دەخوێندەوە بە شکسپیر سەرسام بوو، بلزاکی دەخوێندەوە ،سۆفۆکلیس و هۆمیرۆسی بە زمانی لاتینی دەخوێندەوە. ئەو بە چەندین شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووسەکانی ئەو سەردەمە پێشووتریش سەرسام بوو لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانی لەچەندین شوێن وەک ئاماژە، ئاماژە بە شیعرو وتەو چیرۆک داستانەکانی ئەوان دەکات. ئەگەر سەرنجێک لە کیتابی کەپیتالی مارکس بدەین ئەو ڕاستییە بە وردی بەدی دەکەین. ئەو بۆ ئەوەی لێدانەوەکانی سەبارەت بە ئابووری سیاسی ڕوونتر بگەیەنێت بە وتەکانی شکسپیر و بە شیعرەکانی دانتی و ڤۆلتیر و بە ئەفسانەکانی گریک و ..تاد بۆچوونەکانی ڕووندەکاتەوە. لەنامەیەکدا بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی دەنووسێت (پێدەچێت شەیتانی شیعر لەگەڵ من نەبێت) هێمایەک بەوەی کە بۆیە نەیتوانیوە ببێت بە شاعیر. مارکس هەروەک چۆن لە شیعر سەرکەوتوو نەبوو لە ڕۆماننووسینیش بەوجۆرە، لەکاتێکدا ڕۆمانێکیشی نووسی بەڵام نەیویست بڵاوی بکاتەوە. شانۆگەریەکی شیعریشی نووسی بەڵام بڵاوی نەکردەوە. ئەدەب لای مارکس بەرلەوەی شێوە بێت تێگەیشتن و مانابوو. ئەو ئەنسکلۆپیدییایەکی ئەدەب بوو. لەهەموو لێکۆڵینەوە و نووسینەکانی ئەدەبی وەک ستۆنێک بۆ دەربڕینە فیکری و فەلسەفییەکانی بەکارهێناوە. ئەدەبی کرێکاری یا سۆشیالیستی چەمکێک نەبوونە و لای مارکس بەکار نە هێنراون. ئەم دوو چەمکە لەدوای مارکس لەلایەن هەڵگران پێرەوانی بیری مارکس لە ئەوروپا هەروا لەسەردەمی لینین دواتر لە سەردەمی شۆڕشی ڕووسییە بە بەرفراوانی بەکارهێنرا تا دواتر لەلایەن مەکسیم گۆرکی چەند کەسێکی دیکە لەدەیەی دووەمی سەدەی بیستەم وەک شێوە قوتابخانەیەکی ئەدەبی ناسێنرا. لەکاتێکدا لەسەردەمی مارکس بزووتنەوەی کرێکاری لەو پەڕی جۆش و خرۆشی کۆمەڵایەتی خۆیدابوو. هەلومەرجی نالەباری ئەو بزووتنەوەیە ژیان گوزەرانی کرێکاران هێند نالەبار بوو کە خودی مارکس و**

ئەنگلس لەدەیان نووسین و بەرهەمی خۆیان باسیان لێوە کردووە .خودی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست پرۆتۆکۆلێکی چینایەتی ئەو نابەڕابەری و چەوساندنەوەیە بۆ ڕزگار بوون نیشان دەدات. هەرئەو سەردەمە دەیان چیرۆک و ڕۆمان لە شێوەی بەرهەمەکانی ئەمیل زۆلا بڵاو کرابوونەوە بەڵام هێشتا ئەوانە ئەدەبی کرێکاریان وەک شێوە و قوتابخانەیەکی ئەدەبی جیاواز پێک نەهێنابوو.

دەتوانین بەو ئەدەبەی کە باس لە ئازار و نەهامەتییەکانی خەڵکی مەحروم لە کۆمەڵگەدا دەکات ،باس لە خواست و ئازادییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکانی چینی کرێکار و خەڵکی بەشمەینەت دەکات، باس لە موعاناتی ئینسانی مەحروم و چەوساوە لەبەرانبەر زوڵم و نابەڕابەری دەکات وەک ئەدەبێکی ئینسانی نێوی لێبنێین. وەک ئەدەبی سۆشیالیستی ناوی بەرین کە خود بەخود دەچێتە خانەی بزووتنەوەی چینی کرێکار دژ بە نیزامی سەرمایەداری، دەبێتە هەوێن بۆ جۆشدانی خەباتی چینی کرێکار بۆ نەهێشتنی گشت جۆرە چەوساندنەوەیەکی چینایەتی .

(*) عیزەدین مەجید (جەماڵ ئەیوب) نووسەر و خەباتکارێکی سیاسیی کۆمۆنیستە. ساڵی ١٩٦٢ لە کەرکووک لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتای و ناوەندی ئامادەیی هەر لە کەرکووک تەواو کردوە ، کۆلێژی پەروەردە بەشی فیزیای لەزانکۆی سەلاحەدین لەهەولێر خوێندووە. سەرەتای ساڵانی هەشتاکان پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، بەرپرسیارەتی ڕێکخستنی چەندین شانە و پۆلی ڕێکخستنەکانی لەشاری کەرکووک لەسەر شان بووە. ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی خوێندکارانی کوردستان بوو هاوکات تا ساڵی ١٩٨٤ بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتیی خوێندکاران بوو لە شاری کەرکووک. لەساڵی ١٩٨٤ وە وەک هەڵسوراوێکی چەپ و مارکسستی و کۆمۆنیستی لە کەرکووک کاری کردوە لە زۆرێک لەو ڕێکخراو و حەلقە کۆمۆنیستییانەی کوردستان لەو سەردەمە بەشدار بووە و هەڵسوڕاوە. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ی کوردستان بەشداری چالاکانەی بووە لە شورای گەڕەکی حورییە. لە کۆبوونەوەی گشتی بۆ ئەنجومەنی شورا هەڵبژێردراوە و بەرپرسی شورا بووە لەگەرەکی حورییە. هاوکات ئەندانی ئەنجومەنی شورای سەراسەری بوو لە شوراکانی کوردستان. لە ١٩٩٣ وە ئەندامی حیزبی کۆمۆستی کرێکاری عێراقە ، ساڵی١٩٩٦ دەبێت بە ئەندامی کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستانی حیزب و لە ١٩٩٨ دەبێت بە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی حیزب. لە ساڵی ٢٠٠٣ وە لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە.

# نەوزاد مدحەت(گۆران عەبدوڵا)(*)

# لەسەر کار و چالاکی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست



**سازدانی : عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)**

**پرسیاری یەکەم: چۆن ئاشنا بوون بە گۆڤاری ڕابەر و چۆن دەستتان دەخست؟ جگە لەوەی خوێنەری گۆڤاری ڕابەر بوون، لەهەمان کاتیشدا بەرهەمتان بۆی دەنارد، چ بەرهەمێکتان لەو گۆڤارە بڵاو بۆتەوە؟**

**گۆران عەبدوڵا: سەرەتای ئاشنابوونم بە گۆڤاری ڕابەر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ١٩٨٨ ئەوکاتەی لەگەڵ ئەم کۆمەڵە هاوڕێیە( پەخشان و بەختیار، مستەفای حەسەنە گەورە، عەدنان حەمید، جەماڵ کرێکار و شێرکۆ) بە هۆکاری نەچوونمان بۆ (خزمەتی**

**سەربازی) بە نهێنی لەچاوی دامودەزگاکانی بەعس لەیەکێک لە شوقەکانی شاری هەولێر دەژیاین و سەرقاڵی خوێندنەوە و کاری سیاسی بووین وەکوو حەلقەی مارکسی. پاش ئاشنابوونمان بە ئەدەبیاتی ڕێکخراوەی ڕەوتی کۆمۆنیست و پەیوەستبوونمان بەو ڕێکخراوەوە، بۆ یەکەمینجار لەڕێی هاوڕێیەکەوە چاومان کەوت بە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر. بەرگێکی شین، بە خەتێکی ڕەش لەسەری نوسرابوو ڕابەر. ناوەوەی گۆڤارەکە وەرقەیەکی تەنک بوو پێی دەوترا ڕایز. ئەو ناوانەی بەرچاوم کەوتن و لە یادەوریمدا مانەوە ( هۆشەنگ، مەشخەڵ، کاوە و ناوێکی تریش سەیر دەهاتە بەرچاو و بەقورسی بۆم لەبەرکرا، بەڵام ئەولەبەرکردنەم هەرگیز بیر نەچووەوە ئەو ناوەش ( شۆڕش هیومانێست) بوو! پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ زانیم ئەو ناوە جەماڵ کۆشش بوو. دواتر شیعرێکی خۆمم بۆیان ڕەوان کرد بەناوی ( بۆ مناڵێکی نانفرۆش) لەیەکێک لە ژمارەکانیدا بڵاو بووەوە.**

**پرسیاری دووەم: هەڵسەنگاندنتان بۆ کار و چالاکییەکانی حەلقەکە و گۆڤاری ڕابەر چۆن بوو و ئێستا چۆنی دەخوێننەوە؟**

**گۆران عەبدوڵا: ئەو سەردەمە سەردەمی زێڕینی بەرگریکردن و وەستانەوە بوو لە بەرانبەر دیکتاتۆرییەت و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی. هەر کار و جوڵانەوەیەک لەناو ئەو بازنەی مقاوەمەتەدا جێیەکی بۆخۆی بگرتبایە جێگای ئیعتیبار و دەستخۆشی بوو. ئێمە، ئەو هاوڕێیانەی کە پێکەوە دەژیایین جگە لە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی سیاسی، سەروکاری ئەدەبیشمان هەبوو. هەر بۆیە گۆڤارەکە و هەوڵەکانی پشت گۆڤارەکەمان بەرز دەنرخاند. ئەوەی لەبیرم مابێت هەموو کۆک بووین لەسەر ئەوەی ئەم کارە لاسایکردنەوەی گۆڤاری ئەدەبی( پێشەنگ)ی کۆمەڵە سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانە(دیارە بەلایەنە ئەرێنێکەیەوە)ئەو سەردەمە لە زۆر بواردا لاسایی کارەکانیانمان دەکردەوە، بەزمانێکی تر بە نموونەیەکی تەواو کامڵی خۆمانمان دەزانین. لەگەڵ ئەوەشداهەنگاونان بەرەو گەشەپێدانی ئەدەبی کرێکاری و سەربەخۆی ئەو ئەدەبەمان بە گرنگ دەزانی و هەستمان دەکرد ئەمەش هەنگاوێکە بۆ تەکامولی بزووتنەوە سیاسییەکەمان و نزیکتر مامەڵە دەکات لەگەڵ هەست و واقعیەتی کۆمەڵگەکەمان. ئەو هەوڵانە لە ئێستاشدا دەبێت بە پێوەری بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە بخوێنرێتەوە. سەردەمێک هەموو دەرگاکانت لێداخرابوون، سەرکوت تا ئەوسەری خۆی ڕۆشتبوو، مەرگ لەسەر هەموو کۆڵان و ناو ماڵێک خۆی مەڵاس دابوو، وشەیەک بەس بوو بۆ لێسەندنەوەی گیانی دەیان کەس. بێنە بەرچاو لەو هەلومەرجە ترسانەکەدا کۆمەڵێک گەنج نەک خۆی لەمەرگ دەبوورێ بەڵکوو لەڕوویدا دەوەستێتەوە، ئەوە لەڕوانگەی مەرگ دۆستییەوە نەبوو، بەپێچەوانەوە لە سۆنگەی ژیان دۆستییەوە بوو نەک تەنها بۆ خوود بۆ ئەوانی تریش. لەناو ئەودۆخە دژوارەدا هەر**

**ئەوەندە دەکرا کە کرا.**

**پرسیاری سێیەم: تا چەند لەگەڵ سەربەخۆیی ڕێکخراوێکی ئەدەبی هەیت؟ ئایا پەیوەست بوونی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیستەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**گۆران عەبدوڵا: تا چەند لەگەڵ سەربەخۆیی ڕێکخراوێکی ئەدەبی هەیت؟ ئەم بەشەی پرسیارەکەتان، پێم وایە مێژوووویەک لەگفتووگۆی لەسەر وەستاوە واتە بە ئا و نا، تێڕوانین و سەرنجی زۆری لەسەرە.چەمکی سەربەخۆبوون و نا سەربەخۆبون لەدونیای ئەدەبی و سیاسی ئێمەدا شێوێنراوە، بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕینەوە، ئەوکاتەی ئەحزابی شاخ کۆمەڵگەیان بەتەواوی دابەشکردە سەر ئەحزابی سیاسیدا. ئەوکاتەی سنووری نێوان چینەکانیان بە شوناسی حیزبی بوون شاردەوە. ئەوەی کە باسی دووای ڕاپەڕین دەکەم مەبەستم ئەوە نییە شانی ئەحزابی ئایدیۆلۆجیگەرا خاڵی بکەمەوە کە لەسەد ساڵی ڕابردوو کاریگەری قوڵیان لەسەر زهن و کاری ئێمە هەبووە هەرچی کارێک دەستی بۆ بردبێت، ویستوویەتی ڕەنگداری بکات بە ئایدیۆلۆجییەکەی خۆی و بە کۆمەڵگە بڵێت ئەوە منم. بەزمانێکی تر ئەوەندەی خەمی نیشاندانی کارەکانی دەبێت ئەوەند بەدوای جێکەوتەبوونی کارەکانییەوە نابێت.**

**باسکردن لەسەربەخۆیی گرنگە ڕۆشن بڵێیین سەربەخۆبوون لەچی؟ سەربەخۆبوون لەئەدەبی بۆرژوازی، یان سەربەخۆبوون لە ئەحزابی سیاسی؟ یان کاتێک دێینە سەرباسی سەربەخۆیی ئۆرگانێکی ئەدەبی و لەو گۆشەیەوە سەیری سەربەخۆبوونەکەی دەکەین کە ئەم گۆڤارە یان ڕۆژنامەیە تەنها گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بابەتگەلێک دەدات کە دەستەی بەڕێوەبردنەکەی پێش وەخت، خەت و ختووتەکەی بۆداڕشتووە، واتە بە پشت بەستتنیان بە تێڕوانینە فکری و ئایدیۆلۆژێکەیان شورایەک بەدەوری خۆیاندا دەکێشن و فیکر و تواناکان لەو چوارچێوەیەدا لە قاڵب دەدەن. کاتێک باس لە سەربەخۆیی ڕێکخراوێکی ئەدەبی دەکەین بەڕای من گرنگە پێشتر لە ئەرکەکانی ئەدەب تێبگەین. بە زمانێکی تر، ئێمە خەریکین چی لەسەر شانی ئەدەب بار دەکەین. بەشێوەیەکی بنەڕەتی و باو دوو ڕوانگە کار لەسەر دونیای ئەدەب دەکات، یەکێکیان پێی وایە ئەدەب دەبێت تەواوکەری سیاسەت بێت و لەسەنگەرەکانی پێشەوە خەریکی شەڕ بێت ئەوەش زۆرتر بە ئەدەبی پرۆلیتاریا ناسراوە. لەناو ئەم تێڕوانینەدا نووسەر بە تەواوی ئازادییەکانی خۆی لەدەست داوە و لە بۆتەی سیاسەت و ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراودا دەشێلرێت. لە زهنی نووسەری ئەدەبیدا ئەوە بەرجەستە دەکرێت کە سیاسەت بەیەکەم دێت و دونیای ئەدەبیش دەکرێتە خزمەتی سەرکەوتنی سیاسەتەوە**

واتـە سیاسـەت جێگای یەکـەم دەگرێـت و ژیـان دووەم ( ژیـان بەمانـای لایەنـە زاتـی و بایۆلۆجییەکـەی ئینسـان) دیـارە مەبەسـتمان لـەو خەتـە سیاسییە کەلـە زهنیەتی نووسـەردا جێگیـر دەبێـت. لێـرەوە تراجیدیـای ئـەدەب دەسـتپێدەکات و نووسـەر دەبێـت بەڕۆبۆتـی ستراتیج و تاکتیکەکانـی ئایدیۆلۆجیایەکـی دیاریکـراوو دونیـای ئەدەبیش تـا ئـەو سـەری خـۆی بچوکدەکرێتـەوە. ڕوانگەکـەی تریـش بەشـێوەیەکی تایبـەت کار لەسـەر ناشیرینکردنی ئایدیۆلۆجیـا دەکات لەڕێـی میدیـا زەبەلاحەکانیانـەوە بەنـاوی ئەدەبـی دیموکراتییـەوە کـەش و هەوایـەک دەرەخسـێنن، نووسـەر لـە بنەمـا ئابـووری و کۆمەڵایەتییەکـەی خـۆی دادەبڕێنـن و وەکـوو تـاکێـک لەسـەر پشـتی پەپولەیـەک لـە نێوانـی ئەسـتێرەکاندا خەریکـی شـەوی شـین و پەمەیـی دەکـەن. دەبێـت ئـەو بارانـەی کەسـەر بـە هـەواری دونیـای ئـەدەب نییـن لـە کۆڵـی ئـەدەب بکرێنـەوە. دەبێـت ئـەدەب لـە پەیوەندییـە قوڵەکـەی بـە ئینسـانەوە سـەیربکرێت. وەکـوو جەیمـس فێـرەڵ لـە ئـەدەب وئایدیۆلۆجیـادا دەڵێـت (ئـەدەب هونـەرە لەسـەردەمێکدا هۆشـیاری و ویـژدان دروسـت دەکات. ئاگادارمـان دەکاتـەوە لـەوەی چـی بەسـەر بەشـەرەکاندا هـات، وە دەکـرا چییـان بەسـەردابێت وە بیریـان کـردەوە چییـان بەسـەردا دێـت. باسـی ئـەو سـەردەمانەمان بـۆ دەکات کـە ژنـان و پیـاوان لـە چ دڵخۆشـی و ناخۆشـی و چەرمەسـەرییەکدا ژیـان. ژیـان پـڕە لـە نهێنـی وە گەورەتریـن نهێنـی ژیانیـش خـودی مرۆڤ خۆیەتـی. ئـەدەب گەڕانـە بـە دوای ئـەم نهێنیانەدا..)لە دێڕێکدا دەتوانییـن بڵێیـن یـا دەسـتهەڵگرین لـە سـەربەخۆبون و نـا سـەربەخۆبوون یـا زەمینەیـەک بـۆ ئـەدەب بڕەخسـێنین ببێـت بـە ئاوێنەیەکـی ڕوونـی سـەردەم و ژیانـی ئینسـانەکان.

**سـەبارەت بەبەشـی دووەمـی پرسـیارەکەتان: ئایـا پەیوەسـت بوونـی حەلقـەی ئەدیبانـی کۆمۆنیسـت بـە ڕێکخـراوی ڕەوتـی کۆمۆنیسـتەوە چـۆن هەڵدەسـەنگێنن؟**

ئـەم پرسـیارە لـە کاتـی خۆیـدا لەنـاو ئـەو هاوڕێیانـەی لەسـەرەوەئاماژەم پێـدان بـوو بـە شـوێنی قسـەو بـاس. بەشـێوەیەکی گشـتی دیدێکـی ڕۆشـنمان نەبـوو لەبـارەی ئـەدەب و ئایدیۆلۆژیـاوە. تێبینییـەک کـە هەمـان بـوو ئەوەبـوو ئـەم کارە دەبێتـە مایـەی ئـەوەی نووسـەرانی غەیـرە ڕەوت خۆیـان دوورە پەرێـز بگـرن لـە حەلقـەی ئەدیبانـی کۆمۆنیسـت چوونکـە بـە کـردار دەبێتـە حەلقـەی ئەدیبانـی ڕەوتـی کۆمۆنیسـت. لـە دیـدی ئەمڕۆمـەوە ئـەو بڕیـارەی حەلقـەی ئەدیبانـی کۆمۆنیسـت بـە بڕیارێکـی تـەواو هەڵـە دەزانـم، چونکـە دونیـای ئـەدەب زۆر فراوانتـرە لـەوەی بترنجرێتـە نـاو بۆتـەی ڕێکخراوێکـی سیاسییەوە. لـە کۆتاییشـدا بـە ئاسـتی گـەورەی و بچوکـی ئـەو ڕێکخراوەیـە ئەویـش گـەورە و بچـووک دەبێتـەوە. لـە کۆتاییـدا و لـە یـادی ئـەو ڕۆژگـارە و هەوڵەکانـی کارکـردن بـۆ باشـتر کردنـی ژیـان و هەنـگاو نـان بـۆ گۆڕینـی دونیـا،چەنـدە کارەکان زۆر سـەرەتایی و بچـووک بووبـن یـان ڕەنگـە مایـەی پێکەنیـن بـن بـۆ ئەمـڕۆ، دەڵێـم سـەرجەم کارەکان مایـەی ڕێـز و دەسـتخۆشـین. ڕۆژگارێـک بـوو مـەرگ لـە کەمینـا بـوو بـۆ هەمـوو کار و بکەرێکـی کار. هەرچـی کارە کـرا لـەو چـوار چێوەیـە، تەنهـا نییـەت کارکـردن بـوو هیچـی تـر. دووبـارە دەسـتان خـۆش.

**(*) نەوزاد مدحەت (گۆران عەبدولا) نووسەر و شاعیر و هەڵسوڕاوی جەماوەری و کرێکاری لە داکیبووی شاری کەرکووکە ساڵی ١٩٦٤. لەهەرەتی لاویدا پەیوەست دەبێت بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە. پاشان وەکوو دەیان کەسی تێکۆشەری تر واز لە کۆمەڵە دێنێت و پەیوەست دەبێت بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بەتایبەتی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست. هاوڕێ گۆران هەڵسوڕاوێکی جیددی سیاسیی و جەماوەریی بوو. جگە لە ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و پاشان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، لە یەکێتیی بێکاران لە کوردستان و کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان زۆر شیلگیرانە هەڵدەسوڕا. ئەم تێکۆشەرە بۆ ساتێک چییە وازی لە خەبات لە پێناو دنیایەکی ئینسانیی و باشتر نەهێناوە. ئێستاش دوو دەیە زیاترە لە وڵاتی کەنەدا دەژێت و بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکانە.**

# چیرۆکنووس و وەرگێڕ سەباح ئیسماعیل محەمەد(ئۆژین)(*)

# من زۆر کەیفم بە گۆڤاری ڕابەر دەهات و هانی نووسینی دام



**سازدانی : عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)**

**عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ): دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەیەی ڕووتێکردنی قوتابیان و گەنجان بوو ڕووەو چەپ و مارکسیزم. لەو دەیەیە دۆخی ئەدەبی کوردی و بڵاوکردنەوە بەتەواوەتی لە دەستی حیزبی بەعسی ستەمکار چڕ بووبۆوە. گۆڤار و بڵاوکراوەکانی شاخیش زۆر سست و کەم کاریگەر بوون. لەهەناوی ئەو دۆخەدا سێ ئەدیبی گەنجی مارکسیست حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستیان لە ناوەڕاستی ساڵی ۱۹۸۷ دامەزراند. کە تێدەکۆشا ئەدەبی کرێکاری پەرە پێبدات. بەبۆچوونی ئێوە دامەزراندن و بایەخی ئەدەبی و سیاسیی ئەو ڕێکخراوە لەو سەردەمەدا چیبوو؟**

**سەباح ئیسماعیل: هەڵبەت ناکرێت نکوڵی لێ بکرێت، بوونی حەلقەیەکی ئەدەبی لەو کاتەدا کاریگەریی خۆی هەبوو. ئەودەم سانسۆرێکی وردبین لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی ڕێژێمدا هەبوو، هیچ نووسینێک بە فلتەری سانسۆردا تێنەپەڕیایە بڵاونەدەبووەوە. بۆیە ئێمەش پەنامان بۆ گۆڤاری «ڕابەر» برد. هەرچەندە ئەودەم ئێمە بێئەزموون بووین و نووسینەکانمان کرچ و کاڵ، پتر خیتابی بوون و کەمتر هونەرکاری و تەکنیک ڕۆڵیان دەبینی. هەندێکمان مارکسیستێکی ناواقیعی و کاڵفام و هەرزەکار بووین. هەمیشە کاراکتەری نووسینەکانمان کرێکاری فرە ڕۆشنبیر و هۆشیار و چاونەترس و گەشبین بوون. لەو بابەتەی وایاندەزانی بە خۆپیشاندانێک، یاخود مانگرتنێک دڵی سەرمایەداران دەهێننە لەرزە و پایەکانی دەوڵەت دەهەژێنن. مەخابن، نووسینەکانمان تەمەنی ئەوەیان نەبوو دەیەیەک بمێننەوە و کاریگەرییان هەبێت. بەڵام بۆ ئەودەم بەلای خۆمانەوە کارێکی زۆر داهێنەرانە بوو.**

**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ): بوونی گۆڤاری ڕابەر و بڵاوبوونەوەی ئەو گۆڤارە (سەرباری نهێنی کارکردنی بەهۆی سەرکوتی بێئەوپەڕی ڕژێمی بەعس) ببووە جێی ئومێدی ژمارەیەک لە نووسەران و ئەدیبان کە پەیتا پەیتا بەرهەمیان بۆ گۆڤارەکە دەنارد. تۆ چۆن ئەو گۆڤارەت بەدەست دەگەیشت و پەیوەندیت چۆن بوو لەگەڵ ئەو گۆڤارە؟ ئایا هیچ بابەتێکتان لەو گۆڤارەدا بڵاو کردەوە؟**

**سەباح ئیسماعیل: ڕاستی من بۆ خۆم لە ڕێگەی هاوڕێیانی «ڕەوتی کۆمۆنیست»ەوە بەدەستم دەگەیشت. کەسیانم نەدەناسی. نەمدەزانی (عەبدوڵا سلێمان) و (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) بەڕێوەی دەبەن، کە ئەوکات زۆر باش دەمناسین، بەتایبەت کاک عەبدوڵا هاوەڵی قوتابخانەم بوو لە ناوەندیی زێوەر. من زۆر کەیفم بەو گۆڤارەدا دەهات و هانی نووسینی دام، ئەوەبوو دوو چیرۆکم تێدا بڵاوکردەوە. بەڕاستی بۆ ئەودەم کارێکی ناوازە بوو، گۆڤارێک بەدەست بنووسرێتەوە و دابەش بکرێت و ژمارەیەکی باشی نووسەران لە خۆ بگرێت. ناکرێت ڕەنج و ماندووبوونی ئەو هاوڕێیانە بە کەم بزانین. لێرەوە ئێستا و بۆ ئەوساش دەستخۆشییان لێدەکەم.**

**(*) سەباح ئیسماعیل محەمەد (ئۆژین) نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا لەدایکبووی ساڵی ١٩٦١ ی شاری کەرکووکە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری کەرکووک تەواو کردووە. دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی تەکنەلۆژیای بەغدایە. سەباح یەکێکە لە وەرگێڕە چالاک و پڕ بەرهەمەکان. تاکو ئێستا ٣٧ کتێبی لە بوارەکانی نووسین و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان چاپ و بڵاوکردۆتەوە. یەکێک بوو لە چیرۆکنووسە جوانەکانی گۆڤاری ڕابەر.**

## عارف کوردە(نەوزاد - ئاگرین)(*)

# سەبارەت بە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر



سازدانی : عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ): سەرەتا چۆن ئاشنا بووی بە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەرت چۆن دەست دەکەوت؟**

**عارف کوردە: ئاشنایەتیم لەگەڵ حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کەلەگەڵ هاوڕێی ئازیزم جەماڵ کۆشش هەم بوو. ئێمە پێشتر پەیوەندییەکی سیاسی و ڕێکخراوەییمان هەبوو، بەڵام پەیوەندی**

ئێمە لەو چوارچێوە سیاسییە حیزبیە بەرتەسکە نەمایەوە و گۆشەگیربێت، بەڵکو بوو بە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی وەکوو دوو خێزانی دۆست و خزم هاتووچۆی ماڵی یەکتریشمان دەکرد و ئەم پەیوەندییە لەڕووی ئەمنیشەوە لایەنی پۆزەتیفی خۆی هەبوو. لەنێو قسەوباسە سیاسییەکاندا لەگەڵ هاوڕێ جەماڵ کۆشش، باسی تەوەری ئەدەبیش ئەکرا من زۆر بەو باسە دڵخۆش دەبووم. جارێکیان وتی: لەگەڵ چەند هاوڕێیەک بەنیازین حەڵقەیەکی ئەدەبی دامەزرێنین و لەو بارەیەوە وتووێژیشمان کردووە. منیش وتم: کارێکی زۆر باشە و پێویستییەکی هەنووکەییە، چونکە لەو سەردەمە فەراغێکی ئەدەبی شۆڕشگێڕ و بەرگریکار نەبوو کە بتوانێ پشتیوانی لەبزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بکات هەرچەندە لەشاخ حیزبە کوردییەکان گۆڤار و بڵاوکراوەی خۆیان هەبوو، بەڵام بۆ بەرگریکردن لەخەباتی چینایەتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش وجودی نەبوو. دوای ماوەیەک حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر ڕاگەیەنرا، کە لەم هاوڕێیانە پێکهات بوو، عەبدوڵا سلێمان ( مەشخەڵ ) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ( هۆشەنگ ) جەماڵ کۆشش. هەر لەڕێگای هاوڕێ جەماڵەوە گۆڤاری ڕابەرم پێ دەگەیشت و منیش لەڕێگای خۆمەوە دەمگەیاندە دەست هاوڕێکانم لە کەرکووک و هەولێر.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ): ئایا هیچ بەرهەمێکی ئەدەبیت لە گۆڤاری ڕابەردا بڵاو کرۆدتەوە و لەوێ بە چ ناوێک لەو گۆڤارە دەتنووسی؟

عارف کوردە: بۆ لامی ئەم پرسیارە دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی نووسینم، بۆ یەکەمجار لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٤، بەترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە بڕیامدا دەست بۆ پێنووس ببەم و بنووسم. ئەوەبوو شیعرێکم نووسی بەناونیشانی ( ڕەنج ) ئەوکات یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لەگفتوگۆدا بوو لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا. شیعرەکەم دایە دەست کوڕە خاڵێکم و کوڕە پورێکم، وتیان سەرەتایەکی جوانە و زیاتر بخوێنەوە. زۆر دڵم خۆش بوو کە بەو جۆرە پشتیوانیان لێکردم. شیعرەکەش هەموویم بیرنەماوە سەرەتاکەی ئاوابوو

: لەدەست دەرچوو لەدەست دەرچوو

بەری ڕەنجی پانزە ساڵی چەوساوەکان لەدەست دەرچوو

شێری ئازا ڕێوی دەرچوو

بەردەوام بووم لە خوێندنەوە و جارجارەش شیعرم ئەنووسی. کۆشیعرێکم لەساڵی ١٩٩٥ ئامادەکرد بۆ چاپ بەڵام فریای چاپکردنی نەکەوتم و لەکاتی شەڕی بەرژەوەندی و دەسەڵات لە ٣١ ی ئاب ئەنفال کرا. بەڵێ من لەگۆڤاری ڕابەر شیعرم بڵاودەکردەوە و بۆ یەکەمجاریش بوو شیعرم لەگۆڤار بڵاو بکرێتەوە بەناونیشانی ( بولبولی کارگە ) بەناوی (نەوزاد) ەوە. دوای بڵاوبوونەوەی ئەو شیعرە ناوەکەم گۆڕی بۆ (ئاگرین) لەبەر دۆخی ئەمنی چونکە هەستم کرد ناوەکەم ئاشکرا بووە لای چەند هاوڕێیەکم. تاساڵی

**١٩٩١ لەزۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر شیعرم بڵاودەکردەوە.**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ): خوێندنەوەی بۆ کار و چالاکی حەلقەی ئەدیبان و گۆڤارەکە چۆن بوو؟ ئایا پێت وابوو حەلقەی ئەدیبان ڕچەشکین بوو بۆ داهێنانی ئەدەبی کرێکاری؟**

**عارف کوردە: پێم وایە زاراوەی یان دەستەواژەی ئەدەبی کرێکاری مێژوووەیەکی کۆنی هەیە و لەخەباتی کرێکارانی دیکەی جیهان بەکارهاتووە و نووسەرانی سەردەمانی شۆڕشەکانی پێشووتر گەر ئەو دەستەواژەیەشیان بەکار نەهێنابێت، ئەوا نووسین و بابەتەکانیان مۆرێکی چینایەتی پێوەبووە، وەکوو شاعیری فەرەنسی ئۆژین پۆتیە و مەکسیم گۆرگی رووسی و .. هتد. بەئیلهام وەرگرتن لەکانونی ئەدەب و هونەری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران کە ئەوان ڕۆڵێکی بەرچاوو دەست پێشخەریان هەبوو لەداهێنانی زاراوەی ئەدەبی کرێکاریی. هاوڕێیانی حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست توانیان داهێنەر و ڕچەشکێن بن، لەبەکارهێنانی دەستەواژەی ئەدەبی کرێکاری و لەڕێگای بڵاوکردنەوەی گۆڤاری ڕابەرەوە ئەم ڕەوتە چووە پێشەوە لەناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لەکوردستاندا. بەڵام بەهۆی بیرکردنەوە و بەرچاوتەنگی سیاسەتی ڕێکخراوەییەوە، حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست نەبووە ئەو ساباتەی کەبتوانێ هەموو ئەدیبانی کرێکاری سەر بەو ڕەوتە لەژێر سێبەری خۆی کۆبکاتەوە. بۆیە بەو هۆکارە تاکو ئێستا ئەدەبی کرێکاری و بەرەنگابوونەوە نەیتوانیوە ئەدەبی زەردی ستەم و دەسەڵاتی بۆرژاوازی مت بکات و ببێت بە ڕوکنی کۆمەڵگە.**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ): خوێندنەوەی ئێستات چییە وچۆنە بۆ چالاکییەکانی ساڵانی ١٩٨٧ – ١٩٩١ی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر؟**

**عارف کوردە: دوابەدوای کۆتایی هاتنی گفتوگۆی نێوان ڕژێمی سەرکوتگەری بەعس و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەساڵی ١٩٨٤،کەسانی مارکسیست و کۆمۆنیست هیچ هیوایەکیان بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان نەما و وەک گەڵای پایز بەڕەنگ زەردی لە کۆمەڵە جیا دەبوونەوە، هەندێکیان گەڕانەوە ناو شار و بەشێکیشیان ڕوویان لەئێران و هەندەران کرد. هەشتاکان ساڵانێکی پڕ کارەسات و نائومێدی بوو بۆ خەڵکی کوردستان، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٨٧وە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەهۆی سیاسەتی ڕژێمی تۆتالیتاری بەعسەوە. حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر زادەی کوژانەوەی ئەو هیوا و نائومێدییە بوو کە لەهەناوی بزووتنەوەیەکی چەپی ناسیۆناڵ**

کوردەوە سەری دەرهێناو بەئیلهام وەرگرتن لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دەستیپێکرد. لەنێو ئەو تاریکی و شەوەزەنگەدا توانی ببێت بەچرایەک و گۆچانێک، هەر چەندە کز کز دەسووتا، وەلێ دەیتوانی بەرپێی خۆی ببینی و بەگۆچانیشەوە بووبێت هەنگاوی پڕ چرپەی هەڵێنا. حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر لەساڵی ١٩٨٧وە تاساڵی ١٩٩١ توانی ببێت بەو کەپرەی نووسەرانی کۆمۆنیست و مارکسیستی شۆڕشگێڕ و ڕێبوارانی ڕێگای تێکۆشانی یەکسانی و ژیانێکی باشتر لەژێر سێبەری خۆیدا کۆبکاتەوە و بەرهەمەکانیان هەرچەندە لەچوارچێوە و بازنەیەکی دیاریکراودا بڵاودەکردەوە و ئەم دەست و ئەودەستی دەکرد لە شارەکانی کوردستاندا، بەڵام جێگای ئومێد و ئاسۆ و ئامانجی بەشێک لە ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی خۆی بوو.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ): ئەگەر هەر شتێکی ترت هەیە دەتوانی باسی بکەی

عارف کوردە: دوای تێپەڕبوونی سی ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی حەڵقەیەک و گۆڤارێکدا، بێگومان بەدیدێکی زۆر جیاوازەوە تەماشا دەکرێت چ لەڕووی بیروبۆچوونەوە و چ لەڕووی بڵاوکردنەوە و چاپەوە، گەر ئێستا بووایە بەشێوەیەکی فراوانتر و دوور لەبۆچوونی ڕێکخراوەیی و حیزبی کاری خۆی دەکرد و هەرچی زۆر تر ئەدیبان و نووسەرانی لەدەوری خۆی کۆدەکردەوە. لەکۆتایشدا زۆر سوپاستان ئەکەم کە ئەم هەلەتان بۆم ڕەخساند.

(*) عارف کوردە شاعیر و هەڵسوڕاوی سیاسیی لە ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی توڵکی ناوچەی شێخ بزێنی سەر بە ناحیەی شوان، لەدایکبووە. لە کۆتایی دەیەی هەشتاکانەوە دەستی بە نووسین کردوە و یەکەم شیعری (بولبولی کارگە) ساڵی ١٩٨٨ لە گۆڤاری ( ڕابەر ) ئۆرگانی حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بڵاوکردۆتەوە. پاشان لە زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر شیعری بە نازناوی(نەوزاد) بڵاوکردۆتەوە پاشان نازناوەکەی دەگۆڕی بۆ ئاگرین. لە ساڵی ٢٠٠٧وە دەستی بەکاری ڕۆژنامەگەری کرد وەک پەیامنێر، کاری بۆ ڕۆژنامەکانی کەرکووکی نوێ و هاوڵاتی و هەواڵ و چەتر و کوردستانی نوێ کرد. ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووە. لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان وتار و شیعری بڵاوکردۆتەوە و لە ساڵی ١٩٩٥ کۆشیعرێکی ئامادەکرد بۆ چاپکردن بەڵام لەناو چوو. یەکەم کتێبی شیعری بەناوی (وشەکانم بەسەر باڵی پایزەوە) لەساڵی ٢٠٢١ چاپ کردووە.

# بەشی سێیەم
# چەند نموونە لەو بەرهەمانەی
# کە لە گۆڤاری ڕابەر بڵاو بوونەتەوە

- نەوزاد مدحەت (گۆران عەبدوڵا)..شیعر
- عارف کوردە(ئاگرین)..شیعر
- عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)..شیعر و سروود
- سەباح ئیسماعیل(ئۆژین)..چیرۆک
- مستەفای حەسەنە گەورە(هێما)..شیعر

# بۆ مناڵێکی نان فرۆش

**نەوزاد مدحەت(گۆران عەبدوڵا)**

**شەو ڕێبوارێکی ماندووە و**
**ئەوەتانێ وەنەوز ئەدا**
**ئەستێرانیش یەکەیەکە**
**وەکوو حەس حەس چاوی زیتیان هەڵئەهێنن**
**شەو دایکی ئەو کۆشکانەیە**
**ئەوتانێ یەکە یەکە**
**لە باوەشیا ئارام ئەگرن**
**تۆ..نیشانەی نادروستی دنیای ڕزیوی سەرمایەی**
**باڵات باڵای**
**بلۆکێکی ئەو کۆشکانە تێپەڕ ناکا**
**کەچی هاواری نان.. نان...ت،**
**سەدایەکە و**
**باڵاترین کۆشکی جیهانیش سەر ئەکا**
**هاواری نان..نان..ت**
**ڕەشەبایە و ..**
**خۆی بەشووشەپەنجەرەی**
**مفتەخۆرانا ئەکێشێ و**
**پەی بە درزی ستەم نابا**

**تا دەستی تۆڵەی یەکجاری**

**لەهەناسەی یەک یەکیان نێ.**

**هۆ هاوڕێ بچکۆلانەکەم**

**کە نان هەرما و جێی نەهێشتی**

**هیواش هات و**

**وەک ئەو شەوە لێی ڕاکشا**

**هاوار نووست و**

**فرمێسکەکان بەبێ دەنگی هاتنە خوارێ**

**شەو تا ئەهات چڕتر ئەبوو**

**فرمێسکەکان لە ئەو چڕتر**

**شەو تا ئەهات ڕەشتر ئەبوو**

**ژیان لە چاوانتا ڕەشتر.**

**هۆ هاودەردی خەمەکانم**

**لەفرمێسک و لە هاوارتا**

**گەندەڵ بوونی ئەم نیزامە و**

**ئاسۆی سووری دونیایەکی**

**نوێ دەبینم.**

**٢٤ ی ئازاری ١٩٨٩**

**تێبینی: ئەم شیعرە لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر ئۆرگانی (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بڵاوکراوەتەوە.**

# کوانوویەکی بێ خۆڵەمێش

**عارف کوردە (نەوزاد – ئاگرین)**

**(بۆ ئەو ژنە کرێکارەی لە قوڕگی زەوی نان پەیدا دەکات)**

**هەموو ڕۆژێک لەگەڵ قوقەی کەڵەشێرا**
**بە هەگبەیە ئازارەوە**
**لە خەوێکی ڕەنگاو ڕەنگدا**
**ڕاست دەبمەوە و**
**هەنگاو بەرەو**
**خەونێکی نوێ دەنێمەوە**
**قاچەکانم..**
**گۆچانێکی ناو کلۆرن**
**ڕێگا نابڕن**
**سیمام بەوری بابردەیە**
**لە کوانوویەکی پڕ حەسرەتدا**
**بۆ سپێدەی دەم بە ئاسۆ**
**پێ هەڵدێنم.**
**دوور دەڕوانم**
**جەستەم ئەسپێکی کەنەفتە**
**هێندە ئارەقم ڕشتووە**
**لە قورە لیتەیا چەقیوم**
**بەبێهوودە تەکان ئەدەم**
**خۆم و بێڵەقانی دەستم و**

کارژیلەکەش بە کۆڵمەوە
چارۆگەیەکی چڵکنیش
خۆی بە سکما هەڵواسیوە
بە لۆژە لۆژ
وەک لۆلەپی،
دەست مەشکەژەن
دێم و دەچم.. بە لادا دێم
لەم تەپۆلکە
بۆ ئەویتر
بە دوای ناسکە کنگرێک
و چاوی گەشی پیشۆکێک و
هاپەڵۆک و
چاوبازەدا
دەخولێمەوە.
پێڵوەکانم ناکرێنەوە
کەروێشکێکی خەواڵوم و
لە نشێوی چارەڕەشیی
سەرسم ئەدەم
غلۆر دەبمەوە
ورگی زەوی هەڵ ئەدڕم
تا بتوانم
لە قوڕگی شێر
نانی سبەینێ دەربێنم.

**تێبینی: ئەم شیعرە لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر ئۆرگانی (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) بڵاو بۆتەوە.**

# چاو هەڵهێنە

**عارف کوردە (ئاگرین)**

**سپێدەیە**

**هاتوومەدەر**

**بەرەو دەڤەرێکی چۆڵ**

**هەنگاو دەنێم**

**کۆڵ لە کۆڵم**

**پێڵوو خەوت و بەلادا دێم**

**شەکەت ماندوو ملی ڕێگام**

**ناچێتە بەر**

**زەویش...**

**لەژێر پێما هەڵدێ**

**دەڵێ : ورگم هەڵمەدڕە**

**ناسکەپیشۆک سەرمەبڕە**

**دەوازبێنە!**

**قژی سەوزم مەڕووتێنە**

**لەم بەهارە بێدەنگەدا،**

**گولیلکەکان مەپلیشێنە!**

**کێڵگەم مەکە بە تۆپباران**

**بێڵەقانەکەت بشکێنە**

**ژاڵک..خەنە بەدەستەوە**

**چارۆکەی ژانت فڕێدە**

**وەرە بۆنی نێرگز بکە.**

**چاوهەڵهێنە..هەوایەکی نوێ هەڵمژە**

**پشوویەک بدە**

**برژانگت لێک بترازێنە**

**یەخەی کنگر و کاردی بەردە**

**وەرە تیمارت لێرەیە**

**دێوەزمەی نەهاتی و قڕ**

**پانکەرەوە، بتارێنە.**

**دە وەرە دەی،**

**ئەی لێو پەڵۆشە وشکەکە**

**بستی ...بستی بۆ پاروێ نان**

**کۆرپەڵەکەت لەپشتەوە وەکوو ژووژگ**

**لەقە تەلان غلۆڵ دەبێ**

**هەڵدەبەزی و دادەبەزی**

**لەکازیوەی سبەینێوە تا زەردەی خۆر**

**ملوانکەی جەڵە پیشۆک دەهۆنییەوە**

**تاکو خانم بەوێدا بێ**

**لێت بکڕێ.**

**تەنها ژەمێ ڕووتەڵەکەت**

**سکی لەبرسا نەگووشێ**

**هۆ ڕەنگ ڕەشوو..**

**دەست قڵیشاو و**

**بسکی خووری و باڵا چەماو**

**کۆڵ و پیشەقان وەلانێ**

**ئەم دۆزەخەی تیایا دەژی،**

**بیکە بەهەشت بیڕازێنە.**

**شالۆغان بێ**

**کراسی پەرییان بپۆشە**

**بەسێڵاوی سۆشیالیزم**

**ئەژدیهای سەرمایەدار، بتۆقێنە.**

**هەوری مۆنی پڕ لەئازار،**

**بڕەوێنە.**

**بە سەمفۆنیای نان.. ئازادی،**

**دنیای ستەم،**

**بجۆشێنە!**

**٣١-٣-١٩٩٠**

**تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری ڕابەر ژمارە ٩ی ساڵی ١٩٩٠ بڵاو بۆتەوە.**

# دەنگی سوور
# ئاوڕێک لە دەنگی دوێنێم

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**

**بە یادی سەرکەوتنەکانی ئەم**

**دواییانەی ڕاپەڕینی کرێکارانی وڵاتانی جۆرا وجۆر**

دوێنێ بوو
دەنگم وەک تریشقەی هەورێکی
ئاوس بە ستەم و کۆیلەتی دەیگرمان
وەک سوارێ بازاڕ و خیابان ئەسپی بێ !
شمشێری داخوازی ژیانی وەک ئینسان بە دەستی و
ئاوزەنگی لە سکی شار دەدا و
شەپۆڵی نەسرەوتووی دڵی پڕ تەماحی
قازانجی سەرمایەی دەتۆقان .
دەنگم بوو
بەرهەمی ئەم دونیا بەرینەی مەینەتی
خستە ژێر چەپۆک و
وەک بەرداش
هەستانی بەتاوم مردنی دەهاڕی
دەنگم بوو  بوو بەمین بە باروت بە بۆمبا
لە ژێرپێی بێزاری
***
دوێنێ بوو
هەشت ملیۆن دەنگی وەک دەنگی من
سوور وەکوو دڵی من
ئیسپانیای نایە ژێر ڕەهێڵەی مەرگەوە

سەرمایەی نایە ناو تابووت و
مردنی نیشاندا
چوار ملیۆن دەنگی تر لە دەنگ من لە تورکیا
زەنگی دڵ خورپێنی
فەوتانی زنجیری دە ست وپێی لێئەدا.
لە هیند و بە ڕازیل لە کۆریا.
لە ئێران  ئەفریقیا
لە چین و ئەردەن و فەلەستین
تەواوی پێنج گۆشەی ئەم دونیا
وا نێزەی قەمە و تیغ
کە پسوول و هاڕڕەی چەک
لەگەڵ لەش
لەگەڵ گیان
لەگەڵ دڵ جووت دەبێ .
وا شەقام وا کۆڵان
بە خوێنی جەرگی من سوور دەبێ.
هێشتاکە هەنگاوم بەگوڕ تر ڕێ دەکا.
هێشتاکە دەنگی من
بە سۆزتر بانگ ئەکا .
دەنگی من دەنگی سوور
وەک لوتکەی سەرەکەشی ئیڤرست و حەسارۆست
بەرز بوو
لە هێزی سبەینێی پەلامار
مژدەیان وەک بەهار سەوز بوو
***
بەڵام ئەی دەنگی من
دەنگی سوور

**گەر بێتو پرشنگی هەستانم**

**بۆ نیگای وەنەوشەی سۆشیالیست بڕوانێ**

**گەر بێتوو ئەم ڕێیە**

**بە چرای مانیفیست ڕۆشن بێ و**

**گولاڵەی بانگەواز لە گەڵیا ببەستێ ژوانی**

**ئە وکاتە سەرکەوتن دەبێتە جێژنێکی هەتایی**

**ئەو کاتە هاوار و پەلامار**

**دەبێتە خەنجەری نێو دڵی ڕیایی**

***

**ئەی دەنگی سوور و گەش**

**وەک خوێنی دڵی من**

**ئەی شەپۆڵی دەریای**

**بەرهەمی قووڵ بێ بن**

**ئەوە تا لە بەرپێی هێزی تۆ**

**سەرپاکی جیهانی ئەمڕۆکەی**

**ستەم و بێ مافی دەلەرزێ.**

**ئەوەتا لە بەر دەم نرکەی ئەم شالاوە**

**کۆیلەتی دونیای کار لە خوێنا دەگەوزێ**

**بخوێنە و بە سۆزتر بخوێنە .**

**سروودی ڕزگاری**

**بە هێزتر وەرە پێش**

**ڕوون تر کە ئەم ڕێیە**

**ئەم دەنگە سوورەمان**

**مژدەی ڕزگاربوونی ئینسانی واپێیە.**

**ئایاری ١٩٨٩**

**تێبینی: ئەم شیعرە لە گۆڤاری ڕابەر ئۆرگانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست ژمارە ٧ ی ساڵی ١٩٨٩ دا بڵاوبۆتەوە.**

# سروودی پڕجۆش بێ کوورەی خەباتم

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**

بەڕەنج مێژوووی پڕسەرروەریم دەنووسمەوە
ڕۆژ ڕەشی و مەینەتی ژینم
بەیەک نیزام دەبەسمەوە
ئەو نیزامە لە نێو دەبەم
ژینی ئینسان ڕووناک دەکەم

پڕ جۆش بێ کوورەی خەباتم
تا دەگەمە دوا ئاواتم

بۆ ئازادی و بۆ ڕزگاری
بۆ دنیای دوور لە ستەم و
پڕ ئاسودە و بەختیاری
ڕێی شۆڕشی کۆمۆنیستیم گرتۆتە بەر
دژی سەرمایەداری چوومەتە سەنگەر
سۆشیالیزمە ئاسۆی ژیان
با ڕزگار بێ هەموو بە شەر
بە پێشەنگی کرێکاران
پڕ جۆش بێ کوورەی خەباتم
تا دەگەمە دوا ئاواتم

ئەم دونیایەی من دەیبینم

**سەرتاپا کوێرەوەرییە**
**ئەم نیزامە**
**جەهل وهەژاری و دەست تەنگی و بەربەرییە**
**ژینی یەکسان و ئازاد وپڕ لە سەروەریم دەوێ**
**تا ئینسانی تیا بسرەوێ**

**پڕ جۆش بێ کوورەی خەباتم**
**تا دەگەمە دوا ئاواتم**

**کاڵانیم ئینسانم ئینسان**
**شایانمە ئازادی ژیانم**
**دەمەوێ ئەم نەزمە تێک دەم**
**گڕ لە هەرچی کۆنە بەردەم**
**بە ئاگری توانا وتینم**
**ڕووناک بێ سەرتاپا ژینم**

**پڕ جۆش بێ کوورەی خەباتم**
**تا دەگەمە دوا ئاواتم**

**١٩٨٧**

**هەولێر**

**تێبینی: ئەم شیعرە لە گۆڤاری «ڕابەر» ئۆرگانی "حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست» ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٨٧ دا بڵاوبۆتەوە و دواتریش لەلایەن هونەرمەند «کامەران عەبدولڕەحمان» ەوە کراوەتە سروود و لە کاسێتی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بڵاو کراوەتەوە.**

## چیرۆک

# پێشوازی

**سەباح ئیسماعیل(ئۆژین)**

**لەم سەدەیەدا و ئالێردا کرێکارێکی میسری شیری بێکاری جەستەی دەسمێ و لە شەوێکی تۆف و ڕەهێڵەدا تەوژمی سەرما و برسییەتی هێرشیان بۆ هێنا. گیانی لەدەستدا و بووە قوربانییەکی دی ڕژێمی سەرمایەداری.. بەو کرێکارە پێشکەشە»**

**ئێستا بزانێت هەر لە دوورەوە بەرەوپیریم دێت، دەست دەخاتە ملم، یەکتر ماچ دەکەین، لێم ورد دەبێتەوە، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ، پاشان پێم دەڵێت:**

**- کوڕم عەبدۆ، ئەوە پارە، بڕۆ بوخچەی جلەکانت هەڵگرە و پاک خۆت بشۆ، نانێ باش بخۆ، تا سێ ڕۆژ پشوو بدە، دەزانم شەکەتی و پێویستت بە پشوودانە، کورە هەفتەیەک پشوو بدە، تاکو دێیتەوە خۆت».**

**ئای کە باری ماندوێتی قورسە، لاقەکانم توانای ڕێکردنیان لەبەربڕاوە. بوومەتە بارێک قورسایی بەسەریانەوە، نارنجۆکی نراوەی مێشکم وادەتەقێ، جەستەم کێڵگەی خووسە و زامە.**

**«دەی کوڕی باش، عەبدۆ فەنی، تۆ کوڕی چاکیت.. تۆ چیت لەمانە داوە! تۆ لەکوێ و ئەمانە لەکوێ، بڵێ بزانم کێ هاموشۆی دەکرد؟ هەر ئەوەندە بڵێ و ئەوە دەرگا لەسەر پشتە.. هەر ئێستا بڕۆ دەستبەکاری خۆتبە، دەی برا خێرا...»**

**قسەکەی سالاری هاوکارم بەڕاست گەڕا، کە دەیگوت:**

**- چەندێک ستایشیان کردی، زیاتر بە خۆتدا بچۆرەوە.**

**هەرواش بوو، ئەوان بۆ بەچنگهێنانی سەرە دەزووی نهێنییەکان دەکۆشان، منیش زمانم مێبینەیەکی نەزۆک بوو. ئای داخەکەم ئەو مایەوە، شیرازەی خێزانۆچکەیەکی دڵ لەلای**

**یەکترمان کەل بوو. چەندی بیردەکەم.**

**پاش ئەوەی دەگەمەوە، دەچم سەرێک لە ماڵیان دەدەم، دایە پیرۆز پێویستی بە دڵدانەوە هەیە، دەبێ لەمەودوا دەستی یارمەتی بگەیەنمێ.**

**دەمخاتە لاوە: عەبدۆ، ئەوە بدەرە دەستی پوورە پیرۆز و سڵاوی منی پێ بگەیەنە. بێگومان دەبێ ئەو تا ئێستا چەند جارێک بەسەری کردبێتەوە.**

**پێویستە نامەیەک بۆ ماڵەوە بنێرم، دڵنیایان دەکەم چەرخی کارکردنم لەگەڕدایە. نانووسم بەندکرابووم، بەڵام وا هەستدەکەم ئێستا دایکم لەوێ دڵی وەخەبەر هاتووە. ئاخر جارێکیان ئەوکاتی سەرباز بووم، بەزۆری زۆردارەکی یەکی شووشەیەک خوێنیان لێ سەندین، کاتێک چوومەوە، دایکم پێیگوتم:**

**- خێربێت ڕۆڵە، ئەمشەو لە خەوما کوێخا پەنجەیەکی قرتاندی و زالووی دەمی پێوە نا، مژی مژی تاکو تینوویەتیی شکا.**

**وتم: دایە، سا شتێک بوو هەر لەو بابەتە.**

**پاش ئەوەی یەکترمان ناسی، گەلێک جاران داخی دڵی خۆم بۆ هەڵدەڕشت و گەلێک پرسیارم ئاراستە دەکرد. ئەویش زۆر بە ئارامی گوێی دەگرت و بە هێمنیی وڵامی دەدامەوە. عانێ جۆشی دەگرت سوور هەڵدەگەڕا، جار جاریش قەیرێ مات دەبوو، دیسانەوە تێهەڵدەچووەوە:**

**- زۆربەی کرێکارانی ئەم وڵاتە ئەوە دەزانن، کە وەنەبێت ئێوە لەخۆشییاندا و بەوپەڕی ئارەزووەوە گەمیگەلی خۆتان دابێتە دەم ڕەشەبای بێکارییەوە، بەڵکو لە سۆنگەی نەداری و برسیەتی و لەڕووی ناچارییەوە لە وڵاتی خۆتان پەرەوازە بوون و سنوورتان بڕیوە، ئالێرەدا گیرساونەتەوە و ستەم دەکێشن...**

**ئەم قسانەی هاوکارەکەم کوورەی بێزاری و تووڕەیی ناخی ئیشۆی سووردەکردەوە، پەنگی دەخواردەوە و لەپڕ پریشکی بەکوڵی دەهاویشت:**

**- ئەنجاش سەرمایەداران بۆ دابڕینی ئینسانەکان لە خاسیەتی هاوبەش و جیهانییان، بۆ قبووڵکردنی لەملنانی زنجیری کۆیلایەتی و دووبەرەکی، ئالای سەرکوت و بێمافییان وەکوو لەمپەری بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان بەرز کردووەتەوە، لەبری ئەوەی وەکوو ئینسانێک، یان کرێکارێک ناومان ببەن و پێناسمان بکەن، بە ئەرمەنی و میسری و کورد و ئەفغانی و ڕەشپێست و گەلێک شێوەی تر ڕەنگمان دەکەن.**

**ئیشۆ پێشبینییەکەی لەجێی خۆیدا بوو کە دەیگوت:**

**- وریابە. ئەگەرچی بەشداریت نەکردووە، بەڵام ڕەنگە بێن تۆش ببەن، چونکە پێکەوە**

کاردەکەین.

ئیشۆ شاگردی خاوەن ئۆتۆمبیلەکە بوو. برسییەتی و بێکاری ئینسان ناچار دەکەن یەخەی جۆرە کارێک بگرێت خۆی لێی نارازییە.

«ڕۆژگارێک فیرعەونی بێکاری و برسیەتی دەستی لە بیناقاقام گیرکردبوو، ئەم پیشەیە عیسا بوو لە دەریای بێکاریی دەرهێنام. یەکەم ڕۆژ کە دەستبەکار بووم هێند دڵم تێکچوو، ئەو ڕۆژە نان بە گەرووما نەچووە خوار، قێزم لە خۆم دەکردەوە، خۆم بە گڵاو دادەنا، هەستم بە نزمیی نرخی خۆ دەکرد، تاوانی منداڵەکانم چییە پێیان بڵێن: بەچکە پۆخچی؟ ئەی جانێت؟ کاتێک خواستم سەدان خۆزگە و ئاوات و ئومێدم لە ناخیدا ڕواند، بە خۆم دەگوت: لەم ڕۆژەوە ئیتر خونچەی پشکووتووی خۆزگە و ئاواتەکانیم پلیشاندەوە. بەڵام هەرچۆنێک بوو دەستەمۆی کردم.. کاتێک هۆشم وەبەرگەڕا، تێگەیشتم نابێت سەرمایەداران تاسەر سەرینی ئاسوودەیی و خاترجەمی بنێنە ژێر سەریان. دڵنیاشم داهاتوو هی ئێمەیە و سەرکەوتنمان مسۆگەرە».

کاروانی پەڵە هەورەکان بەڕێکەوت، ڕۆژەکەیش لەودیویانەوە مانی هەڵنەهاتنی گرتووە. بایەکی ساردی دەهات، نم نم باران دەباری، هەندەم نەماوە، ئەوە لووتکە هەڕەمییەکانی چنارەکانی باخچەکە بەدیار کەوتن، دەشەکێنەوە و چریسکەیان دێت، هەر دەڵێی لە دوورەوە بانگم دەکەن و بۆ خۆیانم بەکێش دەکەن.

پێم هەڵگرت، هەر هێندەی بگەیەم ڕێک لەپەوڕوو خۆم بە عەرددا دەدەم و لێی دەنووم.. خەریکە پێیەکانم مانم لێ دەگرن و ڕێ ناکەن، چاوەکانم هەڵنایەن. نزیک بوومەتەوە، وا چاکە بانگ بکەم.

- هۆۆۆۆۆ ئەوە منم عەبدۆ، ئازادکرام، ئازاد. بەڵام هێزم لەبەر بڕاوە، ناگەمە لاتان، بگەن پێم.

دەستاڕی سەرم کەوتە گەڕ، ئیدی ناتوانم ڕێ بکەم، تۆ بڵێی گوێیان لێ نەبووبێت؟! ئەوەتا خاوەنکارەکەم لەبان پەرژینی باخەکەوە بەدیارکەوت، بۆ ئێرە دەڕوانێت، بەڵام بەپرتاو گەڕایەوە! ڕەنگە هێسترەکە بێنێ و بە سواری هێستر بمگەیەنێت، دەزانێت هێزم لە بێژنگ دراوە و ناتوانم ڕێ بکەم، ئەوەتا هاتەوە بوخچەیەکیشی بەدەستەوەیە!

من وێستاوم و بەلادا دێم، چەندێک ئەو نزیکتر دەبێتەوە من کێشی بێهێزیم زیاتر دەبێت، بەڵام بەپرتاو نایەت، تیشکی زەردەخەنە بە ڕوویەوە نابینم، هەقییەتی، ڕەنگە خەم بخوات و ئەم ماوەی زیندانیکردنەی هاوکارەکەم و منی پێوە دیارە، ماندووە، نێوانمان هەر شەش حەوت هەنگاوێکە، ئەو هیچی نەگوت، منیش ئەوە بیست ڕۆژە کلیلی دەروازەی بەنداوی قسەکردنم تووڕدراوەتە دەریای بێدەنگی و متەقنەکردنەوە.

وا لەبەرچاومە دوای شەش حەوت هەنگاوی دی دەستم بەسەر شانییەوەیەتی و ئەویش

**هاتووەتە ژێر باڵمەوە، منیش هەموو قورسایی خۆم داوە بەسەر شانیا.**

**هەر شەش حەوت شەقاوی دی دەبێ ئارام بگرم، بەڵام ئەو بووەتە کۆتەڵی ئەبولهۆل، لە شوێن خۆی چەقیوە و نابزوێت! دەڵێی مۆڕەم لێدەکات! ئەوە چییە نامناسێت؟! نازانێ من عەبدۆی باخەوانم؟! تۆ بڵێی...!**

**«- هاوڕێ، دەزانی جارێکی دیش و بۆ ماوەیەکی درێژتر مۆتەکەی بێکاری ڕوومان تێدەکاتەوە!! چونکە دڵنیام ئیتر کەسمان دەستلەملانی باخەوانییەکەمان نابینەوە، گرتنمان دوا ماڵئاوایی بوو لە کارەکەمان..**

**- لەبەرچی؟ چما لە من و تۆ باشتری دەستدەکەوێت؟ مەمنوونیش دەبێت بگەڕێینەوە لای...».**

**- ئەوە بەناخێری گیانت دەرچوویت؟ ها بزگوڕەکەت، بڕۆ نامەوێ جارێکی دی چارەی هیچ میسرییەک لەم ناوە ببینمەوە.**

**بووە کۆنەکەوانێک و بوخچەکە تیر ئاسا ترازا و تووڕی هەڵدا، نەمتوانی بیگرمەوە، لە بەردەمم گیرسایەوە و لەبەر یەک ترازا، جیرەی ددانەکانم دەهاتن، مشتم توند گووشی و گاسنی نینۆکە درێژەکانم لە ناو کێڵگەی لەپی تۆقلاویمدا چەقین. گەرمییەک گەیشتە ناولەپم، کزایەوە. ئەو دوور کەوتبووەوە، پشتی کوور کردبووەوە و بە هەنگاوی خێراوە بەرەو دواوە دەکشا. مارپەلاس ئاسا ڕەنگی زەوییەکەی گرت و لە چاو ونبوو. هەردوو قاچم نووشتانەوە، چۆکم مێخ ئاسا فیچقەی بە قوڕاوەکە کرد و چوو بە ناخی زەوییەکەیا و چەقی، تەزووی ساردییەک چزایە جەستەمەوە، خۆم دایە بان بوخچەکەیا و بروسکە ڕوانینێکم لێگرت «ئەمە ئەوی من نییە!»، دەستم بۆ برد، کتێبێک هاتە دەستم (لینین. دەبێ چی بکرێت؟)، ڕامام، زایەڵەی زەنگی سروودی گەشبینیی هاوکارەکەمم لە مێشکدا زرنگایەوە:**

**من ژیلەمۆم،**

**ئەو ژیلەمۆی دوای هەزاران ئاولێپژان**

**دیسانەوە گڕ دەهاوێم، دەیڵێمەوە گۆرانیی ژیان»**

**هاوڕێکەم هەرکات لە وتنەوەی ئەم سرووده دەبووەوە، فرمێسکی شادی و بڕوابەخۆبوون تروسکەی بە چاوانی دەبەخشی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا و دەیگوت:**

**«بەڕاستی کرێکاران پشکۆی ئاسن توێنەرەوەی ئەو ژیلەمۆیەن» کڵپەی ئاگرە سوورەی بوومەلەرزەی گەشبینییەکە لەشکری تاریکی شەوەزەنگی ئەنگوستەچاوی ڕادەماڵی.. باخەڵم کردە حەشارگەی کتێبەکە، گەرمییەک گەیشتە باخەڵم، تەشەنەی کرد و بەرەوژوور هەڵکشا، تا یەکپارچە جەستەم بوو بە پشکۆ.**

**گزنگی دیمەنی شیرینی ئیشۆ لەدوورەوە کەوتە بەرچاوم، ڕۆژەکە وەک ئەوەی لەبەر ئەو هەڵهاتبێت، تاکو تیشکی زێڕینی پەخش بکا و تین و گوڕی بداتێ، بەغار بۆ لای من دەهات.. گەشامەوە.. ئیتر بەرچاوم لێڵ بوو، تابلۆی ئەو دیمەنانە لە پەردەی بیرمدا کاڵبووەوە، هێزم لەبەر بڕا، لاسەنگ بووم، بەلادا هاتم و هۆشم لەبەر بڕا.**

**ئۆژین**

**١٩٩٠/ کەرکووک**

**ژێدەر لەلایەن سەباح ئیسماعیل( ئۆژین)ەوە ئامادەکراوە :**

*** مارپەلاس: حەربا**

**** ئەم کۆپلە هۆنراوەیە لە سروودی «ئاگرەسوورە»ی نەکەرۆزەوە وەرگیراوە.**

**تێبینی: ئەم چیرۆکە لە ژمارە (٩)ی حوزەیرانی ١٩٩٠ لە گۆڤاری ڕابەر بڵاوبووەتەوە.**

# بۆرژواکان

**شیعری : مستەفای حەسەنە گەورە(هێما)**



**بۆرژواکان...**

**من کرێکارم،**

**هەموو ڕۆژێ دێمە مەیدان.**

**هێزی کارم دەفرۆشم،**

**هەرزان..هەرزان.**

**وەک ئابڕووتان!**

**دەکا و ناکا پاروویەک نان**

**بۆرژواکان...**

**خشت بەخشتی دیوارەکان،**

**من دایئەنێم**

**بست بە بستی شەقامەکان**

**من ئەیکێشم**

**یەک بە یەکی درەختەکان**

**من ئەینێژم**

**هەرچی هەیە کەهاتە بەر دەستان**

**هەر ئەیبینم**

**دەبێ ئێستا تێی ڕامێنم.**

**بۆرژواکان...**

**ئەو کۆشکانەی لە جوانیا،**

**چەشنیان نییە،**

**بەو دەستانەی من ڕەنگاون.**

**ئەو پێخەفە نەرم و نۆڵەی**

**تیا ئەنوون**

**بەو دەستانەی من چنراوە.**

**ئەو ویسکییەی کەڵلەی بۆشی**

**پێ گەرم و**

**چاوی حیزتانی پێ سوور دەەکەن**

**بەخوێنی من کڕاوە.**

**بۆرژواکان...**

**(ناوگەڵ برسی و ورگ تێر و چاوچنۆکەکان.)(*)**

**سبەینێش بۆتان دێمە مەیدان**

**ئەو ڕووت و برسییەی تا دوێنی**

**حیسابێکتان بۆ نەدەکرد**

**ئەمڕۆ دەست دەنێتە قوڕگتان**

**دنیای سەرمایەی بۆگەنتان،**

**دێتە ڕووخان.**

**١٩٩٠-١-٢٢**

**هێما (**)**

**(*) تێبینی هێمای شاعیر : (ناوگەڵ برسی و ورگ تێر و چاوچنۆکەکان.) ئەم دێرە لە چیرۆکێکی شێرزاد حەسەن وەرگیراوە.**

**(**) (هێما)- مستەفا حەسەن ئەحمەد ناسراو بە ( مستەفای حەسەنە گەورە) لە ١٩٦٢/٢/٨ لە شارۆچکەی سەنگەسەر لە ناوچەی پشدەر لەدایکبووە. سەرەتای ساڵانی هەشتاکان تا ناوەڕاستی هەشتاکان بووە بە پێشمەرگە و دواتر چەکی داناوە. لە لێبوردنی گشتی حکومەتی عێراقیدا گەڕاوەتەوە بەر خوێندن لە پەیمانگای موسڵ. دوو برای لە لایەن بەکرێگیراونی رژێمی بەعسەوە تیرۆر دەکرێن (مامۆستا کاک ئەمین و محمد) . مامۆستا کاکەمین لە ناو ماڵەکەی خۆیدا و شەهید محەمەدیش لە شاخ . لە ١٩٨٩ وە تا دوای ڕاپەرین دۆست و لایەنگرێکی نزیکی ڕێکخراوەی ڕەوتی کۆمۆنیست بووە و بەشدار بووە لە کار و چالاکییەکانی ڕەوتی کۆمۆنیست لە شاری هەولێر و دەوروبەری. دەورێکی بەرچاوی گێڕاوە لە ڕێکخستن و هاندانی خەڵک بۆ ڕاپەڕینی ١٩٩١ بە تایبەت لەشاری هەولێر و ئۆردوگاکانی خەبات و جدیدە. ئەندامێکی چالاکی بزوتنەوەی جووتیاران بووە لە ناوچەی پشدەر لە ساڵەکانی ١٩٩٣ تا ناوەڕاستی ١٩٩٥. لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٥ کۆچ دەکات بۆ دەرەوەی وڵات و لە دانیمارک نیشتەجێ دەبێ. دواتر لەگەڵ کۆمەڵێک لە چالاکوان ڕێکخراوی «چاودێری کوردۆساید - چاک» دادەمەزرێنن. ئەم ڕێکخراوە کاری دەکرد بۆ بەجینۆساید ناساندنی کەیسی هەڵەبجە و ئەنفال و بە دادگا گەیاندنی بەشداربووان لە پرۆسەی ئەنفال. لە ساڵی «٢٠١٦ « یەکێک دەبێت لە دەستەی دامەزرێنەرانی بەرەی خەڵک» لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان دژبە دەسەڵاتە گەندەڵەکەی. یەکێک بووە لە کەسایەتییە هەرە دیار و چالاکەکانی خۆپیشاندانەکانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ و ڕەخنەگرێکی سیاسی و نووسەر و ڕۆژنامەوان چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی بووە و تاکۆتا ڕۆژی ژیانی لەبەرەی خەڵکی ستەملێکراودا بوو دژ بە نا دادپەروەری زوڵم وستەمی دەسەڵاتداران لە کوردستان . مستۆ لە ٢٠٢٠/٥/٧ بەهۆی تووشبونی بە نەخۆشی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەیەکی دانیمارک بۆ دواجارماڵئاوایی لە ژیان کرد.**

**دوو تێبینی:**

**یەک: ئەم شیعرە لە گۆڤاری ڕابەر ژمارە ٩ ی ساڵی ١٩٩٠ لەلاپەڕە ٤٤ و ٤٥ بڵاو بۆتەوە. هەورەها لەلایەن هونەرمەند زاهیر جەلال کراوەتە سروود و تۆمار و بڵاوکراوەتەوە.**

**دوو: ئەم ژیاننامەیەی هێمای شاعیر لەلایەن هاوڕێ گۆران عەبدوڵا بەڕێوەبەری سایتی دەنگەکانەوە بەدەستم گەیشتووە.**

# بەشی چوارەم

# پریاسکەی خەمەکان

## خەمی هاوڕێیانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بۆ بزووتنەوەی ئەدەب و هونەری مارکسیستیی

## لەمیانەی چەند نامەیەکەوە

**دوو تێبینی :**

**(١)ڕێنووسی ئەو نامانەی لەم بەشەدا دەیخوێننەوە، دەستکاریم کردووە و هەوڵمداوە لەگەڵ ڕێنووسی پیادەکراوی نێو ئەم کتێبە چوونیەک و تەبا بێت.**

**(٢)لەهەندێک لە نامەکاندا (بەتایبەتی نامەکانی هاوڕێم جەمال کۆشش دیارە دوای وەرگرتنی ڕووخسەت) چەندین ڕستە و تەنانەت پەرەگرافی تایبەت و شەخسیم تیا دەر هێناون.**

**(١)**

## نامەی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)

## بۆ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

**کاک عەبدوڵا گیان سڵاو و ڕێز**

**بابەتەکەتم خوێندەوەو دەستەکانت خۆش بن، کارێکی زۆر چاکت کردووە لە نووسینەوەی ئەو مێژووەدا کە خەریکە لەبیر ئەچێتەوە، ئەگەرچی زۆر کورتە بەڵام پڕ بایەخە. من ئەگەر زووتر ئەم بابەتەی تۆم بخوێندایەتەوە ئەوا وردتر لەسەر حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستم ئەنووسی. بەهەر حاڵ من ئەم تێبینییانەم**

**هەیە:**

**١-باشتر وایە جارێکی تر ئەم بابەتە بڵاو بکەیتەوە بە کەمێک دەستکاری و ڕێکخستنی زمانەکەی و هەروەها شتی تری بۆ زیاد بکەی، زمانەکەی زۆر کۆنەو ئەگەر ئەمڕۆ بینووسیتەوە بێگومان جوانتری ئەنووسیت.**

**٢-بۆچی جەمال کۆشش بێدەنگە؟ ئایا ئەو هیچی نەنووسیوە؟ ئایا ئەدرێسی ئیمەیلەکەی ئەزانیت؟ مەبەستم ئەوەیە من و تۆ شتێکمان نووسیوە ئەگەرچی کورتیشن، ئەگەر ئەویش بابەتێک بنووسێت بێگومان ڕوونکردنەوەی زیاتر بەو حەلقەیە ئەدرێت.**

**٣-ئایا وتارەکانی لینین دەربارەی تۆڵستۆی بە نامیلکە بڵاو کراوەتەوە؟ ئەمڕۆ نوسخەی دەست ئەکەوێت؟ ئایا هیچ ژمارەیەکی گۆڤاری ڕابەر لەلای هیچ کەسێک نەماوە؟ بەتایبەتی لە ژمارە یەک هەتا ژمارە پێنج؟**

**٤-بۆچی تۆ وازت لە حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هێنا؟ ئایا کاتی خۆی ئەوەت ڕاگەیاندبوو؟**

**٥-وابزانم وتاری (ڕێکخراوی حزبی و ئەدەبی حزبی)ی لینین من وەرمگێڕابوو. وابوو؟**

**لەگەڵ ڕێزی زۆرمدا بەو هیوایەی کە هاتیتەوە بۆ کوردستان یەکتر ببینین**

**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**

**٢٠١١ سلێمانی**

(٢)

# چوارنامەی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

# بۆ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)

**سڵاو کاک نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)...**

**سوپاس بۆ نامەکەت، سوپاس بۆ سەرنج و تێبینییەکانت. زۆر خۆشحاڵ بووم کە بەو شەوقەوە سۆراخی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر دەکەیت. منیش هەوڵ دەدەم لەم نامەیە یەک یەک وەڵامی پرسیارەکانی بدەمەوە.**

**یەک: زۆر ڕاستە زمانی وتارەکە کۆنە و من دەستکاریم نەکرد، چونکە زمانی نووسینی من لەساڵی ٢٠٠٢ ئاوا بووە، بەڵام پێشنیارەکەت بەدڵمە و کات دەرفەتم بدات دەستکاری زمانەکەی دەکەم.**

**دوو: جەمال کۆشش تا من ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بووم بەردەوام نامە و تەلەفۆنی هەبوو. بەڵام کاتێک لەمانگی چواری ساڵی ١٩٩٨ وازم لە حیزبایەتی(ئەندامبوون لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) هێنا ئەویش تا ئەمڕۆ نە تەلەفۆنی بۆ کردووم و نە ئیمەیڵ و نە هەواڵ پرسین .من چەند جار تەلەفۆنم کرد و لەگەڵ خێزانەکەی قسەم کرد و هەواڵیانم پرسی بەڵام ئەو پەیوەندی نەکرد پێمەوە و منیش ناچار وازم هێنا. تا ساڵی پار ئیمەیڵێکم لە هاوڕێ جەماڵەوە پێگەیشت داوای لێدەکردم زانیاری بدەمێ لەسەر ڕابەر و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست چونکە چاوپێکەوتنی هەیە. منیش ئەو وتارەم بۆ نارد کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر بۆ تۆم نارد. من چاوپێکەوتنەکەی جەماڵ کۆششم لایە.**

**سێ: بەڵێ وتارەکانی لینین لەسەر تۆڵستۆی بەناملکە بڵاو کرایەوە و وەک ناملکەی گۆڤاری ڕابەر. هەرچی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەرە بەداخەوە دەست ناکەون.**

**چوار: من قەت وازم لەحەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست نەهێنا. بەڵکو من برینداار**

بووم و سووتام و دواتریش خەریکی کاری ڕێکخستنی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست بووم بۆیە فریای ژمارە ١٢ نەکەوتم و جەمال کۆشش لەگەڵ چەند نووسەر و هونەرمەندیتر بڵاویان کردەوە.

پێنج: بەڵێ «ڕێکخراوی حیزبی و ئەدەبی حیزبی» تۆ وەرت گێڕایە سەر زمانی کوردی و لەژمارە یەکی گۆڤاری ڕابەر بڵاو کرایەوە واتە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧.

شەش: من کە ساڵی ٢٠٠٠ گەڕامەوە بۆ کوردستان لەڕێگەی برادەرێکەوە (کاک عارف کوردە) زانیم کەسێک هەیە سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەری لایە و چەندم هەوڵدا نە پێی گوتم ئەو کەسە کێیە و نە هەوڵی جیددیدا ژمارەکانم بۆ فۆتۆکۆپی بکات. زۆرم تکا کرد سوودی نەبوو.

حەوت : ئێستا ئەمساڵ هاوڕێ (فوئاد سادق) لە کەرکووک کە تەواوی نووسین و بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوە چەپەکانی سەردەمی بەعسی لایە بەو ئومێدەی لای ئەو بەڕێزە شتێکمان دەست بکەوێت. وام داناوە لەم چەند مانگەی داهاتوو کەنیازم سەردانی کوردستان بکەمەوە ئەو برادەرە ببینم و ئەگەر ژمارەکانی ڕابەری لا بێت تکای لێبکەم فۆتۆکۆپیان بکەم.

هەشت: کاک هۆشەنگ من زۆر خۆشحاڵم کە تۆ بەو جیدییەتەوە بەسۆراغی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەر و مێژوووی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستیت. ئەوە چەند ساڵە من هەر بەتەنها بووم و هیوادارم پێکەوە نەهێڵین ئەو مێژوووە کە بەشێکە لەسەروەری و شانازی من و تۆ و جەمال کۆشش کوێر بێتەوە.

دەستەکانت دەگووشم و بەنیازی دیدار

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

٢٣-٩-٢٠١١

کەنەدا

(٣)

# نامەی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

# بۆ بەڕێز نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)

**هاوڕێی زۆر ئازیز و خۆشەویستم کاک نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)**

**سڵاوێکی گەرم.. گفتوگۆکەتم سەبارەت بە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست خوێندەوە. دەستت خۆش بێت و زۆرم پێخۆشە بەرپرسیارانە سەبارەت بە ڕابردوو و حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هاتوویتەتە دەنگ. ئەمەش بەڵگەی بوونی تێگەیشتنێکە سەبارەت بە ئەرشیفکردن و بەدۆکیومێنتکردنی بزووتنەوەی چەپ. هاوڕێم گەر ڕێم بدەی حەز ئەکەم سەبارەت بە گفتوگۆکەت چەند وشەیەک بڵێم :**

**یەک: تۆ بە پێچەوانەی منەوە ئەوەی تۆی کێشکرد بۆ ناو بزووتنەوەی چەپ لەمەیدان نەبوونی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بووە. بەڵام من لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە هاتمە دەرەوە و پەیوەندیم کرد بە بزووتنەوەی چەپی ئەوسا.**

**دوو: تۆ بە پێچەوانەی من ڕەخنە لە خۆت دەگری سەبارەت بە ڕابردووت و ئەو ڕابردووە بۆت جێگای شانازی نییە، بەڵام من تا ئەم ساتەش کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم شانازی بەو ڕابردووەی خۆمەوە دەکەم ئەمە سەرباری بوونی چەندین ڕەخنەی توندم لەو مێژووەی خۆم.**

**سێ: دوا تێبینیم ئەوەیە کە ئەوکات لەململانێکانماندا لەگەڵ تۆدا من جارێ لای تۆ و جارێ لای جەمال کۆشش نەبووم ،بەڵکو بەردەوام لەو مەسەلەیە لەگەڵ جەمال کۆششدا کۆک بووم.**

**ئازیزم...ئیتر ئەوە تا ئێستا عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) ن،لەهەوڵی ئەوەدان ئەو مێژووەی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست کوێر نەبێتەوە و دواجاریش ئەم هەوڵدانەی ئێمە لەڕووی مێژووییەوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە.(*)**

**دەستەکانت دەگووشم و هەر سەرفراز بیت**

**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)**

**٣٠-٤-٢٠١٢**

**کەنەدا**

**(*) بەداخەوە ئەوکات هاوڕێ جەمال کۆشش بەهۆی سەرقاڵییەوە فریا نەدەکەوت بەشداری ئەم گفتوگۆیانە بێت کە جێی ڕەخنەیە.**

**(٤)**

## نامەی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

## بۆ بەڕێز نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)

**ئازیزم کاک نەوزادی خۆشەویست...سڵاو**

**نامەکەت دڵخۆشی کردم بەوەی کە سەربارى هەندێ جیاوازیش نزیکایەتییەکی جوان لەنێوانماندا هەیە و من ئەو جوانییە بە سەرمایەیەکی گەورە دەزانم. من هەوڵ ئەدەم ئەمجارەش سەرنجەکانم لەچەند خاڵێکدا ڕوون بکەمەوە.**

**یەک: ڕاستییەکەی من ئەو نامەیەی کەوەڵامی ئیمەیلێکی جەنابت بوو سەبارەت بە ئەو وتارەی لەسەر حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست نووسیبوم ئەگەر بگەڕێیتەوە سەر لیستی ئیمەیڵەکانت دەبیینی ئەوە نامەی ژمارە یەکم بوو. بۆیە من ژمارەم بۆ داناون تا هەم بەبایەخەوە بنووسرێن و هەمیش تایبەتن بە قسەکردن لەسەر حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست.**

**دوو: ئەمرۆ لەئەنجامی گەشەی تەکنەلۆژیا ،هونەری نامەنووسین نەماوە یان زۆر لەنەمان نزیک بۆتەوە. ئەو شۆڕ و شەوقەی ئەو هونەرە لەڕابردوودا هەیبوو، ئێستا نەیماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی شێوازی ناردنی نامە گۆڕاوە، بەڵام ئەتوانین نامە بنێرین سوود لەو هونەرە هەر وەربگرین.**

**سێ: هاوڕێ نەوزاد ئەمرۆ لەڕۆژێکدا دەژین ئەگەر لەگەڵ کەسێکدا کۆک نەبیت ناتوانیت یەک هەنگاو لەگەڵیدا ڕێ بکەیت. ئەم دەرەوەی وڵاتە کەناوی هەندەرانە و ئێمە لەئەدەبدا پێی دەڵێین تاراوگە یان مەنفا پڕیەتی لەو جۆرە مرۆڤانە و ئەزانم کوردستانیش وایە. بۆیە بۆم نووسیبوی «هیوادارم بەدڵێکی فراوانەوە لێمی قەبوڵ بکەیت.» هەرچەندە تاڕادەیەک لێم ڕوون بوو کە تۆ لەو جۆرە کەسانە نیت.**

**چوار: ئەزانم بەهیچ شێوەیەک وشەی شانازیت لەچاوپێکەوتنەکەتدا بەکار نەهێناوە، بەڵام کۆی چاوپێکەوتنەکەت ئەو ئاماژەیەی تێدایە.**

**پێنج: منیش ڕەخنەی زۆرم لەحەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەیە و لە چاوپێکەوتن وتارەکەشمدا باسم کردوون، بۆیە ئەگەر ئەوسا بیرکردنەوەی ئەمرۆم هەبوایە، ڕەنگە من و تۆ جەماڵ کۆششمان لە حەلقەکە دەربکردایە(هههههههە).**

**شەش: لێتی ناشارمەوە لەم یەکتر بینینەی ئەمجارەمان لە سلێمانی و ئەم نامانەی ئەم دواییانەت هەست بە نزیکایەتییەکی زۆر دەکەم لەگەڵتا، هەم لەڕووی بۆچوون و هەم لە ڕووی بەکردەوە هەنگاونان بەرەو نەهێشتنی کوێربوونەوەی مێژوووی پڕ شانازیمان.**

**حەوت: وەڵامێکی شیعرەکەت نەدامەوە (مانیفێستی عەشق یان بۆنی سەفەر) تۆ لە ئیمەیلێکدا گوتت زۆر جوانە و لەڕەخنەی چاودێر هەوڵئەدەین لەگەڵ کورتە نووسینێکدا دایبگرین. من پرسیاریم کرد وەڵامت نەبوو. نازانی چارەنووسی دەگات بەکوێ؟**

**هەشت: نازانم تۆ ئاگات لە بەڕێزان کاک (فەرەیدوون پێنجوێنی) و کاک(یاسین عومەر) هەیە یان نا؟ چی ئەکەن و چ کارەن؟ ڕێزم بۆیان هەیە و سڵاوی منیان پێ بگەیەنە و ئەگەر خۆیان ڕازی بن حەز ئەکەم کۆنتاکتان لەگەڵدا بکەم، واتە ئەگەر ئیمەیڵ ئەدرێسیان هەبێت و بۆمی بنووسیت سوپاست ئەکەم. من ڕەخنەی زۆرم لەم سەفەرەی خۆم هەبوو بۆ کوردستان کەنەمتوانی بەپێی پێویست هاوڕێ و برادەرەکانم بەسەر بکەمەوە بەتایبەتی هاوڕێیانی سلێمانی و هەولێر.**

**هەر سەرفراز بیت و بەئومێدی ژیانێکی بەختەوەر**

**٢٠١٢-٠٥-٠٢**

**کەنەدا**

(٥)

# نامەی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)بۆ هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)

**بۆ هاوڕێی ئازیزم دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ)**

**سڵاوێکی هاوڕێیانەی گەرم و هیوام باشیتە**

**هاوڕێ گیان وەک خۆت لە نزیکەوە ئاگاداریت ماوەی چەند مانگە خەریکی کتێبی (دەربارەی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر ١٩٨٧ – ١٩٩١)م. کتێبەکە وا بەرەو تەواوبوون دەچێت. ئەوەی جێی سەرنج و تێبینی منە ئەوەیە کە بەڕێزتان کەمترین بەشداریتان کردووە لەم کتێبەدا. لەم کتێبەدا تەنها چاوپێکەوتنێکی بەڕێزتانی تیایە کە هاوڕێ سالار ڕەشید سازی دابوو بۆ کتێبی (مێژووویەک لە یادەوەری) کە لەساڵی ٢٠١٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بەوپێیەی کە ئێوە یەکێک بوون لە دامەزرێنەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٩٨٧، وە یەکێک بوون لە وەرگێرە بەتواناکانی حەلقەکە و جێدەستیشتان دیارە، پێشنیار دەکەم کە بەلانیکەم بە بابەتێکی تێروپڕ لەو پرۆژەیە بەشدار بیت. هۆکارەکان زۆرن ، ئەمانە گرنگترینیانن :**

**یەک: ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست بووی لە ساڵی ١٩٨٧.**

**دوو: چوار ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ڕابەر لەژێر چاودێری و بەشداری تۆ بڵاو کراونەتەوە.**

**سێ: تۆ لە ململانێ بووی لەگەڵ هاوڕێیان من و جەماڵ کۆشش سەبارەت بە کۆمەڵێ مەسائیلی گرنگ.**

**چوار: تۆ بە فەرمی لە ژمارە پێنجی گۆڤاری ڕابەر دەرکرای.**

**پێنج: تۆ چوار تا پێنج نووسینی (لینین)ت لە عەرەبییەوە وەرگێرایە سەر زمانی کوردی و لە گۆڤاری ڕابەر بڵاو بوونەوە.**

**شەش: ....**

**هاوڕێ گیان.. بە بۆچوونی من ناکرێت تۆ ئاوا بە دڵ لەگەڵ پرۆژەکەم بیت و بە کرداریش دەستت قەڵەم نەگرێت. چونکە ئەمرۆ دەرفەتێکی باشت بۆ هاتۆتە پێش تا**

**قسەی مێژوویی خۆت بکەیت. نەوزاد گیان.. دەزانم سەرقاڵی زانکۆ و وانە وتنەوە و هەروەها وەرگێڕانیت و کۆمەڵێ پڕۆژەت بەدەستەوەن و ئیشیان لەسەر دەکەی، بەڵام ئایا ناتوانیت ڕۆژێک لەهەموو سەرقاڵییەکانی ژیان پشوویەک وەربگریت و بە کوپێ قاوەی ڕەش و تاڵەوە بچیتە نێو ئۆفیسەکەت و پێنج سەعاتێک بۆ نووسینی بابەتێک تەرخان بکەیت؟ تۆ بڵێی ئەوەندە قوورس بێت لەهەقی نەیەی؟ هاوڕێ من بۆم گرنگ نییە تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە، بەڵام بۆم گرنگە قسەت هەبێ و قسەکانیشت بکەی بەر لەوەی درەنگ بکەوێت. دڵنیاشبە لە خۆشەویستییەوە ئەم نامەیەم نووسیوە و دوا بڕیاریش لەدەست خۆتە.**

**لەباوەشت دەگرم و ئومێدەوارم هەردەم سەرفراز بیت.**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**

**کەنەدا / ٢٢-٧-٢٠٢١**

(٦)

## نامەی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) بۆ جەماڵ کۆشش

نازانم دیسانەوە ڕۆمانسییانە دەست بکەومە عەتف هەڵڕژاندن و خۆشەویستی نواندن، یان ئەمجارەیان بەڕاستی ڕۆحی خۆم بنێرم. ئەو ڕۆحەی کە کوژراوە و بە بۆنەی هونەرەوە ماوە. تۆ پرسیاری ڕۆحم دەکەی؟ جەماڵ گیان..ڕۆحم ئێستا شیعرە و تەنها هونەر هەناسەی پێ دەدات، ئەگینا لە دونیای واقیعدا ئەو مەشخەڵەی کە تۆ جاران بەژن و باڵا و هەیبەتەکەیت دەبینی بێ ڕەحمانە جوانەمەرگ کرا!! با باسی تراژیدیای جوانەمەرگی خۆم هەڵگرم بۆ دیدارمان. بێمە سەر ئەوەی کە نامەکەت گەیشت. ئەو ڕۆژەی نامەکەی گەیشت ئەچووم بۆ کار، بەڵام هەر لەڕێگا و لەناو سەیارە خوێندمەوە. شەو هاتمەوە و خوێندمەوە، بۆ بەیانی و دووەی و بەردەوام خوێندمەوە. بڕوا بکە زیاتر لە دە جارم خوێندەوە و لێی تێر نەبووم. وام ئەزانی دەمم گەیشتۆتە ئاوی حەیات. تۆ نازانی جەماڵ گیان وشە بە وشەی نامەکەت چ جۆش و خرۆشێکی پێبەخشیم. تۆ نازانی و من ئەزانم. ئەگەر تۆ پێویستت پێمە، من هەزارەها جار زیاتر پێویستیم پێتە. ئەگەر تۆ بێ من هەست بە دابڕان دەکەی، من زیاتر. ئەگەر تۆ دەتەوێ بێیتە لام ، ئەوا من لەتۆ پەرۆشترم بۆ گەیشتن بە یەکتر. بەڵام چی دەکەی لەو چارەنووسەی کە بەدەر لەویست و خۆزگەمان وەک کۆلارە هەڵی داوین بۆ دوو کیشوەری جیاواز. هاوڕێکەم دوێنێ شەو لەکاردا هێندەم بیر لێ کردیەوە کە ئەم دوو دێرەم بۆ نووسیت.

دڵ ناسک

دڵ ناسک نیم

بەڵام کاتێ بیرەوەری دە ساڵ زیاتر

لەسەنگەری پێکەوەبوون مێشکم دەکا بە هێلانە

دڵم بۆ باوەش گرتنت

دەبێتە منالّی ساوا و

داوام لێ ئەکا جۆلانە.

ئەمشەو پاش هەشت سەعات کارکردن گەڕاومەتەوە و بێ تۆ ناخۆش بیرەکەی خۆم

**لەسەر ئیش هەڵدا و سەعات یەکی شەوە و دوو جگەرەم ماوە. جەماڵ گیان وەختە هیلاکی و خەو بەلاما بهێنێ و زەفەرم پێ ببات. ڕەنگە لێرە بوەستم و سبەینێ نامەکە تەواو بکەم.**

**جەماڵ گیان ئەوا پێنج ڕۆژە ئەم ڕستانەی سەرەوەم نووسیوە و ئەمشەو دەستم پێ کردەوە بۆیە داوای لێبووردنت لێ ئەکەم.**

**جەماڵەکەم...ئەی ئەو جەماڵەی هەر تۆ بە تەنها لەڕۆحم ئەگەیت و چرپە سارد و سڕەکانی دەروونە ئینسانیی و دڵە گەرمەکەم دەتوانێ بخوێنیتەوە، ڕەنگە تۆ لەهەموو کەس زیاتر ئاشنا بیت بەپێچ وپەنای ئەندێشە و ڕەگی خۆشەویستتیم، ئیجازەم بدە با ڕازی دڵی خۆممت پێ بڵێم و بڕێک دڵم سوکنایی بێت.**

**من بڕوام وایە ئەگەر نووسین نەبوایە زوو دڵم دەوەستا و دەمردم. من مەمنوونی نووسینم چونکە توانیم (تۆفانی خەم) بنووسم و دڵم تۆزێک ڕەحەت بێت. سەرتاپای ژیانم جەماڵ گیان خۆشەویستی و پەژارەیە. لەڕادەبەدەر بیر دەکەمەوە و زۆر دەترسم زوو بمرم!. لە مردن ناترسم، بەڵکە خەمی ئەوەمە (ڕۆمانی سەحەر) نەتوانم بنوسم. ئەوا بۆ دە مانگ ئەچێت پاڵەوانێکی ڕاستەقینەی شانۆگەری تراژیدیای ژیانم. ئێسک و پروسکم تێک شکاوە بەسەر یەکدا. جەماڵ ئەگەر تۆ هەستی پێبکەی کە چەندە زەحمەتە خۆشەویستی لەناو دڵتا بکوژن!! و دڵی بمرێنن. چەندە سەختە بە زیندوویی هەر بە بەرچاوی خۆتەوە گۆڕت بۆ هەڵکەنن و بتنێژن. من ئەم قسانە تەنها بۆ تۆ ئەکەم، لای خەڵکی شتی وا نادرکێنم. بۆیە تکام وایە ئەمجارەش کە دەڵێم ئێستا ناتوانم سەرنج و نەزەرم لەسەر هونەر و ئەدەب و گۆنگرە و مەڵبەندت بۆ بنێرم.**

**جەماڵ گیان... زۆر ڕۆژان دەچمە ڕۆخی ئۆقیانووس و لەسەر گاشەبەردەکان دادەنیشم و نەسیمی سەر ڕووی دەریا بەهێمنی باوەشێنی دڵ و ڕۆحم دەکات و هەزاران پەیام ئەنێرم بۆ تۆ و بەشەرییەت. ئێوە گوێتان لێم نییە و بێ ئاگان لێم. ئێوە نازانن من چەندەها شەو هەر بە هەنسکدان چاو لێک ئەنێم. تۆ نازانی و ئاگات لێم نییە چۆن قوڵپی گریانم دەریا دەهێنێتە قسە. بەڵام ئاخ جەماڵ گیان چۆن نووکی تەنیایی و بێباڵی جەرگم کون کون دەکات و ئەو هەموو هاوار و ناڵەیە وەک پەلکەزێڕینەی پاش بارینی بارانی بەهاران زۆر زۆر زوو لەچاوانی ون دەبێ و لەگەڵ شەپۆڵەکان دەست لەملانێ یەکتر دەکەن و منیش نوقمی خەم دەبم.**

**دڵتەنگ مەبە..ئازیزەکەم.. ئەم حەقیقەتە دەستەکانی کۆت کردووم و زمانی قەڵەمی لەگۆ خستووم. هەربۆیە ناتوانم تەکان بە هونەر بدەم، ئەو هونەرەی کە من و تۆ بۆی ئەسووتێین. ئاخۆ دەبێ چ دەستێک بێت بتوانێ لەم ئازارە ڕزگارم بکات؟.**

جاران وەک ئاگاداری لە هونەری شیعردا زۆرمان لەسەر ئازار، ژان، پەژارە، خەم، ناسۆری ، ..تاد نووسی، بەڵام جەماڵ گیان بڕوام پێبکە ئێستا دەزانم ئەو وشانە تامی ماددیان لەژیانی واقیعی ئینسانەکاندا چۆنە. ئێستا لەنهێنی ئەم حەسرەتانە گەیشتووم و ئەگەر قەڵەمەکەم بکەوێتەوە کار، بۆت دەردەکەوێ ئەمجارە چۆن تەعبیری واقیعییان لێ دەکەم!

سەبارەت بە ڕۆمانی سەحەر یان پەشیمانی تەکنیکێکی زۆر مەعقول و جوانم لەمێشکدا هەیە کە نوێیە و بڕوام وایە ئەم تەکنیکە ڕووی مەجلیسی ئەبێ. بەڵام تا ئێستا لەسەر محتەواکەی سەد لە سەد ساغ نەبوومەتەوە کە لە کوێ وە دەست پێبکەم و لەکوێوە کۆتایی پێ بهێنم. لەلایەکی ترەوە، بەسەدان پرسیاری چاوتیژ چاوتیژم هەن کە دەبێ وەڵامەکانیان حازر بکەم بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە بەسەرکەوتن بگات. ( ئەم نامانەی کە بۆتی ئەنێرم دەقیقەن لە ڕۆمانەکە بڵاو دەبنەوە لەگەڵ ئەو نامانەی کە تۆ ئەینێری...من نامەکانی تۆم هەڵگرتووە و تکایە ئیحتفاز بەم نامانەوە بکە.)دیسانەوە جەماڵ گیان خەو وا زەفەرم پێ ئەبات و بە هیوام زۆر زوو بتوانم ئەم نامەیە تەواو بکەم و بۆتی بنێرم. ببورە لێم چونکە پاش هەشت سەعات کاری تاقەت پروکێن نامە نووسینیش سەختە. ببورە لێم.

جەماڵ گیان..بڕوا بکە هەشت ڕۆژە ئەم نامەیەم لەم خاڵە واز لێ هێناوە و ئەمشەو گەڕاومەتەوە سەری، بەو هیوایەی کە بتوانم تەواوی بکەم. نازانم یەکسەر بنووسم ماڵئاوا کە لەڕاستی دا دڵم نایە و ناتوانم دەستبەرداری ئازارهەڵڕشتن بم، یان هەر درێژە بەم وڕێنانە بدەم کە بێجگە لەسەرئێشە بۆ تۆ هیچی تری تیا نییە. بەهەرحاڵ دوو کۆرپەکەت و ئاواز لەباوەش ئەگرم.

١٩٩٧

کەنەدا

(٧)

## نامەی جەماڵ کۆشش بۆ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

**هاوڕێی هەرگیز لەیادنەچووم...هاوڕێی هەمیشە ئامادە لە یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکانمدا ..شاعیری خۆشەویستی جەماڵ کۆشش..مەشخەڵەکەم وادەی چوونە نێو دونیای هونەر هاتووە، کە ئێمە ڕۆژگارێک ئەگەر توندییەکی سیاسیشمان لەنێواندا خولقابێ، بەردەوام ئاگاداری تاقیکردنەوەی هونەری یەکتر بووین. لەو بارەوە زۆر پێویستیم پێت هەیە. زۆر کەمن ئەوانەی مێژوویەکی وا لەنزیکایەتی ڕوئیای هونەرییان پێکەوە هەبێ. ئێستا حاڵی حازر من سکرتێری مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریم، ڕەنگ بێ ئاگادار بیت (شەبەنگ) دەردەکات کە زمانی ئۆرگانەکەیە. دیارە من لەلای خۆمەوە بە ئەندامی فەخریم داناوی لە مەڵبەندا و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەشم هەڵبژاردی، تا وەڵامی تۆم پێدەگات لەو بارەوە پێشنیازەکەم ناچێتە قاڵبی ڕەسمییەوە، تکا دەکەم وەڵامم لێ بگێڕەوە. وە ئەگەر ئێستا توانات بەسەر زمانی ئینگلیزیدا دەشکێ ئەندامی گروپی وەرگێرانیش بە و لەو بارەیەوە لە ئەدەبی کەنەدییەوە شتمان بۆ وەربگێڕە و فایلی تایبەت دەکەینەوە لە گۆڤارەکەدا. بۆ وەرگێڕان تۆ و ئەو هاوڕێیانەی لەکەنەدان و سەروکارێکیان یان باشتر بڵێم قەڵەم بەدەستی ئەو مەیدانەن، دەتوانن زۆر هاوکاری و هاریکاریمان بکەن. بە من باشە تۆ نوێنەری مەڵبەند بیت لە کەنەدا و هیوای ئەوەم هەیە چاوەڕوانییەکانم کورت نەهێنن. وێڕای ئەمەش ئەگەر ئەمانەت پێ قەبوڵ نەبوو، نابێت لەو تاقی کردنەوە نوێیانەی خۆت هەتن، بێبەشمان بکەیت. من هەوڵ دەدەم لەم ژمارەیەدا ئەو شیعرەی بۆت ناردبووم لەسەر کاسێتەکە، بڵاو بکەمەوە و جارێکی تر دەنگی مەشخەڵ لەهونەری شیعری کرێکاریدا بهێنمە ناوەوە. دەربارەی ئەو چاوپێکەوتنەی باست کردبوو، وەڵامم دایەوە ئیدی نازانم بە دەستت گەیشت یان نا. من پێم باشە لەو بارەوە چەند کەس لەوانە (شوان محەمەد) و سەرنووسەری گۆڤارەکە و من و ڕزگار حەمەڕەشید بەڕێوەبەری گۆڤارەکە و ..تاد سمینارێکی نووسراوت بۆ بنێرین و تۆش لای خۆت بۆ گۆڤاری هانا یان هەر گۆڤارێکی ترت پێ باشە بڵاو بکرێتەوە.**

دەمەوێ نەزەرت لەسەر گۆڤاری (هانا)ش بزانم و گرنگی ڕەئی تۆش خۆتیش پێ بزانی بەکەڵکە. دووبارە دەستەکانت دەگوشم. لەبەر ئەوە پەلەمە ئەو هاوڕێیەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا مەوعیدی سەفەرەکەی پێشخست. نامەی تر دەبێ بنووسم. بە هیوای دیدار. دەبێ ئەوەش بڵێم نیازی سەفەرم هەیە. جارێ بەس نیازە و لەوبارەوە ڕەئی تۆ چییە؟ وە ئایا کام وڵات باشترە یان ئەوروپا کوشندەیە بۆ نووسەر. تۆ لەوبارەوە دەتوانی چیم بۆ بکەی؟ لەبیرم چوو لەگەڵ دکتۆردا زۆر جار باست دەکەین و ئەویش کۆستەرێ شیعر و پۆستەرێ سڵاو لە ناری گیان دەکات، بەڵکە عیلاجی دەردی بکات، تەمەننا دەکەم بەئەندازەی گوڵ ئەندامێ بەدیدارت شاد بم.

هاوڕێت

جەماڵ کۆشش

سلێمانی ١٩-٨-١٩٩٦

(٨)

## نامەی جەماڵ کۆشش بۆ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

**هاوڕێی لە دڵەوە، لە ڕووحەوە، لەچاوەوە نزیکم مەشخەڵ گیان**

نازانم و پێموایە ناتوانم گوزارشی دەروون و شعورم دەربڕم کە چەند قەرزارت کردم. ڕاستییەکەی بە ئەندازەی تەلەکسی قەبووڵی هەبوو، نامە بروسکەئاساکەت. ئارەزووی ئەوە دەکەم، نامەیەکت بۆ بنووسم لێواولێو و پڕ بە دڵەکەی پڕ عیشقی من بە خۆشەویستی تۆ و ئینسانی ئەمەکداری شۆڕشگێڕ، چەندی دەکەم، وشە و ڕستەکانم بۆ ڕاو نایێ، لام وابێ لەیاد و بیرەوەری ڕۆژانێک لە ژیانم، تەنها کەسێک کە بەبارستایی خۆت ئاسەواری هەڵکۆڵرابێ، تۆی مەشخەڵ گیان. خۆت سروشتی من دەناسی، لە نووسین دا ڕەقم، بەهەموو مانایەک، بەچاوی تۆ قەسەم نامەکەی تۆ ، وامدەزانی جیهان بە پانایی خۆی باوەشم بۆ دەکاتەوە، قەتیس، داماو، گیرخواردوو، بێ کەس و بێ پارە و بێ دەست و چاو، دەنگی تۆ، زەنگی تۆ، جیهانێکی پڕ گوڵ و ئەستێرە و ئومێدت لام ژیاندەوە. لەو بارەوە تا باریکە هەناسەی گیان دانم قەرزاری تۆم.

لەم ڕۆژانە ژمارە چواری گۆڤاری هانا لەلایەن برادەرێکی (سەفین عەلی)ەوە لە سویدەوە بۆمان هات. هانا گۆڤارێکی باشە، ڕووی لە مۆدێرنیزمە، بەڵام ڕاستییەکەی لەلای من زۆربەی ئەو باسانە جگە لە وەرگێرانەکان، وتاری ڕۆژانەیی ڕۆژنامەن بۆ گۆڤاری وەرزی کە دەرگای ئاوەڵا بێ بۆ مەسەلە فەرهەنگییەکان و کۆمەڵایەتییەکان..تاد، زۆر لەخوارە. ئەو جیدالەی نێوان کاکە و بازگر دەستکەوتی فیکری و ڕوانگەیی زۆر کەمە. تەنها هەندێ خاڵی درەوشاوەیی تیا هەیە. شیعرەکانی حەمەعەلی حەسەن و محەمەد کەساس ڕاستییەکەی زۆر لاوازن. ماوەیەکە شاعیرانی ئێمە ئەو بابەتانەیان جێ هێشتووە. شیعرەکەی ئاسۆ و کاریکاتێرەکانی شوکاک بەلای منەوە نوقتەی بەهێزن. بە کورتی (هانا) گۆڤارێکی سەرکەوتوو نییە و بەم ئاقار و ڕەوت و هەوڵدانەی لای من ناتوانێ گۆڤارێکی دڵخوازی بزووتنەوەی هونەری کۆمۆنیستیی و کرێکاریی بێ. ڕەوەندێک لەنێو جەرگەی باس و خواسێکی تردا، لەنێو جەرگەی بزووتنەوەیەکی تردا، لەنێو ئاسۆ و ڕوانگەیەکی ڕۆشن و شەفاف و سیمادیاردا، لەنێو مەسەلە زیندووەکانی بزووتنەوەی فەرهەنگی کۆمۆنیستیدا، دەتوانرێ بەسۆراخی پەیداکردنی گۆڤارێکی بە پێزی هونەرییەوە بین،

ئێمە کەموکوڕی و ناتەواوییەکان و لایەنە دواکەتووەکان و پارچە ئانارشیستەکانی فەرهەنگی باو چارەسەر ناکەین. ئێمە ڕۆشنە پەیام و ئامانج و ڕوانگە و ئاسۆمان لەلای من لە چۆنیەتی ئەدەبیاتی واقیعی کە بەشی زۆری ڕۆمانەکان دەگرێتەوە، بەشوێن ئەودا دەتوانین پەرەگرتنی هونەری نوێی کرێکاریی بەمانای کۆمۆنیستی پەیدا بکەین و پەرە بستێنێ. لەو بارەوە پێویستیم بە دید و ڕوانگەی تۆ هەیە. لە نامەکەی بژاری شاعیردا ڕەنگە ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕوون ببێتەوە. بەکورتی مەشخەڵ گیان دەمەوێ بە دوو قۆڵی بێ یان بە بەشداری نووسەرانی وەک ڕێبوار و بژاریش بێ لە دامەزراندنی باسێکی وەها ڕیشەییدا، جێگای خۆیەتی کاتێکی باشی تیا سەرف بکەین. ئەم باسە دیارە یەکێک لە خەونە مێژوووییەکانی هەردووکمانن. ئەگەر پێت باش بوو ئەوا بۆمی بنێرە، منیش بۆ هانا پۆستی دەکەم لەگەڵ ئەو باسانەی خۆمدا لەمەڕ ئەو شتانەی سەرەوە.

مەشخەڵ گیان...ئەو شتانەی کە داوات کردبوون ، ڕابەرەکان، بەرهەمەکانی خۆت لە (دەنگی بێکاران) و (بۆ پێشەوە)دا خەریکی کۆکردنەوەیانم و لەم ماوەیەدا هەوڵ دەدەم بۆتی پۆست بکەم.

بە ئومێدی دیدار بەجێت دەهێڵم..چاوەکانت ماچ دەکەم..بە قوربانت بم.

هاوڕێی هەمیشەییت

جەماڵ کۆشش

کریکالا - تورکیا

١٤ ی ئازاری ١٩٩٧

(٩)

## نامەی جەماڵ کۆشش بۆ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

**مەشخەڵەکەم، سڵاوت لێ بێ**

**نازانم چۆن بەختەوەری گەیشتنی نامەکەت بنووسم، وا دیارە لە نووسیندا، زۆرت ڕەپێش داوم. ئەو هەموو خەیاڵ و ئەندێشە و سەفەرە تەماوییەت لەدووتوێی یەک نامەدا جێگات کردبۆوە، لەئاست خامەی مندا، زۆر قورسە و هیوادارم چاوت ئازار نەدەم و تاقەتی خوێندنەوەی نامەکەی منت هەبێ کە دوورە لەتەڕدەستی شاعیرییەوە، هەستێکی ناسک و پڕ لە عیشق بە ژیان، ماندووی پاش سەفەری دووری دابڕان و تەڕاوگەیی و غوربەت لەسێبەری وشەکان و ڕستەکانتدا، بەڕوونی وەک نێوچەوان و بەژن و هەیبەتە جوانەکەت کە خەریکە سوێم بێتەوە بۆ لەباوەش گرتنێکی، خۆی بە دەمامکی پیری داپۆشیوە، قەڵەمی من چۆن بتوانێ پارسەنگی ئەو عیشقەی تۆ، زەحمەتە خۆی بدوێنێ. هاوڕێ خۆشەویستەکەم، ئەوەی دەینووسم تەنها گۆشەیەکی زۆر بچووکە لە خۆم و لە خۆشەویستیم.**

**نامەکەتم بە دڵ، نە ڕۆح، خوێندەوە. گریام و هەنسکم هەڵدا و تێر تێر گریام. بڕوات هەبێ نازانم چەندجار نامەکەتم خوێندەوە، هێندە دەزانم ئۆخژنی یەکجار سەختی لەلا دواندم. دەمووت چ دەبوو ئەگەر ماوەت هەبێ ڕۆحی خۆتم بۆ بنێری، تۆ نای نێری، من ئەوا ڕۆحی خۆم و ناڵەکانت بۆ دەنێرم. دەینێرم و تۆش لەپاڵ گەرمی هەناسەکان و بوتڵە بیرەکان و شیعرە تازەکانتدا، سەرنجیان بدەیێ و حەسرەتی دابڕان و ئاوارەیی و پەناهەندەییان لێوە بخوێنەوە. تۆ نای نێری، من دەینێرم. من ئەو چوار ڕۆحەم لەبۆتەی ڕەسمێکدا قەتیس کردووە و لە قەفەسی فیلمێکی بێ بۆن و ڕەنگدا چاومان زەقەی دێ. تۆ دەیبینی، ئێمە ناتبینین. ئێمە هەروایـن هەرگیز دەست لە ملی ئاوات و خۆزگەکانمان نابین. چما تۆش ..گیرۆدەیی.**

****************

**مەشخەڵ گیان...سەبارەت بە ڕۆمانی «سەحەر یان پەشیمانی» بە من تا دەکری زووتر، زۆر زووتر دەست پێ بکە. — من و تۆ- لەسەر دەستەی هونەری کرێکاری لە کوردستانی عێراقدا دەست پێش خەریمان کرد. وەک نزیک بە دە ساڵە**

دانەبڕاوین. ئەم هەنگاوەی تۆ جێگیرترین و ڕاوەستاوترین و پێشڕەوترین کارێکە. ڕۆمان نووسەر فێر دەکا و ڕای دەهێنێ و پرۆڤەی ڕۆحی نووسینی دەکات. ڕۆمانی کرێکاریی لەئاستی گشتیدا، لە جیهانی هونەری کرێکارییدا، لەلای من وێڕای چەند ڕۆمانێکی دیاری زۆر کەمە، وە نەک تەنها لەئاست جیهاندا، بەتایبەت لەم برگە زەمەنی یەدا، زۆر گرنگە. وە هیوای ئەوە دەخوازم کات ڕێگر نەبێ. ڕۆمان خەسڵەتی نووسەری بەتوانا و بەسەلیقەیە. سەلیقەی نووسینی تۆ، تا ئێستا لە هەندێ کورتە ڕەخنە و چەند دیوانە شیعریدا دیارە. بکەوێتە بواری ڕۆمانەوە دەچێتە ئاستێکی یەکجار بەرز و لووتکەوە. بۆ ئێمە مەسەلەی بیرکردنەوە لە ڕۆمان نووسین، داهێنانی ڕۆمان لەلای من خاڵێکی گرنگە لە سەلیقەی نووسینمان کە لامان وایە هونەرەکانی تری نووسین- بەتایبەت بۆ ئەم کارمان- بەرتەسکە و بەکەڵک نایە. خوێنەری ڕۆمان لە کوردستان زۆر بەتاسەوەیە. وە ئومێدی ئەوە دەکەم لەکەمترین ماوەدا ڕۆمانەکەت بە جوانترین شێوە و بە سەرکەوتووترین بەرهەمی ئەدەبی لە کوردستان هەواڵی بزانم. مەشخەڵ ئەوە بکە..ئیدی واز لە هونەر بێنە.

**************

لەسەر دەستووری کۆنگرەی دووی مەڵبەند..

مەشخەڵەکەم...کاتی خۆی دەمانووت لەبەر نووسین فریای خوێندنەوە ناکەوین، بەڵام ئێستا لەیەکتر دابڕاوییە. مەشخەڵ بۆ ئەوەی خەونەکانمان بێتە دی، بۆ ئەوەی پرۆژەی کارەکانمان لەگەڵ یەکتر تەواو کەین، بۆ ئەوەی دووبارە یەکتر بگرینەوە بۆ کۆمەڵێ ئامانجی بەدینەهاتوو، گەلێکم پێویست پێتە. ئەمە دەستووری کۆنگرەی خۆمە و کاری بۆ دەکەم و تۆش بەهیوای کاری بۆ بکەی، هەتا دەکرێ هەوڵدەدەم بگەمە لای تۆ، من ڕۆحی هونەریم بە تۆوە پەیوەندە. ڕۆحی من خاڵی بکە لە هونەر (جەماڵ)ێکی ڕەزا قورسە. ئەگەر هەر نەکرا کە ئومێدی ئەوە دەکەم بە زووترین کات بکرێ ئەوا ڕێگای تر هەڵدەبژێرین. دابڕان ناکرێ. ناکرێت دابڕان بەهیچ جۆرێک.

سەبارەت بە کۆنگرەی دووەم، دەمهەوێ لەچەند خاڵ ئاگادارت بکەمەوە :

یەک: بەرنامەی مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریی کاتی خۆی بەیاننامەیەک کە لەلایەن فوئادی مەجید میسرییەوە نووسرا وەک سەنەد پەسند کرا و بڵاو کرایەوە. تا ئێستا چیدی لەسەر تێڕوانین و خوڵقاوی هونەری چیدیمان بڵاو نەکردۆتەوە. لەمەڕ ئەو بەرنامەیەوە، بەلای منەوە، زۆر پێویستە قەڵەم بەدەستە بەتواناکانی چەشنی تۆ و بژار و ڕێبواری شاعیر و خەڵکی تر بێنە دەست. من لەوبارەوە ڕەشنووسێکم لەژێر دەست دایە، هەوڵ دەدەم لەم ماوەیەدا بۆت بنێرم.

**تا تۆش سەرنجی خۆتی لەسەر بدەی و دەکرێ ڕەئی تۆش وەک هەوڵدان بۆ ڕاست کردنەوە و جێگیرکردنی تێڕوانینێکی دیاریکراو بدەی بەدەستەوە. لەو بارەوە ئایا دەکرێ وەک نامیلکە چاپ و بڵاوی بکەینەوە. دوو قۆڵی ئەم مەسەلەیە بکەین. دەربارەی دیدگا پایەییەکانی مارکسیزم و جوانناسی، پەیامی هونەری کرێکاریی بە جیهانی هاوچەرخی ئێمە، بە وردکارییەکانی ئەندێشە و بە گرێ دەروونی و خەیاڵە سەوزەکانی ئینسانی خوڵقێنەر، بە هونەری کۆمۆنیستی و واقیعی ڕاستەقینە...تاد. ئەم بابەتە لە جیهانی ئەمڕۆدا غائبە و تێڕوانینێکی وا دەتوانێ گرنگی جیهانی هەبێ و بزووتنەوەی ئێمە بکاتە خاوەن خەتێکی ڕۆشن و پەیامێکی دیاریکراو. لەو بارەوە خۆزی دەمتوانی بەدرێژی لەگەڵت دابنیشتام.**

**دوو: دەربارەی گۆڤاری (شەبەنگ) کە بەداخەوە تۆ دەڵێی تا ئێستا نەمدیوە، بەڵام دڵنیابە بۆتی پۆست دەکەم لەم ماوانەدا دوای ئەوەی کارم پێیان نامێنێ. زۆربەی ژمارەکانیم لایە، دەبێ سیاسەتێکی ئاڕاستەکراو بگرینە دەست وەڵام وایە وەک مەڵبەند، سەرباری گۆڤاری (پێشەنگ) پێویستیمان بە گۆڤاری تر دەبێ. (شەبەنگ) موڵکی یەک کەسە(شوان محەمەد) ئەویش ئارەزووە شەخسییەکانی خۆی دەتوانێ جاریێ بکاتە گۆڤاری ئەدەب، دوایە بە ڕۆشنبیری و هتد. گۆڤاری (شەبەنگ)چی لێهات بۆ ئێمە گرنگە ئەگەر نەمان توانی چاکی بکەین، ئەوا پێویستە مەڵبەند گۆڤاری خۆی هەبێ.لەو بارەوەش زۆرم بۆ گرنگە بەشداری تۆ لەم مەسەلەیە بەڕادەیەک حاسمە. تۆ ئەگەر بتوانی بێیتە ناو مەڵبەندەوە، بە تەئکید زۆر شت چارەسەر دەکرێ. لەوبارەوەش تەواو سقەم پێت هەیە.**

**سێ: چۆن بتوانین ئەو بەشە لێک جیاوازانەی مەڵبەند لێکدی گیر بکەینەوە. نووسەران، شانۆیستەکان، کاریکاتێریستەکان..تاد. بەستنی گۆنگرەیەک زۆر موهیمە، یان تەنانەت خستنەڕووی بەستنی باسی گۆنگرەیەک زۆر گرنگتر.**

**١٩٩٧ تورکیا**

(١٠)

## نامەی جەماڵ کۆشش بۆ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

**مەشخەڵ...**

**ژیان و مێژووو، دەرهەق بە من سەخافاتێکی زۆری نواند. ئاخرین سەخافاتی پڕوپووچی دوورکەوتنەوە و لێک دابڕان و تەنانەت نەتوانینی تەلەفۆنی نێوان من و تۆی ئازیزم بوو. ئەی هاورێ، نازانم بۆ غەریبی و نامۆیی و تەڕاوگەیی و بێمانایی ژیان چی بنووسم؟ زۆر جار وام لێدێ لەخۆم و لەتوانای خۆم بە گومان بم. دەڵێم بۆ هێندە چاو بە گریان و هەست ناسک و دڵ بەربردم. من دەبێ بەشوێن جۆرێکی تری ژیانەوە بم. هونەرێکی تر یاداشت کەم. مەرام و ئاواتێکی تر دابهێنم، ئەوانە کۆنن و سەر بە دونیایەکی کە بە ئەندازەی هاوڕێیەتیمان کۆنە. من دەبێ هەوڵدەم خەباتێک بەرێ بخەم، خۆم لەم جۆرە تان و داوە ڕزگار بکەم، ئینسانێکی تر پەیدا بکەم. دیارە شەڕێکی توونـد وە هەندێ جار ماندوو دەبم، دەڵێم لێگەڕێ بابڕوا خۆی کەناڵێک پەیدا دەکات. شاعیرەکەم... شیعرەکانی هانات بەدەرەجەیەک هەست بەگۆڕان دەکرێ بەتایبەت ژمارە شەش و ژمارەکانی پێشووتر. بەڵام تکایە پێم بڵێ بۆ وەڵامی نامەکانم نادەیتەوە. نامەم بۆ دەنووسی وەک ئەوەی یەکەم نامە بێت. خوێنەرێکی دەرەوە هەست ناکات نامە گۆڕینەوە هەبووە، وتم دەربارەی مەڵبەند، دەربارەی (شەبەنگ) ژمارە چوار و پێنج وتارەکەی (شوان محەمەد) دەربارەی کاروبار و چالاکییەکانی خۆت...تاد وەڵامم بدەرەوە، دەنگت نەبوو. چما وا دەزانی من وەکوو خۆمم، نامەکانیش لەبیر دەکەم، بڕوات بێت کاتێ نامەت بۆ دەنووسم بەختەوەرترین کاتمە. وا دەزانم لەبەرامبەرم دانیشتوویی. زۆرت بیر دەکەم مەشخەڵەکەم. بەهیوای دیدار. نامەیەکم بۆ ڕزگار عومەر ناردووە هەر ئەمڕۆ باسی شتی تایبەتم کردووە تایبەت بە مەڵبەند تکایە ئاگادار بە.**

**توونـد لەباوەشت دەگرم**

**هاوڕێی هەمیشەییت**

**جەماڵ کۆشش بێرن – سویسرا**

**١٩٩٨-٥-٢١**

(١١)

## نامەی جەماڵ کۆشش بۆ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

**هاوڕێی خۆشەویستم کاک عەبدوڵا گیان**

**وەک ئەوەی ڕێژنەبارانێکی زۆر پڕ ناوەختی هاوین میوانی سارای دەروونم بووبێ، ئاوا هەر ڕێک لەگەڵ گەیشتنی نامەکەی تۆ، کام قەڵشتی یاد و کام زامی بیرەوەرییە هەموویان زیندوو بوونەوە. قەهری شەکر و خەمی شیرین، بووە تارماییەکی سپی هەڵۆیی بەسەر ئەو وەردانەدا تاوێکی خۆش ڕۆحیان ئاسوودە و سەرمەست کردم. ئەیهای چەندم حەز دەکرد دەروونم و دڵم باڵەکانیان ئاوەڵا بکردایە تۆیەک کە پڕ بە مانای خۆشەویستی و لێک دابڕان بیرت دەکەم، بمگرتیایە ئامێز و هەموو ڕۆحم شەلاڵی ئارەقی نازی غەریبی و بەفراوی پەناهەندەیی بکردایە. خۆزگە دەمتوانی هەر بۆ جارێک لە نزیکەوە ئەو شۆخی و گاڵتانە دووبارە بکەینەوە کە بە تەواوی هەردووکمانی دەنایە نێو دەفری قاقای خواییەوە... ئاخ...مەشخەڵەکەم..چیت بۆ بنووسم، تۆیەکی وا تەریک و دوور، منێکی وا کلۆڵ و بەستەزمان، خۆشم نازانم ئەو هەموو خۆشەویستییەم لە چیدا بنێرم؟ بە چی دڵخۆش دەبی وگەردی تەنهایی لە خۆت و لەماڵەکەت بتەکێنێ. وەفایەک کە تۆ لەگەڵ مندا کردت، وام هەست دەکرد بەکورتی من لە هەموو شتێ دۆڕاوم. ئەوەت لێ ناشارمەوە چونکە تێم دەگەی، تێم دەگەی هەتا مۆخی ئێسقانەکانم دەخوێنیتەوە. چەنێک پەرێشانی ئەحواڵ و هەواڵی ئێوە بووم. کەسێکی کەم ماوە لە کوردستان ئەو پەیوەندییە قووڵەی نێوانمانی هەبێ. لەوبارەوە پێویستیم بە خۆشەویستی و نەوازشی ئێوە زۆرە. بەهەرحاڵ هەرچۆن بووە تۆش سووچێکت لەو مەرامە دەرخستووە. ئینجا من هەموو جەستەت دەنێمە نێو کوورەی هەستی خرۆشاوم. وەختێک هەستت کرد جەستەت نەماوە شوێنی ماچی هەستی منی پێوە نەبێ، ئەوسا سڵاو...بەدەیان هەزار سڵاو لە بەلکۆنەی ماڵەکەت، ئەو شوێنە وەهمییەی منی لەسەر کورسییەک لە بەرامبەرت داناوە.. سەما دەکەن و چۆپی دەکەن..هەڵدەپەڕن..بۆنی ژوورەکەت پڕ دەکەن ...ئەم خەیاڵە کوا دەتوانێ یەک چارەک سەعاتی پیاسەی ئێوارانی لای شەقامی فلکەی زەعیم بگرێ...ببوورە... مەشخەڵەکەی خۆم..ڕاستییەکەی شتێک کە زۆر ئازاری دابم، بێ بەسەرکردنەوەی ئێوە بوو بۆ من...هەزارجار ماڵئاوا...مەمنوونی ئەو دەم و لێوەم کە ئەو وشانەی بۆم ناردووە، ڕەنگ بێ هەواڵی کوردستان لەڕێگای ترەوە بە دەستت بگات،**

بۆیەکا من لەوبارەوە شت نانووسم، تا بواری ترمان بۆ بڕەخسێ سەبارەت بەو چاوپێکەوتنەی کە باست کردبوو، من قەرزاری تۆم. هەرگیز..هەرگیز لەبیری ناکەم. ڕاستییەکەی لەپێشدا ویستم گۆڤار جەماڵ نەبێ بەڵکە چەند کەسیتر بێ وەک ڕزگار عومەر. سەفین عەلی، نالە حەسەن، شوان محەمەد، ..تاد، بۆ ئەوەی دەوڵەمەند تر بێ. بەڵام دیار بوو دووره دەست هەوڵ دەدەم شتێکی پڕ بایەخت بۆ ڕەوانە بکەم، ئەمڕۆکەی نامەکەی تیا دەنووسم وام گوێ لێ بوو ژمارە یەک و دووی گۆڤاری (هانا) گەیشتۆتە کوردستان و چوار سەد و پەنجا دۆلاریش نێردراوە بۆ فۆتۆکۆپی زیاتری. ڕاستی یەکەی تا ئێستا نەمخوێندۆتەوە بەڵام وەک ئەوەی بیستم گۆڤارێکی بەرچاوە. (شەبەنگ) ژمارە سێی لێ دەرچووە بەڕادەیەک سەرکەوتووە نیازی ئەوەم هەیە ژمارەکانی ڕابەرت بۆ بنێرم تا لەوێ یەک ژمارەیان لێ چاپ بکەیت، با نەفەوتێن. هەروەها نیازی ئەوەم هەیە زنجیرە وتارێکی ڕەخنەیی کە لە ڕابەردا بڵاو کراونەتەوە بەجیا لە کتێبێکدا کۆیان بکەمەوە. هیوادارم تۆش هەوڵت دابێت لایەنە شیعرییەکەی خۆت بۆ ئاستێکی باڵاتر بەری. ئەو پارچە شیعرەی کە لەسەر کاسێتەکە تۆمارت کردووە، زۆرم پێ باشە و هەوڵیش دەدەم بینووسمەوە و لە (شەبەنگ) دا بۆتی بڵاو بکەمەوە. بەرهەمە نوێیەکانت لێم مەشارەوە و بۆمی ڕەوانە بکە تا ئەگەر بکرێ لە دیوانێکدا کۆیان بکەینەوە و بڵاوی بکەینەوە. ئەگەر قسەباست هەیە، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەت هەیە، (هانا) بەرتەسکە و بەجیا بڵاوی دەکەینەوە. هەرچۆن بێ زۆرم لا پێویستە کە وەک چۆن یەکەم دەنگی شیعری نوێی کرێکاریی کوردستانی عێراق بووی، ئاواش درێژەی ڕێبازەکەت بە گەشە و پەرەسەندن تەواو بکەی. من بە حەق ئەوەی لێم بەدی دەکردی بەیاتی کوردی بیت، بەڵام بەم ساڵانەی دوایی بەهۆی سەرقاڵیت بە (بێکاران)ەوە گەلێک لە کارامەیی خامەی تۆی خست. هیوادارم وادەی ئەوە هاتبێ بگەڕێیتەوە لای ئێمە و بەتۆوە حەتمەن ئاوەدانی دەکەوێتەوە.

مەشخەڵ گیان..نووسین وەک ئەوەی تەمەنت دەڕوات، پێشت دەبەخشێ. تۆ یەکێک لە قەڵەم بەدەستە ڕاوەستاوەکان بووی، شێوازی تۆ هەرچەندە زۆر لەبەر دڵان نەبوو، بەڵام قەرار نییە کوێر بێتەوە. هەمان شێواز بەڵام بە ئاستێکی ترەوە دڵگیری هەودانە وەک شیعری ( ئەوا هاتین بە پانتایی شەقامەکان سروود دەڵێین)

تەوەرە بەستنی کێشە ئەدەبییەکان لەسەر سۆراخ کردنی ئەدەبی واقیعی و ئەدەبی سۆشیالیستی کرێکاریی، هەنگاوێکە ئەمڕۆ لەلای من خاڵێکی جەوهەرییەوە دەبێ سەرنجی تەیفی ئێمە ڕابکێشێ. زیندووکردنەوەی ئەم لایەنە لەوانە دەوەشێتەوە کە سەر بە ئەدەبی جیهانی دا دەڕوانن و ڕۆشنبیرییەکی سیاسی و هەمەلایەنەیان هەیە و ئاگاداری جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارن لە جیهانی پڕ خوێنی ئەمڕۆ. ئەوانەی دەزانن خەریکە جیهان لەچی دەئاڵێنن و لەچی دەپێچنەوە. تەوەرەی لەم بابەتە بۆ وڵاتی ئێمە کەلەسەروبەندی کێشمەکێشێکی ئاشکرا دایە زۆر جێگای شیاوە. بەهەرحاڵ هیوادارم لەوبارەوەش هاوکاریمان بکەی.

**مەشخەڵ گیان ..خەریکە لاپەڕەکەم تەواو دەبێ. وا هەست دەکەم لەگەڵت دانیشتووم و دوای چەند دەقیقەیەک مەوعیدت هەیە.**

**تکا دەکەم نامەم بۆ بنووسە و لە پڕۆژەی کارە ئەدەبییەکانت ئاگادارم بکەرەوە.**

**خۆشەویستەکەت**

**جەماڵ کۆشش**

**١٩٩٦-٤-٧**

(١٢)

## نامەی جەماڵ کۆشش بۆ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

مەشخەڵ گیان، جارێ تر دڵم بەرایی نادات جێت بهێڵم. هەردوو چاوەکانت ماچ دەکەم و دەست دەمە سەر چۆکانا و کاسێتی گۆرانی ئێوارەیە و گڤەی بای دێ و هەور ئاسمانی گرتووە، گەڵا سەرچۆپی گرتووە..وردە وردە دەست بە قسەوباس دەکەینەوە. تاوێکی باش من گوێت بۆ دەگرم و تۆش بەدرێژی باسی کەنەدا و ژیانی سەفەری خۆتم بۆ دەکەی و جارناجار دەڵێی جەماڵ، ئێی دکتۆر. دەربارەی مەسەلەی مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریی هیوام ئەوەم هەیە کە تۆ وەک نوێنەری کەنەدای مەڵبەند کار بکەی و ئاگاداری چالاکییەکان و کاروبارەکانی تۆ بین. لەوێندەر تۆ لەگەڵ دارا و بژاری شاعیر و وەفیق زامدار دەتوانن مەسەلەکانی خۆتان بەئێمە بگەیەنن و وەک نوێنەر لەوێ کار بکەن و دەتوانن چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکانی خۆتان بە ناوی مەڵبەندەوە پێشکەش بکەن. من ئاگاداری ب.سۆلین نیم و ژمارەی تەلەفۆن و ئەردەسی نازانم و لەگەڵ (هانا)ش دۆستایەتیم نییە، بەڵام نامەم بۆ نووسیوە. هیوادارم لەسەرپێکەوتنەوەی مەڵبەند بەتایبەت لە کۆکردنەوەی(هاوڕێیانی نووسەر) ی ئەوروپا و ئەڵمانیا دەوری بەرچاوت هەبێ، ڕابەر گۆڤاری ئازیزی بزووتنەوەی فەرهەنگی کرێکاریی بوو. جارێ مەشخەڵ و قەڵەمەکەی قورسایی بیر و بۆچوونەکانی لەمەڕ شیعر و هونەری کرێکاریی زیندوو و ڕاساو بێت.

دەربارەی ئەو باسەی کە لە چەند دێری پێشەوە باسم کرد، دەربارەی ئەوەی گۆڤاری (هانا) لام وا نییە لەناو جووڵانەوەی کرێکارییەوە قسە و باسی خۆی بکات، مەسەلەیەکی مەبدەئی منە و بەڵام شکاندنەوەی سووکانی ئەم گۆڤارە خۆگر نییە و دەتوانین بە یەک دوو وتاری پایەیی ڕەوتی بگۆڕین. من دەڵێم نووسەرانی ئەم ڕەوتە دڵی گەورەیان، خۆشەویستی ئینسان و خەڵکی زەحمەتکێشی هەڵگرتووە، کە ئەمەش نا بەتایبەت هەندێکیان لەوانە ڕێبواری شاعیر بەردەوام هەوڵ دەدا بەرهەمەکانی خۆی لەڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە بەرێتە پێشێ. گومانم لەوە نییە ئەم مەیدانە نووسەری هەڵکەوتووی خۆی نییە. بەهیوام لەو قەڵەم بەدەستانەی کە بەردی دیواری لێهاتوو و پتەوی ئاسۆی سووری تیا بەرز بێ، دەستت هەبێ.

دەستەکانت بە گەرمی دەگوشم

جەماڵ کۆشش

کریکالا ١٦-٣-١٩٩٧

(١٣)

# نامەی جەماڵ کۆشش بۆ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

**هاوڕێی خۆشەویستم عەبدوڵا گیان**

**چاوە گەش و نێوچەوانە تەختەکەت ماچ دەکەم، نازانم بەرەو پیریی دەچیت و سەرت ڕووت دەبێتەوە یان هێشتا گەنجی و لەجاران قۆزتری. ئومێدی ئەوەم لەلا دەژی وەکوو جاران ڕووخۆش و دەم تەڕ و لێو بە خەندە و هەر دەست ڕاوەشێنی. گوڵەگەم وام داناوە نامەیەکی درێژت بۆ بنووسم و بەنامەکەمدا نەچمەوە، هەرچیم وت نەیلێمەوە. ڕەنگە تۆ حەوسەڵەی نامەت کەم بێ، بەڵام بڕوات هەبێ، جارناجار ئیدەی پەخشانم بۆ دێ. نامەکانم هێند زۆرن ئەوانیش دەبەن، کاسێت کەمن زیاتر لەنامە پێی خۆشحاڵم بەڵام تاقیبی زۆر لەسەرە. بابە خاتری من ئەوجارە زەحمەتکێشی نامەم بۆ بنووسی. من لە ئەندێشەی کۆنمدا، لەیاد و بیرەوەریمدا، کەسان هەن ئارەزووی ئەوەم هەیە تەواوی ژیانی ون بکەم. بۆ هەندێکیش ئارەزوویەکی قووڵ و هەست بەدابڕانێکی گەورە دەکەم کە لێم دوور دەکەونەوە، یان تووڕە دەبن لێم. لەم یەک دوو ساڵەی دوایی، لە کوردستان مەبەستم (٩٢-٩٤)ە، هەستم دەکرد دوور دەکەوتینەوە هەرچەندە خۆمان ناگرت، سیقەی ڕەوت زۆرتر بوو لەلامان، بەڵام منی زۆر ناڕەحەت دەکرد ئەویش یەکەمجارە بیدرکێنم. بە خواردن چاوەکانت دەخۆم، بەخواردن چاوە نەرمەکانت بخۆم مەگەر ئەوسا سووکنایی دڵم بدات، ئەمەش ماسۆنییەت نییە. تینووی ئەوەم بەژن و هەیبەتت بۆ چەند چرکەیەک لەئامێز بگرم و ماچت بکەم و چاوەکانت بخۆم.**

**مەشخەڵ گیان.. لەهەموو بوارەکانی هونەردا ، تەنها مەیدانی ڕەخنە ، ئەمیشیان لام وا بێ بۆ من و بۆ تۆجێهێڵدرا. کە تۆ منت جێهێڵا، منیش قەڵەمەکەم لەوساوە شتێکی وای نەنووسیوە شایانی بڵاوکردنەوە بێ. بە کورتی دەنگی شیعری مەییوو، ئاسۆ، ناڵە، ڕزگار، کاریکاتێریستی زۆر باش شوکاک، ڕێناس، سەردار. شیعر و کاریکاتێر کە پێ دەچێ ساناترین جۆری هونەر بن، کاریگەرترین و کۆمەڵایەتیترین بابەتی هونەری بووە لە بزووتنەوەی ئەدەبی ئێمەدا وەک دەزگای تەلەفیزیۆنی تورکی بە جۆرەها قەناتییەوە، یەک مەسەلەی میحوەری یان گرتبێ. مەبەستم ئەوەیە بۆت بنووسم دەورانی ڕابەرمان جێهێشت، بە دوو شت گەیشتین. شاعیری چالاک و کاریکاتێریستی چالاک. ئەوانیش بابەتی هونەری هەمەجۆر و ئیحساسی شیعریی (لا هونەری) قبووڵیان نییە،هێشتا مەیدانی چیرۆک و مەیدانی ڕەخنە زۆر لە دواوەن. لە سەرەتا ڕابەر بەهەردوو بارەکەدا دەسەڵاتی دەشکا، بەتایبەت گۆڤاری ڕابەر سەرنجی گشتی ئەوە بوو کە ڕەخنە بوو ، نەک گۆڤارکی**

**هەمە بابەت، بەتایبەت هی تۆ کە ڕەخنەت گرت لەسەر ( شێرکۆ بێکەس) زیاتر وەک ڕەخنەگرێک ناساندت.زۆر بەداخم کە تۆ نەوەک شیعر و نەوەک ڕەخنەی ئەدەبی، تۆ و کاک بژاریش کە ماوەیەک کاریگەرییەکی زۆرتان بووە و ڕاستییەکەی ئیعتبارێکتان هەبوو، ئێستا نەتان ماوە، فرسەت وەردەگرم داواتان لێ دەکەم دەست بۆ قەڵەم بەرنەوە. ئاستی هونەری شیعریش ئەو ئاستە نییە کە ئێمە دەمانەوێت. ڕاستە ڕزگار بووینە لەو قەتیسمانە نگریسانەی لەو دابرانە شیعرییانەی کە هونەری هاوچەرخی ئێمە پێی گەیشتوون، ڕزگارمان بوو لەوەی کە لە شیعری ئێمەدا وەک لافیتەکان بۆ هەموو موناسەبەیەک دەسبدات. بەڵام خولیای گەڕان و سۆراخ و پرسیارکردن بەگشتی ڕووحی شیعریماندا کزە، وشیاری هونەری بەتایبەت شیعری لاوازە. دونیای ئەمڕۆ، دونیای برسییەتی و شەڕ و کاولکاری جیهانی، دونیای پەراگەندەیی و ئاوارەیی ملیۆنی، دونیای خۆبزرکردن و گومڕایی بوونی تاک، دونیای پێشکەوتوویی هونەری زاتی بورژوازی، لەم جۆرە شیعر و کاریکاتێریستانە ناتوانن دەرەقەتی بێن. دونیای ڕۆمان و فیلمی پێش کەوتوویی سینەمایی و حەلەقات تاد دێت خوێنەرانمان لێ داگیر دەکات، بەپێچەوانەی ویستی ئێمەوە. ڕاستییەکەی ئێمە دەبێ وەک ڕابەر چۆن دەست پێشکەریمان کرد، ئاوا سەری کێشەکان بەدەستی خۆمان بگرینەوە. چونکە مەسەلەکە لەڕوانگەی منەوە بریتی نییە لەو مەسەلە هونەرییانەی کە لە کتێبە کۆنەکانی بەردەرکی سەرا دەفرۆشران. کرێکار و کۆمۆنیستەکان یەک ڕوانگەی جیهانی و لەڕاستیدا یەک ڕوانگەی جیهانی پێشکەوتوویان لەنەزەر دەگرن. بەهەرحاڵ لێرە هێندە دەوترێ من نەزەری تۆم بەلاوە زۆر گرنگە، وە پێم باشە بەردەوام وجودی لەمەیدانی هونەری کرێکارییدا ببینمەوە.**

**مەشخەڵەکەم.. هیوادارم پرۆژەی کارەکانمان بتوانین هاوئاهەنگییەک بکەین. دوو شت بەلامەوە گرنگ و پێویستن ئەویش یەکەمیان دەستوری کاری کۆنگرەی دووەم کە هەوڵ دەدەین بە نووسین لەهەر دەرفەتێک یەکتری لێ ئاگادار بکەینەوە. ( مەبەستم کۆنگرەی دووەمی مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکارییە). وە دووەم، چۆنیەتی گرتنی ئەو کۆنگرەیە. یانی ئایا چ شێوەیەک بگرینە بەر. ڕەئی تۆ لەم بارەوە زۆر گرنگە. تەجرەبە و مەسائیلی ئەوێ زۆر گرنگە.**

**دووبارە دەستەکانی بە گەرمی دەگووشم. بە هیوام لە ژیانتا سەرکەوتوو بیت.**

**سڵاوی دووبارەم بۆ هاوڕێیانی ڤانکۆڤەر و کەنەدا**

**دووبارە سوپاست دەکەم**

**جەماڵ کۆشش تورکیا**

**١٩٩٧-٥-٣٠**

(١٤)

## نامەی جەماڵ کۆشش بۆ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

**مەشخەڵ گیان..**

**ئەوڕۆ نەچووم بۆ کار، بەخاتری ئەوەی نامەیەکی بەدڵی خۆت بۆ بنووسم. دووبارەی دەکەمەوە من لە ژیانی گشتیمدا زۆرم پێویست بە تۆیە. دەمەوێت پرۆژەی کارەکانی داهاتوومان، چەشنی دەورانی ڕابەر بەیەکەوە جێ بەجێ بکرێ،لام سەیرە تۆ لەپشت هەر مەسەلەیەکەوە وەستا بیت خۆی ڕەمزی سەرکەوتن بووە. لە دەورانی ڕابەر، دەورانی تەشکیلاتی ڕەوتی کۆمۆنیست، دەورانی یەکێتیی بێکاران.. تاد. بەڵام ئاخ ژیان بەم هەموو سەخیفییەوە، بەم هەموو سەگە پۆلیس و پایزییەوە، ئێمە دەمانەوێت بۆنی شەوبۆ و عەتف و خۆشەویستی پەیدا بکەین. وا چاکە دەست پێ بکەین، من هەر بۆیە نامەکەم نزیک بە پانزە ڕۆژ دواخست بۆ ئەوەی ڕەشنووسی بەرهەمێکت بۆ بنێرم تا تۆش لەلای خۆتەوە هەم بەرهەمەکەی من پاکنووس بکەی و هەم خۆتیش شتێک بنووسی، یان بکرایە هەردوکمان شتێکمان بنووسیایە و وەک بەرهەمێکی هەردووکمان بڵاومان بکردایەتەوە. وەک نامیلکە یان ئەگەر لە گۆڤارەکاندا بوایە بەمەبەستی خستنەڕووی مەسەلە سەرەکییەکانی کۆنگرەی دووەمی مەڵبەند.**

**زۆرم مەبەستە بگەمە ڤانکۆڤەری خۆم، ئەو شارەی گەورەترین دڵی خۆشەویستی تیایە. ڕاستە ئەوروپا (هانا)ی لێ دەرئەچێ و ڕەنگە جێگای زۆر نووسەرانی تر بێ، بەڵام بە من چی، خۆ مەشخەڵی منی لێ نییە. من بە ئاواتم کاتێ دەگەم کە شەوانی دوور و درێژی پایز لەگەڵ هونەردا بژیم و خۆم دروست کەم. بینای دیدگای جوانناسی بەرزکەمەوە. من ئومێدێک بە ژیانم هەبێت ئەوەیە، ئەوەش مەرهەمی لای تۆیە، بەڵکوو لەوێ بتوانین گۆڤار و مەڵبەند دروست بکەین. ئەگەر واش نەبوو، بگەمە هەر وڵاتێکی ئەوروپی، دەبێ سەردانیمان بکەی، وە نابێ لە یەکتر و لە پرۆژەی یەکتر دابڕێین. مەشخەڵ گیان تۆ یەک بەرەو پیری بچی و دڵت ناسک بێتەوە، ئەدی بە من چ دەڵێی؟ من بە تاسەوەم هەمیشە لە بیرمای، لەیادمای، لەگەڵمدا دەژیت.**

*******

**من ڕەشنووسەکەم بەدڵ نییە، تۆ لەمەڕ مەسەلە سەرەکییەکانی دونیای هونەری بورژوازی ئەمڕۆ، لەسەر دەوری ئەفیونی ئەو، لەسەر دیدگا پایەییەکانی هەردوو تەرەف، لەسەر نووسەران و نووسین و دەقی هونەری سەرکەوتوو، لەسەر**

**سروشتی هونەر و ..تاد، لەسەر ڕەوەندەکانی هونەری ئەمڕۆ و پەیامەکانی و شەخسییاتەکانیان، دەتوانی شتێک بنووسی و پوختەی تێڕوانین خۆت بەدەربخەی و وە بەنێوی هەردووکمانەوە پێشەکییەک بنووسی بۆ ئەو وتارە کە مەسەلەی گرتنی کۆنگرەی مەڵبەند کە خاڵەکانی پێشەوە و لای خۆتیش چی بە دروست دەزانی باس بکەی. بە کورتی مەڵبەند نابێت هەر لە کوردستان بژی، کە کادیرانێکی بەرچاوی لە وڵاتە جیهانییەکان هەبێت. ڕاستییەکەی ئەوە مەڵبەند نییە.**

**نازانم بیروڕای بژاری شاعیر لەسەر مەڵبەند چییە؟ وە ئایا دارای شاعیر خۆی بە هەڵسوڕاو و ئەندامی مەڵبەند دەزانێ؟**

**لەگەڵ هەزاران هەزار سڵاوی گەش و پڕ ئومێدی دیدار**

**جەماڵ کۆشش تورکیا**

**٢٠-٧-١٩٩٧**

**تێبینی: کۆمەڵێ پەخشانم نووسیوە. دەمەوێ تۆ پێشەکییەکی بۆ بنووسی. بەم زووانە بۆ وەفیق زامداری دەنێرم تا ئەو بتوانێ لایەنی هونەری بگرێتە سەرشان. هیوادارم تۆش بتوانی ڕەخنەگرانە پێشەکی پوختی بۆ بنووسی..نازانم بۆچی بژار و دارای شاعیر نامەم بۆ نانووسن.**

(١٥)

## نامەی جەماڵ کۆشش بۆ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

**هاوڕێی ئازیزم مەشخەڵ...**

دیسان دەبێ گلەیی و گازاندەی دواکەوتنی وەڵامەکەت بە ئەستۆی ڕۆژگارێک دەم، سەگساری و منجڕی من نەبێ شتێکی لەژیان ناچێ. بەهەرحاڵ ئەم نامەیە نزیکەی سێ تا چوار کورتیلەنامەی گرتۆتە خۆی کە کاتی خۆی نوسیبووم، بەڵام بڕستی پۆست و دڵم بەرایی نەداوە بۆتی بنێرم. دەبێ لەو سەرەتایەوە داوای لێبوردنێکم لێ قەبووڵ بکەی کە یەکجار نامەکە دەنووسمەوە، چونکە بە نیازم نامەیەکت بۆ بنووسم بە ئەندازەیەکی پێویست درێژ بێ، ئەگەر چی تۆزقاڵێک دەرنابڕێ لە ئاخم.

لەژیانی هونەری و سیاسیدا گەلێک هاوڕێی خۆشەویست و دڵسۆزم هەبوون و هەن، لەژیانی هونەریمدا هیچ کەس بە ئەندازەی تۆ هاودڵیم نەبووە، هەرچەند گەلێک جارانیش دەربارەی بوارەکانی هونەر و ژیانی جوانی یەک سەرنجمان نەدەبوو. پەیداکردنی هاوڕێ یەکی وەکوو تۆ نزیک لە ڕۆح و هونەر و خوێندنەوەی ئاماژەکان و دەروونە شڵەژاوەکەم بۆم یەکجار قورسە و ئەتوانم بڵێم مەحاڵە. منی بە جەستە شەکەت و بە حەوسەڵە بێ تاقەت و بەدڵ؛ تامەزرۆی هاوڕێیەکی ئاشنا بە کون و کەلەبەرەکانی تەنیاییم و بە هاوڕێی هونەری، هێندەی تری بە تۆوە شەتەک داوم. دیارە لە نامەیەکی وادا جێگای شیاو نییە، بێزاری خۆم لە کەسی تر دەربڕم. بەڵام لەدەستم هاتبا شوێنەواری ئەو کەلاوەیەشم بە قووڵایی کانەخەڵووزییەکان هەڵدەکۆڵی لە ئەندێشەم کە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم دا بوومە. واز لەوان بهێنین کە جگە لە کات بەفیڕۆدان چمان دەست ناکەوێت. خۆزی ئەوانەی خۆشەویستیان لەدڵا کوژاوەتەوە، توانای وەچەشیان نەبوایە. چەند مەحرومن ئەوانەی لەزەت لە هونەر ناکەن و دەماری خۆشەویستیان لە گیانا ناگەڕێ. لەلای من خۆشەویستی بە ئەندازەی خودی ژیان گەورەیە. گەورەیی تۆشە مەشخەڵەکەم کە خامەکەم پڕ بە گەرووی بانگی خۆشەویستی و ڕێگا بەخۆی نادا کە باسی تر لەخۆی بئاڵێنێ.

زۆرم ئارەزووی دیدەنی و چاوپێکەوتنتە، نازانم تەقلیدێکی کۆنە بەتایبەت لەهونەری فیلمی تەلەفیزیۆنیدا، بەڵام بڕوات هەبێ بە ئەندازەی مارکس کاتێ لە نامەکەیدا بۆ هاوسەرەکەی، لەگەڵ وێنەکەی دەدوێ، هێندە پەرۆش و هەوڵمداوە ئەوەندەش ڕاستگۆ بم لەگەڵت. وێنەکەتم لەبەردەم خۆم داناوە و لەگەڵت دەدوێم. هێندێ جار دەنگ دەردەکەم و هێندێ جاریش وەکوو مارکس بۆت دەنووسم. یادگاری و بیرەوەرییەکانمان، پڕۆژەی کاروبارێک کە ڕەنگە لە داهاتوودا ( ئەگەر قەدەری مەرگی من بهێڵێ) بمانبێ.

مەشخەڵەکەم... گوڵە تەنیا ئاڵۆز و سیحراوییەکەم، من لەڕۆخی ئۆقیانووسی

بیرەوەرییە خورمژەکانا دوو دەنکە مرواری هەڵدەگرمەوە، لەبیرت دێ کاتێ (ڕابەر)مان بڵاو دەکردەوە دەمانوت لەبەر نووسین خوێندنەوەمان پێ ناکرێ. ڕاستییەکەی لە بەرنامە نووسین، وشک بۆتەوە کانی نووسینم. دەبێ ئەوەشت باش لەیاد بێ چونکە هەر ئەوەمان بوو، لەو کتێبەی حەمەی مەلا کەریم کردووی بە کوردی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی پۆشکینەوە، پۆشکین بە خۆی دەڵێ؛ ئەی سەگباب ئەم شیعرانە چۆن دەنووسی.!!

ڕۆژگارێکی زۆر قورس دەگوزەرێنم، هیچ شت لەوە ناخۆشتر نییە کە نەزانی چارەنووست بۆ کوێ دەچێ. یەک شت ئەویش کوژانەوەی تروسکاییە لە دڵ. درەنگ ئێواران پاش دە سەعات کارکردن، خۆت کاری کرێکاری تورکیات تاقی کردۆتەوە، جا بەشی من کاری بیناسازییە، کە ناخۆشترین و دواکەوتووترین کارە، بە حەوشەی گەورەی چۆڵ و هۆڵدا، تەنها چەند بنەدارێکی بێ گەڵا و دوو کۆرپە چکۆلانەکەم و ژنە کەساس و فرمێسکاوییەکەم، بەدوو لە پی خوارەوە کە ڕازن بۆ نەبوونی وەڵام ، هەموو ڕۆژە سەعات حەوت دەمرم و سەعات حەوتی بەیانی جارێتر ڕووخسەت لە ژیان و لەباوەشی خێزانم وەردەگرم و دێمەوە نێو قەرەباڵغی شەقام و گلۆر دەبمەوە بۆ لای خشتە سوورەکان و عەرەبانەکان و دووبارە نۆمانگە نوێ دەبنەوە. ئەوە ژیانی منە، بێ هونەرترین مانای ژیانە. کە خودی ژیان بەبێ هونەر بێ، دەبێ بمبەخشی کە نووسینی نوێم نییە. بەڵام کارەسات لەوەدایە توند ڕاپێچراومەتە ئەو بێزەوەرییەوە.

هاوڕێ گیان، مەشخەڵەکەم...ئەوە من نیم بەتەنها دونیای نوێ، ئاوارەبوون و پەناهەندەیی و پەرەگرتنی دەربەدەری، زۆر کارەسات و داستانی بەرەنگاری خوڵقاندووە. من لە ڕیزی ئەو لەشکرە جەنگاوەرەم کە هیچ سەروبەرێکی خۆی ناناسێتەوە. ئێمە ئەو نەسڵەین کە ڕۆڵەکانی دەستیان پەڕیوە، ئەو بەتەمەنانەین کە گۆچانەکانمان لێ سەنراوەتەوە. ئەوە چ ژیانە دیداری تێر و خەونێکی بەکام و خواردنێکی چەور بیێتە سەراب و مەحاڵ. من ئەو لاواندنەوانەم گەلێ بە دڵترە لە گۆرانی بەتایبەت لەسەر مەرگ و جوانەمەرگ کە بنەڕەتییە لە فۆلکلۆر، چونکە گۆرانی ئومێدی بەتاڵ و پاڕانەوەی بێ، تامی تیایە. کەچی لاوانەوە و لاوکی غەریبی مەرگن. تینوو بووە بۆ ژیان و ژیان جووڵەی تیایە، هەستی ناسک و دڵی پڕ خرۆش و ئارەزووە بەدینەهاتووەکان. لە عەتف و خۆشەویستی بێژەرەوە دەرژێنە نێو هۆنراوەکە و دەبنە هارمۆنیا و هەناوی فرمێسکاوی خودی ژیانی ئەورۆ دەردەخەن. گۆرانییەکی زۆر بڵاو و زۆر خۆشی تورکی ئێستا لەسەر زمانی خەڵکەکە دەڵێ ( ئویڵدن سۆنرا باشقە من یالان. بە غەیری مەرگ هەموو شت درۆیە.)

وەک لەسەرەتای نامەکەدا بۆم نووسی، ئەم نامەیە بریتییە لە کۆمەڵێک کورتیلەنامە، کە یەکجار هەموویان پێکەوە کۆ دەکەمەوە و یەکجاریش دەینووسمەوە. ئەگەر پرش و بڵاو و تاوێک زۆر شپرزەم و تاوێک بە ئاسوودەیی دەدوێم، تاوێک بە زمانی خۆت وەک کۆلارە لەم کیشوەر بۆ ئەو کیشوەر تەی دەکەین، دەگەڕێتەوە بۆ کات و ژیانی نامەکە.

سڵاوی گەرمی کۆمۆنیستی لە هەناسە و لە تەنیایی و لەو دڵەی تۆ کە دەڵێی بۆ من لێدەدا. سڵاوی پڕ بە ئومێد بۆ دیدار و باوەش پێداکردن. هاوڕێ گیان دەربارەی

هونەری کرێکاریی و کۆنگرەی مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریی، من لەسەفەری پێشوومدا داوام لێ کردبووی، وتارێکی کورت یان درێژ بنووسی دەربارەی تەوەرەکانی فەرهەنگی کرێکاریی و لەڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە وە لەو بارەوە شیکاری بکەی، وە ئایا لە واقیعدا دەکرێ و دەتوانین کۆنگرە ببەستین؟! وا پێ دەچێ وەزعت زۆر باش نەبێ، کورە باشی چی!! پیاو خۆزگەی سەردەمی ڕیمەکەت بۆ دەخوازێ، هەرچۆن بێ هەر نامەیەک نزیکەی سێ مانگ دەخایەنێ، ئەگەر وا بڕوات دەبێ بۆ ساڵی ٢٠٠٠ هەڵبگرین. من لەو بارەوە دوو نامەم بۆ سلێمانی قاسمیانی و ڕێبواری شاعیر ناردووە. کاک سلێمان بە تەلەفۆن پێی وتم من شتێکی لەسەر دەنووسم. تۆش ماڵت ئاوا هەوڵبدە بە زووترین کات ئەم کارە جێبەجێ بکەی. تکا دەکەم چەند جارە لە هەواڵی کاک بژاری شاعیر و دارا عەلی دەپرسم. دەکرێ هەرسێکتان نامیلکەیەک چاپ بکەن و هەر لەو بارەوە بیروبۆچوونی خۆتان بنووسن. من لەڕێگای تۆوە بە شەخسی داوەتتان دەکەم ئەگەر بە نامەش بێ ڕەئی خۆتان بنووسن و بۆ منی ڕەوانە بکەن. وە ئەگەر بکرێ بە چاپ بێ وە وەک نامیلکەیەک تا لەگەڵ ئەو سەرنجانەی لەلای هاوڕێیانی ترەوە کۆ دەبنەوە لای من بۆ کوردستانی بنێرمەوە. هەر لێرەدا فرسەت وەردەگرم دەربارەی مەڵبەند یەک دوو قسەت لەگەڵ دەکەم. سەفین عەلی سەفەر دەکات بۆ کەنەدا و لام وایە دێتە شاری ئێوە. مەسەلەی مەڵبەند ئەو شتێک دەزانێ و پێکەوە لەگەڵ ڕزگار حەمەڕەشیدیش قسەمان لە پڕۆژەیەک کردووە و بەو زووانەش ڕزگار عومەریش دراوە بە کەنەدا و حەتمەن دێتە لای ئێوە یانی تۆ، بژار، دارا، سەفین، ڕزگار، وە لەگەڵ وەفیق پێکەوە لە کەنەدا دەبن و پێنج کەس لە یەک شار دەبن کەواتە کادیرانێکی باشی هونەری لەلای بەڕێزت نیشتەجێ دەبن. پڕۆژەی ئێمە ئەوەیە مەڵبەند بەشی دەرەوەی خۆی پێک بهێنێ کە زۆرینەیە لەچاو ناوەوە. ئەم بەشی دەرەوەیە ئەگەر بکرێ لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ئەندام و کادری هەیە پەیوەندیان لەگەڵ دابمەزرێنێ تاکو لە ناوەندێک کۆ دەبنەوە. زۆربەی کاری ئەم ناوەندە پاڵپشت کردنی کاری مەڵبەندە لەنێوخۆ. بە نەزەری من ئەگەر کاتت هەیە تۆ خۆت کاندید بکەی وەک نوێنەری مەڵبەند لە ئەمریکا و کەنەدا. نازانم سەفین کورتەی پڕۆژەکەی بۆت پۆست کرد یان نا، بەڵام لەگەڵ ئەودا بەدرێژە باسمان کردووە و ڕزگار حەمەڕەشیدیش لەسەر پێشنیارەکە هاوڕایە کورتەیەکی زۆر کەم بدەم لە دوو دێردا. هەر کەس خۆی بە ئەندام بزانێ لە مەڵبەند بڕی کۆمەک پەنجا دۆلاری ئەمریکی دەبێ بدات بە مەڵبەند و ئابوونە هەر سێ مانگ جارێ دەبێ بدرێ بە مەڵبەند و ئەندامی دەرەوەی وڵات مانگی ١٠ دۆلارە و گشت ئەو پارانە لەلای مەسئولی ماڵی لە ئەوروپا کۆ دەبێتەوە و دەبێت سکرتێری گشتی لێ ئاگادار بێت. سەرەرای ئەمانە کە دەنێردرێتەوە بۆ کوردستان دەبێ تەواوی چالاکییەکانی بەشی دەرەوەی مەڵبەند لە گۆڤاری (شەبەنگ) بڵاو بکرێتەوە و شەبەنگ لەناوەوەش ڕاپۆرتی مالی و چۆنیەتی سەرف کردنی پارەکە بداتەوە بە بەشی دەرەوەی وڵات.. تاد. هەر لەمەسەلەی هونەردا پیرۆزبایی دابەزینی ناوت لە هانای ژمارە شەش لێ دەکەم کە وەک دەستەی نووسەران هاتووە وە هیوادارم هەنگاوی گەورەتری بەشوێنەوە بێ. مەسەلەی کۆنگرەی حیزب بەڕێوەیە، نەمزانی چۆن خۆت کاندید نەکردبوو، خۆ ڕاستییەکەی پێم خۆش بوو کە خۆت کاندید نەکردبوو، بەڵام دەنگت نەبوو لە بەرەو

کۆنگرەکاندا. هەرچەند حیزب بە نەزەری من فرسەیەکی کەمی دانابوو بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرە، بەڵام وا هەست دەکەم (بەرەو کۆنگرە) بەشێک و بەشێکی گرنگ لە کێشەکانی دەخاتە نێوەوە. من خەمی گەورەم ئەوە نییە ڕاستییەکەی، خەمی زۆرم ئەوەیە مەیدانی ڕۆشنبیری و هونەری هەروا لەدوا بن و لەنێو حیزبیشدا گرنگییەکی بەرچاوی پێ نەدراوە. هەست بە لە دەست دانێکی زۆر گەورە دەکەم، هەست ئەکەم شانمان بە تەواوی خاڵی کردووە لە ئەرکێک کە بە مەزنی لەدایک بوو، وە بەتوندی ئێمەمانانی ڕاتەکاند. ( حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) لێک هەڵوەشاوە لە ڕووداوەکانی ئازاردا( مەبەست ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ە - مەشخەڵ) و بەقوربانی سیاسەت کرا. یان دروستتر بڵێم لەبەر مەسەلەی سیاسی بوون و حیزبی بوونی ئێمە، سەرەتای کردنەوەی مەقەر لە سلێمانی، (ب.سۆلین) بنکەی ئەدیبانی کۆمۆنیست لە تەنیشت مەقەڕی (ڕەوتی کۆمۆنیست) کردەوە. بەڵام زوو دایخست ا باری کرد و ڕۆیشت. بەڵام ئەفسوس ئەدی ئێمە، بەدوای (ڕابەر)دا من بەڕادەیەک گەڕامەوە سەر هونەر، تۆ ماڵت ئاوا دەتووت (یەکێتیی بێکاران) نەبێ، ناژیت وە تەنانەت داوام لێ کردی بەشداری کۆنگرە بکەی، بەشداریت نەکرد و کاتت نەبوو. (ب.سۆلین) هێندەی ئێمە ئاسۆی هونەری سیاسی لا ڕۆشن نەبوو، هەردووکمان لە بەرهەمەکانیشدا ئەوەمان دەبینییەوە. مێژوووی تازەی کۆمۆنیستەکانی نەوەی نەوەد لە کوردستان پەلەپەلی و تێکەڵی زۆری پێوە دیارە. ئەویشیان ڕەنگدانەوەی خێرایی و کاریگەری ڕووداوەکان لەسەر ئێمە، ئێستا لەگەڵ وێنەکەت دەگەڕێمەوە بۆ کوران- خانووەکانی گەڕەکی نەسیج- و دەچینە ژوورەکەی سەرەوە و عەلادینێکی ئاگر سوور پێ دەکەین و دەست دەکەینە قسەوباس و دواتر تۆ داستانە شیعرێکم بۆ دەردەهێنی کە بەباڵای هەڵەبجەی شەهیدا تازە هێشتا مەرەکەبەکەی وشک نەبۆتەوە، بۆم دەخوێنییەوە. دەستم شکێ نەمهێشت ئەوکات بڵاوی بکەیتەوە. وتم دەستکاری زۆری دەوێ. ئێستا نازانم چەندت لەلایە، یان ئێستا داخۆ لە دڵتا چەند خۆشەویستت ژەهرخواردوو کراوی و لێو بەخەندە لە دڵتا هەڵکورماوە. ئەوەی مەرگی خۆشەویستانی لەدڵا هەڵنەگرتووە با بچێ ببێ بە پۆلیس. ئەوەشی هەست بە جوانی ناکات، با لە هونەر بگەڕێ. خۆشەویستی و جوانی دڵی هونەرن. ئێمە دەبێ پاساوی ئەوکاتانەمان بدەینەوە و لاشم وایە زۆر درەنگ نەکەوتووین. بەڵام ئاخ دابڕانمان لەیەکتر هێندەی تر قورسە. هیوادارم بتوانین پڕی بکەینەوە. نەمزانی دەربارەی ڕۆمانەکە چیت کردووە، بە زووترین کات دەست پێ بکە و هەوڵبدە ڕۆژانە لانی کەم پێنج سەعات بنووسە. توانای هەناسەی درێژی شیعری تۆ هەر لە سەرەتاوە جۆرێک لە پێداویستییەکانی ڕۆماننووسی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو. هێندەی گوێ مەدەرە تەکنیک، لام وایە شێوازی شیعراوی و خەیاڵی شیعری تۆ بواری هونەری ڕۆمانەکەت لا مەزنتر دەکاتەوە و ڕێگایەک دەدۆزێتەوە و تەختاییەک بۆ خۆی پەیدا دەکات. چاوەنواڕی مانگەشەو مەکە تا دەوروبەرت بۆ ڕۆشن بکاتەوە. بەنەزەر من مێژوویەک لە نووسین و کاری هونەری تۆ، شارەزا بە دەربەندێک و تەلارێک و کەژێک کە پاڵەوانەکانی تووشی نا بەڵەدی ناکات. دەست بکە بە نووسین مەشخەڵ.

بریا خوڵق نەبام تا تۆش ئاسوودە و خەریکی سەرباری خەمی منت نەبوایە. چەندی

**لە ڕەسمەکەت ڕادەمێنم و (پازی)یەکی لێوە تێ دەگەم کە مەگەر هەناوی سووتاوی من بۆ سووی وای تاقی کردبێتەوە. تەماشای هەموو شتت دەکەم، بە قوربانی هەموو شتت دەبم. لە کۆتاییدا، زمانێک مابێتەوە بە دروستی لەنێوان ئینسانەکاندا، هونەرە. هونەریش هەموو دڵی بە خۆشەویستی داوە. شاملو باشی نەووتووە ( دڵم لێواولێوی خەمە، جێی هیچیتر نابێتەوە.) دڵی من هێشتا دوورگەیەکی فراوانی بێ ئاوەدانییە، کانی شیر و داری لێو و لوولەبەخەمی هەنگوین و کارەبایی خەون و قیرتاوکردنی خواستەکانم بە دەزگای گەورەی جیهان و ئەنتەرنێتی یادگارییەکانی مێژوو و فاکسی خەیاڵ و جوانییەوە پەیامی قوتاربوون بێ بە جوانییەوە لە دروست کردنی ئیرادەی سەرووی خۆی. دڵی من دوورگەیەکە زۆر خاڵییە و بێدەنگە و تەنها جریوەی پەلەوەری تەریو دێ، کە بەو جۆرە خۆم دەبینم تەواو دڵ پەست و خەمبارم. شاملو گەلێ گۆرانی و قسەی خۆشی بۆ ئێمە وتووە، بەڵام دەترسم بمرم و دوورگەی دڵم هەروا شوانێک و شەنگەبێرییەک نەیەتە نێو گیانم. دڵم چی تێدا دەژێ، مەشخەڵ گیان، هونەر لە شاری دڵ خۆشەویستی و جوانی و ئاکاری بەرز دەچێنێ. کە خۆشەویستی بەری گرت، ئینسانەکان بە جوانی دەژێن بەمانای تەواوی وشەکە. کاتێ ئینسانەکان بە جوانی و خۆشەویستی ژیان ، ئاکاری بەرزی ئینسانی هەڵدەدا و ڕەونەقدار دەردەکەوێ. هونەری ژیان سیحراویترین ژیان و زیندوویی هونەرە. ژیان بەلای منەوە پێویستە بە هەموو وردکاری و ڕۆتینییەکانی خۆیەوە نمایش بکاتەوە لەسەر تەختەی نووسین. ژیانی ئێمە ڕۆتین نییە، ژیانی زەحمەتکێشان هونەری بەرزی تێدایە. جەنگان و ڕووبەڕووبوونە و پەلاماردان و تەسلیم بوون و کەوتن و هەستانەوەی تێدایە. داستانی جەنگاوەری نەوەی ئێمە بەلای منەوە، بە خەستی دەبێ لەو ڕۆمانەی کە باست کردووە ڕەنگ بداتەوە. ئەمەش پایەدارکردنەوەی ڕەوەندی هونەر و ئەدەبی کۆمۆنیزمی کرێکارییە کە هونەری بورژوازی دوورە لێی و نایەوێت بۆ هەتایە بگەڕێتەوە سەری و بۆ ڕۆشنبیرانی چەپیش بێ بایەخە. بە شەوباش و خەوێکی ئاسوودە و خەونێکی ڕەنگاڵەیی بەجێت دێڵم. ماڵئاوا..ئازیزەکەم...مەشخەڵە لە دڵا هەمیشە زیندووەکەم.**

**جەماڵ کۆشش ئەستانبول**

**١٩٩٧-١١-٢٨**

**تێبینی مەشخەڵ: ئەم کۆتا نامەیەی جەماڵ کۆشش وەک خۆشی ئاماژەی پێداوە، بریتییە لە کۆکردنەوەی چەند کورتیلە نامەیەک کە پێشتر نووسیبوونی و منیش لێرە دامناون، بۆیە دووبارەبوونەوەیان تێدایە. بەڵام من وەک بە پێویستم زانی سەرباری هەر دووبارەبوونەوەیەک سەرجەم نامەکان دابنێم وەک چۆن لام هەن.**

(١٦)

## نامەی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) بۆ بژاری شاعیر

**هاوڕێی ئازیزم کاک بژاری شاعیر**

**نامە کورتەکەتم بەدەست گەیشت، هەرچەندە کورت و کەم هەناسەیە، وەلێ دەروازەی ڕێگایەکی بۆ خستمە بەردەم کە بتوانم منیش چەند چرپە و ڕازێکت بۆ بنێرم. تاکو پێکڕا بتوانین بە گوڵاڵەی شیعر بەهاری ئەدەبی کرێکاریی ڕەنگین تر بکەین. بۆیە لەدووتوێی ئەم نامەیە هەوڵ دەدەم لەچەند دێرێکدا ئیحساس و هەڵوێستەکان ڕابگەێنم و ئەوکاتیش دەست لەسەر سنگ لەڕێگای ڕەخنە و بۆچوونەکانت ئەوەستم.**

**یەک: چینی کرێکار لە خەباتی ڕۆژانەی خۆیدا، سەباری پێداویستییە سیاسییە-چینایەتییەکانی لە چەشنی ماتریاڵ و ئەبزاری خەباتکارانەی – حیزب و ڕێکخراو و ..تاد)پێویستی بە ئەدەب و هونەرێک هەیە کە عەکس کەرەوەی واقیعیەتی خەباتی چینایەتی بێت.پێویستی بەوە هەیە کە بەردەوام لەجۆش و خرۆش دابێت و هەمیشە ئیحساسە چینایەتییەکان، داستانەکان، نەبەردەکانی خۆی لەڕابردوو و ئێستادا بناسێت و لێرەوە وەک پێویستی سەردەم (ضرورة العصر) دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات.**

**دوو: چینی کرێکار بەدرێژایی مێژوووی پڕ لە خەبات و فیداکاری خۆی، خاوەنی جۆرێک لە فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری خۆی بووە، پێ بەپێی گەشە و بەرەوپێش جوونی قۆناغەکانی خەباتی چینی کرێکار، ئەدەب و هونەرەکەشی گەشەی کردووە. بەڵام ئەگەر بەراوردی ئاستی تێکۆشانی چینایەتی تەبەقە و ئەدەبەکەی بکەین دەبینین بەردەوام فوقری ئەدەبی هەبووە.( واتە ئەدەبەکەی لەدواتر بووە.) لەعێراقیش مەسەلەکە هەروایە. ئەم فوقرە بەئاسانی هەست پێ ئەکرێ. نە شیعرەکانی فابتزاروڤ لە مستەوای خەباتی کرێکارانی بولگاریا بوو، نە بەرهەمەکانی گۆرکی و مایکۆفسکی و لۆناتشارسکی لە مستەوای شۆڕشی کرێکاری ڕووسیا بوو، نە (Struggle)(*) لە مستەوای خەباتی کرێکارانی ئەمریکایە و**

**نە ئەدەبی کرێکاریی و (شەبەنگ) لە مستەوای خەباتی چینی کرێکاری کوردستانە. ئێمە دەبێ شان بە شانی ئەم پۆلە لە ئەدیبانی کۆمۆنیست و تێکۆشەر ئەم بۆشاییە پڕ بکەینەوە.**

**سێ: ئەمڕۆ بورژوازی جیهانی بۆ تەحقیر و تەخدیرکردنی کرێکاران، بە ملیۆنان دۆلار سەرف ئەکات و سەدان ئۆرگان و ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب بڵاو ئەکاتەوە، ساڵانە بە هەزاران فیستیڤاڵ و ئاهەنگ ساز ئەکات و بەدەیان هەزار شاعیر و ئەدیب و قەڵەم بەدەستی کڕیوە و کاریان پێ ئەکات. تۆ لەئاستی مەحەلیدا (لە عێراق)تەماشا بکە، ( الطليعة الادبية ، الاقلام،الترجمة ،الادب الاجنبي) (یۆرد) بە تورکمانی، ڕۆشنبیری نوێ، کاروان، بەیان، هاوکاری هەیە و لە کوردستانیش ناسیونالیزمی کورد دەیان گۆڤاری ئەدەبی و هونەری بڵاو ئەکاتەوە ( نووسەری کوردستان..تاد)لە هەندەرانیش هەر ڕاناوەستێ ( ڕابوون، یەکگرتن، مامۆستای کورد، خەرمانە و ..تاد) هەیە.**

**کرێکارانی عێراقیش دەبێ برەو بە ئۆرگان و گۆڤارەکانی خۆی بدات. سەرباری پێشەنگ و ئەدەبی کرێکاری، پێویستە گۆڤارێکی تر هەبێت بۆ ڕاگەیاندنی ئەو دەنگانەی کە ئێستا نابیسترێن، یان کەم دەبیسترێن و دەرگا بەڕووی داهێنانی ئەدەبی و هونەری ئەو ئەدیبانە بکرێتەوە کە لە هەندەرانن(دیارە هەر تایبەت بە ئەدیبان و هونەرمەندانی هەندەران نییە)**

**چوار: ئێمە بتوانین کانونێک. وەحدەیەکی ئەدەبیی و هونەری پێکبێنین و وەک ئەندامی ڕێکخراوی ئەدەب و هونەری لە عێراق – کوردستان درێژە بە چالاکی خۆمان بدەین.( یان دەتوانی بە تەماس لەگەڵ ئەوان دا کارەکانمان بەرینە پێشەوە)**

**پێنج: گرفتێکی تری ئەدەبی کرێکاریی مەسەلەی ساواییەتی لە تەکنیک و شێوازی هونەری. تا ئێستا نەتوانراوە تەکنیکی نوێ، ئاخرین دەستکەوتە هونەرییەکانی بەشەر سوودی لێ ببینرێ و بەدەستەوە بگیرێ. ئێمە بە سیفەتی مەوقیعیەتی جوگرافیایمان دەبێ بەشێک لەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرین.**

**شەش: خاڵێکی تر لە گرفتەکان نەخشەکارمان برەودان بێ بە ڕەخنەی ئەدەبی**

کرێکاریی و تەتویرپێدانی ئەم لایەنە جێگای گرنگی دەبێ لە بەرنامەمان بە تایبەت نەقدکردنی ( تەلیعیەت، حداثة، ڕشانەوە و خۆخواردنەوەی زات پەرستەکان، (بنیویة ) و لقەکانی) تەجریدیەکان، فیوچەریزم، نەچرالیزم، تەکعیبیەت، سوریاڵیزم و ..تاد و ئیغناء کردنی ئەدەبی کرێکاریی بە ئاخرین چەکی نەقد.

حەوت: وەرگێڕان و تەرجەمە کردنی شیعر و چیرۆک و شانۆگەری و ڕۆمانی کرێکاری بۆ زمانەکانی کوردی و عەرەبی لە زمانە زیندووەکانی جیهان و هەروەها تەرجەمە کردنی بەرهەم خەللاقە ئەدەبیەکانی ترمان بۆ زمانەکانی ئینگلیزی و زمانە زیندووەکانی تر و ناساندنی ئۆرگان و ئەدیبە خەللاقەکانمان لە عێراق و کوردستان.

هەشت: برەودان بە بەشی ( عەرەبی، فارسی. تورکی ئەگەر پێویست بێ) و لەداهاتوودا لێمان بخوازێ( دەنا ئێستا داعی نییە ) و جێکەوتەکردنی مەقولات و مەفاهیمە ئەدەبی و هونەرییە کرێکارییەکان.

نۆ: بایەخ دان بە تەواوی فروعە هونەرییەکان( پەیکەرتاشی و مۆسیقا و گۆرانی و سروود، شانۆگەری، نیگارکێشان و کردنەوەی پێشانگا و سازدانی ئاهەنگ و فیستیڤاڵ و شتی تر)تەکریم کردنی ساڵانەی هەر ئەدیب و هونەرمەندێکی خەللاقی کرێکاریی.

دە:.....

یانزە:.....

ئازیزەکەم بژار گیان من ئێستا ئەم چرپانەم بۆ نووسی و ئەوەی بە مێشکمدا هات و لەیادم بێ نووسیومە. بە هیوای ئەوەم تۆش سەرنج و هەڵوێستی خۆتی لەسەر دەربڕی و لە کورت ماوەدا وەڵامم لێ بگێڕییەوە. لە کۆتایشدا حەز ئەکەم یەک دوو دێر لەسەر وەزعی ئەدەبی خۆم بنووسم.

لە ئینتفازەکەوە ١٩٩١ لە دونیای ئەدەب دابڕاوم و کەمترین بوارێکم نەبووە بۆ دیراسە و بەحث و تەنانەت شیعریش. هەر بۆیە ئێستا پێویستیم بە دەست گرتن و یارمەتی هەیە چونکە ئەو چوار ساڵە شەو و ڕۆژ خەریکی تەبەقەکەم بوومە و کارم بۆی کردووە. من هیچ سەرچاوەیەکم لا نییە تەنانەت شیعرەکانی خۆشم.

**من پێم چاکە جەنابت چی ئیزافە و شتی ترت هەیە ، یان ئەمانە ڕەت ئەکەیتەوە و شتی تر دەڵێی بۆم بنووسی و یان ئەگەر موتەفقی هەر ئەم تێزانە دەستکاری بکە و دواتر پاش ئیتفاقمان قسە لەتەک ڕێبوار و سلێمانی قاسمیانی و ئاسۆ و ب.سۆلین دەکەین.**

**دووبارە سڵاو و ڕێزم هەیە بۆت و دەستەکانت دەگووشم.**

**عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)**

**٢٣-٠٥-١٩٩٥**

**ڤانکۆڤەر**

**تێبینی: لە چاوەڕوانی ( ئاراس) و شیعری تازەی تۆم. کاسێتی سروودەکانی حیزبم لایە شیعرێکی تۆ کراوەتە سروود لەگەڵ دوو شیعری مندا. ئەگەر پێویستت بوو ئاگادارم بکەرەوە بۆتی ئەنێرم. هەروەها لە (بۆ پێشەوە)ژمارە ١٢ یان ١٣ شیعرێکی تۆی بڵاو کردۆتەوە.**

**ب سۆلین دوو دیوانی تازە چاپکراوی خۆی لە فنلەنداوە بۆ ناردم.**

**کاک بژار گیان بە داخەوە لەم نامەیە فرسەتم نییە لەسەر ئەوزاعی ئەدەبی هیچ بڵێم. با بمێنێ بۆ دوایی. ئەمە بێجگە لەوەی کە ماوەیەکە لێی دابڕاوم. بەڵام بە پێی شارەزاییم شتێکی هەر بۆ دەنووسم.**

**بەنسبەت (ئاراس)ەوە پێم چاکە بۆمی کۆپی بکەیت و بینێری.(پەڕینەوە بەسەر پردی فرمێسکا) ئەگەر بکرێ کۆپی بکەیت و بینێری( زۆر مەمنون دەبم) ئەوە ڕاستە قەناعەتت پێی نییە، بەڵام وەکوو تەکنیک و فۆرم حەز ئەکەم ئاگاداریان بم.**

**سەبارەت بە شیعرەکانی خۆم جێی داخە لە تورکیا لای ئاکام جێیانم هێشت و چەند مانگە هەوڵ دەدەم دەستیان بخەمەوە، بەڵام وەک بەردی بن گۆمیان لێ هاتووە، کە ئەمانەن :**

**یەک: چاوم لێیە شیعر ١٩٩٢**

**دوو: چەند گۆرانیەک لە جەنگەڵستانی ژیانەوە شیعر ١٩٩٢**

**سێ: پانزە شیعری دەستنووس**

**هەرکاتێ دەستم کەوتنەوە حەتمەن بۆتیان دەنێرم. ئەگەر شیعری تازەشم هەبوو ئاگادارت ئەکەمەوە.**

**(*) تێبینییەکی درەنگ وەخت: کاتێک ئەم نامەیەم نووسی، بێئەوەی زانیاری دروستم لەبەردەستدا بێت سەبارەت بە گۆڤاری (Struggle) و ئەو زانیارییانەی هەمبوو ورد نەبوو. بۆیە ئەو تێگەیشتنە لە گۆڤارەکە دروست نییە و ستراگەڵ ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی بینیوە لەخەباتی چینایەتی لە ئەمریکا دژ بە سەرمایەداری.**

(١٧)

# دوو نامەی بژاری شاعیر بۆ عەبدولڵا سلێمان(مەشخەڵ)

**هاوڕێی لەدڵا شیرینم مەشخەڵ گیان**

**پاش سڵاوی گەشم، هەواڵ پرسی تەندروستیت و خوازیاری سەرکەوتنتم لە کار خەباتی ڕۆژانەتا.**

**هاوڕێ گیان نامەکەتم خوێندەوە، دەستت خۆش بێت، نامەیەکە ئیشتیای ئەدەبیی ئینسان ئەکاتەوە.چەند خاڵێکی گرنگت دیاری کردووە، بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ زۆربەی خاڵەکاندام. ڕەخنەیەکم نییە لەسەر ئەو خاڵانەی دیاریت کردووە، تەنیا چەند سەرنجێکم وەکوو خستنە سەر (اضافة )یان گۆڕانکارییەکی دیاری کراو تیایدا لەسەر چەند خاڵێک هەیە.**

**سەبارەت بە خاڵی دووەمت کە ئەدەبی کرێکاریی بەلاتەوە لەئاستی خەباتی کرێکاریدا نەبووە تا ئێستا چ لە عێراق و چ لە سەردەمەکانی شۆڕشە کرێکارییەکاندا لەشوێنە جیاوازەکانی جیهاندا،من پێم وایە ئەم ڕایەت بە بەراوورد لەگەڵ مەزنی چینی کرێکار و ئەو دەورە مێژوووییەی گێڕاویەتی و ئەیگێڕێ ڕاستە بەڵام بە بەراوورد لەگەڵ توانای خەباتکارانەی شاعیر و نووسەرە کرێکارییەکان لەبردنە پێشەوەی ئەدەبی کرێکاریی و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی خەباتی چینی کرێکار، جۆرە بەکەم زانینێکی تیا ئەبینم. لەڕاستیدا ڕادەی بەرزبوونەوەی بەرهەمی ئەدەبی بۆ ئاستی پێویست لە سەردەمەکانی شۆڕشدا دەگەڕێتەوە بۆ یەکانگیربوونی ئەو ئەدەبە بە بەرژەوەندیە چینایەتییەکانی کرێکاران و توانینی ڕۆڵ گێڕانی لەو مەیدانەدا. ئەڵبەتە دوان و گفت وگۆ لەسەر ئەو بابەتە کاتێکی زۆری دەوێ و پێویستی بە چەندەها بەحسی تولانی هەیە. وە سەبارەت بەوەی کە ئێمە دەبێ ئەو بۆشاییە پڕ بکەینەوە ( هەر لە هەمان خاڵی دوودا باست لێوە کردووە.)، بە نەزەری من مەسەلەکە لەپڕکردنەوە و پڕ نەکردنەوەی بۆشاییدا نییە، بەڵکو لەچەندێتی و چۆنیەتیدایە. بە چ ڕادەیەک سۆشیالیزم و شۆڕشەکەی لە خەباتی ئەمڕۆی چینی کرێکاردا ئەبینین، وە بە چ ڕادەیەک ئەم واقیعە لە بەرهەمە ئەدەبیەکانماندا عەکس دەبێتەوە، وە ڕادەی وەرگرتنی ئەم ئەدەبە لەلایەن ئەو چینە شۆڕشگێڕەوە چ ئاستێکی دیاری کراو بە خۆیەوە وەردەگرێت. ئەمانە دەبنە**

نیشاندانی دەوری مێژووویی گێران و نەگێڕانی ئەو ئەدەبە. ئەڵبەتە هیچ ئەدەبێک نەیتوانیوە دەوری مێژووویی ببێنێ ئەگەر لەسەردەمەکەی خۆیدا دەوری ڕابەرایەتی نەبینیبێت. هەر بۆیە چەق بەستنمان لەسەر دەرهێنان و بردنە پێشەوەی ئەدەبی ڕابەر دەبێتە ئەرکی حاشاهەڵنەگری ئەمڕۆمان.

لە خاڵی نۆدا پێت وایە دەبێ بایەخ بە تەواوی فروعە هونەرییەکانی پەیکەرتاشی، مۆسیقا و سروود ، شانۆگەری، نیگارکێشان و کردنەوەی پێشانگا و سازدانی ئاهەنگ و فیستیڤاڵ و شتی تر بدرێت. ئێمە بە پلەی یەکەم بە سەددی (بصدد) دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبییەوەین، چونکە (وەک لە تەلەفۆنەکەدا پێت وتم)خۆمان و ئەوانەی لە هەندەران دەیانناسین و دەمانەوێت پەیوەندییان پێوە بکەین زیاتر بەکاری ئەدەبییەوە خەریکن، ئەمە جگە لەوەی کە مەحدودیەتی ئەو گۆڤارە لەزۆر ڕووەوە ناتوانێ بوار بەچالاکی بەردەوامی ئەو هەموو لقە جۆراوجۆرانەی ئەدەب و هونەر بەشێوەیەکی مونەسەق لەسەر لاپەڕەکانی بدات. هەر لە هەمان خاڵی نۆ دا هاتووەکە تەکریم کردنی ساڵانەی هەر ئەدیب و هونەرمەندێکی خەللاقی کرێکاری بکرێت. من پێم وایە لە ئێستادا بیرکردنەوە لەو مەسەلەیە زەرور نییە، خۆ ئەگەر هەندێ حاڵەتی پێشهاتوو ئەو مەسەلەیە بخاتە ڕوو، ئەوا بیرکردنەوەو کارکردن بۆی لەو کاتەدا ڕۆڵی ئیجابی خۆی دەگێڕێ. لەخاڵی هەشتدا وای بەباش ئەزانیت بەشی عەرەبی و فارسی و تورکی ئەگەر پێویست بکات لەو گۆڤارەدا برەوی پێ بدرێ. لەڕاستیدا دەرکردنی گۆڤاری ئەدەبی و هونەری کرێکاریی بەو زمانانە پێویستییەکی هەر ئێستایە و لازمە لەلایەن نەک هەر شاعیر و نووسەری کرێکاریی زگماک بەو زمانانە، بەڵکو ئەوانەشی کە توانای ڕاشکاویان بەسەریاندا هەیە، هەنگاوی جددی بۆ هەڵ بگیرێ. ئەمە لەلایەک، بەڵام لەلایەکی ترەوە باشتر وایە سەرف کردنی وزەیەکی زۆر بۆ دەرکردنی گۆڤارێک بە چەند زمانێکی جیاواز بگۆردرێ و پەرەی پێ بدرێ بۆ دەرکردنی گۆڤاری لەو چەشنە بەهەر یەکێک لەو زمانانە.

هاوڕێی خۆشەویست : بەڕای من دەبێ بە زووترین کات پەیوەندی بکرێ بە هاوڕێیان ڕێبواری شاعیر، سلێمان قاسمیانی، وریا نازری، ئاسۆ، جەماڵ کۆشش، ڕزگار عومەر، وە هەموو ئەو شاعیر و نووسەرە کۆمۆنیست و کرێکارییانەی تر کەچوونە پێشەوەی ئەدەبی کرێکاریی بە ئەرکی هەر ئێستای خۆیان دەزانن. هەر لەم بوارەدا دەکرێ و دەبێ پەیوەندی بگرین لەگەڵ هەر کۆڕ و کۆمەڵ و گۆڤارێکی ئەدەبی و هونەری کرێکارانە لە هەر شوێنێکدا بێت و بەهەر شێوەیەک بتوانین دەستمان پیا ڕابگات، ئەمە جگە لەوەی کە دەتوانین پەیوەندی لەگەڵ ئەو شاعیر و نووسەرە کۆمۆنیست و کرێکارییانەی هەندەران بگرین کە لە دەرەوەی بازنەی کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبی کرێکاریدان.

**لە دواییدا دەمەوێ ئەوە بخەمە پێشچاو کە گۆڤارەکەمان هەرچەندە گۆڤارێکی ئەدەبی کرێکاریی دەبێ، بەڵام دەبێ خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بەسەریا زاڵ بێت و لەو ڕوانگەیەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرهەمەکانیدا بکرێ.**

**ئیتر دەستی هاوڕێیانەت دەگوشم**

**هاوڕێت بژار**

**١٩٩٥-٧-٢٤**

(١٨)

# نامەی بژاری شاعیر بۆ عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

هاوڕێی خۆشەویست کاک مەشخەڵ

وێرای سڵاوی گەشم بۆت،

دوێنێ ڕێکەوتی ٢٢-٩-١٩٩٥ نامەکەتم پێ گەیشت. زۆر سوپاس. نووسینەکەت و شیعرەکەشتم خوێندەوە. دەستت خۆش بێت بۆ هەردووکیان. من تام و چێژی خۆمم لێ وەرگرتن.

سەرنجێکی بچووکم لەسەر نووسینەکەت هەیە : پێم وایە نووسینەکەت پەیوەندی توند و تۆڵی لەگەڵ پەخشانی هونەریدا زیاترە تا لەگەڵ وتاری سەرنووسەردا. بۆ ئەو گۆڤارە. لە خوێندنەوەی ئەو نووسینەتدا من پەیم بەوە برد کە پەخشانی هونەری یەکێکە لەو مەیدانانەی تر کە تۆ سەرکەوتووانە ئەتوانیت بەهرەی خۆتی تیا بخەیتە گەڕ. هەر چۆن بێت خاوەنی بڕیار خۆتیت و لەسەر خواستی خۆشت سەرنجم دەخەمە ڕوو. من پێم وایە تۆ بەزمانێکی سادەتر دەتوانیت وتارێکی هەمەلایەنەتر بنووسیت و ئەم پەخشانەش بە ناونیشانێکەوە کە خۆت بۆی دائەنێیت هەر لە ژمارە (یەک)ی ئەو گۆڤارەدا بڵاو بکرێتەوە.

ئەو نامەیەی (ب.سۆلین) شم خوێندەوە، بەڵام دێری ئەخیری لاپەڕە یەک و دوو لە کۆپییەکەدا دەرنەچووە، وە لاپەڕەی چواریش دێری ناتەواوە و دیارە هەر لە کۆپی کردنەکەدا دەرنەچووە، ئەمە جگە لەوەی شکم لە ئەخیری لاپەڕە سێشدا هەیە کە پەڕی بێت. ئەگەر بە زەحمەتی نازانیت یان کۆپی سەرلەنوێی نامەکەم بۆ بکەرەوە و بۆم بنێرە، یان ئەو دێرانەی ئەخیری لاپەڕەکانم بۆ بنێرە.

هاوڕێ گیان..ئەگەر سەرنجەکەمت لەسەر نووسینی وتارێک بە زمانێکی سادەتر بەلاوە پەسند بوو، تکایە ئاگادارم بکەرەوە. ئەگەریش بەلاتەوە پەسند نەبوو ئەوا دەتوانیت هەر ئەم نووسینە بەناوی سەرنووسەرەوە بڵاو بکەیتەوە. شیعرەکەشتم لا خۆش بوو. دەستت خۆش بێت، هیوادارم شیعری تری بەدوادا بێت.

نامەم نەنووسیوە بۆ ئەو برادەرانە بە تەمام کاتێک نامەیان بۆ بنووسم کە هەم خۆم کاتم هەبێت و هەم پرۆژەکەش نزیک بێت لە بەدی هاتن. بە تەلەفۆنیش بێت ئەتوانم ئاگاداریان بکەمەوە.

دیسانەوە ڕێزم بۆتان

هاوڕێت بژار

١٩٩٥ ساسکاتون

# بانگەوازنامەیەک لە عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)ەوە

# بۆ تەواوی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق

**بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چەپی عێراق**

**بۆ کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی**

**بۆ کۆمیتەی ناوەندی یەکێتیی کۆمۆنیستەکان**

**بۆ هەر هاوڕێیەکی کۆمۆنیست لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەو حیزب و لایەنانە**

**سڵاوێکی هاوڕێیانەی گەرم، دەستەکانتان دەگووشم و هیوام سەرکەوتنتانە لە خەبات.**

**هاوڕێیان، ماوەی چەند مانگە خەریکی پڕۆژە کتێبێکم ( دەربارەی کار و چالاکی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر ١٩٨٧-١٩٩١). ئەم کتێبە بریتییە لە گەڕانەوە بۆ نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، هەر لە چۆنیەتی پێکهاتنی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و دەرکردنی یانزە ژمارە لە گۆڤاری ڕابەر، ئەمە جگە لە چەند نامیلکەیەک کە وەک کتێبی گۆڤاریڕابەر بڵاو بوونەوە، تا دەگاتە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لە بونیاد و چالاکی ئەو حەلقەیە کە ڕۆڵێکی گرنگ و مێژوویی گێرا لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێ لە کوردستانی عێراق. ئێمە شاهیدی ئەوەین کە گۆڤاری ڕابەر هەرچەند بە دەستوخەت دەنووسرایەوە، و بەتیراژی کەم بڵاو دەبۆوە، بەڵام دەگەیشتە دەستی زۆربەی هەرە زۆرتان. من وەک سەرپەرشتیاری ئەم پڕۆژەیە، داوا لەئێوەی هێژا دەکەم کە هەر ژمارەیەکی گۆڤاریڕابەر شک دەبەن یان پێدەزانن لای کێ پارێزراوە، ئاگادارم بکەنەوە، تا پەیوەندی پێوە بکەم و ئەو گۆڤارە لە فەوتان و لەنێوچوون ڕزگار بکەم. بەتەنگەوەهاتنتان بۆ ئەم بانگەوازنامەیەم نیشانەی دڵسۆزی ئێوەی هێژایە بۆ ئەدەب و هونەری مارکسیستیی لە کوردستان.**

**دەستتان دووبارە دەگووشم و هەر سەرفراز بن.(*)**

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**

**سەرپەرشتیاری پرۆژەی کتێبی (دەربارەی کار و چالاکی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر (١٩٨٧-١٩٩١).**

**کەنەدا ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٢١**

**تێبینی: هاوڕێیان دەتوانن لەڕێگەی فەیسبووک و ئیمەیڵەکەم پەیوەندیم پێوە بکەن.**

https//:www.facebook.com/abdullahsulaimanmashxal/

abdullahmashxal@gmail.com


**(*) تێبینی مەشخەڵ: بەداخەوە هیچ کام لەو حیزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستانە بەشێوەیەکی فەرمیی وەڵامی ئەم بانگەوازەیان نەدایەوە، جگە لە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق کە هاتە پشت ئەم پرۆژەیە و تەنانەت چاپکردنی ئەم پرۆژەیەشیان گرتە ئەستۆ. من هیچ لێکدانەوەیەک بۆ وەڵامنەدانەوەی ئەم بانگەوازەم ناکەم، خوێنەر با خۆی لێکدانەوەی بۆ بکات.**

# گۆڤاری ڕابەر لە کتێبی (المرشد الی صحافة کرکوک ١٩١١ – ٢٠١١)

کتێبی (المرشد الی صحافة کرکوک ١٩١١ – ٢٠١١) کە لە نووسین و ئامادەکردنی مامۆستا و ڕۆشنبیری ناسراوی شاری کەرکووک (سەباح بازرگان)ە و ساڵی ٢٠١٢ چاپ و بڵاو بۆوە (*). کاتێک لەساڵی ٢٠١٢، سەردانی کوردستانم کرد و بەنیازم بووم کۆڕێکی شیعری ببەستم لەڕێگەی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ لقی کەرکووک کە هاوڕێی ئازیزم دانا عەسکەری شاعیر سەرپەرشتی دەکرد، لەناو نووسینگەی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ مامۆستا سەباح بازرگانم بینی و دووای ساڵانێکی زۆر بەدیداری شاد بوومەوە. لەوێدا مامۆستا سەباح باسی ئەم کتێبەی بۆ کردم و وتی بیستوومە ئێوە گۆڤارێکتان دەرکردووە بەناوی ڕابەر. دەتوانیت کورتەیەکم لەسەر ئەو گۆڤارە بۆ بنووسیت تا لەو کتێبە دایبنێم، منیش هەر لەوێ ئەو شتەی دەیویست بۆم نووسی. ئەویش لەزنجیرە ٩٢ لەلاپەڕە ٢٩ ئەم سێ دێرەی بە زمانی عەرەبی نووسیوە.

ڕابەر (المرشد)

مجلة ماركسية خطية كانت تصدرها حلقة الادباء الشيوعيين في كركوك بصورة سرية. صدر عدد الاول منها في سنة ١٩٨٧ بالكوردية و قد نشر منها اثنا عشر عددا صفحاتها ما بين ( ٦٠ – ٩٠)ثم توقفت عن الصدور بعد ثلاث سنوات و كان يشرف عليها كل من عبدالله سليمان(مشخل) و جمال كوشش و نوزاد احمد اسود (هوشنگ). لم يكن لها رئيس تحرير مخصوص.



٨٩ هەڵمەت (الاقتحام):

مجلة فصلية اصدرها فرع السليمانية وكركوك وجمعية ادباء وصحفيي وفناني البيشمرگه الديمقراطي العراقي باللغتين الكوردية والعربية صدر العدد الاول منها في آيار ١٩٨٥ وعدد آخر ثم توقفت.

٩٠ پەیامی برایەتی (رسالة التآخي):

مجلة فرع كركوك للحزب الاشتراكي الكوردستاني صدر العدد الاول في كانون الثاني ١٩٨٦، باللغة الكوردية والعربية والعدد السابع منها في كانون الاول ١٩٨٨ في الجبل وتوقفت.

٩١ بەیان (الفجر):

مجلة سياسية عامة اصدرها فرع كركوك لأتحاد الطلبة والشبيبة الديمقراطي الكوردستاني صدر العدد الاول منها في ربيع ١٩٨٧ في الجبل باللغة الكوردية بعشرين صفحة حجم الكتاب وهو العدد الوحيد منها.

٩٢ رابەر (المرشد):

مجلة ادبية ماركسية خطية كانت تصدرها حلقة الادباء الشيوعين في كركوك بصورة سرية صدر العدد الاول منها في سنة ١٩٨٧ بالكوردية وقد نشر منها أثنا عشر عدداً صفحاتها ما بين (٦٠ — ٩٠) ثم توقفت عن الصدور بعد ثلاث سنوات وكان يشرف عليها كوشش ومشخل وهوشنك. لم يكن لها رئيس تحرير مخصوص.

٩٣ رێبەر (الدليل):

مجلة ادبية خطية كان يصدرها تنظيم التيار الشيوعي في كركوك بصورة سرية في ١٩٨٧ بتوزيع محدود الى سنة ١٩٨٨ وصدر منها عدد آخر في اربيل سنة ١٩٩١ باللغة الكوردية وتوقفت.

29



**تێبینی یەک : هەرچەندە من دروست زانیاریم بۆ مامۆستا سەباح نووسی، بەڵام هەڵەیەکی کردووە کە دەڵێت ڕابەر لە کەرکووک بڵاو دەبۆوە. لەڕاستیدا گۆڤاری ڕابەر لە شاری هەولێر دەردەچوو نەک کەرکووک. ڕاستە دامەزرێنەرانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست هەموو کەرکووکی بوون، بەڵام گۆڤارەکە لە هەولێر دەردەچوو.**

**تێبینی دوو : سەباح حەمەنوری عوسمان بازرگان، مامۆستا و نووسەر و ڕۆشنبیر و توێژەر بەداخەوە لەکاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا لە ڕێکەوتی ١١-١٠-٢٠٢١ لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا بەهۆی تووشبوونی بە پەتای کرۆناوە ژیانئاوایی کرد. مامۆستا سەباح جگە لەوەی خاوەن چەندین کتێبی چاپکراوە، لەماوەی ژیانیدا زیاتر لە سەد وتاری بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی نووسیوە. مامۆستا سەباح ساڵی ١٩٥١ لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە کەرکووک لەدایکبووە و بەشی کیمیای لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە. یەکەم بابەتی ئەدەبی خۆی لە ڕۆژنامەی عێراق لە ساڵی ١٩٧٩ دا بڵاو دەکاتەوە. مامۆستا سەباح کتێبخانەیەکی گەورەی لەپاش خۆی جێهیشتووە کە زیاتر لە پێنج هەزار کتێب و سێ هەزار گۆڤار و ڕۆژنامەی تێدایە.**

# گۆڤاری ڕابەر لە وتاری بەڕێز ئیسماعیل تەنیای نووسەر

**ئیسماعیل تەنیای نووسەر؛ لە وتارێکی گرنگ و پڕبایەخدا بەناوی ( ڕۆژنامەگەری چەپی کوردی ١٩٧٥ – ١٩٩٣) جگە لەوەی ئاماژەی بە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤاری چەپ و کرێکاری داوە، بەمجۆرە باسی گۆڤاری ڕابەر دەکات.**

**ڕابەر: گۆڤارێک بوو، (حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست)، بەنهێنی لە شاری هەولێر، بە دەستنووس ( بە کاربۆن لێی زیاد دەکرا) و بڵاو دەکرایەوە. لە ساڵی (١٩٨٧)، دەرچووە. حەڵقەی ناوبراو، لەساڵی (١٩٨٧)، لەلایەن (عەبدوڵا سلێمان( مەشخەڵ)، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (هۆشەنگ)، جەماڵ کۆشش)، دامەزراوە.**

**سەرچاوە : وتاری ڕۆژنامەگەری چەپی کوردی ١٩٧٥ – ١٩٩٣ نووسینی ئیسماعیل تەنیا**

**سایتی دەنگەکان ڕۆژی بڵاوبوونەوە ٦ ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٨.**

# بەشی پێنجەم

## گەلەرییەک لەناو دڵی مێژووەوە


لەناو جەرگەی هەژاری و بێ کامێرەییدا ، بەتایبەتی لە دەیەی هەشتاکان و نەوەدەکان هەر ئەوەندە توانیومانە چەند وێنەیەک بچرکێنین، بەڵام کاتێک بووینە خاوەن کامیرا ئیتر هەموو پەراگەندە بووین و نەمانتوانی وێنەیەکی سێقۆڵیمان هەبێت. بەهەرحاڵ ئەم وێنانەش هەر یەکە لە سات و سەردەمێک دەدوێن و خۆشیان ڕەنگدانەوە پەیوەندیی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەیە و بەشێکن لە مێژووی ئێمە. دیارە ئەم گەلەرییە تایبەت نییە بە هەر سێ هاوڕێی دامەزرێنەری حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست، بەڵکوو وێنەی ئەو هاوڕێیانەش لەخۆ دەگرێت کە لە دەوری حەلقەکە و گۆڤارە بوون و بەرهەمیان لە گۆڤاری ڕابەر بڵاو کردۆتەوە.



نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و جەماڵ کۆشش لەسەروبەندی دروستکردنی (حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) ئەم وێنەیە لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٨٧ لەشاری هەولێر گیراوە. بە سوپاسەوە لە ئەرشیفی دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) ەوە وەرگیراوە




**موکەڕەم شوکور و جەماڵ کۆشش و عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) و عوسمان غەریب هەولێر ١٩٨٧**



**یەکی ئایاری ١٩٩٣ شاری هەولێر باخچەی کڵکەند**


**لەچەپەوە : عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)، جەماڵ کۆشش، یوسف مەحموود(یوسفە سوور)، فەلاح حەمید، شێروان، نەزانراو**




**نموونەیەک لە بەرگی گۆڤاری ڕابەر کە لە ساڵی ٢٠١٩ لەلایەن عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)ەوە دروست کراوەتەوە.**



**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) کتێبخانەی جەماڵ عیرفان سلێمانی ٢٠١٩**




**جەماڵ کۆشش و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) گەشتی قوتابیانی پەیمانگای تەکنەلۆجی کەرکووک ساڵی ١٩٨٦**




**نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) سلێمانی قاوەخانەی کلتووری ٢٠١٢**




**گۆڤاری ڕابەر ژمارە ١٢ تشرینی دووەم ساڵی ١٩٩١ کە چەند نووسەر و هونەرمەندی کرێکاری دەریان کرد و هاوڕێ بژار سەردار سەرپەرشتی کرد.**




**هەواڵێ بڵاوبوونەوەی دوو نامیلکەی گۆڤاری ڕابەر لە ژمارە دوانزەی گۆڤارەکە.**




**گۆڤاری نینا ، گۆڤاری ئەدەبی پرۆلیتاری کە مەڵبەندی ئەدەب و هونەری شەبەنگ- نینا دەری دەکرد لە هەولێر**



**گۆران عەبدوڵا و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) شاری تۆرۆنتۆ کەنەدا هاوینی ٢٠١٨**




**سەمیر نوری و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و عارف کوردە بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری کەرکووک کانوونی دووەمی ٢٠١٩**




**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و سەمیر نووری هەولێر ١٩٨٩**



**عارف کوردە (ئاگرین) و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)کەرکووک ٢٠١٩**





**نامیلکەی چاوم لێیە شیعر عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) هەولێر ١٩٩٢تایپ و دزاینی بەرگ هاوڕێ ڕزگار عەقراوی**




**گۆڤاری پێشەنگ ژمارە ١ خوولی یەکەم پاییزی ١٩٨٥**

**گۆڤاری کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری کوردستان**




**پاشکۆی گۆڤاری ئەدەب و هونەری کرێکاری ژمارە ١٩ی ساڵی ١٩٩٣ سەرنووسەر عەباس شوان**




**ئەندامانی کۆمەڵەی هونەری شەبەنگ/ نینا، هەولێر، دوای ڕاپەڕین ١٩٩٣ بوو**

**هۆلی ڕۆشنبیری جەماوەر، ئەرشیفی مەنتک**

**وەستاوەکان لە ڕاستەوە: هەلۆ، هەڵمەت تاهیر،یوسف مەنتک،جەماڵ کۆشش، بەختیار، وەفیق زامدار.**

**دانیشتووەکان لەراستەوە: ,بەختیار مەلا عەولا،ناڵە حەسەن، خولیا.**

**لە ئەرشیفی ناڵە حەسەنەوە وەرگیراوە**



شەبەنگ

مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریی دەری دەکات

سەرنووسەر
شوان محمد

سکرتێری نووسین
ڕزگار حەمە ڕشید


بەڕێوەبەری گۆڤار: ابراهیم مجید

مونتاج : عمری خطاط

**گۆڤاری شەبەنگ ژمارە ٤ و ٥ ی ساڵی ١٩٩٦ گۆڤاری مەڵبەندی ئەدەب و هونەری کرێکاریی**

# چەند لاپەڕەیەک لە گۆڤاری ڕابەر ژمارە ٩ ی ساڵی ١٩٩٠

**سوپاس بۆ هاوڕێی نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا سەباح ئیسماعیل(ئۆژین)، بۆ ناردنی ئەم چەند لاپەڕەیەی گۆڤاری ڕابەر، کە وەک بەڕێزیان ئاماژەی پێدا دوای کۆڕەوەکە ماڵیان لە کەرکووک تالان کرابوو و ژمارە ٩ ی گۆڤاری ڕابەر لەژێر کەنتۆرەکەیان دەبێ و بە ڕێکەوت ئەم چەند لاپەڕەیەی گۆڤارەکە لە فەوتان ڕەزگاریان دەبێت.**



چیرۆک

* پێشوازی *

«لە ٣٠ سەدەی دواوە، ئاڵێرەدا کرێکارێکی میسری
شێرێکی بشکاند جەستەی دەستی و لە
شەونکیی تۆزاو و رەهێڵدا تەوەزمی سەرچاو
بەرسیوی هێزشیانی بۆ هێنا، ژیانی لە
دەبێت داو بووە قوربانی بۆکی دی شێتی
سەرمایەداری .. ئا بەو کرێکارە پێشێل لەشە»


ئێستا بزانن هەر لە دوورەوە بەرەو پیریم دێت و دەست
دەخاتە ملم، یەکتر ماچ دەکەین، لێم وورد دەبێتەوە و هەناسەیەکی
قوڵ هەڵدەکێشێ، پاشان پێم دەڵێ:
- کوڕم عەبدۆ، ئەوە پارە، برۆ بۆ خۆی حەڵماڵانت هەڵگرە و
پاڵ خۆت بشۆ، نانی خێرا بخۆ، تا سێ ڕۆژ پشوو بدە،
دەزانم ماندوویت و پێویستیت بە پشوو دانە، کوڕە هەفتەیەک
پشوو بدە تا دێیتەوە خۆت».


ئای کە باری ماندوویتی قورسە! هەردوو قاچم
توانای ڕێکردنیان لەبەر بڕاوە. بووەتە بارێکی قورسای
بەسەریانەوە، نارنجۆکی ئازادەی مێشکم وا دەتەقێ، جەستەم
لێنگەی قورسە وزاوە.

«دەی کوڕی باشی، عەبدۆ فەنی، تۆ کوڕی چاکی .. پلیت لە مانە
زاوە، تۆ لەکوێ و ئەمانە لەکوێ، بڵێ بزانم کێ هات و چۆی لای
دەکرد، ئەوەندە بڵێ و ئەوە دەرگا لە سەر پشتە .. هەر ئێستا
برۆ دەست بە کاری خۆت بە، دەی بۆ خێرا کە ....».

قسەکەی سالاری هاوکارم بە ڕاستی گۆڕا کە دەبووت:
- چەندێک ستایشیان کردی زیاتر بە خۆتا بچۆرەوە.

٢٦


هەرواش بوو، ئەوان بۆ بە خنکاندنی سەرە دەزووی
زیندانییەکان دەکۆشان، منیش زمانم ڕێ پیشەیەکی نەزۆک بوو.
ئای داخەکەم ئەوە مایەوە، شیرازەی فێزانۆحامیەکی
دڵ لەلای یەکترمان کەل بوو. چەندی بیر دەکەم!
پاش ئەوەی دەگەڕێمەوە، دەچم سەرێک لە ماڵیان دەدەم،
دایە پیرۆز پێویستی بە دڵدانەوە هەیە، دەبێ لەمەودوا
دەستی یارمەتی بگەیەنین.
دەخاتەوە: عەبدۆ، ئەوە بەدەرە دەستی بوورە پیرۆز و
ستاوی منی پێ بگەیەنە. بێ گومان دەبێ ئەو تا ئێستا چەند
جارێک بە سەری کردبێتەوە!
پێویستە نامەیەک بۆ ماڵەوە بنێرم، دڵنیایان دەکەم کە
چ ڕەفیق کارکردنم لەگەڵدایە. نانووسم کە بەندکراو بووم، بەڵام
داوەدەست دەکەم ئێستا دایکم لەوێ وەدڵەوە فەرمو، هاتوە!
جارێکیان ئەو کاتەی سەرباز بووم، یەکێ شوورشەیی
خوێنیان بە زۆری زۆر داڕژی بێ سەرنزیف، کاتێ چوومەوە
دایکم پێی وتم:
- خێرت بێ ڕۆڵە، ئەوەشەو لە خەوما کوێخایەکی نەیەکی ترسانی دزالووی
دەچیتەوە ناوەڕۆی تانییو بێتە شکا!
وتم: دایە، سا شتێک بوو هەروا.
پاش ئەوەی یەکترمان ناسی، گەلێ جار داخی دڵی خۆم
بۆ هەڵدەڕشت دگەکێ پرسیارم ناڕاحەتە دەکرد. ئەویش زۆر بە
ئارامی گوێی دەگرت و بە هێمنی وەڵامی دەدامەوە. کاتێ
جۆشی دەگرت سوور هەڵدەگەڕا، جار جاریش قەیرەتی دەبوو،
دیسانەوە تێی هەڵدەگردەوە:
- زۆربەی کرێکارانی ئێمە وەکوو ئەوە دەزانن کە وەنەبێ
٢٧



ئێوە لە خۆشیدانان و بە ویستی ئاسمانەوە گەلی گەلی خۆتان دابنێنە
دە٣٥ بە شەرابی بێکاری یەوە، بەڵکو بە هۆی نەداری و برسێتی و
لە پووچی ناچاری یەوە لە وڵاتی خۆتان پەروەردە بوون و سنوورتان
شکاندووە، ئالێرەدا گیرساونەتەوە و سەد ٢ دەکێشن ...
ئەم قسانەی هاوکارەکەم ٢ کوڕی تێزانە و توورەیی ناخی
ئێشتۆی سوور دەکردەوە، پەنگی دەخواردەوە و لە بیرم پزیشکی
بە کوێ دە هاوێشت؛
- ئێمەش سەرمایەدارانی بۆ داپڵۆسینی ئینسانەکان لە خاسیەتی
هاوبەش و جیانیان، بۆ چەوسانەوە کردنی لەعل ناتی زیفیری کۆیلەتی و
دووبەرەکی، ئاڵای سەرکوت و بێ مانیان وەکو لە میهرەبی
بە ڕێگرێ کردن لە بەرزەوەندیەکانیان بەرز کردۆتەوە، لە بری
ئەوەی وەکو ئینسانێک یان گرێکارێک ناوحان ببەن و
ئینسانیمان بکەن، بە وەسیەی ناوکوردە ...
... تێکەڵمان دەکەن.
ئێشتۆ پێشبینیەکی لە حاڵی خۆی دابوو کە دەیگووت:
-وو، یا بە. ئەگەر بە شەڕیت نەکردووە، بەڵام ڕەنگە بێی
تۆش ببەن، چونکە پێکەوە کار دەکەین.
ئێشتۆ شاگردی خاوەن ئوتومبێلێکە. برسێتی و بێکاری
ئینسان ناچار دەکەن بە هەر جۆرە کارێک بگرێت کە خۆی
لێی نارازی یە:
"ڕۆژگارێک فیرعەونی بێکاری و برسێتی دەستی لە بینا ماچام
گیرکردبوو، ئەم پیشەیە عەیبانەبوو و لە دەرگای قووڵ بێکاری
دەرهێنام. یەکەم ڕۆژ کە دەستم بەکار بووم هێند دیم تێکچوو کە
ئەوڕۆژەی نان بەگەرووما نەچووەخوار، تا ئێستام لەخۆم دیکردەوە کە
٢٨

جگە لەوە، دەزانیت هێزم لە نێزیک دایەو ناتوانم ڕێگە بگەم،
ئەوە تا هاتەوە بوو جۆرەیەکی بە دەستەوە بە!

من وەستاوم و بەو یادەم، چەندێک ئەو تۆزیە تر دەبێتەوە
من گیتیشی بێ هێزەم زیاتر دەبێت، بەڵام بە بێ تاو نابێت،
تێنیشک زەردەخەنە بە ڕووی یەوە نابینم، لە تەنیشتم ئەم دە خوات و
ئەم ماوەی بەند بووت هاوکارەکەم و منی پێوە دیارە، ماندووە،
نێوانمان هەر شەش حەوت هەنگاوێکە، ئەو هێمن ئەوێ،
مێشی ئەوە بیست ڕۆژە کلیل دەرزەی بەندوی ترسە کردنم
تووڕ دراوەتە دەرگای بێ دەنگی و متەق نەکردنەوە..


دا لە بەرچاوتە دوای شەش حەوت هەنگاوی دی دەستم بەسەر
شانیەوە دەبێ و ئەویش هاتۆتە زۆر باڵەدە، منیش لە خوو قورسای
خۆم دا دەبەمە سەر شانیا،
هەر شەش حەوت هەنگاوی دی دەبێ نازم بگرم، بەڵام ئەو
بۆتە کۆتەکی ئەبولهەول، لە شوێنی خۆی چەقیوەو نابزوێ!
دەڵێی نیم قور دەبێتەوە! ئەوە چیە نامناسێت؟! نازانێ من
کە بۆی باخەوانم؟! تۆ بڵێی ...!


«- هاوڕێ، دەزانی جارێک دیشم و بۆ ماوەیەکی درێژتر کۆتەکەی
بێکاری ڕووبیان تێ دەکاتەوە؟! چونکە دڵنیام ئیتر ئاسمان دەست
لە ملی باخەوانیەکەمان ناکاتەوە، گیا غانی دوا مانگاوای بوو
لە کارەکەمان...


- لە بەرچی؟ چما ئەو تۆ باشترو دڵسۆزتری دەبینێت؟
ئەمنوونیش دەبێت بگەڕێنەوە لای...»

- ئەوە بە ناخێری گیانێت دەرچوویت، ها بزگورەکەت بڕۆ
ناهەوێ جارێکی دی چارەی هیچ سیسەریەک لەم ناوە ببینەوە.

٣٠


خۆم بە گڵاو دادەنا، ئەوسا هەستم بە زۆر ترس خۆ دەکرد،
تاوانی خنداڵەکانم چییە کە پێیان ئەڵێن: بەچکە بۆرژوا؟
ئەی جانتا، کاتێ کە خۆ هەستم سەرەتای هۆزگە و تاوانی و
تۆبینیم لە ناخدا ڕوانی، بە خۆم دەگووت لەم ڕۆژەوە ئیتر خوێنی
پێشکەوتوو هۆزگە و تاوانم بنیشتەوە.
بەم جۆرە ئیتر ئەبوو دەست بە مقەوەمەت کردم.. کاتێ کە هۆشم
دەهاتەوە گەڕام، تێگەیشتم کە ئاتی سەرمایەداران تا سەر ڕەگ و ڕیشەی
ناسوورەیی و قاتە ڕەقەی بنەتی زۆر سەر ڕیان.
دڵنیاشم داهاتوو هەر ئێمە بوو، نە ڕەگەوتیان دەستووگیر،،
کاردانەوەی ئەوانە هەرەکان بە ڕێگە کەوت، ئێوە کەیشی لەو دونیاوە
مانی هەر ئێمە هاتن گرتەوە، پارەکانیش هاتن، ...
...
...
پیام هەر ئێمەیە، هەر کە بێگەیە ئەوەی ڕێیە لەم ڕۆژەوە خۆم دەدەم
بە زەمبیادا دەچم دەبووم .....
خەریکە بچێتە کانم بابم کە دەگرن و ڕێی ناکەن، چاوەکانم هەڵ-
-نایەن. ترسێ بووە لەوە داچان بانگێ بکەم،
- هۆ، هۆ، هۆ، هۆ خەوەکەم عەیدە، ئازاد کرام، ئازاد، بەڵام
لە ئێرەم لە بەر بڕاوە، ناگەمە ئێوەتان.. بگەن پێم،
دەستەکانی سەرم کەوتە گەڕ، ئیدی ناتوانم ڕێک بکەم، ئۆبەڵەی
گوێیان لێ بەبوو بێ؟! ئەوەتا هاوڕێ کارەکەم لە پاش
پەرژینی باغەکەوە بەدیار کەوت، بۆ ئێرە دەڕوانێ، بەڵام بە
بۆ ناوەکەی ڕاوە! پەنگە هێشتا کە تێنوو بە سوور...
٢٩







[illegible] بوو بە پێشکۆ

گزنگی دیدەی شیرینی پێشوو [illegible] بەر چاوم [illegible]
[illegible] ئاسیشگەی ژیریی [illegible]
[illegible] ....
گەشانەوە .. ئیتر بەر چاوم [illegible] بوو [illegible]
[illegible]
[illegible] .......

١٩٩٠ - [illegible] -

٣٢


شعر
بۆرژواکان ...
من کرێکارم،
هەموو ڕۆژێک دێمە مەیدان.
هێزی کارم دەفرۆشم،
هەرزان .. هەرزان!
وەک ئابڕووتان!؟.
دەکاو .. ناکا پارووێکی نان.
بۆرژواکان ...
خشت بە خشتی دیوارەکان،
من دائەنێم.
بست بە بستی شەقامەکان،
من ئەیکێشم.
یەک بە یەکی درەختەکان،
من ئەینێژم.
هەرچی هەیە کە هاتە بەر دەستتان،
هەر ئەیبینم!
دەبێ ئێستاکەی ڕامێنم.
بۆرژواکان ...
ئەو کۆشکانەی لە جوانیا،
هاوشێوەیان نییە،
بەو دەستانەی منا ڕەنگاونا.
٤٤




ئەو پێخەفە نەرم و نۆڵەی،
تیا ئەنووت،
بەو دەستانەی من چنراوە.
ئەو ویسکییەی کە ڵەدەی بۆشی،
پێی ئەگەرمو،
جاوی چنراوانی پێی سوور دەکەن،
بە خوێنی منە کراوە.
بۆ ژرواکان ...
« ئادگەڵێ برسی و ورگ تێرو،
هاید چنۆکەکان »*
سبەینێش بۆتان دێمە مەیدان.
ئەو ڕووت و برسییەی تادوێنێ،
حسابێکتان بۆ نەدەکرد.
ئەمڕۆ دەست دەنێتە قوڕگتان.
دنیای سەرمایەی بۆگەنتان،
دێنێتە ڕووخان.

- هێما -

٢٢-١-١٩٩٠


* لە چیرۆکێکی تیێزاد حەسەن وەرگیراوە.


٤٥


شیعر

* چاو هەڵهێنە ! *

سپێدەیە..
هاتوەتە دەر..
بەرەو دەڤەرێکی چۆڵ،
دەنگاودەنێم!
کۆڵێک لە کۆڵم،
پێڵو خەوتووە، بەلادا دێم.
شەکەت ماندوو ملی ڕێگام،
ناچێتە بەر.
زەویش..
لەژێر پێما هەڵدێ.
دەڵێ،
وورگم هەڵمەدڕە.
ئاسکە پێشۆکێ سەرەبڕە.
دەواز بێنە!
قژی سەوزم مەڕووشێنە.
لەم بەهارە بێدەنگەدا،
گوڵیلکەکان مەپشێنە!
گێڵگەم کە بە تۆپی باران،
پێڵەقانەکەت بشکێنە.
ڕاکە.. خەتە بەدەستەوە
چاروگەی شانت فڕێدە..!
وەرە بۆنی نێرگز بکە،
چاو هەڵێنە..!
٧٩


هەوایەکی نۆتەکی هەڵمژە،
پیشووی ئەوت بدە..
ئاسمانی ئەنگەرد ببینە.
بڕژانگت لێک بترازێنە.
پەمەی کەنگر و کاردی بەردە.
وورە تیمارت لێرەیە.
دێوە زەردی نەهاتی وترە،
پاشەکەرەوە.. بتارێنە.
دەورە - دەوی،
ئەی لێو پەلۆشە وشکەکە..
بیسێ - بیسێ -
بۆ پاروی نانێ!
کوڕیە لەکەت..
لە پشتەوە، وەکو ژووژت
لەقە ئەلاف غلۆڵ دەبێ.
هەڵدەپەڕی و دادەبەزێ.
لەکازیوەی سبەینێوە،
تا زەردەی خۆر،
ملوانکەی - چلە - پیشۆکی،
دەهۆنێتەوە..
تاکو خانم بەوکی دابێ،
لێت بکڕێ.
تەنیا زەوەت رو تەواو لەت،
سکی لەبرسا نەگوشێ.
هۆرەنگ رەشوو...
٢٠




دەستی قەلیشاو و
پشکۆی خوێنی بالادەماوی
گوڵە و پێشمەرگانی وەلاتی.
ئەم دۆزەخەی تیایا دەژی،
بیکە بە بەهەشت و بیرازێنە.
شایالۆغانی بێ...!
کراسی پەڕڕیانی بپۆشە!
بە شێلاوی سۆسیالیزم،
ئەو دیوارەی سەرمایەدار،
بتوقێنە...!
هەوری مۆڕی پڕ لە ئازار،
بڕەوێنە!
بە سەحۆڕیای تان.. ئازادی و
دونیای ستەم،
بجۆشێنە!

١٩٩٠-٢-٢١

- ئاگرین -


٤١



04-JUL-01 01:46

**پێویستی هونەرێکی تر: بەرەو دامەزراندنی ناوەندێکی هونەری و ئەرهەنگی ئیلمانی**

بابەتی هونەر، فکر، فەرهەنگ، جوانی ، مۆراڵ ، زمان، ئاکار، ئەوەی بەگشتی ئەمڕۆ لەژێر ئایتلی کلتووردا کۆدەکرێنەوە، پێویستییان بە گۆڕانێکی بنەرەتی هەیە، گۆڕانێک کە ووشیاری وئاگایی ونزیکبوونەوە لە ئینسان، ئەو ئەستووندانە هەڵپەسێرێ کە بەرزی ئینسان وڕێزگرتن لەئینسان بکاتە ئامانجی کۆتایی خۆیی. هەر ئەوەی لەسەرەتای سەدەی ڕابردوو بەقوولی لەلایەن نووسەران وخەڵکی خۆیانەوە ئەنجامیان دەدا.، ئامانج گەرانەوەی هونەر نیە بۆ ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، ئامانج پەرەپێدانی ئەو خەباتەیە کە ماوەیەکی درێژە لە ئینسان بە گشتی ولەئینسانی چالاک وئومێد بەخش دوورکەوتۆتەوە. کلتووری ئەو بوارەی ئینسان جیادەکاتەوە لەئاژەڵەکانی تر بەمانا فەلسەفییەکەی، ئێستا نائینسانیترین کلتوور پەروەردە دەکات وئەوەکانمانی پیچۆش دەکات. کلتوور ئەو مەیدانەی کە لە٢٥ ساڵی ڕابردوودا، گەورەترین پێشکەوتنی تکنەلۆژی وفکری وبەسەریدا هات لەلایەن دامودەزگاگەورەکانیەوە.
رەوتەکانی ئەمڕۆی کلتووری باڵا بەسەرهۆش وفەرهەنگی ئینساندا، دونیان شێواندووە، فەرهەنگ وئاکاریان شێواندووە، مۆسیقا وسەمایان شێواندووە، ئینسانی بێرەوان وبەئاگایان شێواندووە، جوانی وچێژی هونەری ولەزەتبردن لەژیانیان شێواندووە، کلتووریسن،کاڵایی نرخ،کۆنەپەرستی بیدەرێستی، ئاکرەویی ڕق و کینە، یان گریان وکڵۆلی ودانیشتن بەدیار بیرەوەرییەکانەوەوە بەبتکردنی بیرەوەرییەکان، تا ئەو ژیانە بەرهەمبهێنەوە، کە ئەمرۆ ئینسانەکان هەوڵی گۆڕینی کەم کەم وپارچەپارچەی دەدەن، یان هەوڵی گۆڕینی بەگشتی وبەبەرەتی جیهان دەدەن. ئیمە ناتوانین بڵێن شتێکی نوێ لەهونەرداداهێنین، مەگەر ئەوە بڵێین کە ئیمە ئیازەکانمان، هونەرەکەمان، ئەوەی لەژیاندا ئینسانە چەوساوەکان دەیکەن وتێدەکۆشن،هەوڵدەدەین ئەوانیش کە کلتوور جیایان هەیە، نوێنەرایەتی بکەین. ئەمەش ڕەهەندێکی ترە کە ئێستا ڕەنگە تەنها لەسرووددا بتوانین بیلێین، ئیمە. بەلام خۆی ژیانێکی ترە، کلتوورێکی ترە، ئەوەی کە هەوڵدەدا، پەیامی ئینسان بەبەرزی خۆیی بەپێرۆزی خۆی بۆ بگەرێنێتەوە. بەگوزارشتێکی تر: خولقاندنی ئیستاتیکاتەی ئینسانی ئازاد. ئەمە بێگومان پرۆسەیەکی ڕەخنەگرانەیە، بەلام ڕەخنەی ئیمە ناتوانێ ڕیشەیی ئەبێ بەسەرجەم ئەو دیدگایانەی کلتووری کاڵا بەرهەمدێنن لەهەمانکاتیشدا هەموو ئەو ڕەخنانانە کۆنەکانەوە کە لەروانگەی چەوسانەوەو کوێرەوەرییەکانی ئینسانەوە بەرهەمهاتوون. پێویستی پەیدابوونی کلتوورێکی تر لەروانگەی ئایدۆلۆژی وحیزبییەوە نیە، ئینسانی چەوساوە بەتایبەت کرێکاران جۆرێکی تر ژیاندەکەن وجۆرێکی بوونیان هەیە، جۆرێکی تر بیرلەژیان ولەبەختەوەری ولەگەردوون دەکەنەوە، پێویستە جۆرێکی تریش کلتوورییان هەبێت. چاوگێرانێکی خێرا بەسەر فەرهەنگوهونەر وگۆڤارە فکری وهونەرییەکانی عێراق، بەسەرشانۆکاندا، بەسەر تیپەهونەرییەکاندا، بەسەر بەرهەمە ئەدەبی ورۆمان وچیرۆکەکاندا، بەسەر



لێکۆڵینەوەجۆراوجۆرەکان لەسەر زمان وئاگایی ، مۆراڵ، پەیدابوونی دیاردەی نوێ لەنووسین، ئەبینین، هەموویان لەنێو خۆپارێزییەکی کوشندەدا لەرەخنە پەل دەکوتن، تەنانەت لەپارێزگاریکردن لە حاڵەتی ئێستا وە کار گەیشتووە بەوەیکە پێمان بڵێن لە ئیمە وەک سیاسییەکان نین، ئیمە دەورانی ئەزمەی هونەرییمان تێپەراند. وەرن خۆیان نیشانبدەین، وەرن ئاوێنەکانیان بدەینەدەست، وەرن بزووتنەوەیەک بەرپابکەین، هەمەلایەنەبن، لەهەمووڵاوە، وەرن گەورەپیاوانی نێوچیرۆکەکانیان بلێین چەند کارتۆنی بوو، وەهەی رزگاربوون لەئەزمە ڕایانچلەکێنێ کەچەندە درۆیەکی گەورەیانکردووە، چەندە فریوویانخواردووە. ..
قەبارەی ئەو عەبارەگەورەییەی هونەرو کلتوور باڵا ، هاورێیانم سەرسەمتان ئەکات، فراوانی ئەو جەماوەرەی دەستیان بەئاسانی بەبەرهەمەکانی ئەوان دەگات، دوورڵتان ئەکات، ئەو تەکنەلۆژییەلەبوار کلتووردا نەیێتە هۆیی بێهودەیی، ئەمانە زەمینەیان بۆ ئێمە ڕەخساندووە، بەرەی کلتووری کاڵا وبازار، بەرەیەکن، دارستانێکی ڕوشە، پاڵەوانانێکیان لە بەفرو لەکارتۆن سەریەکناوە، ڕایەخی چۆڵەوانێ و جەماوەرییان یەخسیروزیندانی کردووە، کورەکانیان هەمان ئاکارورەوشت باوکەدیکتاتۆرەکانیان هەیە، ئەوان بۆ ڕازیکردنی دەسەڵاتداران، ئامادەن زمان بەپێلاوەکاندا بێنن، ئەوان لەنێوجەنگدا، تەنها پیاوکوژەکان دەبینن، ئەوان لەنێو چیرۆکەکانیاندا تەنها ئینسان بەوێنەی مەحکومکردن بەژیان نەبینێن، ئەوان لەسیزیف بگەرێن دێنە سەرسەر ئەو چەکدارانەی تاڵان نیشانەی سەرکەوتنیانە، ئەوان بەسەر چوون، بەئەندازەیەک کە ئیمە مێژووی واقعیان نیشانبدەین، بەواقعی دەچنەوە شوێنی گەواوی خۆیان.من ناتوانم لەبری ئەوان بیربکەمەوە، بەلام دەتوانم ئاوێنەیان بدەمە دەست، ئەوە ڕوخساری ئیمەیە، ئەوە کلتووری ئیمەیە ئەوە ئەموونەی تێروانینی ئیمەیە بۆ زیندەگی ئەوان وخۆمان. ئیمە بزووتنەوەیەکین، ژیان بانگەوازمان دەکات، هونەری ئیمە نوێیەو توانای هەناسەدانی هەیە.
ژیان هەرچەند تاریک وخوێناوی بێ، گوزەران هەرچەند قورس وسەخت بێت، بەلام ئومێد وهەوڵدان بۆ قوتاربوون وباشترکردن وجوانترکردنی بوون ناتوانرێ لەنێوببرێ، ئیمە ئەو هەناسەیەین لەگەرووی‌ەکی قوولدا کەخەریکە دیتەدەر ورەها دەبێت، هەوڵی بێوچانی باوکەکانمان بۆ ئازادی و خۆشگوزەرانی تەواودەکەین. ئەم کارە دەکەین، دڵنیام هاورێیانمان زۆرن ودڵنیاشم جەماوەرێکی بێشومار شادی وخۆشییان بەم هەنگاوەمان دێت. ..

جەمال کۆشش

سویسرا، بێرن ٢٠٠٢/٠١/٢

ئەم ووتارە بۆ سازماندانی ناوەندێکی ڕووناکبیری نووسراوە

# بەڵێ، کارێکی مێژووویی و گرنگم ئەنجامدا!!

زۆرم لەخۆم کرد کە ئەم پاشەکییە نەنووسم، بەڵام هەرچی جارێک بیرم لە دۆخەکە دەکردەوە دەهاتمەوە سەر ئەو ڕایەی کە نووسینەوەی پێویستە. پێویستە چونکە دەبێت خوێنەر هەندێک زانیاری هەبێت کە چۆن ئەم پڕۆژەیە هاتە بوون. ئەم پڕۆژەیە خەونێکی لەمێژینەی من بوو. من هەر لە ناوەڕاستی دەیەی نەوەدەکان کە لەکەنەدا نیشتەجێ بووم، خولیا و ئەنگێزەی ئەم پڕۆژەیە لە هۆش و خەیاڵمدا بوو. بانگەوازێکم لە ساڵی ١٩٩٦ لە گۆڤاری هانا بڵاوکردەوە سەبارەت بە کۆکردنەوەی شیعرەکانی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ). ساڵی ٢٠٠٠ ، لە یەکەمین سەفەرم بۆ کوردستان، هاوڕێ عارف کوردەم بینی. پێی وتم هاوڕێیەک دەناسێت ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەری لا دەست دەکەوێت. زۆرم هەوڵدا بزانم ئەو هاوڕێیە کێیە، پێی نەوتم. داوام کرد بەناوی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) وەک دامەزرێنەری حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست تەکلیف لەو هاوڕێیە بکات، بەڵام دیار بوو بێ سەمەر بوو. (*) ساڵی ٢٠٠٢ وتارێکم نووسی بەناوی( دەربارەی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست) و هەر ئەوکات لە سایتی دەنگەکان بڵاوم کردەوە. ئیتر لەوساوە بەردەوام لەهەر چاوپێکەوتنێک و دیدارێک لەگەڵ هەر ڕۆژنامە و گۆڤارێک(گۆڤاری هانا بە نموونە) یان ڕادیۆ یان تەلەفیزیۆن بوو بێت،(تەلەفیزیۆنی کۆمەڵە بۆ نموونە) من پێداگری جیددیم کردووە لەسەر مێژووی ئەدەبی خۆمان و حەلقەکەمان. بەردەوامیش سۆراخی ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەرم دەکرد. پەیوەندیم کرد بە حیزبە کۆمۆنیستەکانی کوردستان، لەڕێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمدا هەوڵمداوە شتێکم دەست بکەوێت و بەداخەوە هیچ زانیارییەکم دەست نەکەوت. ئیتر تا دەهات حەلقەکە و مێژووەکەی بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو. لە پەیجی خۆم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەردەوام ناوی حەلقەکە و گۆڤاری ڕابەرم دەنووسی و پۆستم دەکردن و هەوڵمدەدا بەردەوام لە زەینی ئەو نەوەیەی کە گۆڤارەکەیان بینیبوو و لەو سەردەمە ژیابوون، کوێر نەبێتەوە و هەروەها ئەوانەشی نەیان بینیبوو بزانن حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست چییە و ئەو گۆڤارە چیبوو کە دەرمان دەکرد. تا کتێبی (مێژووویەک لە یادەوەری) هاوڕێ سالار ڕەشید ساڵی ٢٠١٥ چاپ و بڵاوبۆوە، کە تیایدا دوو چاوپێکەوتن لەگەڵ من و هاوڕێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) دەربارەی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست تیایدا بڵاو کرایەوە. ئیتر ئەمە بوو بە دۆکیومێنتێکی گرنگ و هەر لێرەشەوە چوار نامە لەنێوان من و هاوڕێ نەوزاد ئەسوەد هاتە بوون. لەدەیەی یەکەمی ئەم سەدە

**تازەیە کۆمۆنیستەکان کەوتنەخۆ و باسی مێژوووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیان دەکرد و کەوتنە نووسینەوەیان. لە سمینارەکانی مێژوووی چەپ لە کوردستانی عێراق ساڵی ٢٠١٨ کاتێک نۆرەی هاوڕێ سادق عەزیز دێت، لە مداخەلەیەکدا ئاماژەی بە حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و ڕۆڵ و کارکردی ئەو حەلقەیەی کرد. کاتێکیش هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد کتێبی (مەلەکردن بە پێچەوانەی شەپۆڵ)ی نووسی و ساڵی ٢٠١٨ بڵاوکردەوە، ئەوەندەی کتێبەکە پەلەپرووزەیەک بوو لە بەرامبەر سمینارەکانی هاوڕێیان و پێدانی ڕۆڵێکی گەورە و ناواقیعی بە شەخسی خۆی و تێڕوانینی مەحفەلگەرایی، شتێکی دی نەبوو. بۆیە لەو کتێبە کە دووبەرگە بە یەک وشەش باسی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستی تیا نەبوو. من کاتی خۆی وەڵامم دایەوە و نووسینێکم لەسەر نووسی و لە بڵاوکراوەی بۆپێشەوە ژمارە ٢٥ی ساڵی ٢٠١٨ بڵاوم کردەوە. پاشان لە کتێبی( لەودیو پەنجەرەی ڕۆژەکانەوە ڕاوەستاوم و دەڕوانم) بە درێژی لەسەر ئەم بابەتە وەستاوم کە لێرەش کردوومەتە باکگراوندی نووسینەکەی خۆم. ئیتر دوای هەموو ئەم هەوڵانە چیتر چاوەڕوانیم بە باش نەزانی و بابەتی ئەم پڕۆژەیەم لەگەڵ هاوڕێیان جەماڵ کۆشش و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) باس کرد و ئەوانیش هاتنە پاڵ ئەم پڕۆژەکەیە. بۆ ئەم مەبەستە کورتە بانگەوازێکم لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ دا نووسی و لە پەیجی خۆم لە تۆڕ کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکردەوە. ئینجا لە ١-١-٢٠٢١ دا، کەوتمە نووسینی نامە و پەیوەندیم کرد بە هاوڕێیانی تر کە ڕۆژانێک چ نووسەر بوونە یان بەرهەمیان لە گۆڤاری ڕابەر بڵاوکردۆتەوە. ئەوانیش بەشێکیان هاتنە پاڵ پڕۆژەکە و سەرەنجام کەوتمە ئیش لەسەر ئەم کتێبە. ئەم نامەیەم نارد بۆ ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانێک کە پێموابووە کەم تا زۆر ئاگاداری کار و تێکۆشانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری ڕابەر بوونە. ئەمە جگە لە کورتەنامە ( چ بە نووسین یان بە تۆماری دەنگیی)لەڕێگەی مەسنجەری فەیسبووکەوە بۆ ژمارەیەک هاوڕێ. دوای شەش مانگ لە ٢٠-٦-٢٠٢١دا، جارێکیتر کورتە بانگەوازێکم بڵاو کردەوە و داوام کردووە لەهەر هاوڕێیەک یان هەر بەڕێزێک کە دەیەوێت بەشداری ئەو پڕۆژەیە بکات. ئەوە بوو لە کۆتاییدا توانرا بە هەوڵی جیددی هەموو لایەک ئەم پڕۆژەیە بگاتە ئاستێک لە پێگەیشتن و ئینجا ڕێچکەی خۆی بەرەو کۆتا هەنگاوەکانی تەواوبوون بنێت. دوا ستەیجی ئەم پڕۆژەیە ئەوەیە ڕووناکی ببینێت و ئەو مێژوووە لە فەوتان و بیرچوونەوە قورتار بکرێت. ئەمڕۆ لەکاتێکدا کە ئەم پڕۆژەیە( بە قەبارە بچووک و بەناوەڕۆک گەورە و دەوڵەمەندە) هاتە بوون، دەتوانم بڵێم یەکێک لە خەونەکانم هاتە دی، ئەویش زیندوو ڕاگرتنی مێژوووەیەکە کە هەموو گەنجیی و خۆشی خۆمم تیا سەرف کرد. زیندوو ڕاگرتنی مێژوویەکە کە تا دنیا مابێت، شانازی پێوە دەکەم.**

**عبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)**

**٥-٢-٢٠٢٢**

**(*) هەر بۆ ساغکردنەوەی ئەم پرسە جارێکی تر لەمانگی تەممووزی ٢٠٢١ جارێکیتر پەیوەندیم کردەوە بە هاوڕێ عارف کوردە و سۆراخی ئەو کەسەم کرد و وتی ئەوکات مەبەستم هاوڕێ سیروان عەلی بوو کە هاوڕێ گۆران عەبدوڵا بەر لە دەرچوونی بۆ دەرەوەی عێراق، سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری ڕابەری دابووە هاوڕێ سیروان عەلی و ئەویش لە ڕووداوی ٣١ی ئاب لەژێر خۆڵ و ناو باخچە دەیشارێتەوە و دوای ماوەیەک خانمێکی ئەو ماڵە باخچەکە ئاو دەدات و ئەو نووسراوانە هەموو دەفەوتێن. پاشان هاوڕێ عارف کوردە جارێکی تر قسەم لەگەڵ کردووە و وتی وابزانم ژمارەکانی ڕۆژنامەی دەنگی بێکاران بوو. دواتریش ٢-٥-٢٠٢٢ دا لەگەڵ هاوڕێ گۆران عەبدوڵا ئەو بابەتەم باس کرد، بەڕێزیان وتی نا من هیچ ژمارەیەکی گۆڤاری ڕابەرم نەداوەتە هاوڕێ سیروان و بەڵکوو ئەوە چەندین دۆکیومێنتێکی (یەکێتیی بێکاران لە کوردستان) بوو کە بەر لە دەرچوونم لە عێراق دام بە هاوڕێ سیروان.**

# حول عمل و نضال
# حلقة الادباء الشيوعيين
# و
# مجلة ڕابەر

## ١٩٨٧-١٩٩١

اعداد و تآليف: عبدالله سليمان (مشخل)

٢٠٢٢